# دوماهنامەی بەیان


مدیرمسئول و صاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**

شورای نویسندگان:

کوردی کرمانجی: **عبدالکریم سروش (ئاریاس)، اوزال اسکندرزاده**

کوردی سورانی: د. **ابراهیم اسماعیل‌پور( شەماڵ)، پروانه احمدین**

**شیوا میرکی، قرنی امین‌پور، د.خالق جلیل‌نژاد، کریم رحمانی**

**علی محمودی(ئاودێر)، علی رضا محمدنژاد( دیار)**

**شعر: طاهر کریمی، رحیم سلطانی (هەژێن)**

کوردی هورامی: **داود غفاری**

کوردی‌کلهوری: **طاهر ویسی (کۆچەر)**

ویراستار: **عزیز ولیانی**

مدیر سایت: **امیر بیژنی**(www.beyangowar.ir)

طراحی و گرافیک: **آوات حکیم‌زاده**

تایپ و حروفچینی: **روژان مصطفی زاده، آزاد اسماعیلی**

ساڵی سێهەم، ژمارە ١٣ خەزەڵوەری ١٣٩٩


ئەم دەقانەی لەم گۆڤارەدا بڵاودەبنەوە، مەرج نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.


**سەروتار: پەروەردە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی**/ شەماڵ ئیسماعیل‌پوور ٢
**کەسایەتی ئەحمەدی کۆر** / عەلی‌ڕەزامحەممەدنیژاد (دیار) ٤
**موجتەبا میرزادە میری مووسیقای کوردی**/ شۆڕش ئەبووبەکری ٨
**مەلای گەورەی کۆیە** / د. ئاراس محەممەد ساڵح ١٠
**میرزا قاسم قادری قازی** / فەتاح قازی ١١
**ڕەچەڵەک و پێوەندی...** / م. ڕەوەند سەباح، د. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسووڵ ١٢
**خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانی «سنووری گەڕانەوە»** / یووسف بابەکی ١٥
**کۆلکەزێڕینە** / بێهزاد زارعزادە (باوکی نیشتمان) ١٨
**چلەخانە کوێستانییەکانی ناوچەی مەریوان** / ئیرەج مورادی باقلاوایی ١٩
**زاڵە بەو** / حەیدەر لوتفی‌نیا، لوقمان نادرپوور ٢٦
**مۆنیکا!** / ک.د.ئازاد ٢٨
**حەزرەتی مەولانا** / ناسر عەلیار ٣٢
**توضیحی لازم، بەعنوان عذر تقصیر** / سید محمد صمدی ٣٩
**دۆن‌کیشۆت** / هاجەر هووشیار ٤٠
**شەرابی سیاچەمانە و تۆزێ مەزەی گومان** / کەیهان عەزیزی ٤٣
**پەڕتووکێک تەنیا بۆ دڵی خۆم** / جەلال پوورحەسەن ٥١
**«موزیک» یان «مۆسیقا»** / نەوا موکرجی ٥٥
**ویێژەوانانی موکریان** / سەید نووح عینایەتی(نەبەز) ٥٦
**قەرەج و مووسیقاکەیان** / کەریم ڕەحمانی ٥٨
**سابڵاغی جاران** / پەروانە ئەحمەدێن ٦٢
**حاجی مامۆستا ئیمامی** / مەلا کامیل شەریف‌پوور ٦٤
**گاڵتەوگەپ** / سەید مەحموود موکری ٦٥
**سلێمانیی جاران** / ڕزگار خدر مستەفا ٦٩
**بیرەوەری (بەرەوشنۆ)** / حامید ڕەشیدی‌زەرزا ٧٠
**بۆ ڕزگار کردنی سرووشت دەرفەت زۆر کەمە** / ماپەرە لاهیجانی ٧٢
**پێگەی بڵندی کەیفی جوانڕۆیی** / یاسین محەممەدی ٧٣
**پەروەردە**/ د. ئیسماعیل مستەفازادە ٧٤
**مێژووی سەرهەڵدانی(ئەلف و بێ)ی کوردی...**/ ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد ٧٥
**قوتابخانە و قەیرانی سیستەمی پەروەردە** / ڕەزا سەرسێفی ٧٦
**باڵدار قوتابخانەیەک لە پەروەردە و فێرکردن** / بکر کاکۆ ٧٦
**کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت** / گۆڤاری بەیان ٧٧
**بەڕێوەبردنی پەروەردەیی** / خەلیل خەڵەف عەبدول ٨٠
**چۆن لە پرۆگرام (بەرنامە دەرسی) بڕوانین؟** / د. کەریم ئەحمەد عەزیز ٨٢
**پەروەردەی کوردەواری** / م.عەباس جوامێری ٨٥
**چۆن خوێندنگا بکەینە دیدگا و...** / سەردار محەممەد کەریم جاف ٨٦
**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و...** / محەممەد تۆفیق بالیسانی ٨٧
**خوێندنی بە زمانی کوردی** / ئێحسان عوسمان محەممەد زەنگەنە ٨٧
**جابری کوڕی حەییان و کیمیا** / سەعید ئەحمەد غەفوور ٨٨
**چی دەزانیت دەربارەی هەندێک لە هۆرمۆنەکان** / گەشاو عەبدولقادر ٨٩
**کۆڵبەری دیاردێوی پڕەدردی هەتاهەتایی کوردستانەنە!** / داود غەفاری ٩٠
**عەلی حەریری** / سەید فەیسەل موجتەوی ٩١
**ساڵێ خەنەک ڤ کوردی کورمانجی پەهڵەیی** / نامدار جابری ٩٣
**فرود و فرازهایی درباره سوابق عملکرد...** / شریف عظیمی ٩٤
**فرزند پنجم(١) – بن در جهان(٢)** / نسرین قاضی ٩٦




ئیبراهیم ئەمین باڵدار دانەری کتێبی «ئەلف و بێ»ی نوێی کوردی کە ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر دایناوە و بەشێوەی وانە وتنەوەی ڕستەیی دەگوتراوە


آدرس: مهاباد، میدان آرد، پاساژ بانک ملت، طبقه ٣
تلفن: اسماعیل مصطفی زاده
٠٩١٤١٦٨٣٢١١
Email: beyangovar@gmail. com

شماره کارت بانک ملی
(اسماعیل مصطفی‌زاده)

٦٠٣٧٩٩٧٤٧٤٣٠٨٧٨١

# سەروتار

شەماڵ ئیسماعیلپوور- سەقز

## پەروەردە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆ پێشکەوتن پێویستیان بە کەسانی لێزان و شارەزا و خاوەنبیر هەیە. شارۆمەندانی ئاگا و لێزان لە کۆمەڵگادا ئاکاری لێزانانەیان دەبێت و ژیانیان پڕ سوودترە. چاوەڕوانیان ژیرانەیە و مافەکانی خۆیان دەناسن و بۆ وەدەستهێنانی ئەم مافانەش هەڵسوکەوتی ژیرانەیان دەبێت. بەسەر هەموو ماف و بڕیارنامە و یاسا بنەڕەتییەکان دا شارەزا دەبن. پێملی یاسان و لە مافی خۆشیان چاپۆشی ناکەن. لە وەها کۆمەڵگایەکدا نایەکسانی بە نزمترین ئاست دەگات و لە ڕاستیدا خەڵک و دامەزراوەکان لە خزمەتی یەکتردا دەبن. درووستکردنی وەها کۆمەڵگایەک لە ئەستۆی پەروەردەیە.



پەروەردە دامەزراوەیەکی بەهێزە و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا پسپۆڕ و مامۆستا و زاناگەلێکی زۆری بەخۆیەوە خەریک کردووە. ئەم دامەزراوەیە خاوەن تەمەنە و مێژووویەکی دوورودرێژی لەپشتە. بە سەرهەڵدانی ئەفلاتوونی گەورە فەیلەسووفی یوونانی و بۆچوونی تایبەتی ئەو لە سەر پەروەردە، ئەم دامەزراوەیە لە حاڵەتی ئاسایی دەردێ و دەبێتە بنیاتێکی گشتگیر. لەو کاتەوە تا ئێستا پێوەندی نێوان کۆمەڵگا و پەردوەردە ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر بووە. کاریگەری پەروەردە لە سەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گەشەی کولتووری و بەکورتی گۆڕینی شێوەی ژیانی خەڵک حاشاهەڵنەگرە. ئەو گەلانەی لەم کاریگەرییە کەم وێنەیە خافڵ نەبوون وەسەر ڕێی پێشکەوتن کەوتوون و ئەوانەش لێی خافڵ مان، ناوی دواکەوتوویان لە خۆیان نا و ئەندامانیان لە گەورەیی و کەرامەتی خۆیان بێخەبەر مانەوە. چونکە پەروەردە جیا لە ڕاگوێستنی بەها و ڕوانین و بڕواکان بۆ بەرەیەکی تر، کردەوەی کۆمەڵایەتی مرۆڤیشی لە ئاست دەورووبەری بۆ گرینگە.

پەروەردە لەگەڵ دامەزراوەکانی دین و سیاسەت و ئابووری و بنەماڵەدا پێوەنی لەپسان نەهاتووی هەیە. ئەم پێوەندیانە هێندە بەهێزن مانەوە و گۆڕانی هەرکامیان بە پەروەردەوە بەسراوەتەوە. هەرچەند کاریگەری ئەو دامەزراوانەش لە سەر پەروەردە زۆر دیار و بەرچاوە.

هەواڵنامەی کتێب

پاش هەر شۆڕشێک، درووست کردنی ماڵی دڵخوازی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕش، بە پەروەردە دەسپێردرێ و لەم بوارەدا پەروەردە هەمیشە یەکەم و بێ ئاڵترناتیڤە. بۆ ئەوەی بتوانن دۆخی کۆن و نەخوازراوی کۆمەڵگا بگۆڕن، لە پێش‌دا گۆڕانکاری بەسەر پەروەردەدا دێنن و پاشان ئەرکی گۆڕانەکە بە پەروەردە دەسپێرن. ئامانجی هەموو دامەزراوەکان لە پەروەردەدا چڕ دەکەنەوە و لە ڕێی ئەوەوە ئامانج و یاساکان جێگیر دەکەن و زۆر ژیرانە بۆ ڕاکێشان و ڕەزامەندی بەرەکانی داهاتوو گەڵاڵە دادەڕێژن.

پەروەردە بە درێژایی مێژووو لەگەڵ مرۆڤدا بووە و بەپێی عەقڵی سەردەم لە کاتی ئەفسانە و ئوستوورەکانەوە تاکوو ئێستا دینی شرۆڤە کردووە. پەروەردەی مودێڕن توانیویەتی بە شێوەیەکی زانستی خورافەپەرەستی لە ئەستۆی مرۆڤی سەردەم داڕنێ و هێدی هێدی حەقیقەتی دین جێگیر بکات.

لە باری سیاسییەوە پەروەردە دەتوانێ بە دوو شێوە گریمانە، هەڵس‌وکەوت بکات:

یەکەم گریمانەی «بەهێز»ە کە لەو شێوەدا پەروەردە دەتوانێ کەسەکان بەپێی ئەو بەها و ساختارە دەروونییە ڕاهێنێ کە دەسەلات دەیەوێ. دەسەڵاتە توتالیتێرییەکان بەپێی ئەم گریمانەیە دەجووڵێنەوە و بە دووپات کردنەوەی یاسای دەمارگرژانەی خۆیان مرۆڤێکی نوێ پەروەردە دەکەن پڕ بە پێستی ئەو کۆمەڵگایە بێت، وا بانگەشەی وەدیهاتنی بۆ دەکەن. واتە کەسانێکی شەڕخواز بە ڕووحێکی چەکدارانەوە. ئامانجی پەروەردەی تووتالیتاریزم، پەروەردە کردنی کەسانێکە کە پێناسەیان لە چوارچێوەی پیاوەتی و پاڵەوان‌خوازی‌دا دەکرێ. بەپێی ئەم سیستمە لاوەکان دەبێ ژیانی کەسانێک بکەن بە سەر چەشنی خۆیان کە واتا بە مێژووو دەبەخشن و نابێ بە هیچ جۆرێک خاوەنی ڕووحێکی ڕەخنەگرانە و ئازادیخوازانە و لێکۆڵەرانە بن. لەم سیستمانەدا باشترین بەهاکان کە شیاوی فێرکردنن، ئەوانەن کە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازارپیشە دەشێن و پیاوانە لە قەڵەم دەدرێن و دەچنە نێو سوننەتەکانەوە و قارەمان‌پەروەری سەرچڵیانە. ئەم بەهایانە لەگەڵ چێژ وەرگرتن و شارستانییەتی نوێ و ژیانی مودێڕنی شار دژدۆنگن. مامۆستاکانی ئەم سیستمە دەبێ قوتابیان جۆرێک پەروەردە بکەن کە خاوەنی خسڵەتی نیزامی‌گەری بن. دیارە لە ئاوەها سیستمێک‌دا یاسا غەریبە و دەسەڵات هەموو شتێکە.

گریمانەی دووهەم «بێ‌هێز»ە و لەمەیان‌دا دامەزراوەی پەروەردە پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و شارۆمەندان لە بەرانبەر هەڵبژاردن و کاریگەری وەرگرتن‌دا بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەربەخۆن. لەم شێوەیەدا پەروەردە تێدەکۆشێ یەکسانی دروووست بکات و یارمەتیدەری خەڵک بێت تا لە کۆمەڵگایەکی سادەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی پێچراو بچن و لەگەڵ یاساکانی دێموکڕاسی‌دا ئاشنا بن. لە وەها کۆمەڵگایەک‌دا بە وتەی یاسپرێس: «لە ئارمانی دێموکڕاتیک‌دا، سیاسەت هەمان پەروەردەیە.»

پەروەردەی مۆدێڕن و پێشکەوتوو، کۆمەڵگای خاوەن ئابووری پێشکەوتوو و گەشەسەندوو درووست دەکات. هەرچەند دەوڵەت لە باری ئابوورییەوە پێشکەوتوو بێت، پەروەردەکەشی بەو ئاقارەدا دەچێ و پێچەوانەکەشی درووستە.

بۆ پێوەندی نێوان بنەماڵە و پەروەردەش ئاماژە بە بیروڕای «بێڕنشتان» دەکەین. ئەو دەڵێ: پەروەردە دەتوانێ دوو جۆر بنەماڵە پێ‌بگەیەنێ:

١- بنەماڵەی پێگەخواز. لەم بنەماڵانەدا کەسەکان بەپێی پلە و پایەی بنەماڵەیی خۆیان لە بڕیارەکان‌دا بەشدار دەبن و تایبەتمەندی دەروونی و فکری کەس لەبەرچاو ناگیرێ.

٢- بنەماڵەی کەسێتی‌خواز. ئەو بنەماڵانەن کە سەرنج دەدەنە تایبەتمەندی دەروونی و فکری کەسەکان و هەر کەس لە بنەماڵەدا دەتوانێ لە بڕیاردان‌دا بەشداری بکات و شوێندانەریی و کاریگەریی خۆی لە سەر ژیانی بنەماڵەیی خۆی هەبێت. دیارە ئەم بنەماڵانە دەتوانن کەسانێک پەروەردە بکەن دواتر لە کۆمەڵگادا پێگە و جێگەی خۆیان بناسن و لە بڕیارە گرینگە نەتەوەییەکان‌دا بەشدار بن.

لە سەر گرینگ بوونی پەروەردە هەر هێندە بەسە کە لە زمان جان دیۆییەوە بڵێین: « دێموکڕاسی ئەگەر سرووشتێکی سیاسی هەبێت و تێکەڵ بە گۆشت و خوێنی خەڵک نەکرێت، لە ناو دەچێت.» پەروەردە لە تێکەڵ کردنی دێموکڕاسی لەگەڵ گۆشت و خوێنی خەڵک ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ .

هەروەها دەڵێت: پەروەردە کەسەکان بۆ ژیان ئامادە ناکات، بەڵکوو پەروەردە خودی ژیانە.

عەلی ڕەزامحەممەدنیژاد (دیار) ـ شنۆ



## عیشق و خۆشەویستی پێناسەیەکی دەروونناسانەی

# کەسایەتی ئەحمەدی کۆر

(١٨٥٦-١٧٧١)


### پوختەی مەبەست

عیشق و خۆشەویستی چەمکی سەرەکی ژیانە و شێخ ئەحمەدی کۆری شاعیریش ژین و بوون بە ئەوین و خۆشەویستی دەناسێت. لە ڕوانگەی ئەو، عیشق تەنیا ڕێگای ڕزگار بوون و بەختەوەرییە.

لەو کورتەوتارە، شێوەی تێڕوانین و توێژینەوە وەسفی و ڕاڤەییە و توێژەر بە ڕاڤە و لێکدانەوەی شێعرەکانی ئەحمەدی کۆری شاعیر، پێناسەیەکی دەروونناسانەی کەسایەتی ئەحمەدی کۆر دەکا.


وشەی سەرەکی: عیشق و خۆشەویستی، کەسایەتی، دەروونناسی، شێعر، ئەحمەدی کۆر

### پێشەکی

باس لە سەر کەسایەتییەک یان دۆخێک لە مێژووو، داب و نەریت و کلتوور، بەهانەیەکە بۆ دەربڕینی سۆزداری و خۆشەویستی. خۆشەویستی مرۆڤ بەگشتی و خاک و وڵات بەتایبەتی. خۆشەویستی مرۆڤ بە هەموو دیاردەکانییەوە و بە ڕێز گرتن لە جیاوازییەکانی ڕەگەزی، زمانی، ئایینی، بیروباوەڕی هەموو کۆ و تاکێک و خۆشەویستی خاک و وڵات وەکوو پێناسە و هوووەیەت و بوونمان. دیارە چی هەبووە و هەیە و لە داهاتووشدا دەبێ، بەڕاستی جێگای ڕێزە و خۆشەویستە.

بە درێژایی و پانتایی مێژوووی دێرینی گەلەکەمان یان باشتر بڵێین لە سەردەمی یەکەم ئەوین و خۆشەویستی بنیادەمرا، ئەوین و خۆشەویستی هەوێنی ترپەی دڵی مرۆڤ و هەوێنی ئاخاوتنی خەڵک بووە و دواتریش لە هەرەت و هەرمەی ویژە و ئەدەبیشدا لە نێوان خەون و خەیاڵ و شێعردا تروسکەی داوە. زۆر سەردەم و دەورانی بە خۆوە دیوە و ڕەنگی ژەنگ و ژەم و ژاکاوی و تامی تفتی، تاڵی و سوێری مێژوووی مرۆڤایەتی و بەسەرهاتی نەتەوەکەمانی داوە و لە سەفەری هەوراز و لێژی مێژوووی پڕ لە مەترسی و پڕ لە بەرگر و لەمپەردا، زۆر چیرۆک و ئەزموونی لەگەڵ شێعردا هەبووە.

گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤ، ویست و داخوازیەکانی، لە بوارگەلی ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و هتد، شوێنی خستووەتە سەر ئەدەب و هونەر. بەم چەشنە شێعر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شێعری ئەورۆ، وەکوو ژیانی ئێستاکە نیشاندەری لایەنی پێچەڵپێ و تێکەڵاوی سەردەمی پۆستمۆدێرنە و بیروباوەڕی ویشکی سۆفیانەی تێدا نابینرێ و شاعیر لە بەندی قەفەسی لاهوتی و ئاسماندا نامێنێتەوە و قاڵبی ئایینی دەدرێت. تەنانەت ئەوەش نییە و تەکنیک و سەنعەتی ئەدەبیش دەشکێنێ و جێ‌پێ و شوێنی شاعیر پێش ناگرێ و سەرنجیشی ناداتێ. شێعری ئەورۆ ئەویندارییەتی خۆی بەناو سەردەمەکان تێپەڕاندووە و بە ناو شەڕی براکوژی‌دا تێپەڕ دەبێ و دەورێک لە گۆڕەپانی شەڕی ڕەش و ترۆریسمی جیهانی دەدا و چیرۆکی ئازایەتی و دەربەدەری ئاڵان و خۆڕاگری ژنان دەنوێنێ. لێو و خەت و خاڵ و دەم و چاو و ئەبرۆ، هێمای خۆشەویستی و نیشتمانە و دەکێشرێتە جێگایەک کە شێعری شێرکۆ وەکوو ئیمپراتۆری جیهان، لەگەڵ شێعری جیهان بەرامبەری دەکا.

ڕۆمانتیک بەشێکی گەورە و گرینگی ئەدبی کوردییە. لە ناو ئەدەبیاتە دیارەکانی دنیادا، لە هیچ کامیاندا ڕۆمانتیک ئەوەندەی لای گەلی کورد ڕەگی قووڵ و تەمەنی درێژی هەیە، وەها نیین. ئەمەش دەسکەوتێکی پڕ بایەخی مێژوووە و پێویستە بە وردی سەرنجی بدەین و لێکۆڵینەوەی بە برشتی لە سەر بکەین.(بێسارانی، ١٣٧٥، ل ٢٠)

دیارە لەو وتارەدا دەمان هەوێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. جیلوەی عیشق لە شێعری کوردی و شێخ ئەحمەدی کوردا چۆنە؟ ئایا ئەحمەدی کۆر کەسایەتییەکی ساغە؟ کاریگەری ئەحمەدی کۆر لە سەر سایکۆلۆژی گشتی خەڵکی کوردستان چ بووە؟ نیشانە و هێمای ژینگەی دەروونی ئەحمەدی کۆری شاعیر چییە؟ بۆیەش پێش پێناسەیەکی دەروونناسانەی کەسایەتی ئەحمەدی کۆر، پێویستە کورتەباسێک لە سەر جیلوەی عیشق دە شێعری کوردیدا و شێعری شێخ بەتایبەتی بکرێ و پاشان هەوڵ دەدەین کەسایەتی بەڕێزیان لە ڕوانگەی تیئۆرییکانی دەروونناسی بخەینەڕوو.

جیلوەی عیشق دە شێعری کوردی و شێخ ئەحمەدی کۆر دا:

ئەوین و خۆشەویستی لە شێعری کوردی‌دا، ڕەنگدانەوەیەکی تایبەت و جوانی‌ناسانەی هەیە، بە چەشنێک ئەگەر خۆشەویستی و هێماکانی لە شێعری کوردی دەربکێشین، ڕەنگە چی بەبەرەوە نەمێنێت. دیارە بە گشتی عیشق بە دوو جیلوەوە، لە شێعری کوردی خۆی نیشان داوە.

١: دڵداری: یەکێ لە جیلوەکانی ئەوین و خۆشەویستی لە شێعردا خۆشەویستی مرۆڤ و دەورووبەرییەتی واتە شێعری دڵداری. وەکوو عیشق و ئەوینێک کە لە مەم و زینی خانی ڕا بگرە تا ڕوانینی ئاشقانەی شاعیران کە لەو پەڕی جوانی و پاکژی لە ئافرەت، سرووشت و نیشتمان

هەواڵنامەی کتێب

دەروانێت. ئەشق و گیرۆدە بوون، هەوێنی بزواندنی هەست و خەیاڵی شاعیرانە و پیداهەڵکوتن بە یار و دڵدار و بابەتی ناڕاستەوخۆی وەکوو ژوانگە، مەی، خەتوخاڵ، ئەگریجە و زولفی خاو، دەم، چاو، برۆ و هتد هیمای ئەشق و خۆشەویستییە. لە نێو شێعری شاعیرانی کورد ئەو بابەتە دێتە بەرچاو:

هێمنی شاعیر «١٩٢١-١٩٨٦» لە سەر ترۆپکی دڵتەڕی و ئەشقەوە دەڵێ:

تۆ بەڵێنیم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە با جوان ببمەوە
دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە
«هێمن،٢٠١٢،ل٣٣٧»

نالی شاعیریش«١٨٠٠-١٨٥٦» لە دیوانەکەیدا پێناسەی ئەشق ئاوا بەیان دەکا:(ل٧٠٨)

عەشق سوڵتانێکە هەرگا ڕوو لە وێرانی بکات
ئاهی سەرد و ئەشکی گەرم و قەلبی بوریانی دەوێ
دوور لە تۆ هێندە بێ ئارام و بێحاڵ کەوتووە
ئەی مەسیحای عەسرا! لەو لێوانە دەرمانی دەوێ

٢: عیرفانی: جیلوەی دووهەمی خۆشەویستی، عیرفانییە کە بە ڕوخساری شێعری زۆر یەک لە شاعیرانی کورد وەکوو ئەحمەدی کۆر، نالی، خانی، جزیری، مەحوی و حاجی قادر و هتد دەدرەوشێتەوە و سەر لە عیرفان و خواناسی دەردێنێت. دەروونی مرۆڤی خودایی تژی لە عیشق و ئەوینی خوایی و مرۆڤ بوونە و وەکوو ڕووبارێکی ڕژد، مۆسیقای چێژی مەعنەوی دەژەنێ و خەمی دڵی پڕ لە ئەوینی خۆی پێ دەدرکێنێ. هەروەک ئەحمەدی کۆر دەڵێ:

غەریقی مەوج و گێژاوم، گرفتارم هەتا ماوم
بە ناری عیشق سووتاوم، دڵ و جان و جگەر پڕخوون
دڵ و جان مایەیی دەردە، بە ئاه و ناڵەیی سەردە
وەکوو پەروانە بێ پەردە،دەسووتێ شوبهەتی زەیتوون
(ئەنیسی،ل١٢٠)

عەتتار نەیشابوری لە کتێبی«تذکرەالاولیا»دا دەڵێ: ئامانجی عیرفان وردبینی و بەسیرەتی دەروونییە و مرۆڤ کە بەو قۆناغە دەگا دەتوانێ چاو لە سەر یەک دابنێ و لە ئاقار بڕوانێ و لە فەرسنگ فەرسەنگ دوورتر بڕوانێ و هەموو شتێک ببینێ و پێوەندییەک وەکوو پێوەندی پێغەمبەری خوا لەگەڵ وەیسی قەرەنی بەدی بکا کە هەرگیزا و هەرگیز یەکتریان نەدی بوو، بەڵام لە چکۆلەترین ڕەفتار و کردەوەی یەکتری ئاگادار بوون( تذکرەالاولیا، ل ٢٩- ١٩)

عیشق ئەمانەتێکی خوداوەندە کە لە دەروونی مرۆڤی داناوە و فرەتر لە ئەوینی جەستەییە، ئاشقی عارف و خواناس ئیتر ناڕوانێتە چاو و ئەبرۆ و خەتوخاڵ، چوونکە مەعشووقی وی لە دنیای ئێمە لە سەرترە و بەرزترین هێزی جیهانە و سەرچاوەی بوونە و ئەو هێزەش خوایە "مدی،١٣٧١،ل١١٨" بۆیەش مەعشووقی عیرفانی خاوەنی گەلێک تایبەیمەندیە وەکوو:

١. جیلوەی جوانییە
٢. لە هەموو کەس و لە هەموو شت بێ نیازە
٣.عاشق خۆی دە هەمبەر ئەو دا بەکەم دەزانێت
٤. بە پێچەوانەی مەعشووقی ئینسانی، سەرچاوەی زانست و حیکمەتە
"پورنامداریان،١٣٨٠،ل٨٣"

بۆ ئەو کارە پێویستە مرۆڤ بگاتە ئاستێک کە لە عیرفاندا پێی دەگوترێ نەفسی دڵنیا (نفس مطمئنه) یانی متمانە و دڵنیایی تەواو هەتاکوو بنیادەم ئارام بگرێ و بتوانێ هەموو شتێک ببینێ.

ئەی قادری حەیی موبین، حەق «انت رب‌العالمین»
قادر ئەتۆی هادی و موعین، کەس واریس و خوێن ڕەس نییە
ئەی ئەحمەدی کۆری هەژار، ویزر و گوناهت بوون بە بار
غەیرەز ڕەسووڵی نامدار، کەس یاوەر و دادڕەس نییە
(ڕەشیدی زاواکێوی، ل١١٦)
سووت دەروونم وەک زوخاڵی، کەتمە بەحری ئاه و ناڵی
ناپرسی جارێک لە حاڵی عاشقانت ڕاست و چەپ
ئەحمەدی کۆری حەزینە، دڵ لە سەر سیدق و یەقینە
یاری خۆت حازر ببینە، دوور و نەزدیک ڕاست و چەپ
(ڕەشیدی زاواکێوی، ل٥٤)

عارفی ڕاستەقینە لە پلەی یەکەمدا کار و بەرپرسایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی بەجێ دێنێت، وەکوو شیخ عەتتار لە لاپەڕەی ٣٤٩ی دەفەرمێ: کە تۆ بە بێکاری و تەوەزەلی دانیشی، ئەی بێخەبەر کوا کارت جوانە؟! دیارە زۆر نموونە هەیە کە ئەحمەدی کۆر بەر لە هەموو شتێک ئەرکی کۆمەڵایەتی و خزمەت بە هاوسەر و پەروەردەی منداڵی بە باشی بۆ گرینگ بووە. لە شنۆ ڕا دەچێتە گوندی عەمباری بۆکان و بۆ خۆشی و بۆ ئاسوودەیی ژیانی خێزانەکەی کۆچ دەکا. منداڵەکانی زۆر خۆش ویستووە. کاتێک کە کوێخای خاوەن دەسەڵات تەما لە لەیلای کچی دەکا و خوازبێنی لێدەکا، لە هەمبەر زۆرداری ڕادەوەستێ و بەربەرەکانی لەگەڵ زۆرداری سەردەمی خۆی دەکا و ئەو کاتانەی کە ترس و زۆرداری تەنگی پێهەڵدەچنێ ئەوەندە حەز و خۆشەویستی بنەماڵە و منداڵەکانی لە دڵ دایە کورەکانی دەنێرێتە هەندەران و بۆخۆشی بە دوایاندا گەڕاوە. کەواتە کۆمەڵگا و خێزانی خۆی خۆش ویستووە. بە بڕوای شێخ ئەحمەد، ئەو بەزەیی و مێهرەبانی بە خووخدەی پێغەمبەری خوایە و پێویستە ئیشقی دنیاییشی هەبێ. بەڵام ئەو شاعیرە بەرزە لە ئاست ئەوینی ڕاستەقینەی خۆی، ئەوینی ئەو دنیایە، جوان نابینێت.

ئەحمەدی کۆر کەسایەتییەکی ساغ:

کەسایەتی لە ڕوانگەیەکی دەروونناسانە بە سێ جۆری کەسایەتی نەخۆش، سرووشتی و ساغ، دابەش دەکرێ.

بیرۆکەی کەسایەتی ساغ لە کارەکانی زانایانی دەروونزانی وەکوو ئالپۆرت، مازلۆ، ڕیت شارکۆن

و تیدلیند زمەنە. ئەوان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کەسایەتی مرۆڤ پێوەری تایبەتی‌یان بۆ ئەو مەبەستە داناوە. هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ساغ بریتین لە:

١.توانایی خۆشەویستی
٢.توانایی بەرهەمهێنان
٣. داهێنان
٤. کرانەوە لە سەر بیرۆکەی نوێ و لە سەر کەسانی تر
٥. گرینگی دان بە خود و کەسانی تر و جیهانی سرووشتی
٦. توانایی کۆ کردنەوەی شارەزاییە نیگەتیڤەکان و ئاراستە کردنی بۆ خود.

گۆردۆن ئالپۆرت "١٨٩٨-١٩٦٧" Gordon ALlport رەوانناسی ئەمریکی یەکێ لە یەکەم رەوانناسان بووە کە سەرنجی داوەتە کەسایەتی ساغ و لای وایە کەسایەتی ساغ لە ئاستێکی ژیرانە و ئاگادارانە دەجووڵێتەوە و کاری ڕۆژانە و ئاسایی دادەنێت و بە دوای نوێخوازی، داهێنان و عیشق بە ئامانجێتی. ئامانجی دیاریکراوی هەیە و باشترین ڕێ نیشاندەری ڕێگایە. هەر بەم هۆیە ئەو تایبەتمەندیە بوو کە ئەحمەدی کۆر، ناوی شێخی بە سەردا براوە، بێ ئەوەی شێخایەتی بکا.

شێخ تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ساغی تێدایە و ئەوەش لە ڕوخساری شێعرەکان و لە ژیانی‌دا توانایی خۆشەویستی هەتاکوو توانای کۆ کردنەوەی شارەزاییە نیگەتیڤەکان و ئاراستە کردنی بۆ خودی دیارە. خۆشەویستەکەی بەرز دەبینێ و کەموکووڕییەکان ئاراستەی خۆی دەکات. زۆر نموونە لە شێعرەکان‌دا هەیە کە ئاماژە بە دوو نموونە دەکرێت.

ئەحمەدی کۆری زەلیلە، داغ و غوسان و عەلیلە
لوتفی حەق بۆ تۆ دەلیلە، داییمە(در)وەقتی داج
(ئەنیسی، ل١٨٠)

ئەحمەدی کۆر، تۆ چووزانی، تۆ زەعیف و پوچ و فانی
دەم دەدەی لە مەدحی جانی، باقی و ئەکبەر ئەوە
(ڕەشیدی زاواکێوی، ل١٣٥)

چوو بە با عومری درازم، هەر ئەتۆی قەست و نیازم
مەتڵەبێکت لێ دەخوازم، قەترەیەک ئاوی حەیات
پێم عەتا کە نووری چاوە، جان فیدات بی جیسم و ناوە
ئەحمەدی کۆر بۆت سووتاوە، ئارەزوویە خاکی پات
(ڕەشیدی زاواکێوی، ل٥٧)

### کاریگەری ئەحمەدی کۆر لە سەر سایکۆلۆژی گشتی

کاریگەری کەسایەتی ئەحمەدی کۆر لە سەر سایکۆلۆژی گشتی خەڵکی کوردستان چۆن بووە؟ ئەو خاوەن کارگەیەکی بەرز لە سەر خەڵکی کوردستان بووە، کە ئەوەش لەو دوو بابەتەی ژێر ڕا دیارە:

١. دنیایەک ئەفسانە و چیرۆکی لە سەر گوتراوە. محەممەد عەلی فروغی کەسایەتی ناوداری وێژەی فارس سەبارەت بەو ئەفسانانەی لە سەر خەییام دانراون دەڵێت:«تایبەتمەندی سەرەکی کەسایەتییە مەزنەکان ئەوەیە کە خەڵک زۆریان ئەفسانەی لە سەر دادەنێ و ئەفسانەشیان لێ ساز دەکا» هەر وەک لە سەر خەییام ساز کراوە، زۆر ئەفسانەش بۆ ئەحمەدی کۆر داندراوە. وەک ئەوەی کە بە باوەڕی خەڵک هۆنراوەکانی ئەوەندە زۆر بوونە و لەسەر چەند پووت کاغەز نووسرا بوون و خەڵک لەباتی قورئان و شەرعیات، هۆنراوەی ئەویان دەخوێندەوە، بۆیە مەلاکان بڕیاریان دا بیان فەوتێنن و ئەو هۆنراوانەیان دەچۆم هاویشت. یان ئەو ئەفسانەیە خدری زیندە کە چۆن لە سەر دۆندی چیا دەستی ئەحمەدی کۆری گرتووە و لە مەرگ ڕزگاری کردووە.

٢. خەڵک هۆنراوەکانیان گوتووتەوە و لە بەریان کردووە و ئێستاش کە ئێستایە بۆیان دڵنشینە، پێشینیان کوتەنی: « ئەوەی کە لە دڵ ڕادێ لە دڵ دەنیشێ» تا ئێستاش لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەشی زۆری هۆنراوەکانی بە سەلا دەخوێندرینەوە .

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش و ئەو پرسەش ئەوەیە کە هۆی کاریگەری هۆنراوەکانی ئەو لەسەر خەڵک چ بوو؟ بە کورتی دەتوانین بڵێین وەڵام ئەوەیە:

١. دەست دانان لە سەر سۆزداری گشتی، کە بۆ خەڵکی ئێمە هێمای هەرە بەرزی ئەو یەکە ئایینە. شێخ ئەحمەدی کۆر زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەکانی سەبارەت بە بڕوای ئایینی، کەسایەتی حەزرەتی محەممەد و مەرگ و قیامەتە، کە ئاگادارین ئەو مژارانە لە سەر سایکۆلۆژیای خەڵکی ئایین‌دۆست و باوەڕمەندی نزیک بە دووسەت ساڵ پێش لە ئێستا چەندە بەرز بووە.

ئێریک فرووم(١٩٠٠-١٩٨٠) Erich fromm رەوانناسی ئاڵمانی، کەسایەتی مرۆڤ بە دەسکەوتی فەرهەنگ دەزانێت. ئەو پێی وایە بەستێنی کۆمەڵگا و کاریگەرییەکانی دەتوانێ سازدەری کەسایەتی ساغ بێت. کۆمەڵگای ساغ ئەندامانی فێری عیشق و خۆشەویستی بیر و باوەڕ و کارامەیی دەکا.

ئیبراهام مازلۆ(١٩٠٨-١٩٧٠)Abraham Maslow باوکی ڕەوانناسی هۆمانیستی لای وایە کەسایەتی ساغ، کەسێکی خۆپەروەر، لێوەشاوە و لێهاتوویە.

٢. شارەزایی شێخ بە سەر بەیت و مۆسیقا و کەلک وەرگرتن لەو هونەرە لە هۆنراوەکانی‌دا. شێخ کە خۆی دەنگخۆش و بەیتوێژ بووە و شارەزایی تەواوی لە هونەری مۆسیقا بووە(کە ئاستی بەرزی بە مۆسیقای شێعرەکانی‌دا دیارە و زیاترین ئاواز و گۆرانی بە ناوی سەلا لە شێعرەکانی بەرچاوە) بە کەلک وەرگرتن لەو هونەرە لە شێعرەکانی‌دا کاریگەری ئەوانی لە سەر سایکۆلۆژیایی گشتی بەرز کردۆتەوە.

ویکتۆر فرانکل(١٩٠٥-١٩٩٧) Viktor frankl رەوانناسی ئەڵمانی پێی وایە سێ ڕێگا هەیە مرۆڤ تێی‌دا واتای ژیان بدۆزێتەوە کە دوویان لەو باسەدا دەگونجێن.

یەکەم: لە ڕێگەی بەهاکان و ئەزموونی ژیانی مرۆڤ و خۆشەویستی ڕاستەقینە و ڕێزگرتن لە ژیان. هەر وەکوو ئەحمەدی کۆر لە هۆنراوەکانی‌دا ئەوپەڕی ڕێزی لە بەهاکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی گرتووە. وەکوو کەسایەتی پێغەمبەر و

بەهاکانی ئایینی کۆمەڵگا.

دووهەم: لە ڕێگەی داهێنانی مرۆڤ و کارکردنی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خۆی. ئاستی داهێنانی شێخ لە هۆنراوە و مۆسیقادا و هەروەها لە گەڕان و سەفەر کردنی زۆر سەرەڕای کوێر و کەمئەندام بوونی ڕا دیارە.

## چوارچێوەی خۆشەویستی شێخ (ژینگەی دەروونی)

تیۆرییەکەی کورت لێوین (kurt Lewin) دەروونزانی ئەڵمانی پەیوەستە بەو کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکان و بواری سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و فەلسەفە. لووین بڕوای وایە ژینگە بریتییە لە سەرجەم ئەو شتانەی کە لە چوار دەورمانن و کاریگەریان لە سەرمان هەیە، واتە مەرج نییە شتەکان لە نیزیک یان دوور بن، گرینگ ئەوەیە کاریگەریان لە سەرمان هەبێ. لای کورت لووین، ژینگە دوو جۆری هەیە. ژینگەی فیزیکی و ژینگەی دەروونی. دیارە هەر دوو ژینگە کار دەکەنە سەر مرۆڤ. ژینگەی فیزیکی وەکوو سەرجەم ئەو کەلوپەل و وروژێنەر و دەنگ، وێنە و دیمەنی سرووشت و ئاوایی و خانوو و ئاژەڵ و دار و دەوەن و هتد، بەڵام ژینگەی دەروونی بریتییە لە ڕووداو و شتەکانی چوار دەورمان و کاریگەریان لە سەر کەسایەتی و باری دەروونیمان. واتە ژینگەی دەروونی گرینگە بۆ مرۆڤ لە بەر ئەوەی سەرجەم گۆڕانکاری و ڕووداوە وروژێنەرەکانی ئەو ژینگەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر باری دەروونی و چارەنووسی مرۆڤ هەیە. ژینگەی دەروونی(فەزای ڕەوانی)لە بازنەیەکی وەکوو هێلکە و خڕیلەیەک لە ناوێنیدا وەکوو مرۆڤ پێک هاتووە. بەپێی ئەم شێوەیە ئەو بازنە بچووکە بریتییە لە مرۆڤ ئیتر گەورە بێت یان بچووک، نێر یا مێ، بەڵام شێوەی هێلکەییەکە بریتییە لە ژینگەی دەروونی، بۆشایی و دەرەوەی شێوەی هێلکەکەش بریتییە لە ژینگەی فیزیکی. بە بۆچوونی لووین هەرچی ڕووداو و گۆڕانکارییەک لە ژینگەی دەروونی ڕوو بدات ئەوە گرینگی و کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ تاک (بازنەبچووکەکە) هەیە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەی ژینگەی دەروونین، واتە ژینگەی فیزیکی، هیچ گرینگی و کاریگەرییان بۆ سەرباری دەروونی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی نییە.

ئەوین و خۆشەویستی یەکێ لە جۆرە کۆنەکانە کە ڕاوەستاوی دەروونی لە مرۆڤ بەدی دێنی و کاریگەری قووڵ لە سەر زەین دادەنێ و ناکامی و تێکشکان لەودا دەبێتە هۆی بێ هیوایی. مەرگیش بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێ لە بەری ڕاکا هەمیشە بەشێک لە زەینی مرۆڤی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. ئەحمەدی کۆر مەرگ وەکوو قۆناغێک لە ژیان دەزانێ. شاعیر بەوە گەیشتووە کە مەرگ کۆتایی ژیان نییە و لە ڕزگاری و بەختەوەری لەو قۆناغە لە ژیان دەدوێ و خۆشەویستەکەی وەکوو شەفیعی خۆی و ئۆمەتی ئیسلام دەزانێت.

لە سەر بنەمای تیۆری لووین ژینگەی دەروونی ئەحمەدی کۆر لە ڕوانگەی دنیاییەوە بەرتەسکە و شێخ تەنیا خۆشەویستەکەی دەبینێ. و دنیا لە ڕوانگەی ویدا بایەخی نییە. ئەو باوەڕی بە ژینێکی ئەبەدی و بەختەوەرانە هەیە. شێخ ئەحمەدی کۆر بە ڕاشکاوی مەراق و حەزی لە گرتنە ڕێگا و ڕێوشوێنی حەزرەتی محەممەد تاقانە یاری دەگرێتە پێش و بە بڕوای ئەو ڕێگای ڕاست ئەوەیە و دەرمانی دەردی خۆی لە ویدا دەبینێ و لە نێوان دوو ڕێگای ئەو دنیایە و دنیای دی، ڕێگای ئەو دنیا دەگرێتە پێش و دەڵێت:

خاکی نەعلی ئەسپی تاها، سوورمەیە بۆ چاوی ئەعما
ئاخ لە مەکری کۆنەدنیا، کەس بە ڕاحەت ناخەوێ
ئەحمەدی کۆر، تەن لە فاق دە، دڵ بە حوببی یاری تاق دە
یەک بخوازە و یەک تەڵاق دە، نابنە دۆستت دوو هەوێ
(ئەنیسی،ل١٧٠)

ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بەرزی خۆشەویست لە شێعری کوردی بەگشتی و لە شێعری شێخ ئەحمەددا دیارە، لە ڕاستیدا ئەو ڕەنگدانەوەیە بیروباوەڕی شاعیر سەبارەت بە وجوودی موبارەکی بەڕێزیانە، کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە مەدحی پێغەمبەری خوایان کردووە. کەسێک کە لە ڕوانگەی قورئانەوە ئولگوو و نموونەی ژیانی مرۆڤایەتیە.

## دەسکەوت و ئاکام:

دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر وەکوو بەرهەمێکی بە نرخ لە ئەدەب و وێژەی کوردیدا دەدرەوشێتەوە و دنیای شێعری، تژی لە ڕاز و نیاز و خۆشەویستییە و بۆ وەدیار خستنی ڕاستییەکان و پەردە لادان لە سەر ئەو سیڕ و ڕازە هەر خوێنەرێک بەگوێرەی زانست و ئاگاداری و بیر و بۆچوونی خۆی، لێی هەڵدێنجێ. ئەوەی کە بە ڕاشکاوی دەکرێ لە دیوانە شێعرەکەی ئەحمەدی کۆردا تێی بفکرین و بەزەقی دێتە بەرچاو وشەی عیشقە. شێعرەکانی بۆن و بەرامەی ئەوین و خۆشەویستیان لێ دێ. کەسایەتی شێخ ئەحمەد، کەسایەتی کەسێکی ئاشقە. بیری تژی لە ئەویندارای مەعشووقە و ژیانی سادە و ساکار و پڕ لە مانایە.

شێخ ئەحمەدی کۆر هەموو شێعرەکانی ڕەنگ و بۆی خۆشەویستی مەعشووقی دەدات. لە شێعری خەیاڵی عیشق دا بە چێژەوە وەسفی کاریگەری عیشق دەکا:

عیشق کردمی بێ خانومان، بێ ملک و ماڵی عیشقم ئەز
تاقەت نەما لاڵ بوو زبان، قامەت هیلالی عیشقم ئەز
عیشق کردمی بێ پاو و سەر، بێ ملک وماڵی عیشقم ئەز
لاڵ بوو زبان، بیستم خەبەر، قامەت چو داڵی عیشقم ئەز
عیشق حاڵان تەغییر دەکا، شێت و نەزانان ژیر دەکا
تفلی دوو ساڵە پیر دەکا، عاشقی جەماڵی عیشقم ئەز
عیشق حاڵان تەحویل دەکا، جوانان بە پیری تەبدیل دەکا
گەردەنکەشان بە دیل دەکا، دەرحاڵ قەتتاڵی عیشقم ئەز
(ئەنیسی، ل١٨٩)

شێخ ئەحمەد وەستایانە و هونەرمەندانە عیشق وەسف دەکا و خەرمانەی بیر و هزری ئاشقانەی، لە دەوری مانگی تابانی کەسایەتییەکەی ڕووناکایی دەخاتە بەر ئەدەب و وێژەی

کوردی. ئەو تایبەتمەندییەکانی عیشق بەیان دەکا: عیشق حالآن دەگۆڕێ، عیشق سەفا بەخشە، عیشق دەرمانی دردە، عیشق گیانبەخشە، ژینۆی ڕووحە، عیشق سوڵتانی دڵە، عیشق فریادڕەسە، عیشق ماکێکی سڕکەرە، عیشق مەکتەبە کە ئەزموون و تەجرەبە دەدا و پیرە و ڕێنوێنی دەبەخشێت. عیشق ژیریە و شێت و نەزان ئاقڵ دەکا و هتد

بەرزترین پلەی عیشق، ئەوین و خۆشەویستی تایبەتمەندی مەعشووقی خۆیەتی کە سەرچاوەی بزە و خۆشەویستی و مێهرەبانییە. شێخ ئەو عیشقەی پەروەدگاری لە خۆشەویستەکەیدا دەبینێتەوە. ڕوانگە و نیگای شێخ ئەحمەدی کۆر بە خۆشەویستی خودا بە جۆرێکە کە هاوتای نییە و هیچ شاعیرێک تا ئێستا تا ئەو ڕادەیە ستایشی پێغەمبەری خوای نەکردووە. لە هیچ شێعرێک دا نییە کە ئەو خۆشەویستییەی نەدرکانبێت.

بە هەڵسەنگاندنێکی گشتی کۆی بەرهەمە شێعریەکانی دا، ڕەنگی کەسایەتی ساغ و ئاشقانەی دەردەکەوێت. هەرچەندە بە دڵنیایی دەتوانین بڵێین پێناسەکردنی کەسایەتی مرۆڤ کارێکی ئاسان نییە، دیارە لە باری ڕوانگەگەلێکی ڕەوانناسی کەسایەتی شێخ ئەحمەد بە تەنیا وشەیەک وەکوو عیشق، ئەوین و خۆشەویستی خرا بەرباس و کەسایەتی بەرزی دیاری کرا. بە کورتی کاریگەری کەسایەتی ئەحمەدی کۆر لە سەر سایکۆلۆژی گشتی خەڵکی کوردستان بە جوانی دیارە. ئەو خاوەن کاریگەرییە، هێمای کەسایەتی بەرزی بووە. بۆ ناسینی زیاتری کەسایەتی ئەو شاعیرە بەرزە، پێویستە، توێژینەوە لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان و بەرهەمەکانی بکرێت.

## سەرچاوەکان:


کوردی:

ئەنیسی، سەید نەجمەدین و سامان خزری"٢٠١٤" دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر

بێسارانی، مەلا مستەفا"١٣٧٥" دیوانی بێسارنی، لێکدانەوەی حەکیم مەلاساڵح، سنە: گۆران

ڕەشیدی زاواکێو، مەلامستەفا"١٣٩٣" دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر، بڵاوکەرەوەی کۆلەپشتی

نالی"١٣٧٩" دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لیکدانەوەی مەلاعەبدولکەریمی مودەریس، سنە: ئینتشاراتی کوردستان

هێمن(٢٠١٢)دیوانی هێمن، ناڵەی جودایی، کوردستانی ئازاد، چاپی یەکەم

فارسی:

پورنامداریان، تقی"١٣٨٠» در سایه آفتاب، نشر سخن

دوان شولتز، سیدنی الن شولتز(١٣٨٧)نظریەهای شخصیت، ترجمەی دکتر یحیی سیدمحەممەدی، نشر ویرایش

فریدالدین عطار نیشابوری (بهار١٣٨٣)، تذکرةالاولیاء، به کوشش محەممەد استعلامی، تهران: زوار

مدی، ارژنگ"١٣٧١»عشق درادب فارسی، موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی

منصور، محمود١٣٧٣روانشناسی شخصیت ـ انتشارات و چاپ دانشگاه تاریخ انتشار: اردیبهشت (چاپ سوم)



شۆڕش ئەبووبەکری - سەردەشت


# موجتەبا میرزادە

## میری مووسیقای کوردی

مامۆستا میرزادە لە ساڵی ١٣٢٤هەتاوی لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی سەید و پارچە فرۆش دێتە دونیا و لە منداڵیەوە عاشقی مووسیقا دەبێت، هەرچەند بنەماڵەکەیان زۆر لەگەڵ مووسیقا هاوڕا نەبوون، بەڵام میرزادە کۆڵ نادا و وەدوای حەز و خولیای خۆی دەکەوێت و ئامێری ویۆلۆن دەستنیشان دەکا و بۆ یەکەمجار لە فێستیواڵی مووسیقای ڕامسەر پلەی یەکەم لە ئاستی ئێران وەدەست دێنێ و ئیدی میرزادە دەناسرێت.

بە درووستی دیار نییە میرزادە لای کێ فێر بووە زۆرتر خۆی مامۆستای خۆی بووە.

تا ئەوەیکە سەر لە ڕادیۆ کرماشان دەردێنێ و لە تەمەنێکی کەمدا دەبێتە سۆلیست و سەرپەرەشتی ئۆرکێستی ڕادیۆ کوردی کرماشان و پەنجەی سێحراوی تێکەڵاوی دەنگی ئەفسوناوی مامۆستا حەسەن زیرەک دەبێ و لە ڕێگای فرێکانسەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردی کرماشان دەنگیان بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە و لە تەواوی دونیا ڕۆژانە داواکاری دەنگی کەمانی میرزادە و دەنگی حەسەن زیرەک دەبن لە ڕێگای نامە ...

میرزادە لە کرماشان گۆرانێکی زۆر لەگەڵ مامۆستا زیرەک تۆمار دەکات و پاشان دەچێتە تاران بۆ درێژەدان بە خوێندنی مووسیقا و لەوێش ناوبانگی خۆی دەردەکات و دەبێتە هاوکار و سۆلیستی زۆر ژەنیار و گۆرانیبێژی بەناوبانگ. جیا لە کوردەکان، میرزادە لەگەڵ دەیان هونەرمەندی وەک: بەنان، شەجەریان، هایدە، گوڵپا، گوگوش، موعین، ئیفتخاری، ئیسفەهانی، مەهەستی، حومیرا، داریوش و دەیان و سەدان گۆرانیبێژی دیکە هاوکاری بووە.

لە نێو مووسیقای کوردیدا دیارترین دەنگ مامۆستا حەسەن زیرەک بووە و پاشان مامۆستا مەزهەر خالەقی و دوو گۆرانی بۆ مامۆستا مەحەممەد ماملێ لێدا و هەروەها لە دوو ئەلبۆمی« ازدست عشق» و «ڕووناک» و... هاوکاری مامۆستا عەزیزشارووخ بووە و لە ئەلبۆمێک لەگەڵ هونەرمەند حوسێن شەریفی هاوکار بووە و ئاخرین کۆنسێرتی لەگەڵ ئەو بوو لە شاری سلێمانی.

ئەلبۆمێکی هاوکاریشی لەگەڵ کانی و کارزان مەحموود، لە سلێمانی هەیە. و لەگەڵ مامۆستا ناسرڕەزازی هاوکاری و کۆنسێرتی هەبووە و لە کرماشانیش بۆ دەیان گۆرانیبێژ کاری کردوە.

میرزادە جیا لە گۆرانی لە بەشی مووسیقای فیلمدا هاوکاری هەبوو و موزیکی زیاتر لە ١٠٠ فیلمی درووست کردوە.

هەروەها خۆی لە مووسیقای غەیری کوردی و ئێرانیشدا تاقی کردۆتەوە بۆ وێنە دەریاچەی قو کە بە باشترین شێوە ژەنیویەتی.

بۆ ماوەی ١٠ ساڵ چۆتە ئامریکا و بە باشترین شێوە ڕێزی لێ گیراوە و هاوکاری زۆری لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد و فارس هەبووە و هەروەها لە ئۆرکێستی مووسیقای یانی بانگهێشت دەکرێ، بەڵام ئەو هاوکارییە سەر ناگرێ.

لە ئامریکا هەموو خزمەتگوزارییەک بۆ میرزادە هەبووە، بەڵام دواتر بە زۆر دەیهێننەوە قەولی پێدەدەن بیکەن بە ڕێبەری ئۆرکێستی دەنگوڕەنگی ئێران، بەڵام بەداخەوە وەفای پێناکەن.



شۆڕش ئەبووبەکری و خێزانی موجتەبا میرزادە

ڕۆژێکی هاوینی سەرەتاکانی ٩٠ ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ شاگردێکی مامۆستا میرزادە کە خەڵکی ئیسفەهان بوو عەلیرزا موختاری لە تاران، شەقامی جۆردەن سەردانی هاوسەری مامۆستا میرزادەمان کرد. ماڵێکی ڕەنگاڕەنگ و پڕ لە تابلۆی هونەری و وێنەی میرزادە و سازەکانی و بیرەوەرییەکانی میرزادە. هاوسەرەکەی لە کێکی میرزادەی بۆ درووست کردبووین و زۆر بە باشی پێشوازی لێ کردین و کۆڵێک بیرەوەری تاڵ و خۆشی میرزادەی بۆ گێڕاینەوە. باسی لە خۆشەویستی میرزادە دەکرد بۆ کورد و بەداخەوە خۆشی کوردییەکی باشی نەدەزانی، بەڵام دەیکوت میرزادە کاتێ هاوزمانەکانی دەهاتن لە خۆشی دەکەوتە سەما.

باسی عەشقی خۆی و میرزادەی بۆ کردین کە حەوت ساڵ یەکتریان خۆش ویستووە و هاوکاتیش داواکارێکی دوکتوری هەبووە کە هەموو ڕۆژێک نامەیەکی لە ماڵیان هاویشتووە، بەڵام ئەو میرزادەی هەڵبژارد، چوون کوتی میرزادە شتێکی دیکە بووە، هەرچەند میرزادە پێشتر دەزگیرانێکی دیکەی هەبووە. پاشان بە دزی دوای حەوت ساڵ دێنە تاران و بە شێوەیەکی بێدەنگ ژیانی هاوسەری پێکدێنن.

بنەماڵەی ئەو ژنە دەڵێن نابێ مووسیقا لێدەی. میرزادە دەڵێ ئامادەم پەنجەم لێدەم، بەڵام ئەو ژنەم دەوێت و عەشقی خۆی دەنوێنێ. هاوسەرەکەی گلەیی دەکرد کە مامۆستا کەمانێکی زۆر تایبەتی خۆی بە ئەمانەت داوە بە شاگردێکی فارس و نەیهێناوەتەوە. دەیکوت نەمهێشتوە جارێکیش بڕواتە بانک و هەموو کات کاری ئیدارییەکانیم خۆم بەڕێوەم بردووە لە کاتێکدا خۆشی مامۆستا بووە.

جارێکیان لە تاران بۆ ئاهەنگی «بزن تار»ی هایدە، تاران دەگەڕێن بۆ ژەنیارێک، بۆیان پەیدا نابێت کەچی میرزادە بە سێ تار لێی‌دەدات!

لە ئامریکاش باس دەکەن بۆ مووسیقای فیلمێک دەمێننەوە پاشان بانگی میرزادە دەکەن و بە چەن شتی سادە موزیکەکەیان بۆ درووست دەکات و هەمووان سەریان سووڕ دەمێنێ کە خۆیان دوکتورای مووسیقایان دەبێت! میرزادە جیا لە هونەرەکەی ئەخلاقێکی تایبەت و سادەی هەبووە و خۆشەویست بووە و هیچکات لەگەڵ کەس کێشەی نەبووە و قسەی خۆی بە مووسیقا کردووە و کاتێک لە ناو کۆنسێرتەکانی کەسێک قسەی کرد بێ چاو لێکردن و ئارشە لێدان تێی گەیاندووە.

موجتەبا میرزادە زۆر بە باشی باسی هونەر و توانایی مامۆستا حەسەن زیرەک دەکات و دەڵێ من قەترە بە دەریام لە بەرانبەری زیرەک و ئەوەش گەورەیی خۆی دەنوێنێ چۆن بە ڕای من بەختەوەر ئەو کەسانەن کەلکیان لە هونەر و مووسیقای میرزادە بردووە..

میرزادە دوو کچی لە پاش بەجێ ماوە کە بەداخەوە کاری مووسیقایان نەکردوە. ماڵەکەی جۆردەنیش (گەڕەکێکی تاران) بەداخەوە فرۆشرا کە زۆر ماڵێکی گەورە و جوان بوو. تا ئێستا کارێکی ئەوتۆ بۆ میرزادە نەکراوە جیا لە چاپی بەرهەمەکانی لە ئەلبۆمێکی مووسیقایی‌دا. کاتێ میرزادە کۆچی دوایی کرد لە بابەتێکدا مامۆستا میرزادەم لەگەڵ هونەرمەندی فەنلاندی یەهودی مەنوهین هەڵسەنگاند کە ئەوان چیان کرد بۆ یەهودی و ئێمە چیمان کرد. گەورەترین خەڵاتیان بۆ دیاری کرد و لە ٦٩ و ٧٠ و ٨٠ ساڵی‌دا ڕیزیان لێگرت و سێ ڕۆژیان بۆ ڕێز لە هونەری ئەو پشوو ڕاگەیاند. بەڵام تا ئێستا ئێمە کۆڕە یادێکمان بۆ ڕێز لە مامۆستا موجتەبامیرزادە نەکردوە.

بە هیوام بە هاوکاری شاگردەکان و دۆستان و بنەماڵەکەی ئەگەر تەمەن یاری بکات ژیان و هونەری مامۆستا موجتەبامیرزادە بنووسمەوە. میرزادە میری مووسیقای کوردی بوو و لەناو مووسیقای فارسی و ڕۆژهەڵاتی ناوینیش‌دا کەسێکی تاک بووە و تا ئێستاش وێنەی نەبووە.

میرزادە خاوەن شێواز و مەکتەبی خۆیەتی و سەدان مێلۆدی و مووسیقای باشی بە دەنگی هونەرمەندانی کوردی داوەتە خەرمانەی مووسیقای کوردی کە تا هەتایە دەمێننەوە و لە سەر ئێمەیە یادی بکەین و ڕێزی بگرین و پەیکەری مامۆستا موجتەبامیرزادە لە تاران و کرماشان و هەولێر و دیاربەکر درووست بکەین بۆ ئەوەیکە شانازی پێوە بکەین و ڕێزی لێ‌بگرین و داوا لە ژەنیارانی بەتوانای کورد دەکەم مووسیقاکانی میرزادە بنووسنەوە و نۆتەکەیان چاپ کەن بۆ ئەوەی منداڵەکانمان لە ڕووی فێر بن و گوێچکەی منداڵەکانمان و قوتابیانی مووسیقای کوردی بە پەنجە و بە نۆتی میرزادە بکەینەوە.

میرزادەش لە تەمەنی ٦٠ ساڵی‌دا لە ٢٥ پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٤ هەتاوی کۆچ دەکات و لە مەزاری هونەرمەندانی تاران بە خاک ئەسپێردرا و لە تەمەنی کەمیان‌دا توانیان سەدان و هەزاران مێلۆدی و ئاوازی جوان پێشکەشی مووسیقای کوردی بکەن بە جوانترین بەرگ ڕازاندویاننەوە کە بۆ هەموو کات لە نێو دڵ و مێشکمان‌دا دەمێننەوە.



د.ئاراس محەممەد ساڵح ـ سلێمانی

# مەلای گەورەی کۆیە

## هەوڵە نوێخوازی و چاکسازییەکانی

مەلا محەممەدی گەورەی کۆیە کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلیزادەیە، لە ساڵی ١٨٧٦ز لە شاری کۆیە و لە خێزانێکی زانست پەروەردا لەدایک بووە. لەسەرەتاوە دەست دەکات بە خوێندنی مەنهەجی حوجرە و کتێبە سەرەتاییەکان، دوای ئەوەی بەشی خوێندن و مەنهەجی زانستی تەواو دەکات، مەلا عەبدوڵڵای باوکی لای خۆی کتێبە کۆتاییەکانی وەک (حواشي عبدالحکیم علی شرح الشمسیە)و (شرح مختصر المنتهی) و چەند کتێبێکی تری سەرەکی لە زانستە ئایینی و زمانەوانییەکاندا، لە دوای کۆتایی هێنانی خوێندن و پێش ئەوەی تەمەنی ببێتە بیست ساڵی لای باوکی حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلیزادە ئیجازەی عیلمی وەردەگرێت.

لە دوای وەرگرتنی ئیجازە، مەلای گەورە لە مزگەوتەکەی باوکیدا دەست دەکات بە پێشنوێژی و وتارخوێنی و دەرس وتنەوە بە فەقێیان، لە ساڵی ١٩٠٨ لە دوای کۆچی دوایی باوکی لە شوێنی ئەو دەرس و پێشنوێژی و گوتاردان لە ئەستۆ دەگرێت هەر لەو کاتەدا دەبێتە سەرۆکی زانایانی کۆیە و دەوروبەری بە (رئیس العلماء) دادەنرێت. لە دوای ئەوە ئیتر بە مەلای گەورە ناسراوە.

هەوڵە چاکسازی و نوێ کردنەوەکانی مەلای گەورەی کۆیە:١/ دژایەتی خورافە و بیری دواکەوتوو٢/ گرینگی دانی مەلای گەورەی کۆیە بە کاری سیاسی و نیشتمانی٣/ گرینگی دانی مەلای گەورە بە خوێندن و زانست.

ئەم زانا ڕووناکبیرە بەشداری کاری سیاسی کردووە و لە ساڵی ١٩١٦ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا لە ساڵی١٩٢٤دا دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق. لەو ماوەیەدا کە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بووە لە هەمان کاتدا قازی شەرعی بووە و هەموو ئەو فەتوایانەی لە ساڵی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٨ داویەتی کردوونی بە کوردی، کە لەو کاتەدا مەلای گەورە قازی بووە و فەتوا و فەرمانەکان بە تورکی بوون لە دامودەزگاندا، بەڵام مەلای گەورە هەموو ئەو فەتوایانەی کردووە بە کوردی و هەندێ جار بە فارسی و لە ساڵی١٩٢٨بە یەکجاری وازی لە کاری ڕەسمی هێناوە.

لە بەرهەمەکانی: «تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی» «القائد فی العقائد» و «أبهی المآرب فی اثبات الواجب» و «المصقول فی علم أصول الفقه» و «الکلام الجدید» و «کشف الأستار فی مسأله الأختیار» و «الاله والطبیعة والعقل النبوة» و «المعجزات و الکرامات و «فڕی فڕی قەل فڕی» و «دیاری مەلای گەورە» و چەند بەرهەمێکی تر. لە ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/١٢ز کۆچی دوایی کردووە، ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کۆیە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێراوە.

مەلای گەورە لە ژیانی خۆیدا زۆر دژی زۆردار، ئەفسانە پەرست، مێشک وشک، دوژمنی ناحەزانی کوردایەتی بووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو کەسانە زۆر دژی مەلای گەورە بوون، بەڵام کەسێک لەوانە لە ژیانی مەلای گەورەدا زاتی ئەوەی نەکردووە بە نووسین ناوی بەخراپە بهێنێ وە یا ڕووبەڕووی دەنگ هەڵبڕێ. مەلای گەورەی کۆیە یەکەم مەلای کوردە تەفسیری بە زمانی کوردی نووسیوە. لە ساڵی ١٩٣٣ دەستی پێکردوە و لە ساڵی١٩٤٣ تەواوی کردووە، بەڵام لەکاتی خۆیدا هەلی لە چاپدانی بۆ نەرەخساوە و زۆر دوای ئەو مێژووەوە، چاپ کراوە و بڵاو بووەتەوە. بەرگی یەکەمی لە ساڵی١٩٦٨ چاپ کراوە و بەرگی دووهەم و سێیەمی لە ساڵی ١٩٧٠ چاپ کراوە.

مەلای گەورە لەساڵی١٩١٢ز، بەهۆی پێوەندی بەهێزی لەگەڵ «سلیمان نەزیفی» والی موسڵ، داوای لێدەکات کە قوتابخانەی (ڕوشدیە) لە کۆیە بکاتەوە، ئەویش لەسەر داوای مەلای گەورە ئەو قوتابخانەیە دەکاتەوە. هەروەها بە هەوڵی مەلای گەورە لە ساڵی١٩٢٦ز فەرمانگەی مەعاریفی ئەوکاتی عێراق لە کۆیە قوتابخانە دەکەنەوە. مەلای گەورە خەڵکی هان دەدات کە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، لەو کاتەدا زۆربەی مەلاکان و خەڵکی، ناردنی منداڵانیان بۆ قوتابخانە بە حەرام زانیوە، بەڵام مەلای گەورە نەک کوڕ و کچی خۆی «نەجیبەخانی» ناردووەتە قوتابخانەی کوڕان هەتا ببێتە پێشەنگ بۆ خەڵکی و بە کردەوە خۆی ئەو هەنگاوەی ناوە.

مەلای گەورە هەروەک هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەی نوێی داوە بڕوایشی وابووە کە دەبێت هەموو زانستەکان بخوێنرێت و زانست تەنها خوێندنی ئایینی نییە، لەم بارەیەوە لە شیعرێک دا دەڵێت:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە/ قالە و قەولە گشتی هەبایە

عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە/ بەخوا نازانی خوا چی کردووە

مەلای گەورە داوای کردووە هەموو زانستەکان بخوێنرێت و بڕوای وابووە کە خوێندنی زانستە جۆربەجۆرەکان نەک دژی دین نین، بەڵکوو ڕێگایەکن بۆ ناسینی گەورەیی خوا.

سەرچاوەکان:

١ـ بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی شێوا، مێژوووی ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، چاپی یەکەم٢٠١١ ئەکادیمیای کورد، هەولێر.
٢ـ حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا و محەممەدی مەلا کەریم، چاپی دووهەم، انتشاراتی کوردستان، سنە.
٣ـ الدکتور جواد فقي رسول الجوم حیدری، محەممەد بن عبدالله الجلي وجهوده العلمیة، الطبعة الأولى ١٤٧هـ٢٠٠٦م، مکتب التفسیر- أربیل.
٤ـ عبدالکریم محەممەد المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، عني بنشره محەممەد علي القرداغي، الطبعة الأولى ١٤٠٣هـ١٩٨٣م، دار الحریة- بغداد.
٥ـ گەلاوێژ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١١ ساڵی ٥ تشرینی دووهەم١٩٤٤.
٦ـ محەممەد أمین زکی، مشاهیر الکرد وکردستان، الطبعة الثالثة ٢٠١١م، بغداد.
٧ـ مەلا محەممەدی جەلی کۆیی مەلای گەورە، فڕی فڕی قەل فڕی، ئامادە کردنی: قانع خورشید، چاپی یەکەم ١٤٣٠کۆچی ٢٠٠٩ زایینی، پرۆژەی تیشک.
٨ـ مەلای گەورە مەلا محەممەدی کۆیی، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، بەرگی یەکەم.



له ڕاسته‌وه: زه‌بیحی، قاسم قادری، دڵشاد



فه‌تاح قازی - مه‌هاباد

# میرزا قاسم قادری قازی

گۆڕانکارییه‌کانی پاش شه‌ڕی دووهه‌مى جیهانی له سه‌ر ئاستی ئێران و کوردستان گه‌لێک گه‌وره و به‌ر فراوانن. دیاره ئاستی ئه‌و گۆڕانکارییانه له سه‌رووترین به‌شی ده‌سه‌ڵات له ئێران تا زۆر گۆڕانکاری ورد و کۆمه‌ڵایه‌تی له خۆ ده‌گرێ.

له کوردستان ده‌رئه‌نجامی ئه‌و گۆڕانکارییه چالاک بوونی کۆمه‌ڵایه‌تی چینی مامناوه‌ندی کوردی لێ که‌وته‌وه. یه‌ک له‌و که‌سایه‌تییانه‌ی له‌و ده‌وره‌دا له کوردستان و ناوچه‌ی موکریان له جووڵانه‌وه‌ی ڕووناکبیری و ئازادیخوازی له ساڵانی دوای خه‌رمانانی ١٣٢٠ی هه‌تاوی نه‌خشی به‌رچاوی هه‌بووه «میرزا قاسمی قادری قازی» بوو.

میرزا قاسم کوڕی قازی قادره و ئه‌ویش کوڕی میرزا ڕه‌حمان قازی، ئه‌ویش کوڕی میرزا عه‌وڵای قازی که یه‌کێک له دامه‌زرێنه‌رانی مزگه‌وتی قازی بووه.

به‌گوێره‌ی به‌ڵگه‌نامه‌کانی مێژوویی، میرزا قاسم قادری قازی، جوودا له‌وه‌ی که که‌سایه‌تییه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی بوو له ڕوی سیاسیش یه‌کێک له ڕێبه‌رانی دامه‌زرێنه‌ری ڕێکخراوی کۆمه‌ڵه‌ی ژێ کاف بووه. وه‌ک باس ده‌کرێ، له کۆمه‌ڵه‌ی ژێ کاف میرزا قاسم جگه له ده‌وری ڕێکخستن، له باری بیر و فکری پێشکه‌وتوویی ده‌وری به‌رچاوی هه‌بووه. ناوی نهێنی میرزا قاسم قادری قازی له کۆمه‌ڵه‌ی «ژ.ک»دا «ق.ق.ق پیاو» بووه (عه‌بدوڵلاهی،٤٥٩).

میرزا قاسم قادری قازی وێڕای مامۆستا زه‌بیحی و مامۆستا هه‌ژار له په‌یمانی دوو قوڵی نێوان کۆمه‌ڵه‌ی«ژ.ک» و کۆمه‌ڵه‌ی«هیوا» که به په‌یمانی سێ سنوور به ناوبانگه، وه‌ک سه‌رۆکی نوێنه‌رانی هه‌ر دووک کۆمه‌ڵه به‌شدار بووه( پێشوو،٤٥٩). نوێنه‌رانی کۆمه‌ڵه‌ی هیوا له‌و ڕێکه‌وتنه‌دا بریتی بوون له شێخ عوبه‌یدوڵلای زینوێ، سه‌ید عه‌زیز شه‌مزینی«گه‌یلانی» و سه‌عید کانی مارانی.

پێویست به ئاماژه‌یه، هه‌ڵسوکه‌وتی ده‌وڵه‌تی ڕه‌زاشا په‌هله‌وی پاش هاتنه سه‌رکار ده‌گه‌ڵ گه‌لی ئێران به‌گشتی باقی نه‌ته‌وه‌کانی نێو ئێران ڕه‌وشتی زوڵم و ئیستبداد بوو. هه‌ر ئه‌و شێوه سیاسه‌ت کردنه‌ی ده‌وڵه‌تی په‌هله‌وی، بوو به هۆی درووست بوونی بیر و فکری ڕه‌خنه‌گرانه‌ی چینی نوێ و مامناوه‌ندی کۆمه‌ڵگای ئێران به هه‌موو نه‌ته‌وه‌کانییه‌وه. که‌سانی وه‌ک میرزا قاسم که مامۆستای قووتابخانه بوون و له نزیکه‌وه ئاگاداری به‌رنامه و سیاسه‌تی نابه‌رابه‌ر و هه‌ڵاواردنی ده‌وڵه‌تی په‌هله‌وی بوون، هه‌ستیارتر و چالاکتر بوون.

به‌پێی به‌ڵگه مێژووییه‌کان، میرزا قاسم قادری قازی وێڕای مامۆستا زه‌بیحی و کاک دڵشاد ڕه‌سووڵی له مه‌ئمووریه‌تێکی کۆمه‌ڵه‌ی «ژ.ک» له بالانیش، ده‌گیرێ و نیزیک ٦،٧ مانگ له به‌ندیخانه‌ی تاران ده‌مێننه‌وه.

وه‌ک ویلیام ئیگلتۆن له کتێبی «جمهوری ١٩٤٦ کردستان» وه‌رگێردراوی مامۆستا «محه‌ممه‌د سه‌مه‌دی» لاپه‌ڕه‌کانی ٧٦ و٧٧ ده‌نووسێ: له کۆبوونه‌وه‌ی ماڵی «ئه‌حمه‌دی ئیلاهی» میرزا قاسم و قادر موده‌ڕڕیسی دیاری کراون ده‌گه‌ڵ قازی محه‌ممه‌د قسان بکه‌ن و داوای لێبکه‌ن ببێته ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه‌ی «ژ.ک». ئه‌و بابه‌ته ده‌ری ده‌خا که میرزا قاسم که‌سایه‌تییه‌کی خاوه‌ن ئه‌زموون و جێ‌متمانه بووه.

ئه‌و جۆره‌ی «دوکتور ئاسۆ» له کتێبه‌که‌ی‌دا نووسیوێتی، میرزا قاسم له کۆتاییه‌کانی ته‌مه‌نی‌دا وه‌ک مامۆستایه‌کی دوورخراوه«تبعیدی» له شاری ورمێ خزمه‌تی کردووه. وه‌کی له کتێبی «سێبه‌ری ئازادی»دا نووسراوه، میرزا قاسمی قادری قازی، ڕۆژی هه‌ینی ڕێکه‌وتی ٦/١٥/ ١٢٧٨ کۆچی هه‌تاوی به‌رامبه‌ر ده‌گه‌ڵ ٨ی سێپتامبری١٨٩٩ی زایینی له مه‌هاباد له دایک بووه و له‌ته‌مه‌نی ٦٣ ساڵی‌دا له ڕۆژی دووشه‌ممه ڕێکه‌وتی ٥/ ١/ ١٣٤٧ کۆچی هه‌تاوی له مه‌هاباد کۆچی دوایی کردووه و له سه‌ر وه‌سیه‌تی خۆی له گوندی «خانه‌قای شێخی برهان» نێژراوه. ( عه‌بدوڵلاهی،٤٦٢)

جێگای ئاماژه‌یه میرزا قاسم تاقه کچێکی هه‌بووه به ناوی فاتمه خانم که ده‌گه‌ڵ میرزا غه‌فوور قادری، ژیانی هاوبه‌شی پێک هێناوه. فاتمه خانم له ڕێکه‌وتی ١٠ی گه‌لاوێژی ساڵی ١٣٩٣ هه‌تاوی له مه‌هاباد کۆچی دوایی کرد.

بنه‌ماڵه‌ی میرزا غه‌فوور به ڕه‌چه‌ڵه‌ک ده‌گه‌ڕێنه‌وه سه‌ر بنه‌ماڵه‌ی گه‌وره‌ی حاجی غه‌فووری گه‌وره که له شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانی‌دا وه‌ک تاجرێکی گه‌وره و سه‌رشوناس هاتووچۆی عروسیاتیان«ڕووسیه» کردووه.

وه‌ک باس ده‌کرێ له کاتی هێرشی عرووسان بۆ مه‌هاباد و کوشتاری خه‌ڵک و شه‌هید کردنی میرزا فه‌تاح، خه‌ڵک په‌نایان بردۆته ماڵی حاجی غه‌فوور و له کوشتن نه‌جاتیان هاتووه.

به‌ر له کۆتایی بابه‌ت، جێی خۆیه‌تی ئاماژه بکه‌م له بیر و یادی خاوه‌ن ته‌مه‌ن و به ساڵاچووه‌کانی بنه‌ماڵه، که له سیاسه‌ت و کاری کۆمه‌ڵایه‌تی سه‌ریان سپی کردووه، میرزا قاسم قادری قازی به «چرچیلی کوردستان» به ناوبانگه. دیاره ئه‌م نازناوه ده‌گه‌ڵ مشووری سیاسی و زیره‌ک بوونی له بواری ڕاپه‌ڕاندنی ئه‌رکه‌کانی ته‌واو گونجاوه و کورد گوته‌نی پڕ به پێستییه‌تی.

سه‌رچاوه:
١- کتێبی سێبه‌ری ئازادی، نووسینی که‌ماڵ عه‌بدوڵلاهی
٢-کتێبی جمهوری ١٩٤٦کردستان، نووسینی ویلیام ایگلتون، ترجمه سید محه‌ممه‌د صمدی



کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: م. ڕەوەند سەباح / د. خەسرۆ ئەحمەدڕەسووڵ -
زانکۆی سۆران

بەشی١



# ڕەچەڵەک و پێوەندی چەند وشەیەکی زمانی کوردی لەگەڵ چەند وشەیەکی زمانە هیندۆئەورووپییەکان

## پێشەکی

وشە و ڕەگەزەکانی زمان بۆ نیشان کردن و فۆرمیولا کردنی بیرۆکە و دەربڕینی هەستەکان بەکار دێن. ئەو وشانە وەک ئاوێنە وان، مێژوووی کەلتووری پێشکەوتنی گەلەکەی تێدا بەدی دەکرێت.

دیاریکردنی ڕەچەڵەکی وشە، دەروازە و دەلاقەیەک واڵا دەکات، تا زیاتر قووڵ بینەوە نێو شارستانییەت و کەلتووری نەتەوەکەمان. ئەمە جگە لەوەی یارمەتیشمان دەدات تا زیاتر ئاشنا بین بە ڕوخساری کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی ئێستامان.

کاتێک گوزەر بەناو پرۆسەی دەستنیشان کردنی ڕەچەڵەکی وشە دەکەین، ئەوا ئێمە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ریشەی شارستانییەتی خۆمان دەخەینەڕوو. کاتێک شوێنەوارناسان پاشتییەکی بەرجەستە و فیزیکی باوباپیرانمان دەدۆزنەوە، ئەوا زانستی ئیتیمۆلۆژی و شارەزایانی ئەو بوارە، وێنەی بیر و سۆز و هزر و جیهانی ناوەوە وێنا دەکەن.

زمانی کوردی سەر بە خێزانە زمانی هیندۆئەورووپییە، کە هەمان زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی دەگرێتە خۆ (سەیری خشتەی ژمارە یەک بکە). لێرەدا تەواو ئاشکرایە، لە دیاری کردنی ڕەچەڵەکی هەر وشەیەکی زمانی کوردی، ئەوا پێویستە وشە خزمەکانی و ڕەچەڵەکی لە زمانەکانی تر بخەینە ڕوو. لەم فەرهەنگەدا، ڕەچەڵەکی وشەی زمانی ئینگلیزی و هەندێک لە زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان خراونەتە بەر باس و تێروانین. ئێمە لێرەدا ویستوومانە خۆمان بەدوور بگرین لە باس کردنی وشەگەلێک کە ئەو زمانانە لە زمانەسامییەکان و زمانی تورکی و زمانەکانی تر وەریان گرتووە. هەرچەندە، گومان لەوەدا نییە، هەموو زمانەکان وشەیان لەیەکتر وەرگرتووە، زمانێک بێگەرد بێت لەو وەرگرتنانە، جگە لە ئەفسانەیەک، هیچی تر نییە.

لەوانەیە، گەورەترین ئاڵوگۆڕی وشە لە نێوان هیندۆئەورووپییەکان، پێش چوار هەزار ساڵ ڕووی دابێت، بەتایبەت کاتێک لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان کۆچیان کردووە. ئەوان هەندێکیان بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد بۆ دامەزراندنی نەتەوە ئەورووپییەکان، هەندێکیان بەرەو باشوور کۆچیان کرد بۆ دانانی بەردی بناغەی هیندستان و نەتەوە ئێرانییەکان.

بە درێژایی مێژوو، لە نێو هەموو ئەو ڕووداوە سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی ڕۆژگار، زمانی کوردی توانیویەتی لە ڕێگای وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی تر خۆی دەوڵەمەند بکات و هاوکات ناسنامەی ڕەسەنی خۆشی بپارێزێ. سەرەڕای هەبوونی خزماتییەکی ڕاستەوخۆ، زۆرێک لە وشەکانی زمانی هیندۆئەورووپی، لە ڕێگای زمانی ترەوە گەیشتوونەتە نێو زمانی کوردی و فارسی. بۆ نموونە، وشەی (صراط، خیال، ابلیس) وشەی زمانە هیندۆئەورووپییەکانن، کەچی دوای ئەوەی فۆرم و شێوە و ئەکسێنتی زمانە سامییەکانیان وەرگرتووە و قبووڵ کراون، هاتوونەتە نێو زمانی کوردی و فارسی. لە کاتێکدا، هەندێک وشەی تر، وەک (هندسە، ڕزق، زمان) وشەی ئێرانی کۆنن، لە ڕێگای زمانی عەرەبی هاتوونەتە نێو زمانی کوردی و فارسییەوە.

هەندێک لەو وشە وەرگیراوانە، لە سەرانسەری جیهان، لە نێو هەموو زمانەکان بەرچاو دەکەون، وەک وشەی (تەلەفۆن، ڤۆڵت، میکرۆب، مەتر و هتد) زمانی کوردی چەندین وشەی تری وەرگرتووە، وشەکان بە کوردی کراون. ئەوەندە بە قووڵی ڕۆچوونەتە نێو ئەدەب و کەلەپووری شیعری کوردی، جیا کردنەوەیان لە زمانی کوردی کارێکی مەحاڵە. ئەگەر چاوێک بە شیعرەکانی نالی و مەحوی و مەولەویدا بخشێنین، چەندین وشەی عەرەبیان بەکارهێناوە، ئەو وشانە بە کوردی کراون و هەستێکی جوان و پرچێژیان بە زمانی شیعری بەخشیوە و زمانی کوردی ئاستەمە دەستبەرداری ئەو وشانە بێت، چونکە بوونەتە بەشێک لە ژێرخانی ئەدەبی زمانی کوردی؛ سڕینەوەیان زیان و درزێکی گەورە دەخاتە نێو ناسنامە و کەلەپووری زمانی کوردی. ئەم ئاوێتەبوونەی زمانی بیانی، خاسییەتێک نییە تایبەت بە زمانی کوردی، گریمان هەموو وشە یۆنانی و لاتینی و ئەورووپییەکانت لە زمانی ئینگلیزی داتاشی، ئەودەم زمانێکی بەو پەڕی بێبایەخی و سنووردار دێتە کایەوە.

هەرچەندە هەبوونی هزرێکی کراوە بۆ وەرگرتن و قبووڵ کردنی وشەی بیانی، واتای ئەوە ناگەیەنێ، بەلێشاو وشە وەربگری و بێباکانە بەکاری بێنی. لە کاتێکدا وەرگرتنی وشە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی زمان و پاراستنی لە تێداچوون. بەکارهێنانی هەرەمەکی وشەی بیانی، بە ئاسانی زمان دەشێوێنێ، ڕێگە لە گەشەسەندنی دەگرێ، ناسنامەکەی لێڵ و ئاڵۆز دەکات.

### زانستی ئیتیمۆلۆژی

لە ساڵی ١٧٨٦ دادوەرێکی بەریتانی لە هیندستان بە ناوی «سیر ولیەم جۆنس»، کە بە زمانی لاتینی و یۆنانی ئاشنا بوو، ڕایگەیاند وێکچوونێکی بەهێز و دیار لە نێوان زمانی یۆنانی و لاتینی و سانسکریتی بەرچاو دەکەوێ. گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو ئەو زمانانە لە یەک سەرچاوە هەڵقولابن، ئەوەش دواتر بە زمانی هیندۆئەورووپی ناوی دەرکرد. ئەو ڕاگەیاندنەی ئەو بوو بە سەرەتایەک لە سەرهەڵدانی زانستێکی مۆدێرن لە زمانەوانیدا.

ئیتیمۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەک و مێژووی وشەکان و چۆنییەتی گۆڕینی فۆرم، بە درێژایی زەمان. بۆ زمانێکی وەک زمانی یۆنانی، کە مێژوویەکی دوورودرێژ و نووسراوی هەیە، شارەزایانی بواری ئیتیمۆلۆژی سوود لە دەق و تێکستی ئەو زمانانە دەبینن بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری لە سەر چۆنییەتی بەکارهێنانی وشەکان لە سەردەمە بەراییەکانی مێژوو و کاتوساتی هاتنیان بۆ نێو زمانێکی دیاریکراو. شارەزایانی بواری ئیتیمۆلۆژی، شێوازەکانی زمانەوانی و

هەولێرنامەی کتێب

بەراوردکاری پەیڕەو دەکەن بۆ دارشتنەوەی زانیاری لەمەڕ زمانەکۆنەکان.

لە ڕێگای شیکردنەوەی زمانە پێوەندیدارەکان بە تەکنیکی شێوازی بەراوردکاری، زمانەوانان بە زمانی هاوبەش و وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانەکان دەگەن. بەم شێوەیە، ڕەگی وشەکان دۆزراونەتەوە بۆ دیاری کردنی ڕەچەڵەکیان.

هەرچەند لە بنەڕەتدا، لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژی لە چوارچێوەی فیلۆلۆجیدا سەرچاوەی گرتووە، تازەترین لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژیش لەسەر خێزانی زمانەکانەوە ئەنجام دراوە کە زانیارییەکی کەم، یان هەر لە ئارا دا نەبووبێ، وەک ئورالیک و ئۆسترۆنێژیا.

وشەی ئێتیمۆلۆژیا لە وشەی یۆنانی (etumología) وەرگیراوە کە وشەی ئێتمون (étumon) بە مانای (واتای ڕاستەقینە) دێت، پاشگری (logia-) بە واتای (لێکۆڵینەوە) دێت.

شارەزایانی بواری ئێتیمۆلۆژیا چەندین شێواز بەکار دێنن بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی وشەکان بدۆزنەوە:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی فیلۆلۆجی، لە ڕێگای بەردەستبوونی تێکست و دەقە کۆنەکان، بە دوای ڕەچەڵەکی گۆڕانە فۆرمی و واتاکانی وشە دەگەڕێن.

دووهەم: سوود وەرگرتن لە داتای زانستی لێکۆڵینەوەی دیالێکتییەکان، جیاوازییەکانی فۆرم و واتای وشە لە نێو دیالێکتەکان دەخاتە ڕوو، ئەمەش زانیاری دەربارەی مێژووی وشە دەخاتە بەردەست.

سێیەم: شێوازی بەراوردکاری، لە ڕێگای بەراورد کردنی سیستەماتیکیانەی زمانە پێوەندیدارەکان. شارەزایانی بواری ئێتیمۆلۆژی دەزانن کام وشە، لە زمانی نەژادی هاوبەش سەرچاوەی گرتووە و هاتووە، هەر وەها کامەیان دواتر لە زمانێکی تر وەرگیراوە.

چوارەم: لێکۆڵینەوەی گۆڕینی سیمانتیکی، شارەزایانی بواری ئێتیمۆلۆژی پێویستە ئەو گریمانانە بخەنە ڕوو کە تایبەتن بە گۆڕینی واتای وشەیەکی تایبەت. ئەو گریمانانە دژی زانیاریی گشتیی گۆڕینی واتاکان تاقی دەکرێنەوە. بۆ نموونە دەشێت ئەو گریمانەیە جێگیر بکرێت و ڕاست دەربچێت، لە ڕێگای نیشان‌دانی ئەوەی کە هەمان جۆر لە گۆڕانکاری لە زمانەکانی تر هاتۆتە ئاراوە.

بیردۆزی ئێتیمۆلۆژی دان بەوە دادەنێت کە وشە لە ڕێگای چەند میکانزمێکی بنەڕەتی سەرچاوە دەگرێ، ئەو میکانزمانەش دەشێت بریتی بن لە گۆڕینی زمان، وەرگرتنی وشە لە زمانی تر و گونجاندنیان، دروستکردنی وشە لە ڕێگای داتاشین و لێکدان و ئۆنۆماتۆپیا و سمبوولی دەنگەکان. لە کاتێکدا ڕەچڵەکی ئەو وشانەی تازە دەرکەوتوون، کەم یان زۆر دیار و ڕوونن، بەڵام بە درێژایی زەمان بە هۆی گۆڕانی دەنگ یا واتا، لێڵ و ئاڵۆز دەبن. بۆ نموونە ئاشکرا نییە کە وشەی (bless) لە زمانی ئینگلیزی پێوەندی بە وشەی (blood) هەبێ، لە ڕاستیدا وشەی (bless) وەرگیراوە و داتاشراوە. [بە مانای نیشانە کردن بە خوێن] هەروەها ئەگەری هەیە، گۆڕانی واتایی بێتە ئاراوە، بۆ نموونە وشەی (bead) لە سەرەتادا واتای «نوێژ»ی دەگەیاند، بەڵام بە هۆی پراکتیزە کردنی دەنگی سروودی ئایینی لە ڕێگای تەسبیحەوە، واتای نوێی خرا بە بەرگەوە.

https://en.wikipedia.org/wiki/Etymology




خشتەی ژمارە یەک: زمانە هیندۆئەورووپییەکان

زمانی هیندوئەورووپی زمانێکی نووسراو نەبووە، هەرچەند نزیکەی دوو هەزار ڕەگی ئەو وشانە، لە ڕێگای بەراورد کردنی دەنگ و واتای هاوشێوەی زمانەکانی، دارێژراونەتەوە. کاتێک هیندۆئەورووپییەکان دەستیان کردووە بە کۆچ کردن، زمانەکەیان کەرت بووە بۆ چەند دیالێکتێکی جیاواز، ئەوەش لە دەنگی جیاوازی هۆزە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. کلیلی زانستی زمانەوانی بەراوردکاری و ئێتیمۆلۆژیا، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە گۆڕانی دەنگەکان بە شێوەیەکی زۆر سیستەماتیکی بووە و بەکار هاتووە بۆ دیاری کردنی پێوەندی نێوان وشە جیاوازەکانی زمانە جیاوازەکان.

گفتوگۆیەکی چڕوپڕ سەبارەت بە گۆڕانی دەنگەکان لەم پەرتووکە باس نەکراوە، دیارە ئەمە باسێکی زۆر لەخۆ دەگرێت، بەڵام باس کردنی هەندێک نموونە بە گرینگ دەزانین سەبارەت بە چۆنییەتی دۆزینەوەی ڕەگی وشەکان. بۆ نموونە دەنگی / پ/ لە سەرەتای وشە هیندو ئەورووپییەکان، لە زمانی فارسی و یۆنانی پارێزراوە، کەچی هەر ئەم دەنگە لە زمانە جێرمەنییەکان بۆ دەنگی /ف/ دەگۆڕدرێت. لەبەر ئەوە وشەی هیندۆئەورووپی (Pa-ter) واتا (پارێزەر) لە زمانی فارسی دەبێتە (Pedar) واتا (باوک)، بەڵام لە زمانە جێرمەنییەکان، وەک زمانی ئینگلیزی بۆ (Father) دەگۆڕدرێت. بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژمارە دوو بکە.(ژمارەی داهاتوو)

سەرەڕای دامەزرانی ئەو شێوازە لە گۆڕینی دەنگەکان لە نێو زمانەکاندا، هەندێک گۆڕانکاری دیاریکراویش لە نێو زماندا دێتە کایەوە. بۆ نموونە گۆڕینی دەنگی ل/ ر لە سەرانسەری جیهان لە نێوان زمانەکانی کۆن و نوێ، بەدی دەکرێ و لە چەندین وشەی زمانی فارسیش دەبینرێت، وەک ( سولاخ و سوراخ). گۆڕینی شوێنی دەنگەکان نموونەیەکی ترە لە گۆڕینی دەنگەکان لە نێو زمان و نێوان زمانەکان، وەک وشەی (bird) لە زمانی ئینگلیزی و وشەی (brid) لە زمانی جێرمەنی، هەر وەها وشەی (مغز) و (مزغ) لە زمانی فارسی.

ئەو یاسا و شێوازانەی گۆڕینی دەنگەکان بۆ دیاری کردنی ڕەچەڵەکی وشەکان بەکار دێن. هەروەها شایانی باسە شێوازی زۆریەک لە گۆڕانی دەنگ و وشەکان جێگای مشت و مڕە، بۆیە تا ئێستا دڵنیانین لە شێوەی ڕاستەقینەی ڕەگی هەندێک وشە.

A l i N o u r a i. An Etymological Dictionary Of .Persian , English and other Indo-European Languages

زمانەکانی هیندۆئێرانی و بەلتیک و سلاڤیک و ئەرمەنی و ئەلبانی بەو گۆڕانە دەنگییانەدا دەڕۆن کە بریتین لە گۆڕینی دەنگە قورگییە وەستاوەکانی (Palatal Stops) وەک / ک، گ، غ/ (/ḱ, *ǵ, and*/ /*ǵh) بۆ دەنگە خشۆکەکان و خشۆک وەستاوەکانی (fricatives and affricates) وەک / س، ش، ذ/ ( / s, ś, th/) ئەو زمانانەی دەنگە قورگییە وەستاوەکان (palatal stops) بۆ دەنگە خشۆکەکان

و خشۆک-وەستاوەکان دەگۆڕن، پێیان دەگوترێت زمانەکانی ساتەم (Satem Languages)، لە زمانی ئاڤێستاییەوە هاتووە، واتا (سەد) (Satem)، کەچی ئەو زمانانەی پارێزگاری لە دەنگییە قورگییە وەستاوەکان (palatal stops) دەکەن پێیان دەگوترێت زمانە کێنتومییەکان (centum languages).

لە بواری فۆنۆلۆجیدا زەقترین نموونەی گۆڕانکاری بریتییە لە نەمان یان کورت بوونەوەی بڕگەی کۆتایی، یان بڕگە بێهێزەکان. لە هەندێک زماندا، زۆر جار چەند نەبزوێنێکی دیاریکراو لە نێوان بزوێنەکانەوە بە هۆی ئەوەی لە دوای زنجیرەیەک بزوێن دێن، نەماون و لەناو چوون. بەم شێوەیە ئەو وشانەی لە زمانە هیندوئەوڕووپییە مۆدێرنەکان بەرچاو دەکەون زۆر کورتترن لەوەی لە زمانە هیندۆئەوڕوپییە کۆنەکاندا هەن. بۆ نموونە وشەی (four) لە زمانی ئینگلیزی، وشەی (č῾ork) لە زمانی ئەرمەنی، وشەی (čar) لە زمانی فارسی، وشەی (چوار) لە زمانی کوردی، لە وشەی (*kwetwóres) هاتوون.

هەرچی بواری مۆرفۆلۆجییە، لە ئەنجامی ئەو ڕاستییەی زۆربەی گۆڕانە سەرەکییەکان لە زمانی هیندوئەوڕووپی لە بڕگەی کۆتایی ڕوویان داوە، نەماون و کوێر بوونەوەی ئەو بڕگانە، دەرەنجامی ڕێزمانی گەورەی لێکەوتۆتەوە. لەو نێوەدا، تێداچوونی پاشگر بووەتە هۆی نەمان و کورتهێنان لە سیستەمی دۆخی و جێندەردا. لە کاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی ڕێگای جیا کردنەوەی تاک و کۆ، دۆزراونەتەوە. بۆ نموونە، لە زمانی فارسی مۆدێرندا، کە بڕگەی کۆتایی نەماوە، جیا کردنەوەی جیاوازی نێوان دۆخ و جێندەر لەنێو چووە، بەڵام ژمارە کۆ تا ئێستاش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نیشان کراوە، یان بە زیاد کردنی «an یان ha» لە فرماندا، کە پاشگرەکان زیاتر لە بنەڕەتدا دوو بڕگەیی بوون، نەمانی بڕگە کۆتاییەکان، کاریگەریی کەمتری لێ کەوتۆتەوە لە بواری مۆفۆلۆجیدا. هەرچەند هەندێک زمان، وەک زمانی ئینگلیزی، تا ڕادەیەکی زۆر دەستبەرداری نیشان کردنی بکەر بوونە لە ڕێگای پاشگرە کەسییەکان. بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی (I, we, you, they love) وە (He loves, she loves) لەگەڵ زمانی ئیسپانی (amo, amas, ama, amamos, amáis, aman)، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت.

گۆڕانکارییەکان لە گیرەکی ناودا، بە شێوەیەکی گشتی بوونەتە هۆی ئاسانکاری. تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو شوێنێک ژمارەی بێژەرانی لەناو چوون. لە زۆربەی سەردەمان، ناوە جێندەرییەکان لە سێوە بۆ دوو کەم بوونەتەوە، وەک لە زمانی (فەڕەنسی، سوێدی، لیتوانی، هیندی) بەرچاو دەکەوێت. هەروەها لە هەندێک زماندا ژمارەی ئاخێوەران بە تەواوی لەناو چووە وەک زمانی (ئینگلیزی، ئەرمەنی، بێنگالی). تەنیا لە زمانە سلاڤییەکان نەبێ کە سیستەمێکی جێندەری ئاڵۆز لە ڕێگای جیاکارییە دژ یەکەکانی وەک بەگیان و بێگیان یان کەسی و ناکەسی پەیڕەو دەکات. دیارە گۆڕان لە وشەکان زۆر فراوانتر بووە لە گۆڕان لە دەنگ و ڕێزمان. وشەکان لە زمانە مۆدێرنەکانی هیندۆئەوڕوپی چەند سەرچاوەیەکیان هەیە. لە وانەیە چەند وشەیەکی وەرگیراو و ناسراو بن، وەک وشەکانی (skunk, chain, و inch) کە لە زمانی ئەلگۆنکیان و فەڕەنسی و لاتینی وەرگیراون.

### زمانەکانی هیندۆ ئێرانی

کۆمەڵە زمانێکن، کە بەشی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی دووری زمانی هیندوئەوڕووپییەکان پێک دێنن. زۆربەی شارەزایان لەو باوەڕە دان، زمانی هیندۆئێرانی لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێن، وەک زمانەکانی ئاریانی و ئێرانی. گرووپی زمانەکانی هیندوئاریانی لە باکوور و ناوەڕاستی هیندستان و پاکستان قسەی پێکراوە لە ١٠٠٠ ساڵ پێشزایینییەوە تاکوو ئێستا. کۆنترین تۆماری زمانی هیندوئاریانی، زمانی سانسکریتە. نموونە لە زمانەکانی هیندوئاریانی بریتین لە زمانی هیندی و بنگالی و سینحالی (لە سریلانکا)، لەگەڵ چەند دیالێکتێک لە زمانی ڕۆمانی.

زمانی هیندوئێرانی لە هەزارەی یەکەمی پێشزایین تاکوو ئێستا قسەی پێدەکرێت، کۆنترین زمانی هیندوئێرانییەکانیش، زمانی ئاڤێستایی بووە، زمانی پیرۆزی زەردەشتییەکان و فارسی کۆن. زمانە هیندوئێرانییە مۆدێرنەکانیش، لە زمانی فارسی و پەشتۆنی و کوردی و ئۆسیتی پێک دێن. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک، زمانی هیندوئێرانی لە لایەن یەک ملیارد کەس قسەی پێدەکرێت، هەر لە ناوچە فراوانەکانی باشووری ڕۆژئاواوە تاکوو باشووری ئاسیا.

ئەگەری ئەوە هەیە، شوێنی ڕەسەنی گرووپی زمانی هیندوئێرانییەکان باکووری ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین بێت، ئەو ناوچەیەی ئێستا بە ئۆزبەکستان و تاجیکستان و تورکمانستان ناسراوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ زمانی هیندوئێرانی لەو ناوچانە قسەی پێدەکرێت. هەر لەوێشەوە هەندێک لە هیندوئێرانییەکان بەرەو باشوور و ڕۆژئاو کۆچیان کردووە، هیندو ئارییەکانیش بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات کۆچیان کردووە.

سەبارەت بە شوێنی ڕاستەقینەی خێزانی زمانی هیندوئێرانییەکان، لای بیرمەندانی زمان مشتومڕێک هەیە لەسەر سەلماندنی ئەو دۆزە لە تێکستەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەردەمی «١٤٥٠-١٣٥٠»ی پێشزایین. ئەگەر بەپێی شی کردنەوەکان بێ، هەندێک لەو وشە ورەگیراوانە و ناوەکان لە بەڵگەنامەکانی هیتی و حوریان بۆ زمانی هیندوئێرانی و هیندوئاریانی دەگەڕێنەوە.

هیچ گومان لە پێوەندی نێوان زمانە ئێرانییەکان و ئارییەکاندا نییە، پاشماوەی سیستەمی دەنگی پێشووتر لە چەند ئاڵوگۆڕێکی فۆنۆلۆجی دیاریکراو ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆ نموونە ئەگەر هەندێک زمانی هیندوئەوڕووپی بزوێنی a یان هەبێ، ئەوا زمانی هیندۆئێرانی دەنگی i وەک کاردانەوەیەکی دەنگی زمانی هیندوئەوڕووپی بە دەنگی قورگی (laryngeals) ناوی دەنێن؛ بۆ نموونە وشەی «باوک» لە یۆنانی (pater)، لە زمانی ئینگلیزی (father)، لە سانسکریتی (pitr) (لە دۆخی ناوی تاکدا pita)، لە ئاڤێستا و فارسی کۆن (pitar)ە. لە پاش ئەو قەدانەی کۆتاییان بە «a, u, i» دێ، بە شێوەیەکی گشتی پیتی n لەگەڵ پاشگری am لە کۆتایی دەردەکەوێت، بۆ نموونە وەک لە وشەی سانسکریتی «مرۆڤ، مردوو» (martyanam)، لە ئاڤێستایی (masiianam)، لە فارسی کۆن (martiyanam).

سەرەڕای ئەو هەموو وێکچوونانە، جیاوازیش لە نێوان زمانەکانی هیندوئاری و هیندوئێرانی بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە هیندوئارییەکان دەنگی «i/I» لە جیاتی دەنگی قورگی هیندوئەوڕووپییەکان بەکاردێنن، نەک تەنیا لە بڕگەکانی سەرەتا، بەڵکوو لە بڕگەکانی ناوەڕاستیشدا، بۆ نموونە لە سانسکریتیدا «duhitr» (دۆتەر/ کچ، daughter). لە زمانە ئێرانییەکان دەنگی ڕاستەقینە قورگییەکە لە ناوچووە و نەماوە، وەک لە ئاڤێستادا «dugədar-, duyodar». هەر وەها زمانە ئێرانییەکان، دەنگە نەبزوێنە گڕ و پوفکراوە هیندوئێرانییەکانیان بە دەنگە هاوتا نەبزوێنە بێپوفکراوەکانیان ئاڵوگۆڕ کردووە. بۆ نموونە لە سانسکریتی وشەی «gharma» (گەرما)، «dha» (دانان، درووستکردن)، «bhr» (بار، گوازستنەوە)، دەبێتە «bar» ،«da» ،«garɕma» لە ئاڤێستاییدا.

**یووسف بابەکی - مەهاباد**

## خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانی
# «سنووری گەڕانەوە»




ویستی دڵی ئاغای شازانی بۆ زەماوەند و ڕزگاری لە تەنیایی، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوو. لەم سەروبەندەدا بوو، ڕۆژێک بۆ یەکەمجار چاوی بە کیژێک کەوت و دڵی ڕاچەنی. بەبێ ئەوەی بزانێ کێیە و ناوی چییە، دەتکوت ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە بە شوێنیدا دەگەڕێ. بۆ ماوەیەک چاوی دە چاوی بڕی و هەستی بەوە کرد بۆ یەکەم جار دڵی بە تیری ئەوین، ئەنگاوترا. زۆر جار ڕووداوێکی چکۆلە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤدا. هەستێکی عاشقانە، بینینی دیمەنێک، خوێندنەوەی نووسراوەیەک، بیستنی وتارێک یان قسەی کەسێک؛ کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شوێن لە سەر داهاتووی مرۆڤ دادەنێ. ئەو ڕۆژەی ئاوا کوتوپڕ دڵی ئاغای شازانی پێکرا، ڕۆژێک بوو کە بۆ سەردان چووبۆوە ناوچە هەڵبژێردراوەکەی خۆی و لە ژوورەکەی تایبەتی خۆی لە بینای شارەوانی، لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو. جەماوەرێک لە شار و گوندەوە هاتبوون داخوازی و گازندەکانیان بە ئاغای شازانی ڕابگەیێنن.

ئەم کیژەی دڵی ئاغای شازانی ئەنگاوت، خەزاڵ بوو. لەگەڵ دایک و باوکی چووبوونە ژوورەکەی ئاغای شازانی لە ساختومانی شارەوانی و لە ڕیزی دووهەم دانیشتبوون. پەرییان دەگەڵ نەبوو. پەری بۆ سەردانی دایک و خوشک و براکانی گەڕابۆوە گوند. ئاغای شازانی لە پشت مێزەکەی خۆی دانیشتبوو و چوار کەسیش لە پشتەوەی ڕاوەستا بوون. چوار کەسەکە خۆجێیی بوون و هەر لەو تاقمە بوون کە هەتا ئاغای شازانی دەهاتەوە، دەوریان دەدا و لە هەموو جێیەک بە شوێنیەوە بوون. بە ئاماژەی ئاغای شازانی، دانیشتووانی ڕیزی پێشەوە یەکە یەکە داخوازییەکانیان کوت و یەکێک لەوان محەیدین بوو. ئاغای شازانی ناسییەوە و بە پێکەنینەوە کوتی: «تۆ هەستە قسەکەت بکە بزانم تۆ دەڵێی چی!» محەیدین کراس و دوولینگەیەکی شڕی دەبەردا بوو و پێڵاوێکی کۆنی دڕاویشی دەپێدا بوو. لەسەر کورسیەکەی هەستا و کوتی: «ئاغای نوێنەری ئەم شارە، ئەگەر ئیزنم بدەی پێمخۆشە ئەو ماوەی لێرە دەبی وەک ئەم چوار کەسەی پشتەوەت، منیش بە دواتدا بگەڕێم و پلاوگۆشتەکان بۆخۆتان بەتەنێ نەخۆن!» ئاغای شازانی پێکەنی و کوتی: «هەر لە ئێستاوە وەرە ئێرە ڕاوەستە!» بە دەست ئاماژەی بە دواوەی خۆی کرد. محەیدین قاقایەکی لێدا و بۆ لای چوو لە پشتەوەی ڕاوەستا. ڕووی دە جەماوەرەکە کرد و کوتی: «ئەدی بۆچی دەڵێن کاری کەس جێبەجێ ناکا!» ئاغای شازانی و جەماوەرەکە پێی پێدەکەنین و چوار کەسەکەی پشتەوەی ئاغای شازانی بە مۆڕەوە چاویان لێدەکرد.

ئاغای شازانی لەو ماوەیەدا هۆشێکی هەر لە خەزاڵ بوو. خەزاڵ کراسێکی بێقۆڵی بۆر و دوولینگەیەکی لی شینی دەبەردا بوو. سادە و بێ ئاڕایشت بوو، بەڵام ئاواش هەر دەلال و دڵڕفێن بوو. مووی سەری لە پشتەوە بەستبوو، کیفێکی ڕەشی چکۆلەی بە شانەوە بوو. ئاغای شازانیش ئەوێ ڕۆژێ کۆت ودوولینگەیەکی سپی و کراسێکی شینی دەبەردا بوو و کراواتێکی ئاماڵشینی لە مل کردبوو. کاتێ نۆبەی باوکی خەزاڵ هات، باوکی نەبزووت و خەزاڵ هەستا سەر پێ. ڕووی کردە ئاغای شازانی و کوتی:

– ئاغای نوێنەر، من و دایکم و باوکم ـ بە دەست ئاماژەی پێکردن ـ بۆیە هاتووین، سکاڵای ئەوە بکەین مانگێک پترە براکەم بەبێ سووچوتاوان لە تاران گیراوە و لە بەند دایە!

ئەو کاتێ خەزاڵ قسەی دەکرد، ئاغای شازانی دەستی وەبەر چەنەی دابوو و بە وردی لێی دەڕوانی و چاوی لە دەمە چکۆلەکەی خەزاڵ بوو و دەتکوت فریشتەی ئاواتەکانی هاتۆتە دی و ئێستا لەبەر چاویەتی. خەزاڵ ماوەیەک بێدەنگ مایەوە و ئەمجار ئاغای شازانی نوقمی نیگای چاوە

گەشەکانی بوو. هیچ لە قسەکانی نەگەیشت. کوتی:

– ببوورە یای بەڕێز... تکایە داخوازییەکەت دووپات کەوە.

خەزاڵ لە کاتێکا دڵی پڕ بوو و وردە وردە فرمێسکی بە چاودا دەهاتنە خوار، قسەکانی دووپات کردەوە. ئاغای شازانی کە چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت و سەری بۆ هیچ لایەک نەدەسووڕاند. کوتی:

– ئێوە تا ئێستا کەوتوونە شوێنی بزانن بەرپرسان چیتان پێدەڵێن؟

– باوکم دوو جار چووەتە تاران و زۆری هاتوچۆ کردووە، تا ئێستا هەر نەیانهێشتووە تەنانەت چاوی پێی بکەوێ!

ئاغای شازانی هێندێک هاتەوە سەرەخۆ و وا لە قسەکانی حاڵی بوو دەبێ تاوانی براکەی زۆر قورس بێ.

– ئەو برایەت بۆ لە تاران بووە و بۆ لەوێ گیراوە؟

– لەوێ خوێندکاری زانکۆ بوو. لە خۆوە قسەیان بۆ هەڵبەستووە.

ئاغای شازانی دەسبەجێ بیری بۆ ئەوە چوو ڕەنگ بێ لەسەر خەبات و چالاکی سیاسی گیرابێ.

– ئێستا ویستی ئێوە لە من چییە؟

– خەڵکی ئەم شارە هەموو دەزانن براکەم بێ تاوانە و...

محەیدین چووە نێو قسەکانی خەزاڵ، هەڵیدایە و کوتی:

– براکەی لە من گێل و حۆلترە، دەڵێن سیخوڕە و ویستوویەتی سەرۆکوەزیر بکووژێ.

ئاغای شازانی بە سەرسوڕماوی ئاوڕێکی لە محەیدین داوە. یەکێک لە کەسانی پشتەوەی، چوو بن گوێی ئاغای شازانی و هێندێک قسەی لە گوێی سرەواند. ئاغای شازانی ڕەنگێکی هێنا و برد و ڕووی کردە خەزاڵ و کوتی:

– ئێوە جارێ دانیشن؛ ئەگەر دانیشتنەکە تەواو بوو، بە تایبەتی لەسەر ئەم مەبەستە دەدوێین.

ئاغای شازانی هێندێک حاڵی گۆڕا. لە لایەک سەرمەستی ڕوانینی خەزاڵ و دۆزینەوەی پەریزادەی ئاواتەکانی بوو و لە لایەکیشەوە بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر تێکچوو. بەشداران هەموو داخوازییەکانی خۆیان کوت و ئاغای شازانی دەینووسین و دانیشتنەکە دوو کاتژمێری خایاند. جەماوەر بڵاوەیان کرد و خەزاڵ و دایک و باوکی لەوێ مانەوە. ئاغای شازانی داوای لە محەیدین و چوار کەسەکانی هاوڕێی کرد بۆ ماوەیک لە هۆدەکە بچنە دەر و لەوێ چاوەڕوانی بن. تەنیا خۆی و خەزاڵ و دایک و باوکی خەزاڵ لە ژوورەکە مابوون. ئاغای شازانی داوای لێکردن بێنە ڕیزی پێشەوە دانیشن؛ هەرسێکیان هەستان و چوونە ڕیزی هەوەڵ. باوکی خەزاڵ هەروا بێدەنگ بوو و دایکی جار جار دەگریا و بە لکی چارشێوەکەی فرمێسکەکانی دەسرییەوە.

ئاغای شازانی ماوەیەک بێدەنگ بوو، نەیدەزانی چ بڵێ و قسەکانی چۆن دەست پێ بکات! لە لایەکەوە بۆ یەکەمین جار، کیژێکی وەبەر دڵ کەوتبوو، لە لایەکیشەوە ئەم داواکارییەی ئەو کیژە لە ئەوی هەبوو، مەبەستێکی زۆر گرینگ بوو. ئەگەر داخوازییەکەی پارە و ماڵی دنیا بوایە، هەر لەوێ بۆخۆی بۆی جێبەجێ دەکردن، بەڵام ئەم داخوازییە بۆ ئەوە نەدەبوو هەر باسی لە سەر بکا. باسی کەسێک بوو کە بە تەمای ڕەشەکوژی، قەسدەسەری سەرۆکوەزیری کرد بوو. بە تەمای کوشتنی بووە و سزای سێدارەی بۆ دەرکراوە. لە لایەکەوە باسی ئەوین بوو و هەتا زۆرتر لە خەزاڵ ڕادەما، زۆرتری وەبەر دڵ دەکەوت و پتر گیرۆدەی دەبوو.

– بەمجۆرەی ئەم هاوڕێیانەم پێیان کوتم و من لە مەبەستەکە گەیشتم، خۆم بە وردی ئاگاداری ئەم مەبەستە هەم! ئێستا داخوازی ئێوە چییە؟

خەزاڵ لەسەر کورسیلەکە دانیشتبوو و چاوی لە زاری ئاغای شازانی بوو، کوتی:

– وەکی هاواڵ و هاوپۆلەکانی بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە، ئەو برایەی من بێتاوانە.

ئاغای شازانی بە چەشنێک دەیڕوانیە خەزاڵ، دەتکوت ناتوانێ چاوی لە سەر بترووکێنێ.

– ئێوە نەدەبوو بهێڵن ئەم برایەت وەشوێن ئەم کارانە بکەوێ.

دایکی خەزاڵ، بە هەنیسکەوە کوتی:

– هەموو سەفەرێ پێم کوتووە ڕۆڵە ئاگات لە خۆت بێ! ئەو کوڕەی من دڵی نایە مریشک سەر ببڕێ، چۆن دەتوانێ قەسدی سەری مرۆڤ بکا؟!

ئاغای شازانی نەیدەزانی چ بڵێ و چییان وەڵام داتەوە.

– ڕاستییەکەی ئەم چەشنە ڕووداوانە، پێوەندییان بە هێمنایەتی وڵاتەوە هەیە و من هیچ دەسەڵاتێکم لەم بابەتەوە نییە.

خەزاڵ کوتی:

– ئاغای شازانی، ئێمەش داوای ئەوەمان لە ئێوە نییە بۆمان ئازاد کەی! ئێمە تەنیا داوا لە ئێوە دەکەین لەم بابەتەوە هێندێک یارمەتیمان بدەی.

ئاغای شازانی ماوەیەک بێدەنگ بوو و چوو دە فکرەوە. بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەبێ یارمەتی کەسێک بدات کە بەرهەڵستی دەوڵەت و هێمنایەتی وڵات بۆتەوە! لە لایەکیشەوە بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر بێت و ئەوانە هەروا بەڕێکات و بڕۆن، لەوانەیە تازە چاوی بەم کیژە نەکەوێتەوە. لەم ناوەدا دوودڵ مابۆوە و نەیدەزانی چییان جواب داتەوە؟ ماوەیەک پێچوو ڕووی کردە باوکی خەزاڵ و کوتی:

– تۆ چوویتە تاران، بۆ کام شوێن چووی و چییان وەڵام دایەوە؟

– چوومە زانکۆ، چوومە بنکەکانی پۆلیس، چوومە ڕێکخراوەی هێمنایەتی ساواک، چوومە زیندان. هەر شوێنێک دەچووم دەیانکوت لێرە نییە و ئاگا و خەبەریشمان لێی نییە!

– یانی ئێستا نازانن لە چ شوێنێکە؟

– نە دەزانین لە کوێیە و نە دەزانین ئەرێ ماوە یا نەماوە!

ئاغای شازانی حەولی ئەوەی بوو بیانوویەک

بدۆزێتەوە بە جۆرێک پێوەندییان دەگەڵ بگرێتەوە. ڕووی کردە خەزاڵ و کوتی:
– لەماڵێ تەلەفۆنتان هەیە؟
– بۆخۆمان نیمانە، بەڵام دراوسێکمان هەیەتی.
– ئەوە نابێ. من ژمارە تەلەفۆنی نووسینگەی خۆمت دەدەمێ، بەڵام ئەم ژمارەی نابێ بدەن بە کەس! حەوتوویەکیتر تەلەفۆنێکم بۆ بکە. بەڵام لای بەیانی بێ، نیوەڕۆیان لەوێ نابم. ئەگەر ئەوی ڕۆژێش لەوێ نەبووم، ڕۆژەکانی دواتر هەموو ڕۆژێ تەلەفۆنم بۆ بکەوە.
دایکی خەزاڵ، زۆری پێخۆش بوو، کوتی:
– بڵێی هیچ کارێکت بۆ بکرێ ئاغای شازان؟
– من لە تاران وەشوێنی دەکەوم بزانم لە کوێیە. ئەگەر هەواڵێکم وەدەست کەوت پێتان دەڵێمەوە.
– خودا ڕاوەستاوت کا. هەر ئەوەندە بزانین لە کوێیە، بۆ ئێمە زۆرە.
ئاغای شازانی هۆشێکی هەر لە لای خەزاڵ بوو و حەزی نەدەکرد زوو هەستن بڕۆن، بەڵام لە شوێنێکیتر، خۆی لە سەری مەحتەل بوون و دەبوو بڕوات. بۆ دواپین قسە، ڕووی کردە خەزاڵ و کوتی:
– جارێ لەم بابەتەوە دەگەڵ کەس قسان مەکەن. من با بچمەوە تاران، بزانم لەوێ چیم بۆ دەکرێ!
خەزاڵ چاوی دە چاوی ئاغای شازانی بڕی و کوتی:
– ئێمە چاوەڕوانی گەورەیی ئێوە دەبین. حەوتووی داهاتوو بۆخۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم.
– زۆر باشە.
خەزاڵ و دایک و باوکی هەستانە حەوا و خۆیان ئامادە کرد لە ژوورەکە وەدەرکەون. ئاغای شازانی هەستا و هاتە ئەوبەری مێزەکە و هێندێک لێیان نزیکتر بۆوە. ڕووبەڕوویان ڕاوەستا و بە ئەسپایی کوتی:
– بە داخەوە پەروەندەکەی زۆر گرانە و من هیچم لە دەست نایە. ئەگەر هەر کارێکی دیکەتان بوایە، لەوانە بوو بۆم جێبەجێ بێ، بەڵام ئەوە ئەرکی زۆر زەحمەتە! دیسانیش هەوڵی خۆم دەدەم بەڵکوو ئەوەندەتان بۆ بپرسم لانیکەم بزانن لە چ شوێنێکە؟
باوکی خەزاڵ کوتی:
– هەر ئەوەندە بۆ ئێمە دنیایەکە. لانیکەم بزانین ماوە یا نەماوە! ئەوە بۆ ئێمە زۆرە.
خەزاڵ هێندێک کراسەکەی ڕێکوپێک کرد و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد، ڕووی کردە ئاغای شازانی و کوتی:
– هەر چاکەیەکمان دەگەڵ بکەی ئێمە قەت فەرامۆشی ناکەین!
ماڵئاواییان لە ئاغای شازانی کرد و وەدەرکەوتن.
ئەوی ڕۆژێ حاڵی ئاغای شازانی گۆڕا و وەک مرۆڤێکی عاشق، هەر جێیەک دەچوو بیری لە گراوییەکەی دەکردەوە و لە هەموو جێیەک خەزاڵی دەهاتە بەرچاو. بە دڵ تاسەی دەکرد و بە ئاواتەوە بوو بە زوویی جارێکیتر چاوی پێی بکەوێتەوە.

## پرسە و سەرەخۆشی

مەرگ لە پێش چاومان سەما دەکا و ناسنامەیەک بە دڵڕەقی باتڵ دەکات. خەم بێڕەحمانە لە کۆڵانەوە دێت و لە دەلاقەی دڵمان چەکەرە دەدا و داگیرمان دەکات.

بنەماڵەی ڕێزداری

**کاک تاهیر وەیسی (کۆچەر)**
**خاتوو پەروانە ئەحمەدێن (پەپوولە)**
**کاک عەلی مەحموودی (ئاودێر)**

لە لایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیان خۆمان بە شەریکی خەمی گرانتان دەزانین، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی ئازیز و بەشەرەفی ئێوە دەکەین. هیواداریـن ڕووحـی کۆچکـردووان شـاد و پەپوولەی سەبر و ئۆقرە لە سەر ڕووحی کەسوکارتان بنیشێتەوە.

**دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەیان**




لە لاپەڕە ٣٤ی ژمارەی ١٢ی بەیان وتاری ئەحمەدئاغای ئێلخانی هەڵەیەک لە شەجەرەنامەکەی دیبوکری کراوە کە لێرەدا ڕاست کراوەتەوە. داوای لێبوردن لە خوێنەران و کاک ناسری عەلیار دەکەین.

بێهزاد زارعزاده (باوکی نیشتمان) ـ بانه

# کۆلکەزێڕینە

مەمێک هەیە لە نیشتمان شێت و شەیدای خاتووزینە! فەرهادێکی عاشق هەیە، تەنیا ئاوات و ئارەزووی بینینی سیمای شیرینە! ئەم کاکە مەم و فەرهادە حەزەکانیان تێکەڵاوی نەغمەی خۆشی خالەقییە. چڵی نێوان ئەم دڵانە دەروونڕەشی و ناحەقییە، ئاکامی ئەم ئەوینانەیش لەیەک دووری و بێبەشییە. بۆیە ئەم دەنگ و ئاوازە پڕهەست و سۆز و جوانییە لە دنیادا وێنەی نییە!

بولبولێکی شەیدا هەیە باغچەی دەنگی، پڕیەتی لە گوڵانی ڕازاوە و بۆنخۆش. هەستو سۆزی گوێبیستی خۆی، دێنێتە سەر جۆش و خرۆش. کاتێ شەماڵ نەغمەی دێنێ وەکوو چریکەی خالەقی، ئەمانکا بە مەست و بێهۆش! وەک گروگاڵی منداڵی ساوا کاتێ کە ئەکرێ گۆش. چریکەیەکی خۆش هەیە مێلۆدی ناو ئاوازەکەی، لە بەهەشتەوە هاتووە. وەکوو زێدی نیشتمانم هەر بە هیوای داهاتووە!. ئەویندای ئەم خاکەیە و دڵی پڕ لە خۆزگە و ئاوات، ئاهەنگی پیرۆزی بووە بە کۆلکەزێڕینەی وڵات!. لە چوار لاوە خۆشەویستە، لە باکوور و لە باشوور و لە ڕۆژئاواو لە ڕۆژهەلات!....

## حەسەن زیرەک

من نازانم بە کام وشە پێناسەت کەم؟! جار هەیە لە خۆم دەپرسم: مەگەر ناوی (حەسەن زیرەک) ناساندنی منی دەوێ؟!

سەرنج ئەدەم لێرە و لەوێ

لە ئیلامەوە تا ماکۆ، لە شاهۆوە تا زمناکۆ

لە نیشتمانی باکوورم، وان و دیاربەکری دوورم!

لە ڕۆژئاوای گۆنا سوورم، قامیشلی ئەو دیو سنوورم، لە باشوورم، لە هەولێر و شارەزوورم

سەرانسەری کوردستانم، دار و بەردی نیشتمانم

شارە و شاری گوند بە گوندی، شاخە و شاخی هەرد بە هەردی

هەر هەموویان عاشقی ئەو دەنگ و ئاوازە خۆشەی تۆن، هاوڕێ لەگەڵ سۆزی خۆشت بۆ سەرووی هەورەکان ئەڕۆن

جار هەیە بۆ بەهەشت ئەڕۆن!

لە نێو ڕووباری نەغمەدا ڕووحیان ئەشۆن، شادی ئەبێ بە خۆراک و لەگەڵ گۆرانیدا ئەیخۆن! لەگەڵ خەم و خەفەت نامۆن

حەسەن زیرەک! گۆرانی تۆ هێند خۆش ئاواز و قەشەنگن، سەوز و سوور و سپی و زەرد و ڕەنگاوڕەنگن! تێکەڵاوی نەغمەی عوود و تار و چەنگن

دیاری بۆ یاری جوانی شۆخوشەنگن، یەکجار گەشبین و بەتین و زۆر زیاتر لە نەغمە و دەنگن! لەگەڵ نەهاتی و ناهومێدی و شەوەزەنگا دەجەنگن!

گۆرانی تۆ لەگەڵ خۆیدا ئەمباتەوە بۆ ڕابردوو، دەورانی خۆشی بەسەر چوو

جاری جاران لە مەڵبەندی وەفاداران، لە لای یاران و دڵداران

هەر هاودڵی و هاوزمانی و هاوخەمی بوو، ئۆخژنی و خاترجەمی بوو

عەشقی پاکی کاکە مەم بۆ خاتووزین بوو، ئەوینی ئاگراوی فەرهادی عاشق بۆ شیرین بوو، ئەو ئەوینە هێند شیرین بوو وەک هەنگوین بوو

حەسەن زیرەک داخی داخم ئەو ڕۆژانە قەت نایێتۆ، ئێستا وەک زووتر نابێتۆ

مەگەر جاربەجار چریکەت دەستم بگرێ و بمخاتە سەر هەوری خەیاڵ، بە یادی کوڵم و خەتوخاڵ

بمباتەوە بۆ جێژوانێ! لای چاوجوانێ! بۆ لای یارێکی حاڵزانێ! دەلالێ شیرینزمانێ!

باڵابەرزێ خەرامانێ! دەم بچووک مەمک فنجانێ! نازەنینێ لێو قەیتانێ، خوێنشیرینێ نەرمونیانێ!

حەسەن زیرەک! لە ناو زیاتر لە هەزار و پێنسەد بەستە و گۆرانیدا، لەگەڵ مۆسیقا و جوانیدا

بە یادی کارەساتی ژین، یان شتانی خۆش و شیرین بە عەشقی خاڵی نازەنین!

هەم پێکەنیت، هەم گریاویت! من ئەیزانم: بە تیری ئەفسووناوی یاری پێکراویت!

بە گڕوتینی ئەویندای سووتاویت! حەسەن زیرەک بۆ ژاکاویت؟! لە بێمەیلی نازەنینێکە ڕەنجاویت!

گیرۆدە بووی بە یار و بە ڕەشی چاوی! زولفی خاوی تێک ئاڵاوی! ئەگریجەی جوانی تاوتاوی!

ئەوینداری بە یار و گۆزەی سەر شان و بەڵادێ و بە کانی و ئاوی! بۆنی سمڵ و مێخەکبەندی کچە لادێیی لێی داوی! بەڵێنی ژوانی پێ داوی؟!

ئەو هەزاران ئاهەنگەی وا بۆ کوردانت داهێناوە، پێم ناڵێی لە کوێت هێناوە؟!

ئەو کەلەپوورە زێڕینەی لە دوای خۆت بەجێت هێشتووە، لە کوێوە پێت گەیشتووە؟!

شنەی شەماڵ بۆی هێناوی؟! زەردەی خۆرەتاو پێی داوی؟! یان بەهار و دیمەنی جوانی نەخشاوی، هاژەی شەتاو و بەفراوی

یان دێی خۆشی نیشتمان و کیژی جوانی بەڵەکچاوی، یان کیژی شارییی بە ناز و بە غەمزە و سووراو سپیاوی؟!

با نەشیزڕێنی ناوی، من ئەزانم سرووشت ئیلهامی پێ داوی، خوداوەند بەهرەی پێداوی، بلیمەتی و داهێنان و ورەی خۆت یارمەتی داوی

بۆیە هەتا کوردێک لە دنیا بمێنێ، حەسەن زیرەک! خۆت و ئاوازی نەورۆزت، هەزارەها گۆرانی بەهەست و سۆزت هەر ئەمێنن و هەر ماون، هەتا هەتا خاوەن ناون! بینایی و بیبیلەی چاون، تیشکی پڕشنگی هەتاون

بۆ ئۆخژنی دڵ پێویستن، لە لای کوردان خۆشەویستن!...

## مامڵێ

سرووشت ویستی دەنگی خۆی بەڕێ بکا بۆ شاری، بیکا بە یادگاری، بۆیە چووە ناو هەست و سۆزی مامڵێ و قەتاری، بە هاوڕێی عوود و تاری

لەگەڵ زەردەی پێکەنین یا کوو گریان و زاری

هەرچی تێدەچریکێنێ لە هەر جێ بم، لە هەر کوێ، گڤەی با و هاژەهاژی ئاو هەڵدێرم دێتە گوێ

ئەمبا بۆ دەشتی شوێ، بۆ سەیرانی بنەخوێ، خۆی ئەبێ بە خانەخوێ

کاتێ گوێبیستی دەبم دەمباتەوە هەرد و شاخ، وا هەست ئەکەم لە گوندم لە ناو مەزرا و دەشت و باخ، بەرزەفڕ و خۆشدەماخ، بە دوورم لە ئاخ و داخ

هەروەکو شنەی شەماڵ، گیان و جەستەم دەشێلێ، وەکوو شمشاڵی شوان سۆز بۆ بەستەم دەهێنێ، ناخی گیان دەهەژێنێ

ئەمباتەوە نێو شایی و گۆڤەندی جاری جاران، ئەمباتەوە ناو کۆڕی یارانی وەفاداران، ئەمباتەوە ڕۆژانی پڕ لە داهاتی باران

بۆ لای هەژار و هێمن بۆ لای وەفایی و حاجی، خەم ئەدا لە هەڵلاجی، یادت بەخێر مامڵێگیان هەرگیز لە دڵ دەرناچی!




ئیرەج موورادی باقلاوایی - سەردەشت

# چلەخانە کوێستانییەکانی ناوچەی مەریوان


## پوختەی مەبەست

لە یەکەم ڕۆژی موسڵمان بوونی کوردەکان، لە ساڵی ١٦ و ١٧ کۆچی بەرەبەرە لاپەڕەنوێیەکانی شارستانییەت و مێژووی ئەو گەلە بە شێوازێکی دیکە هەڵدرایەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ پاشخان و بەرهەمی کورد شانبەشانی گەلانی دیکەی جیهانی ئیسلامی خۆی دەرخست. وەک مێژووو باسی دەکا یەکەم جار لە سەدەی ٣ی کۆچی، کورد لەگەڵ سۆفیگەری ئیسلامی‌دا ئاشنا بوو. پاشان بۆخۆیان لەو ڕێبازەدا توانیان ببنە پێشەنگ و پێشڕەو، وەکوو: شێخ شەهابی سۆهرەوەردی، شێخ عەبدولقادری گەیلانی، شێخ زەکەریای کاکۆزەکەریایی و مەولانا خالیدی شارەزووری.

بەشێک لە نەریت و دابی پێڕەوکردنی تەریقەتە سۆفیانەکان بوونی خانەقا و تەکیە و چلەخانەکانە. سۆفی و موریدی تەریقەت لەو شوێنانە خەریکی پالاوتنی دەروونی و خۆسازی دەبێت و پلەکانی سلووکی خۆی دەپێوێت. لە کوێستانەکانی ناوچەی مەریوان چەند چلەخانەیەک هەیە تا وەکوو ئێستا وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و نەپەرژاونەتە سەریان، وەکوو: چلەخانەی پیر خزری شاهۆ لە پیرخێران، پیر شالیاری دووهەم لە هەورامانی تەخت، عەبدالسەمەدی لە ئەواڵسەمەی ساراڵ، شاە نیعمەتوڵلای وەلی لە کاکۆ زەکەریا، پیر یۆنس لە هەنجیران و مەلا ئەبووبەکری موسەننیف لە ئاوایی چۆڕ.


وشە سەرەکییەکان: تەریقەت، سۆفی، خانەقا، چلەخانە، شازەلی، قادری، نەقشبەندی

## پێشەکی

ئایین وەک بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ژیان، لای مرۆڤەکانی ڕۆژگارانی پێشوو هەمیشە لە ڕیزەکانی یەکەم‌دا بووە. ئەگەرچی ئێستاکە بە شێوەیەکی دیکە لای هەندێک، ئایین لانراوە یا بووەتە ئەولەویەتی دووهەم و چەندەم. جیا لە بنەما و چڵە سەرەکییەکانی ئایین، عیرفان و سۆفیگەری وەک بەشێکی دیکە بووەتە لایەنی پاشکۆی ئەو بەرنامەیە. بەگشتی کوردانی موسڵمان لە سەدەی ٣ی کۆچییەوە لەگەڵ ڕێبازی سۆفیگەری ئیسلامی ئاشنا بوون. بە جۆرێک کە لەو سەردەمەدا سۆفییەکانی ناوچەی دینەوەر زۆر بەناوبانگ بوون. ئەو کاتە زیاتر سۆفییەکان بە شێوەی تاک ڕوویان لە دوورەپەرێزی و پاڵفتەی(پاکسازی) دەروونی کردووە. یەکەم ڕێبازی سۆفیگەری کە لە کوردستان برەوی پێدرا، سۆهرەوەردییە بوو. دواتر سەید موحەممەدی نووربەخش «٨٦٩-٧٩٥ کۆچی» سۆرەوەردی کردە نووربەخشی. هەر لەو سەردەمە بە هۆی شێخ خالیدی شازەلییەوە کە پاش تێکشکانی پایتەختی عەباسییەکان لە بەغداد لە لایەن مەغۆلەکان [ساڵی ٦٦٧ کۆچی] بەرەو مەریوان هاتووە و لە هەزارگرێ (کاکۆ زەکەریای ئێستە) نیشتەجێ بووە، و لە لایەن بەڕێزیان تەریقەتی شازەلییە هاتووەتە کوردستان. دواتر شێخ عەبدوڕەحمانی ئەهدەل نەوەی شێخ خالیدی شازەلی لە سەر تەریقەتی قادرییە و پاشان شێخ زەکەریا (٧٢٦-٨١٠ کۆچی) کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان مۆڵەتی ئیرشادی هەر دوو تەریقەتی قادرییە و تەیفوورییەی وەرگرتووە.

شێخ زەکەریا چونکە ئیجازەی هەر دوو تەریقەتی پێ بووە بە «کمال‌الدین» ناسراوە. ئەگەرچی دواتر لە کۆتایی سەدەی١١ و سەرەتای ١٢ کۆچی بە شێوەی بەربڵاو و گشتگیرتر سەید ئیسماعیل قازانقایی کوڕی سەید موحەممەدی نۆدێی بەرزنجی ئیجازەی بانگەواز و دانانی خانەقای قادرییەی لە بەغداد هێناوەتە کوردستان. لە هەمان ڕشتەی بنەماڵەی کاکۆ زەکەریا، شێخ ڕەزا ناسراو بە «معین‌الدین» و «الکردی الکاکو زکریایی» شاگردی ئیبنی حەجەری هەیتەمی، ئەویش لە سەر تەریقەتی باب و باپیرانی بووە و کتێبێکی بە ناوی «مسلک السالک» لە سەر تەریقەتەکانی نەقشبەندی، قادرییە، شازەلییە، ڕەفاعییە، خەڵوەتییە، لەوائییە، کبروییە و چەشتییە نووسیوە. هەروەها شێخ حەسەنی خەڵوەتی پیرخزرانی لە سەدەی ٩ و ١٠ی کۆچی تەریقەتی خەڵوەتییەی لە بەغداد هێناوەتە کوردستان و بۆخۆی لە ئاوایی پیرخێران نیشتەجێ بووە. جیا لەو شێخ حەسەنی پیرخزرانییە، شێخ حەسەنی مەولاناوایش لە ناوچەی سەقز هەر لەو سەردەمە لە سەر تەریقەتی خەڵوەتییە بووە.

شێخ شەهابەدینی کاکۆ زەکەریایی «١٠٠٢-١٠٧١ کۆچی» شاعیر و عارفی ناسراو لە تەمەنی ٢٣ ساڵییەوە بووەتە مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی. ناوبراو دانیشتووی ئاواییەکانی کاکۆ زەکەریا و پلووڕە بووە لە کەڵاتەرزان. دواتر تەریقەتی نەقشبەندی بە ناوەرۆک و ڕووکارێکی تازەتر و سەردەمیانەترەوە لە سەر دەستی مەولانا خالیدی شارەزووری «١١٩٣-١٢٤٢ کۆچی» بە هەموو کوردستان و وڵاتانی دەوروبەردا بڵاو بووەتەوە.

بەگوێرەی ئەو پێشینەی کە باسمان کرد چەندین ڕێبازی سۆفیگەری لە سەرەتاوە تا ئێستە لەم کوردستانە ناو و ناوبانگی بووە، بەڵام ئەوەی ئێستاکە دەبینرێت زیاتر «قادرییە» و «نەقشبەندییە»یە. لە وتاری بەردەست چەند شوێنێک لە چلەخانەکانی ناوچەی مەریوان و دەوروبەر باس دەکەین کە سەردەمانی زوو شوێنی چلەکێشی و خۆسازی و بەجێهێنانی دابی سۆفییانەی پیاوانێکی گەورەی تەریقەتە جیاوازەکان بووە. هیوادارم زانیاری تازە ببەخشێت بە مێژووی کۆمەڵایەتی و ئایینی ناوچەکە.

## چلەخانە

پاش ئەوەی ڕێبازی سۆفیگەری لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا دەرکەوت، سەرەتا شوێنی سۆفییەکان وەک باقی موسڵمانان هەمان مزگەوتەکان بوو. دواتر پلەیەک بەرەو پێشتر مزگەوتی تایبەت بە سۆفییەکان دامەزرا. بۆ نموونە مزگەوتی شۆنیزیەی شاری بەغدا کە تایبەت بووە بە شوێنکەوتوانی جونەیدی بەغدادی «مردن ٢٩٧ کۆچی». دواتر کە بەرنامە و خوێندنەوە و دەرکەوتە تازەکان لە پێڕەوانی سۆفیگەری و تەریقەتەکان دەرکەوت، زاناکانی ئیسلامی بەتایبەت ئەهلی فیقە و ئوسوول دژایەتییەکان دەستی پێکرد و سۆفییەکان لە مزگەوت دەرکران. سەرەتا سۆفییەکان تاکڕەوانە ڕوویان لە کەلێنی شاخ و کێو و ئەشکەوتەکان کرد و کاری پاڵاوتنی دەروونی و خۆسازییان بەڕێوە دەبرد. دواتر [بە هۆی باری کەشوهەوا یا مەترسی گیانی، لە کۆڵیت و] لە سەنگەرەکانی چاوەدێری یا کاروانسەرا چۆڵەکانی سەرسنوور و شارەکان دەمانەوە و دابی سۆفییانەیان بەجێ دەهێنا. قۆناغی دیکە، سۆفییە موسڵمانەکان هاوچەشنی سۆفییەکانی بوودایی، مانەوی و مەسیحی خانووچکەی تایبەتیان بۆ خۆیان ساز کرد و بوون بە دویرەنشین . سەردەمی سەلجووقییەکان «٤٢٩-٥٩٠ کۆچی» لە وڵاتی ئێران بینای تایبەتی سۆفییەکان بە ناوی خانەقا دامەزرا و نەریتی خانەقایی و خانەقانشینی بە ئاشکرایی پەرەی سەند. یەکەم بەڵگە بۆ ئاشکرا بوونی ناوی خانەقا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی کە لە «طبقات الصوفیە انصاری» (نووسین: ٤٢١ کۆچی) و «الرسالة القشیریە» (نووسین: ٤٣٧-٤٣٨ کۆچی) ئاماژەی پێکراوە.

بەڵگەی شوێنەوارەکانی ئەو قۆناغانەی سەرەوە لە کوردستان بۆ چلەخانەی ناو مزگەوت، خانەقا، گۆڕستان، ئەشکەوت و کوێستانەکان بەرچاو دەکەوێ، بەڵام شوێنەواری دویرەنشینی توێژینەوەی وردتری پێویستە و دەبێ لەو بارەوە زیاتر بکۆڵینەوە تا بەڵگەمان دەست بکەوێت. ئەگەر چاوێک بە مزگەوتە کۆنەکانی کوردەواریدا بخشێنین و لەو بارەوە لە پیران و بەساڵاچووەکان بپرسین، سۆفی و دەروێشەکان شەوان و ڕۆژانی تایبەت لە مزگەوتدا کۆڕی زیکر و تەهلیلەیان بووە. لە هەندێ مزگەوت دیوێ ناسراو بە «خەڵوە» یا «چلەخانە» بووە کە سۆفییەکان لەوێ بە چل دانە خورما چلەیان کێشاوە، بۆ نموونە:

- مزگەوتی ئاوایی باقلاوای کەڵاتەرزان کە هاوکات بە خانەقای شێخ حسەینەسووریش ناوبانگی بووە لە بەشی پێشەوەی ناسراو بە «بەرهێوانەکەی مەولانا خالید» یا «بان پایەکان» بە تەمووی دیوارە پانەکانیەوە چەند قوولکەیەک هەبوو کە شوێنی چلەکێشانی مانگی ڕەمەزانی سۆفییەکان بوو.
- لە خانقا و تەکیەی ناو ئاوایی وەکوو چلەخانەی ناو تەکیەی تاودۆڵاوی لای کامیەران.
- هەندێ جار چلەخانەکان لە نێو ماڵاندا بووە. بۆ نموونە چلەخانەی دەروێش حسەین لە ئاوایی غەیسووری دیواندەرە.
- لەناو گۆڕستان و لای مەزاری گەورەپیاواندا بووە، وەکوو چلەخانەکەی شێخ عەبدوڵڵا لە زیارەتانی ئاوایی کانیمشکانی لای سنە.
- لە ئەشکەوتەکان، وەکوو ئەشکەوتە چکوولەکەی خوار گۆڕستانەکەی ئاوایی خەرابەی (ئاشتی) ناوچەی کۆیە کە بە چلەخانەی سەید ئەحمەد دەناسرێتەوە.
- کۆنتر لەوانە چلەخانەکانی کوردەواری زیاتر لە کوێستانەکاندا بووە، وەکوو چلەخانەی ئاوایی نەڕان لای سنە یا چلەخانەکانی ناوچەی کەڵاتەرزان (ئاوایی کاکۆ زەکەریا و پیرخێران) و ئاوایی عەواڵسەمەی سارالّ و چۆڕ و هەنجیران لای مەریوان و ئاوایی هەورامانی تەخت.

ئەوەی دەماودەم هاتووە و بیستوومە، ئەوسا ئەو سۆفییانەی کە لە باری پێوانی ڕێگای تەریقەت و گوێڕایەڵی ڕێنوێنییەکانی شێخ و خەلیفەکان زۆر سەرکەوتوو بوون چلەیان کێشاوە و چوونەتە خەڵوە. وەرزی چلەکێشان زۆرتر لە مانگی «ذیالحجە» و ڕەمەزاندا بووە. ئەڵبەت نموونەی واش بووە کە سێ جاریش چلەیان کێشاوە، وەکوو شاعیری گەورە شێخ ئیسماعیل دۆڵانی ناسراو بە سەودایی «١٨٤٢-١٩٢٧» کە هەموو ساڵێ سێ جار چووەتە شوێنە چۆڵەوانییەکانی شاخی ئاوایی سەدوبیست، شاخی بەراناتا لە ئاوایی دابڵاخ و ئەشکەوتەکەی دۆڵانەقووڵ لە ئاوایی دۆڵانەی ناوچەی سلێمانی. ئەو شوێنانە کە بە چلەخانە و خەڵوەخانە ناسراوە هێندە چەپەک و چۆڵ و خۆفناک بووە کە ئێستاکەش سامێکی سەیر بە سەریاندا زاڵە. هەموو جارێ کە سەودایی لە چلەخانە گەڕاوەتەوە گەلێ لە ناوداران و زانایانی دوور و نزیک سەردانیان کردووە، بۆ نموونە: شێخ مەحموودی نەمر و حاجی مستەفا پاشای یامولکی و شێخ نەجیبی قەرەداغی.

### یەکەم: چلەخانەی پیرخزری شاهۆ

پیرخزری شاهۆ ناوی سەید مەحەممەد زەهیرەدین، لە ئەسڵدا خەڵکی شاری مەککە یا مەدینە بووە و سەردەمی مەغۆلەکان هاتووەتە ناوچەی کوڕەوێز [کۆماسی ئێستە] و لە ئاوایی قوتلواوا [پیرخزرانی ئێستە] گیرساوەتەوە. ئەو کاتە خەڵکی قوتلواوا لە شوێنی ئێستەی دەشتی قوتلیاوا بوون و پیرخزر و بنەماڵەکەی

له شوێنی ئێستەی دەشتی تۆشڵ و لازیوه نیشتەجێ دەبن. بەرەبەرە ئاوایی پیرخزران واتا خانووبەرەکانی بنەماڵەی پیرخزرییەکان دامەزراوە و دواتر خەڵکی قوتلیاواش هاتوونەتە پیرخزران. مێژووو باس لەوە دەکات پیرخزر سەرەتا هاتووەتە نێو بازنەی دەسەڵاتی گەنجەوییە [پاوەی ئێستە]. ئەو کاتە بنکەی دەسەڵاتی گەنجەوییە لە ئاوایی پایگەلانی ژاوەرۆدا بووە. پاشان بەرەو کورەوێز و قوتلواوا چووە. دەماودەم وا هاتووە کە پیرخزر بە دیوی شامیان و سەولاوادا ڕێگاکەی بڕیوە بەرەو کورەوێز. سەرەتا ماوەیەک لە دۆڵ و پێدەشتەکانی کوێستانی چلەخانە و دۆڵەبی قوتلواوا ماوەتەوە. ئینجا نزیک بووەتەوە لە نێو دێی قوتلواوا و دەشتی تۆشڵ. پاش ئەوەی پیرخزر نیشتەجێ دەبێ و ماڵ و ماڵباتی دادەمەزرێنێ، ساڵێ جارێک یا چەند جار ڕوو لە بەرزاییەکانی پشت ئاوایی کردووە و بەتایبەت لەو سەرچاوەی ئێستە بە «کانی پیرخێر» دەناسرێ و بەردەڵان و کونەبەردەکانی پشت کانییەکە بەرەو لووتکەی کێوەکە، چل ڕۆژان چلە و خەڵوەتی کێشاوە و نەریتی سۆفیانەی خۆی بەجێ هێناوە.

ناونیشان: کوێستانێکە لە پشت ئاوایی پیرخێران، شوێنەکەی کەوتووەتە نێوان کێوی دۆڵەبی و ئاوایی بێرە، بەرزترین کێوە لە پیرخێران و پاش کورەی پیازە و کورەمیانە، بەرزترین کێوی ناوچەی کورەوێزە، سەرجەم کوێستانەکە بە چلەخانە دەناسرێ و لە داوێنەکەی کانیاوێکی خۆش و پڕ ئاو بە ناوی «کانی پیرخێر» هەیە، لە پشت کانیاوەکە بەرەو لووتکەی کێوەکە شوێنێکی بەردەڵانی هەیە کە تاشەبەردەکانی کون و مەغار و ئەشکەوتی چکۆلەی تێدایە، شوێنەواری پاردە و دیوار لە دەوری ئەو بەردەڵانانە هێشتا بەرچاو دەکەوێ.

## دووهەم: چلەخانەی پیرشالیاری دووهەم

ئەوەیکە لێرە بە پیرشالیاری دووهەم ناومان هێناوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە لای هەندێ لە توێژەران و مێژوونووسان، سەردەمی هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، پیرشالیاری (یەکەم) مۆغێکی زەرتوشتی بووە و دواتر هاتووەتە سەر دینی ئیسلام. بەپێی گێڕانەوە و سەرچاوەکان سەردەمی جیاشا (٦٩٨ کۆچی) پیرموحەممەد مەردۆخ هاتووەتە هەورامان و سەردانی پیرشالیاری دووهەم و شێخ شەهابی دزاوەری کردووە. پیرشالیاری دووهەم یا هەمان (پیش اللهیار) ناوی سەید موستەفا بووە. گوایە وەچەی پیرشالیاری [دووهەم] لەگەڵ ماڵباتی ڕوخزادییەکان و سەیدەکانی خانەقای پاوە هاوپشتن. کاتی خۆی [ژمارەیەک لەو] نەوەدونۆ کەسەی هەورامانی لە خوێندنی شەرع (علم ظاهر) و سۆفیگەرێدا (علم باطن) پێگەیاندووە. [کە ئێستەش بە نەوەدونۆ پیری هەورامان دەناسرێن. ] پیرشالیاری [دووهەم] موریدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە. [کاتی خۆی چووەتە بەغداد و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان.] کتێبێکی پڕ لە پەند و ئامۆژگاری بە ناوی «ماریفەتوو پیرشالیاری» بووە و خەڵک لەبەریان کردووە. کەسێکی پارێزگار و دیندار بووە. دوو کوڕی بە ناوی حەسەن و ڕاسم (هەمان ڕۆستەم) بووە. لە حەسەن وەچەی لێ نەکەوتووە. گوایە لە کاتی زەماوەندەکەیدا حەسەن بە سەر کوڕی شاییەکەدا هەڵفڕیوە و بە هەورامی گوتوویە: هەم زەمانا هەم زەماوەندی / مەرتەبەم بەرزا ئەو سەروگەردی [واتا: هەم زاوام و هەم زەماوەندی منە، پێگەم لە هەموو ئەوانەی ئەو کوڕە بەرزترە]. بە دەم هەڵفڕینەوە ئەو شێعرەی دووپات کردووەتەوە. پیرشالیاریش [لێی تووڕە دەبێ بەو ئاکارەی] و دەڵێ: گوم بە [لەبەر چاوم] و بڕۆ نهێنی بیت. بەو شێوەیە حەسەن ون دەبێ و شاییەکە دەبێتە شیوەن. ئێتر حەسەن بێ سەروشوێن دەبێ. یادی ئەو زەماوەندە هەموو ساڵێک لە هەورامان دەکرێتەوە. پیرشالیار لە پیر ڕۆستەم وەچەی لێ کەوتووەتەوە و بە سۆفی ناسراون.

بۆچوونێکی دیکە هەیە لەسەر پیرشالیار کە دەماودەم خەڵک دەیگێڕنەوە و جیاوازە لەوەی سەرەوە: پیرشالیاری کوڕی بابا خوداداتی زەردەشتی خەڵکی هەورامان بووە کە لە ئایینی زەردوشتەوە هاتووەتە سەر ئیسلام. گوایە بابا خودادات بازرگانێکی نموونەی هەورامان بووە و سەردانی وڵاتانی کردووە. لە شاری بەغداد، حاکم بێ هۆ و بێ تاوان دەیگرێت و ماڵەکەی تاڵان و بۆخۆیشی زیندانی دەکات. پاش ماوەیەک کە دەرئەکەوێت بازرگانەکە تاوانی نییە و کەسێکی پارێزگار و خواسخوایە، ئازادی دەکەن و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەورامان. سەردانی پیاوی ناسراو و گەورەی موسڵمانە هەورامییەکان واتا «پیرسەروو» یا «موحەممەد دیکڵە» دەکات. باباخودادات باسی زوڵمی عەرەبەکانی بۆ دەکات کە لە بەغداد چی بە سەر هاتووە. دیارە بەینایەتی باباخوداداتی زەرتەشتی و پیرسەرووی موسڵمان خۆش بووە و وەک دوو پارێزگاری هاوڕێ بوون. جارێک باباخودادات لەگەڵ پیرسەروو قسە دەکات کە دوعای بۆ بکا بۆ ئەوەی بەشکوو خودا کوڕێکی پێ ببەخشێت. پیر ڕایدەسپێرێ کە چل ڕۆژان دوور بکەوە لە خێزانەکەت و لە کونەمەغارێ دوورەپەرێز چلە بکێشە و دەروونی خۆت پاڵاوتە بکە. پاش بەجێ هێنانی ئەو ڕاسپاردەیە خێزانی بابا خودادات دووگیان دەبێ و لە وەرزی زستان شالیار لە دایک دەبێت. کاتێ هەواڵی بە دنیا هاتنی شالیار بە پیرسەروو ئەدەن یەکسەر دەبێتە جەژن و شایی و هەڵپەڕکێ. ئەو ڕۆژە هەمان چوارشەمەی هەفتەی دووی ڕێبەندان بووە کە ئێستەش خەڵک بە ناوی زەماوەندەکەی پیرشالیار دەیناسن و ڕێوڕەسمی بۆ دەگرن. جا گوایە پاش مردنی باوکی، شالیار دەبێتە موسڵمان و ئەو شوێنەی باوکی چلەی تێدا کێشابوو دەبێتە چلەخانەی ئەویش و ساڵانە لەوێ جارێ و چەند جار خەڵوە و چلەی خۆی کێشاوە و کاری خۆسازی و ڕازونیازی خۆی لەگەڵ پەروەردگار ئەنجام داوە.

ناونیشان: ئەو چلەخانەیە دەکەوێتە خوار زیارەتانی پیرشالیار بەرەو دۆڵە قووڵەکە لە ئاوایی هەورامانی تەخت، دیوێکی چکۆلەی وشکەچنە کە بە زۆر دوو

کەس بە دانشتنەوە تێیدا جێ دەبێتەوە.

## سێهەم: چلەخانەی عەبدالسەمەدی

عەبدالسەمەدی کوڕی [پیر] عبدالحمید کوڕی پیرڕۆستەم (موحەممەد حسێن) کوڕی پیرخزری شاهۆ بووە. مەزاری پیر ڕۆستەم لە ئاوایی سەولاوایە. ئەو پیرڕۆستەمە خوێندەوار نەبووە، بەڵام کەسێکی بەهێز و پروپێتەو بووە. [هەر بۆیە نازناوی ڕۆستەمیان پێداوە] دەماودەم وا هاتووە عەوالسەمە سەرەتا لە حوجرەی مەولانا ئەلیاسی کەلاتێ خوێندوویە. جا یا لای خۆی یا لای کوڕەکانی. دواتر چووەتە کاکۆ زەکەریا و بووەتە مۆریدی شێخ زەکەریا. پاش تێپەڕاندنی پلە و قۆناغەکانی خوێندن و تەریقەت، شێخ ڕایدەسپێرێ و ڕێنوێنی دەکات لە دۆڵی قۆزلووی ساراڵ سلووک بکات [و خەڵوە بکێشێ. لەو دۆڵەی پشت ئاوایی عەوالسەمە بەرەو کەلبای دۆزەغەرە کە ئێستا بە ناوباخ دەناسرێ و هێشتا باخات و گوێزەکانی ماوە، ] حەوت ساڵان لەوێ ماوەتەوە. گوایە هەرچی دەعبا و دڕندەی کوێستانی ساراڵ بووە لە دەوری کۆ بوونەتەوە [و خوویان پێ گرتووە.] خەڵک لێی دەپرسن کە چۆن وەڕەز نەبووی و ڕۆژگارت لێ گوزەراوە لەوەی کە هیچ ئینسانێکت لێ نزیک نەبووە. عەوالسەمە بێدەنگ دەبێ و هیچ نایەژێ. شێخ زەکەریا [پاش ئەوەی نیشانەی سالکی تێدا دەبینێ] و تاقی دەکاتەوە پلەی ئەبدالی پێ ئەدات و ئەینێرێ بۆ ولاتی شام کە ئەوکاتە جێی ئەبدالان بووە. پاشان کە گەڕاوەتەوە بە «ابدال صمد» ناسراوە. لە زمانی کوردی [ناوچەکە] لە جێی ئەبدال، عەبدال [عەواڵ] بێژ دەکرێ. پاشان شێخ زەکەریا دۆڵی قۆزلووی پێ ئەدات و عەوالسەمەیی لەوێ دەست بە ژیانی خۆی دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە. [هەتا ئێستا ئەو ئاواییە ماوە. گوایە سەردەمانی زوو هەمان ناوی قۆزلووی لە سەر بووە و دواتر ناوەکەی گۆڕدراوە بە عەوالسەمەیی. وەک باسی دەکەن تا پێش ئینقلاب بەشێک لە شۆڕەتی بنەماڵەکانی عەوالسەمەیی پاشگری قۆزلووی پێوە بووە، وەکوو: حوسێنی قۆزلوو.] وەچەی عەوالسەمە ئێستە لە ئاواییەکانی عەوالسەمەیی، گێزمل، کەمێز، ئالەولاغ و تازاوای قازی عەلیدا هەیە.

لە فەرهەنگی دێهخودای فارسی بەم جۆرە باسی ئەبدال کراوە: بەشێکی دیار لە پیاوساڵحان و خاسخواکانە کە هەمیشە لە سەرزەویدا هەن و دنیا بەوانەوە ماوەتەوە. کاتێ یەکێ لەوان دەمرێ پەروەردگار یەکێ تر لە شوێنی دادەنێ. هەمیشە ژمارەیان حەوت و بە قسەیەک هەفتاد کەسن لە سەر زەوی. ئەوانە عارفی گەورەن و خاوەنی سیفاتی بەرزی خوداییین. یەکێ لە نیشانەکانی ئەوان ئەوەیە منداڵی نێرینەیان نییە. ئەوانەی باوەڕیان بە ژمارەی هەفتا ئەبدال هەیە، ئێژن: هەمیشە چل ئەبدال لە شامە و سی دیکە لە شوێنەکانی دیکەی زەویدایە. خاڵێکی گرینگ لێرە دەبێ باس بکرێ کە باسی عەوالسەمەیی قۆزلوو لەگەڵ ئەو باسەی دێهخودا یەک ناگرێتەوە. واتا عەوالسەمەیی قۆزلوو کوڕێکی بە ناوی بەدرەدین بووە و لەو کوڕەی وەچەی لێ کەوتووەتەوە و تا ئێستەش درێژەی هەیە.

چەند شێعری کوردی لەسەر ئەبدالان:

چراخ «ئەودالان» چراخ «ئەودالان» / پەیم کەردی تەواف بارگەی «ئەودالان»،
سەراسەر عومرم گرد شۆ بە تالان / جاگەم نە بەڕ بۆ نە پای «ئەودالان» (مامۆستا بێسارانی)

هەر «هەفت ئەودالان» قوتبی ڕووی زەمین
چون «اصحاب الکهف» دایم غارنشین،
«عەودالانی» بەرز بەرز بۆ پایەشان
هیممەت یار کەرە حەق دۆ وایەشان،
یا «عەودال» «سەیدی» هاوار وە تۆشەن
دیدەش بە دیدار یار کەری ڕەوشەن،
ئارەزووی کەردەن چون قەدیم ساڵان
بشوون پەی تەواف بارگەی «عەودالان»،
تەماشای جەرگەی کۆڵاڵان وەشەن
سەیری سەربەرزان «عەودالان» وەشەن،
یا «ئەودال» فەریاد نامت مەشهوورەن
هیممەت یار کەری کار بە زەروورەن.
(سەیدی هەورامی)

وە ئەودال نەکەم وە ئەودال نەکەم
تاکەی چون قەیس خۆم وە ئەودال نەکەم.
(مەولانا خالیدی شارەزووری)

گەهێ سکووتی گەهێ ناڵانی
گا چون «ئەودالان» وێڵ ماڵانی.
(سەید یاقۆی مایەشتی)

چەند شێعری فارسی لەسەر ئەبدالان:

همچو ابدالان در صومعەها
کند از هر چه حرام است حذر،
در زاویە امروز بخندد لب زاهد
در صومعە امروز بجنبد دل ابدال.
(فەرۆخی سیستانی)

عقل ابدالان چو پر جبرئیل
می‌پرد تا ظل سدره میل میل.
(مەولەوی بەلخی)

شنیدم کە در روزگار قدیم
شدی سنگ در دست ابدال سیم.
(سەعدی شیرازی)

ناونیشان: ئەو چلەخانەیە دەکەوێتە دۆڵی ناوباخ لە پشت ئاوایی عەوالسەمەیی. شوێنێکی دیار نییە کە بەدڵنیاییەوە بزانین کام کەلێن و کەلەبەری ئەو دۆڵە بووە. ئەوەندەی دیارە کە هەموو دۆڵی ناوباخ تا کەلبای دۆزەغەرە سەر بەو چلەخانە پیرۆزەیە.

## چوارەم: چلەخانەی شا نەعمەتولای وەلی

لە نووروڵەنوار سەبارەت بەم پیاوە ئاوا نووسراوە: شاه نیعمەتوڵلای وەلی کوڕی شێخ زەکەریای خالیدی لە شاری کرمان لەدایک بووە. [دایکی ناوی بیبی ئەراک کچی حاکمی بەلخ بووە.] لە تەمەنی ١٨ ساڵان خوێندنی تەواو کردووە. پاشان بە ڕاوێژی باوکی تا ٤٠ ساڵی

لە کێوی کەنـدە خەریکی خەڵـوەت و چلەکێشـان بووە. ئەو شـوێنە ئێسـتە بە چلەخانـە دەناسـرێتەوە و کێوەکە ناوی کەنەسـوورەیە. پاش مردنی باوکی بـەرەو بەغداد سـەفەری کردووە و لەوێ لەگەڵ کچی شێخ شەرەفەدین نەوەزادەی شـێخ عەبدولقـادری گەیلانی هاوسـەرگیری کـردووە. دواتر بەرەو شـام و مەککە و یەمەن و میسر و هیندوسـتان چـووە. لە وڵاتـی هیند دوژمنی لـێ پەیدا دەبـێ و نزیـک بـووە لەگـەڵ موحەممەد سـادقی کوڕی بیکوژن. سـەرنجام لە کرمان گیرسـاوەتەوە. لەوێ شـێخ زەکەریای موهاجر دێتە لای و سلووک دەکا و دەخوێنێت و ئیجازەی مەلایەتـی و ئیرشـادی لـە شـاه نیعمەتوڵڵا وەردەگرێ. پاشـان نامەیەک دەنووسـێ بـۆ حاکمی ئەو کاتـەی کوردسـتان و داوا دەکات کـە ڕێگـە و جێگـەی ئـاوەڵا بـکات کـە شـێخ زەکەریـای موهاجر لـە ئاوایی بستی [ناوچـەی هەوەتـوو] بمێنێتەوە. لە سـەر ڕاوێژی خـۆی کوڕەکانی بە وڵاتاندا دەنێرێ کە لەوێ ئیرشـادی بکـەن: موحەممەد سـادق دەگەڕێتەوە بۆ کاکـۆ زەکەریا، عەبدوڕەئـووف بۆ بەغداد و عەبدولحەفیز بەرەو شـیراز دەڕوات. شـاه نیعمەتوڵـڵا کۆمەڵـێ هۆنـراوەی بـووە و بەشێکی ماوە.

لـە وەسـیەتنامەکەی شـێخ زەکەریـادا هاتـووە: « .. قریـە کاکوزکریـا بـا قریـە چابلـکان نذر متبـرر نمود بفرزنـد دلبنـد خود یعنی شـیخ نعمت الله بعـد از خودش متصرف شـود و جانشـین خودش باشـد.» گڵکۆی شاه نیعمەتوڵـڵا کەوتووەتـە زیارەتانـی کاکـۆ زەکەریـا لای باوکـی و براکانـی (بابـا عەلـی و پیرموحەممەد).

ناونیشـان: لە سـنووری نێوان ئاوایی کاکۆ زەکەریا و دەرەهـەرد کێوی کەنەسـوورە هەیە کە لـە بەرزاییەکانی ئەو کوێسـتانە دوو شـوێنەواری پیرۆزی بنەماڵەی شێخ زەکەریـا هەیـە (یەکـەم: باخێکی ترێ ناسـراو بـە باخە مێوەکـەی شـێخ زەکەریـا، دووهـەم: چلەخانەکەی شاه نیعمەتوڵـڵا)، چلەخانەکـە نزیک لە لووتکـەی کێوەکەیە و بریتییـە لـە زنجیرە تاشـەبەرد و گابەردێکی سـەخت، لە نـاو ئـەو بەردانە کـون و مەغـار و ئەشـکەوتی چکوولە هەیە کە گوایە شـوێنی چلەکێشـانەکەی شـاه نیعمەتوڵڵا لـەوێدا بووە.

## پێنجەم: چلەخانەی پیریۆنسی هەنجیران

پیریۆنـس کـوڕی شـێخ زەکەریـای شـازەلی بووە. وەک لە کتێبی نورولئەنواردا هاتووە (لاپەڕە ٦٢-٦٤) لەو مڵکانـەی بووەتـە میراتـی بنەماڵەی شـێخ زەکەریا، جگە لـە بێسـاران و هەنجیران، ئەوانی دیکە کـردراوی خۆی بـووە یـا پێشکەشـی مالیکەکانی ناوچەکە بووە بە شـێخ زەکەریـا. پیریۆنس کاتـی خۆی لـە مزگەوتەسـوورەی قەڵای مەریوان لە بەر دەسـتی کابلەسـوورە خوێندوویە. میـر خالیـد کوڕی میر حەمـزەی بابان کچەکـەی خۆی لـە پیریۆنـس مـارە دەکات. کاتـێ پیریۆنـس بـەرەو هەنجیـران دەڕوات دوو مۆریدی بە ناوەکانی پیرداوود و پیرموحەممـەد و دوو شـوانی لەگەڵ بـووە. مەزاری ئەو کەسـایەتییانە لە گۆڕسـتانی هەنجیرانە. گۆڕی شوانەکان لـە ڕاسـت و چەپـی مـەزاری پیریۆنسـە و چەنـد داری تایلـە لـە سـەر گۆڕەکەیانـە. هەنجیـران ئاوەدانکراوی دەسـتی پیریۆنـس بـووە. سـێ کـوڕی بـووە: ئیبراهیم، عیسـا و مووسـا. مـەزاری سـەید ئیبراهیـم کەوتووەتە لای سـەرووی گۆڕسـتانی هەنجیران. واتـا لـە بـەری پشـتەوەی مـەزاری پیریۆنسـە. کاتـی خـۆی هەنجیران بـڕاوە بە سـەید ئیبراهیـم و وەچەی ئێسـتەی بنەماڵەی پیریۆنـس لەو ئاواییـە هەموو بۆ ئەو پیـاوە دەگەڕێتەوە. لە سـنووری هەنجیران هەواری سـوڵەش بووە کە دواتر بووەتـە ئاوایی و مڵکی سـەید عیسـا بووە. مـەزاری ئەو پیـاوە لە گۆڕسـتانی سـوڵەیە. پاش ئەوەی سـوڵە چۆڵ دەبـێ خەڵکەکـەی هەر لـەو نزیکـە ئاوایی هانەشـێخان دروووسـت دەکەن. سـەبارەت بە شێخ مووسـا دەگوترێ کـە منداڵـی نەبـووە. مەزاری لـە ئاوایی نچێیە. بەگشـتی وەچـەی پیریۆنس لە ئاواییەکانی هەنجیران، هانەشـێخان، هەنگەچینە، سـەردۆش و شـاری سەیدسـادق هەیە.

نووسـەری نورولئەنـوار ئامـاژەی بەوە کـردووە لە کۆتایـی قورئانێکـی دەسـتنووس، پیریۆنـس بـە خەتـی خـۆی سـەبارەت بە مڵـک و میراتـی نووسـیویە: وقفت قریـة انجیـران علـی اولادی و احفـادی لا مرتبـا و لا مشوشـا وقفـا لا یباع و لا یوجر و لا یوهـب و لا ینذر و هـم یصرفـون المنافع علی انفسـهم و ورادهم و طلبتهم و فقرائهم الواقف الاثیم یونس بن زکریا الشـاذلی الحسـنی، ربنـا تقبل منـا انک سـمیع الدعاء.

کاتـێ قزڵباشـەکانی سـەفەوی سـاڵی ١٠٤٦ کۆچـی ئاواییەکانـی تـووار و کاکـۆ زەکەریـا تـاڵان دەکـەن و بـەرەو ناوچەی مەریوان و هەنجیران ڕێ دەکەون. شـێخ شـەهابی کاکـۆ زەکەریـا لـە خـوا دەپاڕێتەوە کـە لەبەر خۆشـەویسـتی پیریۆنس ئەو سـپایە تا دەگەنە هەنجیران لەنـاو بچـن. گوایـە لـە دوو هـەزار سـەربازی قزڵباش نیوەیـان لـە هەنجیران بە نەخۆشـی زەحیـری دەمرن و ئـەوی تر لـە گەڕانـەوەدا دەفەوتن:

پیر یۆنس هانا پیر یۆنس هانا
مەزڵوومان دائیم لای تۆشەن هانا
نەبیرەی ئەکرەم شاه مەردانی
فەرزەند دڵبەند شێخ زەکەریانی
پەی وایەمەندان عەجەب دەرمانی
چون شێر کەمین حازر مەیدانی
ئینتقام جاگەی بابای ئەکرەمت
بە شەپۆل کین قەلب قولزمت
بستان جە لەشکر دوژمن بێ ئەندێش
نەمازی یەکێ بشۆ وە جای وێش
«شەهاب» هەرچی هەن نەسڵ ڕەسووڵەن
زوڕریەی تاهێر عەلی و بەتوولەن

لـە ملـەی شـێخەرووتەی هەنجیـران دۆڵێـک هەیـە بـە «بـەردی خەڵـوە» دەناسـرێ. لای بـەردەڵان و ئەشـکەوتەبەردەکانی بەردی خەڵوە شـوێنی چلەکێشانی پیریۆنس و شـێخەکانی ئـەو بنەماڵەیە بووە. دەگێڕنەوە جارێک سـپایەک بەو ناوچەیەدا گوزەر دەکات فەرماندەی سـپاکە بـەرەو بـەردی خەڵوە دەچـێ و زیارەتـی پیری خەڵوەتگـە دەکات. پیریۆنـس زەمێلکەیـەک هەنجیری پێ بـووە و بەشـی هەمـوو سـپاکەی داوە. ئینجـا ڕەوانەی

کـردوون و دۆعـای بەخێری بۆ سـپاکە کـردووە.
پیریۆنـس کەسـایەتییەکی زانا و دانا و شـاعیر بووە. ئەگەرچـی ئێسـتا تەنیـا پارچـە شـێعرێکی لـە کتێبی نورولئەنـواردا بەردەسـتە:

بنازید ای مسلمانان به باب من که سلطانم
به لطف خود کنم اعطا چرا سلطان دورانم
نبارد قطره باران که خارج شد از امرم
تعالیالله چه سان نافذ نموده حکم و فرمانم
گهی با باد میآیم گهی با ابر مینالم
گهی من جوهر فردم گهی من مهر تابانم
زمان و هم مکان محکوم حکم شده بی شک
پدر باش زکریا جد اهدل شاه دورانم
همـه باشـند فـرع شـاذلی کـز سـبط پیغمبـر / امام مجتبـی یعنـی حسـن آن شـاه شـاهانم
اگـر پرسـی ز من یونس منم سـلطان ایـن دورانم / کریـم ابن اکریـم ابـن الکریم و خـاص خاصانم

## شەشەم: چلەخانەی مەلا ئەبووبەکری چۆڕ

نـاوی حەسـەن و نازناوی ئەبووبەکـر و لای خەڵک لەبەر زۆری دانراوەکانـی بـە «مصنـف» ناسـراوە. کـوڕی هیداتوڵـلا و بە چەند پشـت دەگاتـەوە پیرخزری شـاهۆ. سـاڵی ٩٠٩ کۆچی [لە ئاوایی پیرخێـران] لەدایک بـووە و بـۆ خوێنـدن گەلێـک حوجـرەی کوردسـتان و وڵاتانـی دەوروبـەر گـەڕاوە. سـاڵی ١٠١٤ کۆچـی لە چـۆڕ فەوتـی کردووە و هـەر لەوێ نێژراوە. سـەردەمی ژیانی هـاوکات بووە لەگەڵ شـەڕی نێوان قزڵباشـەکانی سـەفەوی و سـپای عوسـمانی لە خاکی ئەردەڵانەکاندا. [ئـەو پیـاوە کاتێ لە مزگەوتی ئاوایی مووشـڵە وشـکێنی ئێسـتە، مامۆسـتا بووە] هەڵۆخان داوای لـی دەکات ببێتە مامۆسـتای مزگەوتەسـوورەی قـەڵای ئیمام، هەروەهـا ملکی کوێسـتانی قەڵەبـەرد و کانی چۆڕیشـی پێ ئەدات. مـاوەی هەژدە سـاڵان لە مزگەوتەسـوورە بـووە. ئینجا لـە دەوری کانـی چۆڕ حـەوز و مزگـەوت و خانووبەرە دەکاتـەوە و ئاوایی چۆڕ بنیات دەنێت. بەپێی هۆنراوەیەک لـە کتێبی «ریاض الخلود»، مەلا ئەبووبەکر سـاڵی ٩٨٩ کۆچـی دووری گرتـووە لـە پرینچکی شـەڕی قزڵباش و عوسـمانییەکان و ڕووی کردووەتـە کوێسـتانی قەڵەبەرد و لـە داوێنی ئـەو کێوە لەگـەڵ پـەروەردگار ڕازونیازی کـردووە و بەرهەمەکانی نووسـیوە.

در آندم کین معانی روی بنمود
ز هجرت نهصد و هشتاد و نه بود
زمانی پر فتن دوری پر آشوب
نی دانش مطلب و نی علم مرغوب
تو گویی هر دم از چرخ مقوس
غم و اندوه باریدی به هر کس
خصوصا بنده را در کوهساری
دهی بود از ولایت برکناری
گهی از ظالمان اهل اسلام
به غارت میشدی در صبح و در شام
گهی از شر کفار قزلباش
شدی پنهان به هر شعب و به هر تاش

دیـارە ئـەو شـەڕە سـاڵانێکی زۆر وێرانی بە سـەر کوردسـتاندا هێنـاوە و پـاش سـاڵی ٩٨٩ کۆچیش لـە ناوچەکـە خەڵکـی کوشـتووە. بـۆ نموونـە لـە باسـی کاولکردنـی ئاوایـی تـووار و کوشـتنی بـاوک و بـرای عەبدوسـەمەدی تـووداری و برینـدار بوونـی خـۆی و دواتر دەرچوونی بۆ لای شـێخ شـەهابی یەکـەم لە کاکۆ زەکەریایـی و لەوێـش تـاڵان کردنی ئاواییەکـە و بردنی میـرات و زێـڕە یادگارییەکانی شـێخ زەکەریا لای شـێخ شـەهاب، هەموو ئـەوە دەرئەخەن کە چەندە شـەڕی ئەو دوو سـپایە وێرانـی بـە سـەر کوردسـتاندا هێناوە.

ناونیشـان: کوێسـتانی قەڵەبـەرد هاوشـانی کـوڕەی میانـە و پیـازە و چلەخانەی پیرخێران هەڵکشـاوە بەرەو ئاسـمان، بەرزاییەکـەی ٢٥٥٦ مەتـرە و بـە ملکـی چۆڕ دەناسرێ، لە داوێنـی قەڵەبەرد لە خوار کانی پەڵکەکان چلەخانەکـە هەڵکەوتـووە کـە شـوێنێکە پـڕ لـە داری بـەڕوار و مازواری کۆن، شـوێنەواری پـاردە و دیواری چلەخانەکـە هێشـتا ماوە.

**تێبینـی**: خاڵێک کە جێی سـەرنجە هـۆی دانانی ئەو چلەخانـە کوێسـتانییانەیە لـە کـوردەواری. چونکە وەک بە شـێوەی گشـتی لە سـەرەوە ئاماژەی پێکرا، هۆکاری مانـەوەی سـۆفییەکان لـە کـون و کەلێنـی کێـوەکان لە سـەردەمانی زوو، دەرچوون لە دەست دژایەتی زانایانی ئەهلـی فیقە و ئوسـوول بووە، بەڵام ئـەوەی لای خۆمان جیاوازە. بۆ نموونە پیرخزری شـاهۆ کە بۆخۆی کەسـی ناسـراو و قبـووڵ کـراوی ناوچەکـە بووە بە ویسـت و خـوازی خـۆی چووەتە ئـەو کوێسـتانە و لـەوێ چلەی کێشـاوە. تەنانەت کاتێ ورد دەبینەوە لە شوێنی سەرەکی چلەخانەکـە کـە هەمان کانـی پیرخێـرە و بەردەڵانەکانی پشـت کانییەکـە، یەکێـک لـە خۆشـبەرژەوەندترین شـوێنەکانی کوردسـتانە. خەڵـک بـاس لـەوە دەکـەن پیرخـزر جیا لە چلەکێشـان، لـەوێ بە سـەیرکردنی ئەو بەرژەوەنـدە خۆشـەی کوێسـتانەکە سـلووکی «آفـاق و انفس»ی زیاتـر پێـواوە. یـا چلەخانـەی پیرشـالیار، گوایـە بە ڕاوێژ و ڕاسـپاردەی پیر و پێشـەوای ناوچەی هەورامـان، موحەممەد دیکڵـە، باباخودادادی زەرتوشـتی لەو شـوێنە چلەی کێشـاوە. یا چلەخانـەی کاکۆ زەکەریا، وەک نورولئەنـوار باسـی دەکا شـاەنیعمەتوڵڵا کاتـێ چووەتـە کێـوی کەندەسـوورە و لـە تەمەنـی ١٨ تـا ٤٠ سـاڵی لەوێ چلەی کێشـاوە بە ئەمری باوکی بووە. وەک دەزانیـن هەڵقـەی دەرسوتنـەوە و پـەروەردەی سـۆفی شـێخ زەکەریـای باوکی تایبەتی و ناسـراو بـووە و نابێ لە ترسـی ئەهلی فیقـە چووبێتە ئەو کوێسـتانە. هەروەها سـەبارەت بە مـەلا ئەبووبەکـری موسـەنیفی چۆڕی کە هـۆکاری چوونەکـەی بۆ کوێسـتانی قەڵەبـەرد و دانانی چلەخانـە بە هـۆی دانەبڕان لە نووسـینی بەرهەمەکانی و مەترسـی گیانی لە دەست شـەڕی قزڵباشەکانی سەفەوی و سـپای عوسـمانی بووە. ئەو بۆخۆی زانـا و فەقیهێکی ناسـراو بـووە و کتێبەکانـی تـا ئێسـتەش زۆرترین خوێنـەری بواری خـۆی هەیە.

## سەرچاوەکان


– تووداری عەبدوسەمەد، نووروڵئەنوار، پەخشانگای حوسەینی نەسەب، سنە، ١٣٦٨
– سەودایی (شێخ ئیسماعیلی دۆڵان کوڕی شێخ حەسەنی کەسنەزان)، دیوانی سەودایی، ئامادەکردن: عوسمان موحەممەد ساڵح هەورامی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دارولحورییە، بەغداد، ١٩٩٥
– شەیدا (مەردۆخی) قازی عەبدوڵڵا، تاریخ سلاطین هورامان، ئامادە کردنی: ئەحمەد نەزیری، پەخشانگای پەرتۆبەیان، سنە، هاوینی ١٣٨٣
– عەزیمی کەیۆمەرس؛ موحەممەد عەلی چلونگەر و ئەسغەر مونتەزر ئەلقائم، طريقتهای صوفيه عامل همگرايی کردها به تشيع در کردستان از سال ٩٠٧ تا ١٤٠٠ ق.، گۆڤاری پژوهشهای تاريخی زانکۆی ئیسفەهان، ژمارە ٢٤، ١٣٩٣: لاپەڕە ١٧-٤٢
– قەیۆمی بیدهێندی مێهرداد و سینا سوڵتانی، معماری گم شده خانقاء در خراسان سده پنجم، گۆڤاری «مطالعات معماری ايران»، ژمارە ٦، ١٣٩٣
مودەڕس مەلا عەبدولکەریم، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئانا، سنە، ١٣٨٩
– مورادی ئیرەج، گۆشەیەک لە مێژووی ئاوایی باقلاوا و قورئانە دەستنووسەکەی، گۆڤاری کەشکۆڵ، ژمارە ٧، مەهاباد، ١٣٩٦
– مورادی ئیرەج، روايت سفر مولانا خالد شهرزوری بە کلاترزان: روستاهای پلوره و باقلاوا، کونگرەی مەولانا خالیدی شارەزووری، زانکۆی کوردستان، پاییزی ١٣٩٧ [ئەو وتارە وەک یەکێک لە شەش وتاری کۆنگرەکە هەڵبژێردرا.]
مورادی ئیرەج، شاعیرانی کۆنی کەلاتەرزان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، ١٣٩٨
– موسەنفی چۆڕی مەلا ئەبووبەکر، رياض الخلود، ئامادە کردن: مەلا عارف مودەڕسی و سەید موحەممەد موسەنفی چۆڕی، پەخشانگای سیروان، تاران، ١٣٨٧
– موسەنفی چۆڕی مەلا ئەبووبەکر، سراج الطريق، ئامادە کردن: میرزای هەورامی، پەخشانگای کوردستان، سنە، ١٣٧٨
– مەردۆخ ڕۆحانی بابەشێخ، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێڕان: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی ١، ئاکادمیای کوردی هەولێر، ٢٠١١
وتوویژەکان:
– مامۆستا ئەحمەد موسەنیفی، خەڵکی ئاوایی کانیسپیکەی مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی و وتوویژ لە هاوین و پاییزی ١٣٩٨
– سەید هادی حوسەینی، خەڵکی ئاوایی سۆفیبلە، دانیشتووی شاری مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی و وتوویژ لە بەهاری ١٣٩٧ و هاوین و پاییزی ١٣٩٨
– عەزیز قادری، خەڵکی ئاوایی کاکۆ زەکەریا: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە زستانی ١٣٩٧ و هاوین و پاییزی ١٣٩٨
– موحەممەد قادرپوور و نەسرین عەزیزی، خەڵکی ئاوایی پیرخێران، دانیشتووی شاری مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوینی ١٣٩٨
– شێخ زاهیدی بارخودا، خەڵکی ئاوایی هەنجیران: وتوویژ لە زستانی ١٣٩٨
– عەلی باخودا ناسراو بە شێخ عەلی هەنجیران، خەڵکی ئاوایی هەنجیران: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوین و پاییزی ١٣٩٨
– هیوا خودامی، خەڵکی ئاوایی هەزارکانیان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوینی ١٣٩٨
خالید حوسەینی، خەڵکی ئاوایی عەواڵسەمە، – دانیشتووی مەریوان: چەند پێوەندی تەلەفۆنی لە هاوینی ١٣٩٨


**فێرگەی زمانی کوردی و ئەدەبیاتیی منداڵانی ئەدەبی بۆکان**

# ڕێوڕەسمی کۆتایی خولەکانی فێرکاری کوردی وەرزی هاوین

ڕێوڕەسمی کۆتایی خولەکانی فێرکاری کوردی و ڕێزلێنان لە مامۆستایانی ئەو خولانە و دانی بڕوانامە بە خوێندکارانی سەرکەوتوو و خوێندنەوەی چەند بابەتی ئەدەبی و پێشکەش کردنی چەند بەرهەمێکی مووسیقای فۆلکلۆری کوردی.

سەید یاسین قورەیشی: گرینگی دانی پتر بە فێرکاریی زمانی زگماکی و پەرەپێدانی هەرچی زۆرتری خولەکانی فێرکاری و زمانەوانیی کوردی بە چالاکی و بەشداری هەمە لایەنەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری.

دوکتۆر ئیلخانیزادە: کورتەباسێک لە بارەی چلۆنایەتیی بەڕێوەچوونی بەرنامەکانی خولەکانی فێرکاریی کوردی لە قۆناغەکانی: ڕێنووس، ڕێزمان، زمانەوانی، لاتین، پەروەردەیی، مامۆستایەتی و وتار نووسینی ئاکادمیک لە فێرگەی ئەدەب و پرۆسەی جۆراوجۆری ئەم ناوەندە لە بوارەکانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگدا.

لە پاشان باس و داخێک لە بێهیممەت بوونی بەرپرسانی شار سەبارەت بە هەناردە کردنی ئاو و بەردە مەعدەنییەکانی ناوچەی بۆکان بۆ شارەکانی بناو و تەورێز و زەنجان و ئیسفەهان و شوێنەکانی تر و نەکردنی کارێکی بنەڕەتی بۆ شاری بۆکان و لاوانی بۆکان و ناوچە.

ڕێژەی خوێندکارانی سەرکەوتوو لە خولەکانی کلاسی کوردی ئەو دەورەیەدا:

ڕێنووس و خوێندنەوە٢١ کەس/ ڕێزمان و زمانەوانی ٦ کەس/ ئەلفوبێی لاتین ٦ کەس.

کۆی بەرنامەکان بەم شێوەیە بەڕێوە چوو: سەرەتا خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز، پێشەکی بەرنامە و خوێندنەوەی چەند بەیت شێعر لە لایەن پێشکەشکار و بەڕێوەبەری بەرنامە، وتەکانی بەڕێز دوکتۆر ئیلخانیزادە- مامۆستا حوسێن شێربەگی ـ وتار، خاتوو ئامینە چاک ـ شێعر، کاک ئومێد شادئەزوەن(ئارۆ) ـ شێعر و وەک یەکێک لە مامۆستایانی خولە کوردییەکان، کورتەباسێک لەسەر چۆنیەتی ئەو خولانە، خاتوو نوسرەت سەوارە ـ دیکلەمەی چەند کورتە شێعر، مامۆستا ئەمین گەردیگلانی ـ شێعر، کاک ناسر ڕەسووڵی ـ چیرۆکەشێعر، خاتوو لەیلا بەهرامبەگی (لاولاو) ـ شێعر

گرووپی مووسیقا: کاک عەلی فرووتەن(حەیران بێژ) کاک مەهدی تەنوومەند(نایە) کاک ئەمیر عەلیپوور(ڤیۆلۆن ـ حەیران) کاک کاروان عەلیپوور(دمبەک) کاک ئەنوەر عەلیپوور(ئاواز) بەرنامەیان بەڕێوە برد.

مامۆستایانی ئەم دەوەرە لە خولەکان بەڕێزان:

دوکتۆر مستەفا ئیلخانیزادە ـ وانەی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردی

کاک ئومێد شادئەزوەن ـ خوێندن و نووسین

خاتوو سوممەییە ڕەحمانی ـ خوێندن و نووسین و لاتین

کاک کۆمار مەجیدی ـ خوێندن و نووسین

جگە لە خوێندکارانی سەرکەوتووی ئەو خولانە کۆمەڵێکیش لە ئەدەبدۆستان و هونەردۆستان و هەروەها هاوڕێیانی دوور و نزیکیش بەشداربووی کۆڕەکە بوون.

به سپاسەوە لەو بەڕێزانە کە لە دانی بڕوانامەکاندا یارمەتییان داین:

مامۆستا ئیلخانیزادە، مامۆستا شێربەگی، مامۆستا گەردیگلانی، خاتوو دایە ئامینە چاک، هەروەها کاک ئومێد شادئەروەن ـ کاک کۆمار مەجیدی ـ خاتوو سۆما فەهیمی،

سپاس لە بەشی فەنیی بەڕێوەبەری:

کاک ناسر ڕەسووڵی، خاتوو شەیدا ساڵحی، کاک ئومێد شادئەزوەن

هەروەها هەموو ئەو ئازیزانەی کە بە هەر جۆرێک هاوکارییان کردووین.



حەیدەر لوتفی‌نیا - لوقمان نادرپوور_ سەقز



# زاڵە بەو[1]

مێژووی زوڵم و زۆر بە درێژایی تەمەنی مرۆڤە لە سەر گۆی زەوی. یەکێ لە گەورەترین هۆکارەکانی زوڵم و زۆر حەسوودی و بەغیلیە. قابیل کوڕی حەزرەتی ئادەم بە هۆی حەسوودی بوو کە خوێنی براکەی خۆی ڕشت و ئەم تراژێدیا ناحەزە بەداخەوە هەتا دوایین مرۆڤ هەر دووپات ئەبێتەوە.

لەم وتارەدا دەقی فەردێک١ پێشکەش ئەکرێ کە ڕووداوێکی ڕاستەقینە بووە لە ناوچەی مەریوان و یەکێ لە شاعیرانی ئەو سەردەمە کردوویەتی بە هۆنراوە و خۆی بە فەقێ ناو بردە ئەکا ـ ئایا فەقێ خۆلۆوزەیی بێ یان کەسێکی دیکە بۆمان ڕوون نەبوو ـ دواتر دەماودەم یان بە کتێب هاتۆتە ناوچەی سەقز و بە شێوەی فەرد لە لایەن خەڵکی ناوچە لە دیوەخانەکاندا وتراوەتەوە.

ئەم فەردەمان لە شریتێکی ماڵ حاجی‌حەسەن خەڵکی سەردەرە کە ئێستا دانیشتووی سەقزە و ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لە باوکی ڕەحمەتی خۆی یانی حاجی عەلی تۆمار کردووە دەستکەوت.

ئەوەی لە بێژەری فەرد بۆمان ئاشکرا ئەبێ ناوی بەگزادەیەکی لای مەریوان بووە بە ناو «زاڵەبەگ» کە دایکی ناوی «فەرەنتوو» بووە. لاوێکی جوانچاک وەک یۆسفی میسری، بەخشندە و دلاوا وەک حاتەمی تەی، پاڵەوانێکی وەک ڕۆستەم؛ یانی هەم کەماڵی هەبووە هەم جەماڵ. بەداخەوە زاڵەبەگ ئەکەوێتە بەر تیری حەسوودی و بەغیلی ئاغاکەی خۆی. ئاغایەکی ناوچەی مەریوان بە هۆی ئەوەی کە خۆی بە کەمتر زانیوە بەرانبەر بە زاڵەبەگ، فەرمانی کوشتنی بۆ داوە. دواتر کەس‌وکاری زاڵەبەگ کۆتەڵی بۆ ساز ئەکەن و چەمەری بۆ ئەگێڕن کە ئەم ڕێورەسمە بۆ گەورەپیاوان ساز کراوە. هەروەها هەندێ یاسا و ڕێورەسمی دیکەی کوردان باس کراوە وەک: بڕینی پەلکە و هەڵکەندی خاڵە کوتراوەکانی ژن و دایک و خوشکی مردوو کە هێمای تازیەباری بووە. ئەم ڕێورەسمانە بەگشتی لە ئەدەبی حیماسی کوردیدا پارێزراون.

هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە نابێ مۆرکی زوڵم و زۆر لە گشت ئاغاکاندا بدەین و تەڕ و وشک بە یەکەوە بسووتێنین؛ چاک و خراپ لە هەموو چین و تیرەیەکدا بووە. بۆ وێنە زۆر جار ڕاسان و بزووتنەوەکانی کورد بە دەستی سەرۆکعەشیرەکان و ئاغاکانەوە بەڕێوە چووە و بەرانبەر زوڵم و زۆر هەستاون، وەک بەیتی «دمدم».

بەداخەوە ساڵ و کاتی ئەم بەسەرهاتە لە ناوەرۆکی فەردەکەدا بۆمان دەرناکەوێ و لە چەند کەسێکیش پرسیارمان کرد ئەوانیش بۆیان ڕوون نەبۆوە، بەڵام لە ڕووی جۆری تفەنگی «شەش خان» کە ناوبردە ئەکرێ وێدەچێ ئەم بەسەرهاتە نزیک ١٠٠ تا ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا بووبێ، کە هیوادارین دۆستان و دڵسۆزان بتوانن بۆ ئاشکرا بوونی ئەم ڕووداوە لێکۆڵینەوە بکەن و بەڵگەی باشتر بخەنە ڕوو.

پێویستە ئاماژە بکەین کە هەر جێیەک بە باشی بۆمان ساخ نەبوەتەوە لە ناو [ ] دامانناوە. هەروەها بێژەری فەرد بە قسە مانای دێڕەکانی کردووە لە ناو ( ) نووسیومانە.

**دەقی فەردی «زاڵەبەو»**

بەوزایەی٢ مەریوان بووە، ئاغەی لە سنە بووە. ئاغەی لە سنە بووە، عەرزی بەخمەت، چووە بۆ ماڵ ئاغەکەی؛ ئەونە جوان‌خاسە لەیەر٣ ئاغەکەیا ناشیرین بوو چو بوون بۆ سنە. زاڵەبەو یان نایەسە٤ لای ژوورو، ئاغەکە لیبان گۆڕیایە وایان زانتە زاڵەبەو ئاغەیە. کە ئاغەکەیش زانیەسی ڕووی دەمیان لە زاڵەبەو بووە، کاغەزێکی نووسیە بە زاڵەبەو هاتیەسو بۆ ماڵۆ، بۆلای [مایی]٥ بیهێنن. وتیە: ئەگەر زاڵەبەو گەییە بەرۆ ئەو قاپەزیە خوندۆ بیکوژن. جا ئەمەیش هی زاڵەبەوە من بۆتی بژم، بزانە ئەو زاڵەبەو چی بەسەر هات

دانەی کاروەدەس، دانەی کاروەدەس
پاڵشای کەبیر کردەی کاروەدەس
پایەدار تیغ تەمام [قاسی قەس]
ساحێبێ حوکمات هەر چێی بەزات هەس
ئینس و جینس و تەیر، بێی٦ و بەحر و بەڕ
گشت سونحیەتەن٧، خێرەن یام شەڕ
[باغەبەر٨] لە دەس شەرع جیهانی
[ئازا ڕسیەو٩] حەفت ئاسمانی
کافری لەعین پڕ خوشم١٠ و قینە
ڕفیقی شەیتان بەرگەشتەی دینە
بەژن‌باڵا بەرز شاواران شەوکەت
لە نۆ ڕەشتە بی تازە خاڵ و خەت
گشت وەدەس وێتەن دانەی کردیار١١
هیچ مەوێ تەخسیر بەنەی گوناکار

---

١. هاوتا و هاولفی «بەیت»ی موکریان لە ناوچەکانی نێوان سەقز و دیواندەرە

٢. بەگزادە
٣. لەگەڵ، لە تەك
٤. ناوەتە، خستوەتە
٥. وێدەچێ ناوی کەسێك بووبێ
٦. ؟
٧. هەمووی مەخلووقی تۆیە
٨. باخەبەر، خەبەردار
٩. زوو گەیشتووە بە
١٠. قین و قار
١١. کردگار، پیتی «گ» بووە بە «ی»

خۆشی ڕووی دنیا وەکێ دای تاسەر؟
کێ بەرگ خامۆشی ناخۆش ها لەبەر؟
نەوا١ و ناخافڵ ئەو نەوجوانە
یۆسوو٢ لە میسر کەیخوسرەو و کەی
جمشێری سانی هەم حاتم تەی
پاڵەوان دەسوور ڕۆستەمێ زەمان
ساحێبێ قەڵغان قەیارە و دەبان
بەیتەور سیلاح پۆش، [جمی] سوار بی
لە سپای سەردار ئێران دیار وی
نەوا و ناخافڵ ئەو نەوجوانە
پاڵدا وە پاڵشت ئەو مەیتەوخانە٣
(هاتەو لە مەیتەوخانە، دیوەخان دانیشت)
شەوێ جومعە بوو فەسڵ دومای٤ شام
قەیرانە عەجەل عەمری بی تەمام
وە گوللەی هوون ڕێژ٥ شەشخانێ٦ بێباک
زاڵەبەو زامار خەڵتان بوو لە خاک
(دایان لێ دەسڕێژیان لێ کرد کوشتیان، ماڵ ئاغاکەی. جا ئێژێ بێهۆش کەوت)
جە نایەی بێهۆش چون پەنای بێدەنگ
وەک نەقش و نەقاش سوورەت لە ڕووی سەنگ
(ڕوومەتی ها وەبان خوڵەکەیا. حاڵێ هاتۆ سەر خۆی)
وێنەی حاڵداران ئاما بی وەحاڵ
لە مەیتەوخانە بردیانۆ بۆ ماڵ
چەن حەکیم لە چین جەڕاحێ دانا
وە داو، وە دەرمان وەڵای کیانا
نەبردن عیلاج ئەو زامێ خەتەر
وە زام ئەنالۆ هەر شەو تا سەحەر
سیازدە٧ شەو و ڕۆژ لەپای سەختکێش بی
زام پڕ لە زووخاو دایم لە ئێش بی
جەیهوون سەر کردیە لە زامێ سەختی
پۆشا ڕووی زەمین ڕەنگین کرد ڕەختی٨
زووخاو مەوج مەدا وەڵای جێمەیا
گاور بەزەیی نایێ پێمەیا
سیازدە شەو و ڕۆژ لەپای سەختکێش بی
زام پڕ لە زووخاو دایم بە ئێش بی
خولاسەی کەلام عەمری بی تەمام
خەیلێ وەسیەت کرد بەو شیرین کەلام
نامێ خوا برد شایەتی هاورد
قافیزەلئەرواح قەبزێ ڕووحی کرد
دەست کردیا وەشین واوەیلا و ڕۆڕۆ
دەنگ دان وە بەرزان سارا و کەژ و کۆ
پەرێشان لە چێژ سەرحەوی٩ ئێران
جێگەی بەولەران سەرچەشمەی شێران

لە فەقێ١٠ واتەن هەر لە زاریەن
بێحەو بێحەساو بێقەراریەن
دەروون پڕ لە دەرد فەقێی هیجران بار
(فەقێ برای بووە)
کەرەم کەی پێمان یا شای کەرەمیار١١
لاڵ بووم لە زوان بەو زایەی نازار
شێرێ سەفشکێن قۆچێ تەڕسوار١٢
ئەیلێ و گوڵەندام ئیساف و خاتوون
خانم و خانزاد باڵا زەڕ ستوون
پەری و پەریزاد، فەرەنتووی بەوبەخت١٣
تەمام گ١٤ پۆشان بەرگێ قەتران ڕەخت
(فەرەنتوو دایکی بووە)
چەن لکەی پۆشین١٥ بڕیەن وە تێخ
چەن نوقتەی خاڵان هەڵکەندن لە بێخ
مسکین کلاڤان بێستوونان چون حەی
پەخش و نەخش بدەن لە ڕووی توور نەی
بەو دەستەی کلاف سیای کرژ و لوول
قاو قاو و تۆ تۆ چون ئالقەی مەفتوول
گشت بڕیەن وە تێخ [...]عەمەر بۆ
(قژیان وە تێخ بڕیانە)
پەرێو زاڵەبەو بۆ سەفەر مەچۆ
پەنج کۆتەڵ ڕازان وەبە یاخەوە
( ئالایی و کۆتەڵیان بۆ هەڵکرد)
کول وەو قەجەری و گوڵ شیرداخەوە١٦
قەیارە و قەڵخان وەلای زینەوە
وە چەمەر چۆپی و زاری و شینەوە
ئەڵقەدان لە دەور هەیوانێ میران
چون قولقولەی ڕۆم سەرای وەزیران
تەرمیشیان وەستیە وە چەند تەدارەک
بردیان وەبارگەی شێخ و مووارەک
شێخ سەدئامان ساحێو کەرامات
زاڵەبەو زامیار هات وە خاک و پات
چونکێ لەم دونیا کێشای سیاسەت١٧
ئامانەتی تۆ تا ڕۆژ قیامەت
بەرزە درەختان نمامێ باخان
پەشێوە لەدەنگ قۆجە سەرشاخان
وە سەعرا مەچۆ پەی ڕاو و شکار
خەمینە لە دەنگ سەدای بۆرە سوار
هەیوان و مزگەوت خەڵوەتەن تێیا
حەیفەن زاڵەبەو ناگەرێ پێیا
شنۆتیان١٨ لە خاک بێ شنۆ و بێدەنگ
سوکنا بوو لە جێی ئەڵحە و پۆشێ سەنگ

١. ناگا، لە پڕ
٢. یوسف، وێسب
٣. دیوەخان
٤. لە دوای، پاش
٥. خوێنڕێژ
٦. جۆرێ تفەنگ
٧. سێزدە، سیانزە
٨. بەرگ و لیباسی بە خوێن ڕەنگین کرد
٩. سەرحەد، سنوور، پیتی «د» بووە بە «و»
١٠. دانەری ئەم بەسەرهاتە. وێدەچێ فەقێ خەڵووزی بێ یان کەسێکی دیکە کە نازناوی فەقێ بووبێ
١١. کەرەمدار، پیتی «د» بووە بە «ی»
١٢. چالاک، سوارچاک، قۆچ: کەڵەکێوی. هێمای پیاوی گەورە بووە
١٣. بەدبەخت، پیتی «د» بووە بە «و»
١٤. گشت، هەموو
١٥. پەلکەی پۆشین
١٦. جۆرێ پارچە بووە
١٧. بەدبەختی و چارەڕەشی
١٨. ناشتیان، بە خاکیان ئەسپارد،(نایانە قەور)



ک.د.ئازاد - بانە

# مۆنیکا!

لەئادرەسەکەم نووسرابوو:لەندەن شەقامی پاستۆڕ کووچەی ڕۆزا پانسیۆنی تایمز بە سەرپەرشتی مادام سوزان تەیلر!

ئادرەسەکەم دا بە تاکسی و دوای چارەگێک لە بەردەم پانسیۆنەکەدا بووم.

ماڵێکی دوو قاتی، چکۆلە و ڕەزاشیرین!

دەرگای دەرەوە ئاوەڵابوو. وەژوور کەوتم . ژنێکی کەمێک گۆشتن لە پشتی مێزێک لە ناوەڕاستی هۆڵەکە دانیشتبوو.

- فەرمووو!

- مادام تەیلر؟

- بەڵێ!

- منیان ناردووە بۆ ئەم پانسیۆنە! ناوم ئاران....

نامەی دانشگام دایە و بێ ئەوەی چاوی لێکا خستیە نێو مێزەکەی!

هەستا و وەپێشم کەوت بۆ نهۆمی سەرەوە!

- ئەمە دیوی تۆیە! بۆ حەمام و کاری ئاویش لەم لایە کەلک وەردەگری!

( ئاماژەی بۆ لای ڕاست دالانەکە کرد!) شەوانە ساعەت هەشت شێو دەخوری!

کلیلی دیوەکەی دامێ و خۆی ڕۆیشتەوە خوار!

چوومە ژوور! دیوێکی ڕازاوە، چوار میتر لە نزیکەی پێنج میتر دەبوو. تەختێکی خەو لە گۆشەیەک بە نوێنوبانی جوان! کومیدێکی ڕەنگ گوێزی لە دیوار گیراو، پەنجەرەی گەورە بە پەردەی سەڵتەنەتیگوڵینگەدار، تەلەویزیۆن،زیلوو، فەڕشێکی سێ لە چوار و .. چەند کەلوپەلی تر!

- لە سەریشم زیادە!

بە دەنگی بەرز گوتم. خۆشم پێم سەیر بوو!

ئەوانی لە وڵاتانی غەیری ئینگلیسی زمان ڕا دەهاتن دەیانناردن بۆ پانسیۆنە چکۆلەکان تا دەگەڵ خوێندکارانی تر و خاوەن ماڵدا فێری زمانی ئینگلیزی بن و خۆیان ڕابێنن!

لەگەڵ مندا چوار کچ و دوو کوڕی تر لەو پانسیۆنەدا بوون! ئەوەم شەو کاتێ شێو خواردن بۆ دەرکەوت!

کچەکان خەڵکی مەراکش، هیند، تورکیە و یۆنان بوون. کچە مەراکشیەکە ناوی جەمیلە، هیندیەکە ڕۆما، تورکەکە جەیلان و یۆنانیەکە ناوی ماریا بوو!

کوڕەکان یەکیان عەرەب بوو بە ناوی ئیبراهیم خەڵکی لوبنان و ئەویتریان نیکلا خەڵکی ڕۆمانی بوو! منیش کوردی ئێرانی بووم. لە دانشگای ئاکسفۆرد لە شاری ئاکسفۆرددا پزشکیم دەخوێند!

ئەم حەوت نەفەرە لە پانسیۆنی سوزان تەیلردا بووین!

دوو دیوی تریشی مابوو کە تا ماوەیەکی زۆر خاڵی بوون.

یەکێک لە دیوەکان بەرانبەر دیوەکەی من بوو.

ڕۆژانە بە پاسەکەی دانشگا دەچووم و دەهاتمەوە!

**

شەو بۆ خواردنی شێو چوومە خوار. هەموو هاتبوون. دەگەڵ هەموویان تەوقەم کرد. کە قسەمان دەکرد زۆر جار داوام دەکرد کە هێواشتر بدوێن یان بۆم دووپات وەکەن! ئەوانیش وەک من وابوون. هەر ئەوە زۆر لێکی نیزیک دەکردینەوە!

زۆر شەوان تا درەنگان لای یەک دەماینەوە و قسەمان دەکرد. مادام سوزان تەنیا بوو و دەگەڵ ژنێکی چێشت لێنەر کە ئەویش لەو شارە کەسی نەبوو، شەوانە لە نهۆمی خوارەوە دەخەوتن.

**

هەر مانگی یەکەم هەستم کرد لە قسەکردن‌دا شارەزاتر بووم. ئەوەش لە دانشگا بۆم دەرکەوت کە ئوستادێکم ئیجازەی‌دا لە سەر پزیشکیی خۆماڵی ناو کوردەواری قسە بکەم! نزیکەی نیو ساعەت قسەم کرد و هەموو هاوپۆلەکان و مامۆستاکەم واتە دوکتۆی لۆییز زۆریان پێ خۆش بوو!

دوای تەواو بوون یەکێک لە هاوپۆلەکانم بە ناوی مۆنیکا کە کچێکی هۆڵەندی بوو هاتە لام و بەوپەڕی خۆشیەوە منی دەباوەش گرت و پێی وتم:

- ئاران! زۆر حەز دەکەم زیاتر دەگەڵ پزیشکی سوننەتی(خۆماڵی) وڵاتی تۆ ئاشنا بم!

منیش بە شۆخی وتم:

- دەی باشە باشترین کار ئەوەیە دەگەڵ من بێی بۆ وڵاتەکەم!

- زۆر باش! حەتمەن دێم!

سەر لە هەوەڵ، وەم دەزانی مۆنیکا بە شۆخی دەڵێ بەڵام هەر چەند وەخت جارێک کە یەکترمان دەدی دووپاتی دەکردەوە:

- کەی بچین بۆ وڵاتەکەی تۆ؟

منیش هەموو جارێ دەمگوت:

- کە چووم پێت دەڵێم!

مۆنیکا کچێکی سپیپێست، چاو سەوزێکی پڕ ڕەنگ و قژ زەردێکی ئاڵتوونی و ڕووخۆش بوو! هەر جارێ پێدەکەنی سەرگۆناکانی چاڵ دەبوون!

زۆر ئاسایی وەک ئەوەی ساڵەهایە دەمناسێ سەری دەخستە سەر شانم و دەستی دەگرتم و هەموو جارێ کە دەیدیم باوەشی پێدا دەکردم.

- ئاران! تۆ کوڕێکی زۆر ڕەزاشیرینی!

منی خۆرهەڵاتی! هەموو جارێ کە مۆنیکا لێم نیزیک دەبۆوە،گڕم دەگرت! هەستم دەکرد لە سەر هەوران سوارم و بە ئاسمانان‌دا هەڵ دەفڕم! بۆ من ئەو کارانەی مۆنیکا ئاسایی نەبوو! من لە وڵات و فەرهەنگێک ڕا هاتبووم کە کچ پاوانێکی قەدەغەی نەریتەکان بوو!

نەم دەزانی ئاکار و ڕەوشتی ئێمە باشترە یان بێ پەروایی و بێ دەربەستی ئەوان! من کوڕێکی خۆرهەڵاتی بووم و لاو. زۆریش دەربەستی نەریتەکان بووم. بە دڵ حەزم دەکرد کە مۆنیکا ئەو کارانەی عاشقانە دەگەڵ کردبام نە وەک هەڵسوکەوت و نەریتی ئاسایی وڵاتی خۆیان!

لە پانسیۆن زۆر جار مادام تەیلر بۆ تەلەفون بانگی دەکردم: ئاران تەلەفون؟

بە هەڵەداوان هەڵدەهاتم.

هەواڵنامەی کتێب

ـ لە کوێوەیە؟
ـ کوردستان!
زۆر جارانیش دەیگووت:
ـ باشە باشە! وا ڕامەکە! مۆنیکایە!

**

لە تاقیکاری نیزیک دەبووینەوە و من لەو ماوەیەدا دەگەڵ خۆشم بە ئینگلیزی قسەم دەکرد تا جوان ڕابێم و هیچ گرفتم نەبێ!

ئێوارەیەک کە گەڕامەوە بۆ پانسیۆنەکەمان، دیم دیوەکەی ڕووبەڕووی من ئاوەدان کراوەتەوە و کچێک لەوێ نیشتەجێیە!

شەو کچەکە هات! جوان و باڵابەرز و ڕەزاشیرین بوو. دەگەڵ ئێمە شێوی خوارد.

تا پاش شێو کەس هیچی نەگووت. دوایی مادام سوزان لێی پرسی:
ـ لە کوێ ڕا هاتووی؟
هەموو بێدەنگ بووین بزانین ئەو شۆخە لە کوێوە هاتووە.
ـ لە عێراق!
مادام تەیلر پرسیاری کرد:
ـ کە وایە عەرەبی؟
ـ نا من کوردم!
تا وتی کوردم، هەموو ڕوویان لە من کرد و تێکڕا وتیان:
ـ ئۆی! چاوت ڕۆشن ئاران!
لە خۆشیان شاگەشکە بووم! هاو زوبانێک لە غوربەت! بۆ من هەر زۆر چاوەڕوان نەکراو و زۆر خۆش بوو.
کچەکە وەرگەڕاوە و بە ناباوەڕیەوە چاوی لێ کردم:
ـ تۆش کوردی؟
ـ بەڵێ ناوم ئارانە!
ـ منیش ناوم بەیانە!
کچ و کوڕەکان هەریەک چوونەوە دیوەکانی خۆیان و من و بەیان تا درەنگان بە یەکەوە قسەمان کرد. هاوزمانێک لە غوربەتدا خۆی نیعمەتێکی خودایییە!

زانیم خەڵکی هەولێرە و دوو ساڵە لە لەندەنە و کۆمەڵناسی دەخوێنێ! ئەویش هەر لەو دانشگایەیە کە من دەم خوێند! واتا دانشگای ئاکسفۆرد! پێشتر لە پانسیۆنێکی تر بووە و .....
منیش هەرچی لە بارەی خۆم دەمزانی پێم وت!

**

من و بەیان هەموو ڕۆژێ دوو بە دوو بەرەو دانشگا دەچووین. هەموو جارێ کە لە زانکۆ لە یەک جودا دەبووینەوە، دەستی دەگرتم و بە گەرمی دەیگوشی و دەیگوت کە ئێوارە یەکتر دەبینینەوە!

ڕۆژێکیان مۆنیکا چاوی لێبوو کە من و بەیان خواحافیزیمان لە یەکتر دەکرد. پاش ڕۆیشتنی بەیان هاتە لام و وتی:
ـ ئەو کچە جوانە کێ بوو؟
لە قسەکانیدا هیچ بەخیلی و ناڕاحەتی تێدا نەبوو و زۆر ئاسایی پرسیاری کرد.
ـ کچێکی هاوزمانم! خەڵکی وڵاتەکەی منە!
پرسیاری تری نەکرد و زۆر ئاسایی سەرێکی بۆ لەقاند و هیچی تر!
زۆر پێم خۆش بوو وەک کچانی وڵاتەکەم پێی ناخۆش بێ! یان لانی کەم تاریفی جوانیەکەی بەیان نەکا! یان بەخیلی پێ بەرێ!
پاش تاقیکاری، بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ پشوویان پێداین.

قوتابیەکانی وڵاتە نیزیکەکان چوونەوە وڵاتی خۆیان. بەڵام من نەم دەتوانی.

کە گەیشتمەوە پانسیۆن دیم بەیان خۆی ساز کردوە بڕواتەوە هەولێر!

ڕۆیشتنی بەیان لام خۆش نەبوو! دەمانتوانی ئەو پازدە ڕۆژە بە کەیفی خۆمان بە ئورووپادا بگەڕێین!
ـ نایەی بچین بۆ هەولێر؟
ـ نا بەیان گیان! بۆ تۆ باش نییە! کەسوکارت باش ناڵێن! من نەریتی کوردەواری باش دەزانم!

**

ـ ئاران تەلەفون؟
بە هەڵەداوان هەڵاتم.
ـ لە کوێوەیە؟ کوردستان؟
ـ نا! مۆنیکایە!
مۆنیکا داوای لێکردم تا بچین بۆ هۆڵەند. مۆنیکا زۆری پڕ کێشی کرد و لەسەری ڕۆیشت تا ڕازی بووم!

**

لە تەواوی ڕێگای ڕۆیشتندا؛ چ بە فڕۆکە و چ بە تاکسی، مۆنیکا وا خۆی لە من شەتەک دابوو کە هەر کەس دەیدین پێی وابوو ئێمە ڕەنگە ژن و مێرد یان دوو دڵدار بین!

زۆر جار سەری دەخستە سەر شانم و متەقی لە خۆی دەبڕی!

جارێکیان پێم وت: مۆنیکا! لە وڵاتی من هیچ کچ و کوڕێک ئاوا لێک نیزیک نابنەوە! مەگەر ئەوەی دەزگیران یان ژن و مێرد بن! ئەویش لە خەڵوەتدا نە لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا!

دایە قاقای پێکەنین! وەک ئەوەی قسەیەکی زۆر خۆش و پێکەنین هێنەرم بۆ باس کردبێ!
ـ واز بێنە ئاران! ئێرە ئورووپایە! وڵاتی تۆ زۆر لە پاشە!
کە گەیشتینە هۆڵەند، قۆڵی مۆنیکام ڕاکێشا:
ـ من بە چ ناوێک بە باوک و دایکت دەناسێنی؟
ـ دەڵێم هاوپۆل و دۆستمە!
ـ باشە ئەوان هیچ ناڵێن؟
دووبارە دایە قاقای پێکەنین:
ـ من کچێکی سەربەستم و قانوون ئیجازەی هەموو کارێکم پێدەدا و کەس هەقی نییە سەرکۆنەم بکا!
ـ تەنانەت باوک و دایکیشت؟
ـ بەڵێ ئەوانیش!
گەیشتینە شاری هارلم، زێد و شوێنی لەدایکبوونی مۆنیکا!
لە ماڵی مۆنیکا، دایکی زۆر ئاسایی دەستی دەگەڵ لێدامەوە! زۆر باش ئینگلیزی دەزانی. باوکیشی دەگەڵ تەوقە کردن لێی پرسیم: خەڵکی کوێی؟
ـ ئێران!
ـ ها! ئێران! پشیلە و فەرشی بە ناوبانگە!
مۆنیکا دەستی گرتم و لە بەر چاوی باوک و دایکی منی ڕاکێشا بۆ دیوەکەی:
ـ وەرە با دیوەکەمت پێ نیشان دەم! بە باوک و دایکیشی گوت: شەو دەتان بینم!
من سەراپا غەرقی ئارەق بووم!
ـ باشە مۆنیکا دایک و باوکت...
ـ بێخەم بە کوڕە!
دیوەکەی وەک دیوەکەی پانسیۆنەکەی من وابوو! بگرە لەو هاڵۆزتر!

کەمێک کتێبی لێبوو دەستم کرد بە چاو لێکردنیان.
بۆ سەرگەرمی من، چەند ئالبۆمی وێنەی منداڵی خۆی و زەماوەندی دایک و باوکی بۆ هێنام.
من خەریکی چاو لێکردنی ئەو شتانە بووم و مۆنیکاش وەک ئەوەی کچێک لە دیوەکەی بێ نەک کوڕێک، دەستی کرد بە لیباس گۆڕین. منی ڕۆژهەڵاتی، ندی بدی، واقم وڕ مابوو! هیچ شەرمی لێنەکردم و خۆی لە بەرچاوم ڕووت کردەوە و لیباسێکی نوێی لە بەر کرد!
دوایە داوای کرد تا بچین و بە ناو شاردا بگەڕێین!
لە گاراژی ماڵەوە ماشێنی خۆی هێنا دەر و دوو بە دوو ڕۆیشتین!

**

بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژان لەوێ ماینەوە. شارەکانیئامێستردام، ڕۆتێردام، هارلم، لاهە و زۆر شوێنیتر گەڕاین.
باوکی مۆنیکا سەرپەرەستی شەریکەیەکی کڕین و فرۆشتن بۆ دەرەوەی وڵات بوو. دایکیشی مامۆستای زانکۆ بوو. هەر ئەو کچەشیان هەبوو.
شەوانە تا درەنگان مۆنیکا لە دیوەکەی من و لای من دەمایەوە. کە دەڵێم دیوی من، قەراری مۆنیکا ئەوە بوو من لە دیوی ئەو بخەوم بەڵام من داوام کرد کە بە تەنیا لە دیوێک بم. زۆر ڕاحەت و ئاسایی دەجووڵاوە. وەک ئەوەی ئێمە دوو دڵدار یان دوو خۆشەویست بین. هەر چەند نە من و نە مۆنیکا هیچمان لەو بارەوە بە یەک نەگوتبوو! من لە بەر شەرم و مۆنیکاش نازانم! باوک و دایکیشی هیچ کاریان پێمان نەبوو!
ئاخر شەوی مانەوەمان لە ماڵی مۆنیکا، داوای لێکردم کە بۆ شێو بڕۆینە دەرەوە و وتی: دەمهەوێ شتێکی نهێنیت پێ بڵێم!
شەو دوای شێو، دەستی گرتم و وتی: ئاران من زۆرم خۆش دەوێی!
من مابوومەوە تا چی پێ بڵێم!
- تۆ دەڵێی چی؟
- مۆنیکا منیش تۆم خۆش دەوێ! وەک دۆست! بەڵام بۆ خۆشەویستی، من پێویستیم بە کاتێکی زیاتر هەیە!
لە قسەی من نەڕەنجا، بەڵام وتی:
- لە وڵاتی ئێوە ڕەنگە کچ نەتوانێ خۆشەویستی خۆی دەربڕێ؟
- وا نییە! بەڵام من خافڵگیر بووم! تا ئێستا کەسم خۆش نەویستووە! خۆشەویستی لای ئێمە یانی پەیمان بۆ ژیانی هاوبەش و ئایەندە.
- لای ئێمە وا نییە! تا هەر کاتێ پێمان خۆش بوو بە یەکەوە دەبین و هەر کاتێکیش نەمان ویست لێک جودا دەبینەوە!
- ئێوە خۆشەویستی ناناسن!
- وەک ئێوەش زۆر...
ڕستەکەی تەواو نەکرد، بەڵام دەمزانی دەڵێ: وەک ئێوەش زۆر دواکەوتووانەیە!
چونکە لای ئەوان هەرکاتێک پێت خۆش بایە دەت توانی یەکێک بۆ ئەو جۆرە خۆشەویستییە و بۆ دەگەڵ خەوتن وەدۆزی! وەکوو ئێمە خۆیان بە عەشقەوە سەرگەردان ناکەن! (نازانم وەک ئێمە باشترە یان وەک ئەوان!؟ بەڵام دڵنیام ئەوان سنوورێکیان لە نێوان عەشق و هەوەسدا نییە). لەو چەند ڕۆژەدا زۆر ویستی وەک دوو دڵدار دەگەڵم وەبزوێ و منیش ئاوێزانی بم و ماچی کەم و... بەڵام هەموو جارێ خۆم ڕادەگرت! من شەیدای خۆشەویستی لای خۆمان بووم! ئەویش منی وەک کوڕانی لای خۆیان دەویست؛ کە شەو تا بەیان لە جێگەی خەوی دابێ و بەیانیش، وەک نە بایان دیبێ و نە بۆران هەر یەک شوێن کاری خۆی کەوێ!

**

کە گەڕاینەوە، هێشتا دوو ڕۆژی مابوو زانستگا وەکرێ.
لە لەندەن من و مۆنیکا بە ساردی خواحافیزیمان لە یەک کرد و هەرکامەمان چووینەوە بۆ پانسیۆنی خۆمان!
کە گەیشتمەوە، مادام سوزان، مژدەی پێدام کە بەیان هاتۆتەوە.
لە خۆشیان باوەشم بە مادام سوزان داکرد و هەر دوو ڕوومەتم ماچ کرد.
بەیان کە گوێی لە دەنگی من بوو بە هەڵەداوان هاتە خوارێ و بێ پەروایانە خۆی لە باوەشم هاویشت! مادام سوزان، کە ئێمەی ئاوا بە بە تامەزرۆیی دی، چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک!
- وەرن لای من قاوەیەک وەخۆن.
- باشە! تا تۆ قاوە ساز دەکەی ئێمەش تۆزێک قسە دەکەین!
من و بەیان چووین بۆ دیوەکەی ئەو. زۆر قسەمان پێبوو! لە ڕاستیدا ئەگەر بەیان لە لەندەن مابایەوە من قەت نەدەچووم بۆ هۆڵەند!
پێشتریش زۆر جار جەیلان ویستبووی لێم نیزیک بێتەوە و دەگەڵی بچمە دەرێ، هەر جارەی بە بەهانەیەک خۆم پاراستبوو. دەم وت من پزیشکی دەخوێنم و هەر لە ئێستاوە دەگەڵ ئەم و ئەو بگەڕێم دەرێ ناهێنێ!
بەڵام کە بەیان هات، ئەوەندە شیرین و ڕەزاسووک بوو، خۆم پێ نەگیرا!

**

ژیانم بە بەیانەوە ڕەنگ و بۆیەکی تری گرت. هەموو ڕۆژێ بە یەکەوە دەچووین بۆ دانشگا و بە یەکەوە دەهاتینەوە. ئەگەر یەکێکمان ئەو ڕۆژە پشووی بوایە لە بەر خاتری ئەویتر دەچوو. ئەم هاتووچوونە ئەوەندە خۆش بوو و سەرقاڵی کرد بووم کە مۆنیکام وەلا نابوو و هەر لە کاتی دەرس و خوێندنیشدا نیو نیگایەکم لێنەدەکرد.
مۆنیکا هەموو ئەو گۆڕانەی منی دەدی هەر لە دوورەوە چاوی لێدەکردم و هیچ دەنگی نەدەکرد و بۆ جارێکیش نەهاتە پێش!
ساڵی خوێندن بەرەو کۆتایی دەهات و من دەبوو هاوین لە لای یەکێک لە پزیشکەکان کار بکەم و لە دواییشدا ڕاپۆرتی کارەکەم بەرمەوە بۆ دانشگا!
بەیان، ڕۆیشتەوە بۆ هەولێر! پێش ڕۆیشتنی پێی وتم:
- ئاران! زۆرم خۆش دەوێی و کە چوومەوە سەبارەت بەو عەشقە بە کەس‌وکارم دەڵێم!

**

نیوەڕۆیەکی هاوینی لەندەن بوو. لە دیوەکەی خۆم ڕاکشابووم. لە ساعەت هەشتی بەیانییەوە تا یەکی دوانیوەڕۆ کارم کرد بوو. ئەو دوکتۆرەی لە لای کارم دەکرد ناوی دۆکتۆر مارگارێت داوسۆن بوو. ژنێکی زانا و تێگەیشتوو و بە ڕەگەز خەڵکی فەرانسە بوو. زۆر ڕێزی بۆ دادەنام و زۆریش لە کارەکەم ڕازی بوو.
هەروا کە خەونووچکە دەیانبردمەوە، لە پڕ لە دەرگایان دا.

هەواڵنامەی کتێب

- کێیە؟
دەنگی پیاوێک بە زمانی کوردی جوابی داوە:
- کاک ئاران؟
درگام کردەوە. کوڕێکی هاوتەمەنی خۆم بەرانبەرم ڕاوەستابوو. باڵایەکی بەرز. تۆزێک کز. دەم و چاوێکی درێژ. چاو و برۆ ڕەش.
- دەتوانم بێمە ژوور؟
- تکایە فەرمووٖ!
لە سەر کورسییەک بەرانبەرم دانیشت.
- ناوم میدیایە. ئامۆزای بەیانم.
- بە خێر بێی. بەیان لێرە نییە.
- دەزانم! من بۆ لای تۆ هاتووم!
- چیم لە دەست دێ؟
- من و بەیان لە منداڵییەوە بۆ یەک دیاری کراوین! ئەم هاوینە کە هاتەوە پێی وتم: کەسێکی ترم خۆش دەوێ....
- پێی وتی ئەو کەسە منم؟
- بەڵێ! هەر بۆیە هاتووم تا واز لە بەیان بێنی! ئەگەر تۆ نەبای بەیان لە خۆشەویستی من پاشگەز نەدەبوو!
- خەتای من چییە کە نەم زانیوە! خۆ خۆشەویستیش بە زۆری نییە!
- ڕاستە! بەڵام باوکی بەیان منی ناردوە بۆ لای تۆ. ئەویش ڕازی نییە کچەکەی بە غەیری من بە کەس بدا!
- ئاخر نەدیدە و نەناس چۆن حوکم لە سەر من و عەشقی بەیان دەکا!
- قەرار بوو کە من گەیشتمە لای تۆ پێی بڵێم تا خۆی بە تەلەفوون پێت بڵێ! ئیتر لەمە بەدواش بەیان نایەتەوە! باوکی وازی پێ لە خوێندن هێناوە!
- ئێوە مافی ئەو کارەتان نییە!
بەڵام من ئەو قسەیەم بۆ خۆم وت. میدیا لە دیوەکەم ڕۆیشتبوو!

**

پایز گەیشت، بەڵام بەیان نەهاتەوە! خۆم تا ڕادەیەک بە خەتابار دەزانی!
- ئاران تەلەفون؟
بە هەڵەداوان هەڵاتم.
- لە کوێوەیە؟ کوردستان؟
- بەیانە!
بەیان بە گریانەوە پێی وتم کە چەندەی من خۆش دەوێ و باوکی بە زۆر دەیەوێ لە میدیای مارە بکا!
داواشی لێکردم تا فەرامۆشی کەم!
نەم دەزانی چی بڵێم! هەر چەشنە بەڵێنییەک بۆ من کە زۆرم مابوو خوێندن تەواو کەم هەڵە و شێتانە بوو. ناچار پێم وت: بەیان گیان! زۆرم خۆش دەوێی بەڵام ناتوانم بە خاتری خۆشەویستیم لە کەسوکارت جیا کەمەوە! باشتر وایە هەر دوو واز لەو عەشقە بێنین!

**

دووری لە بەیان کە تازە خووم پێ گرتبوو منی ناڕاحەت و بێ تاقەت کرد بوو. وازم لە هیچ کارێک نەبوو. ڕۆژانە تا لە زانستگا دەهاتمەوە خۆم لە دیوەکەمدا زیندانی دەکرد.
مانگێک لە کرانەوەی زانستگاکان تێپەڕیبوو.
ڕۆژێک، کاتی کۆتایی وانەی ڕۆژانە دوای هەموان هاتمە دەر. مۆنیکا لە بەر دەرگا چاوەڕوانم بوو.
- تکایە ئاران کارم پێتە!
- فەرمووٖ!
شان بە شانی یەکتر دەڕۆیشتین.
- کچە جوانە هاو زمانەکەت دەگەڵ نابینم!
- تازە نایەتەوە!
- بۆ؟
کەسێکم دەویست تا تێر دەردە دڵی دەگەڵ بکەم. لە نووکەوە هەموو شتێکم بۆ گێراوە!
- ئاران! کە دەڵێم خەڵکی وڵاتی ئێوە دواکەوتوون تکایە لێم مەڕەنجە!
- لێرەدا حەق بە تۆیە!
- دەتوانی بەیان لە بیر کەی؟
- زۆر سەختە بەڵام مەجبوورم!

**

من و مۆنیکا، نە وەک دوو خۆشەویست بەڵکوو وەک دوو دۆستی زۆر نیزیک شانبەشانی یەک دەچووینە پێش.
مۆنیکا لە هاوینێکدا دەگەڵ باوک و دایکی سەفەری کرد بۆ کوردستانی باشوور. بۆ سولەیمانی و هەولێر و دهۆک و زۆر شوێنی تر چوو. لە نیزیکەوە کوردی ناسی و بۆچوونەکانی سەبارەت بە کورد گۆڕی!
ئەم سەفەرەی مۆنیکا لە ساڵی چواری خوێندنی من دابوو! کە هاتەوە پێی وتم:
- ئاران! کوڕان و کچانی کورد خۆشەویستی باش دەناسن!
- چۆن بۆت دەرکەوت؟
- بە چاو لێ کردنیان!
- چۆن؟
- کە منداڵ بووم دایکم کتێبەکانی ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتیی بۆ دەخوێندمەوە. زۆرم پێ سەیر بوو و لە هەمان کاتیشدا زۆرم پێ خۆش بوو کە کوڕێک یان کچێک چۆن بۆ گەیشتن بە یەکتر لە هەموو شتێکی خۆیان دەگوزەرێن! لە لای ئێمە وەدەست هێنانی جووت و شەریک زۆر ئاسانە و هەر بۆیەش وەک ئێوە قووڵ نییە! زۆر جار کە کوڕێک و کچێکی ئورووپی چاو لە یەک دەکەن وەک تاجر و بازەرگان یەکتر هەڵدەسەنگێنن! زۆرتر نیازی جنسییە تا ڕووحی! بەڵام لە لای ئێوە شتێکی ترە!
- خۆشحاڵم مۆنیکا!
- من مەمنوونی تۆم ئاران! عەشقت پێ ناساندم!

**

پاش تەواو کردنی خوێندنم هاتمەوە کوردستان!
ژنم هێنا و بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی وڵاتەکەم کەوتمە کار!
دوای ساڵێک، ڕۆژێکیان کە لە خەستەخانە هاتمەوە، خێزانم پاکەتێکی بۆ ڕاداشتم و وتی:
- ئەم نامەیەت لە ئورووپاوە بۆ هاتووە! هی کەسێکە بە ناوی مۆنیکا!
خێرا زەرفەکەم کردەوە.
لە بەشێک لە نامەکەیدا نووسیبووی:... ئاران! دۆستی هەمیشەییم! منیش هاوڕێ و هاوسەری خۆم دۆزیەوە! هاوزمانی تۆیە! خەڵکی دیاربەکرە! زۆر بەختەوەرم! من بە عەشقی تووە کوردم ناسی و لە خۆشەویستی ڕاستەقینە حاڵی بووم!....

ناسر عەلیار - بۆکان



کورتەباسێک لە قەدەر توانا بەسەر بەژنی بڵیندی

# حەزرەتی مەولانا

**«پێناسەی دنیای ئیسلامەتی سەردەمی مەولانا بە چەند دەستەواژەیەک»**

با بڕوانینە دنیای ئیسلامەتی واتا پێش مۆدێرن؛ یانی دنیای سوڵتانەکان و شایەکان کە بە سێبەری خودا دەناسران. دنیای حوجرە و خانەقا، دنیای شێخ و مەلا، دنیای ڕەگەز و بنەچەک، دنیای قەوەت و وشتر و گاجووت، دنیای کاروان و کاروانی و بازاڕ و سنعاتی دەستکرد، دنیای چینایەتی و ماقوڵ و ناماقوڵ، دنیای تاریفنەکراوی مافەگشتیەکان، دنیای حیساب نەکێشان لە حاکمەکان و تەرخان بوونی ویستی بێ‌سنووری ئەوان، دنیای زاڵی مەزهەب کە هەموو زانستەکان لە ژێر خێوەتی دین و شەریعەت کۆ دەبوونەوە، خێوەتێکی چکۆلەش بۆ حیکمەتی یونان و زانستە مرۆڤیەکان لەپەنا خێوەتە گەورەکە هەڵدرابوو. دنیای حاوانەوە و پێک‌هەڵکردنی چوار مەزهەبەکە و کەلام و عیرفان. تێک‌هەڵشێلان و لێکجیا بوونەوەی بەردەوامی بیردۆزەکان. دنیای دووبەرەکی و دژایەتی شیعە و سوننی لەو پەڕی خۆی‌دا، دنیای پاشاگەردانی و شەڕ و شووری بەردەوام، دنیای نەریت و ترادیسیون، دنیای ڕۆچوون لە چەمکە هەرمانەکان واتا و وتە پیرۆزەکان، دنیای خەواریق و کەرامات، دنیای چارەسەری هەموو ڕووداوێک بە قەزا و قەدەر. ئەگەر خوێن سەرانی بردبا سەد میر و حاکم لە سەر تەختوبەخت فڕێ درابانە خوارێ، ئەگەر سەدان پیاوچاک لە دار درابان، لە ناسینی چاکە و خراپەی خەڵک تەوفیرێکی وای نەدەکرد. دین و ئیمانی خەڵکی دەلەرزاند ئەمما نەیدەشەمزاند، مەزهەب ئاوێتەی نەریت بوو، لایەک لە نەریت ئەگەر دەستی لێ‌بەردرابایە لایەکی دیکە دەبووە ئاڵقەلەگوێ و دنیای لەش‌بەزامی دڵ‌قایم و دواکەوتووی شایی‌بەخۆ، نە پەرۆشی داهاتوو دەبوو نە خەمی ڕابردووی هەبوو. دنیای مەند و مەنگ و بێدەنگی، دنیای قەدیمی ئیسلامی سەربەخۆی لە سەرپێی خۆ وەستاو، هێشتا بنکوڵ نەکراوە. گەر بە مەقاشیش لە نووسراوەی زیرەکترین پیاوان گەڕابایەی شوێنەواری تۆفانی ئاڵ‌وگۆڕت بەدی نەدەکرد کە لە ئورووپاوە هەڵیکرد بوو.

لە ئاوها دنیایەک بەدەر لە سوڵتان سەلاحەدینی ئەییووبی، هیچ کوردێک بە ڕادەی مەولانا خالیدی شارەزوری ناوی دەرنەکردووە و لە نێو موسوڵمانان‌دا نەناسراوە. هەژار لە سیلسیلەی مەشایخی نەقشبەندی حەقیەتی بڵێ:

فیداتم نیشتمان بۆ شارەزوورت\
ڕووناکە شار و ئەستەنبوول بە نوورت\
چونکە بانگەوازی مەولانا لە شام و ئەستەنبوول بڵاو ببووە.

**گەشەی زانستی کورد لە سەردەمی مەولانادا**

هەرچەندە مەولانا خالید پیاوێکی لێهاتوو و بلیمەت بووە، ئەدیبێکی گەورەی زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی بووە. عالمێکی گەورەی زانستە ئیسلامییەکانی سەردەم بووە. پیاوێکی بەئەخلاق و خووڕەوشت بووە پاشانیش عیرفان و سۆفیەتیشی هاویشتە سەر دەوڵەتەکەی پێشووی. سەرەڕای گشتی ئەمانە، بلیمەتێکی خۆڕسک نەبووە بەڵکوو هەڵقوڵاوی کەش‌وهەوای گەشەی عیلمی وڵاتی کوردەواریە لە سەدەی دوازدە و سێزدەی کۆچی‌دا. ئەو سەدانەی دەیان مەدرەسە و بەرزەزانای تێدا هەڵکەوتووە کە نەتەنیا چیان لە زانایانی هەندەران کەمتر نەبووە بەڵکوو بگرە لە زانایانی ناوەندە عیلمیەکانیش سەرتر بوون. مەدرەسەی(ابن آدم) و مەلای خەتێ لە باڵەکایەتی و دەڤەری سۆران، مەدرەسەی شێخی نۆدێ لە قەڵاچوالان و سلێمانی، مەدرەسەی مەلا عەوڵای خەرپانی لە شارەزوور و مەدرەسەی مەلا یەحیای مزووری لە دەرڤەری بادینان و مەردەسەی دارولئیحسانی سنە و مەدرەسەی تورجانی موکری و مەدرەسەی مزگەوتی سووری ساباڵاخ و مەدرەسەی ئامێد لە بۆکان، هەموو زانستەکانی سەردەمیان تا دوا پلەی سەرکەوتن تێدا شەرح و ڕاڤە کراوە.

لە سەر دەستی مەردوخیەکان، لە مەدرەسەی وەک دارالئحسان، فەلسەفە و کەلامی هەموو عالەمی ئیسلامی، تێی‌دا ژیاوەتەوە. مەولانا خالید خۆشی هەر لەو مەدرەسەیە هەم بەهرەمەند و هەم بەشداری ئەو بزاڤە زانستیە بووە کە کتێبەکەی مەلا عەبدولقادری مەردوخی بە شەرحەکەی براکانیەوە بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە. پاشان شێخ محەممەد عەبدە لە (مصر) دەڵێ: کەسێ بیهەوێ لە کەلام تێبگا، لەو کتێبە بێ‌منەت نابێ١. ئەو مەدرەسانە کەسانێکیان پێگەیاندووە و بەخشیویانە بە دنیای ئیسلام؛ بۆ وێنە مەحموودی ئالۆسی و موفتی زەهاوی کە لە عالەمی ئیسلامدا ئەگەر نەڵێین کەم‌وێنە، بێ‌وێنە بوون. زانایانی وەک مەلا عەوڵای خەرپانی، کتێبەکەی شێخ عەبدوالقادر هەتا مۆری قوبووڵی ئەوی لێ‌نەدراوە بڵاوی نەکردۆتەوە. ئەو مەلا عەوڵایە لە دێیەکی چکۆلەی ناخۆش هێندێ دەرسی کوتۆتەوە، جاری وا بووە باب دەرسی لە لا خوێندووە کوڕەکەشی پێ‌گەیوە دەرسی لە لا خوێندووە، نەوەکەشی پێ‌گەیوە دەرسی لە لا خوێندووە. یا وەک مەلا عەوڵایەکی دیکە کە جەلی‌زادەی کۆیە بووە ئەوەندی دەرس کوتۆتەوە جاری وا بووە خوێنی لە زمانی هاتووە، سەری هەڵێناوە و کوتویە خودایە بۆ ڕەزای تۆیە. شێخ ڕەزا لە شێعری خۆی‌دا پێی هەڵکوتووە و عیلمی ئەوی بە جەهان‌گیر داناوە٢. باسی«ابن آدم»(١٢٥٢) لێرەش حەقی بەجێ نایە؛ ئەو کەسەی هێندە بەرز بووە بەحری زانستی کوردستانیش لە جەنگەی گەشەونەشە و شەپۆل و قەڵپەزە، بۆ مەلەوانێکی وەک ئەو بەرتەسک بووە. ژینی تەنیایی و دوورەپەرێزی هەڵبژاردووە.٣ « ئەم بلیمەتە لە بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی مەولانا و شرۆڤەی کەسایەتی ئەو لە هەمووان کارگەرتر بووە.

بەڵێ مەولانا خالید، ڕەحمەتی خودای لێ بێ دەرهاویشتەی ئەو هەل‌ومەرج و چاخ و خولەیە. ئەیامێک کە میرەکوردەکان لە

نێوان دوو زلهێزی ئێران و عوسمانی له قەرنی دەیەم ڕا هەتا ئاخری قەرنی سێزدەهەم سەریان هەڵدا قەوەیان گرت میرایەتی بابان و ئەردەڵان و موکری و سۆران و بەدرخانیان ڕێکخست. هەرکام له وڵاتی خۆیان تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون، گەشەی زانستی و ئەدەبیش هەر وەک له دنیای قەدیمدا باو بووه له پەنای دەربارەکان و قودرەتە سیاسیەکان‌دا دەهاتە ئاراوه.

مەولانا خالید تەواوی پانتای عیلمی خۆی له مەدرەسەکانی کوردستان پڕ کردۆتەوه و ئێمه ئەگەر له ڕاستیی لا نەدەین دەبێ دان بەوه دابنێین که مەولانا له زۆربەی مەلایانی سەردەمی خۆی له کوردستان بەتایبەت سێ مامۆستا گەورەکەی«ابن آدم» و شێخ«عبدالله خرپانی» و شێخ«قەسیمی مردووخی» زیاتر نەبووه کەچی کاتێ چۆتە هیندوستان له پەڕپەڕۆچکەی زانستی سەردەم‌دا بووه و «شا عەبدوڵلای دەهلەوی» بە نازناوێکی دوورودرێژی زانایانه ناوی لێدەبا.٤

## مەلاخالید ڕۆیی مەولانا خالید گەڕاوه

دووسەد ساڵێک بەر له ئێستا که مەلاخالیدی شارەزووری ڕێگای هیندوستانی گرتە بەر، به کۆڵێک فەزل و زانیارییەوه لەوێش‌ڕا به کۆڵێک عیرفان و فکری بڵێندەوه گەڕاوه کوردستان. کێ پێی‌وابوو ئەو ئەستێرە تیشک‌هاوێژەی که له ئاسۆی بیری وردی کوردەوه ئەنگووتوه هەوێنی بزووتنەوەیەکی دینی، ئەدەبی، فەرهەنگی بگره سیاسیشی پێیه.

ڕێکخستنی شەریعەت و تەریقەت و فەلسەفه و سەرخستنی شەریعەت و ئاسەواری پێغەمبەرایەتی بەسەر دوو هەواڵەکەی تر به پشت‌بەستن به وردەکارییەکانی شێخ ئەحمەدی سەرهێندی ناسراو به ئیمامی ڕەببانی و« مجدد الف ثانی» نوێ‌کەرەوەی دین له هەزارەی دووهەمی کۆچی، یەکێک له دیارییەکانی مەولانا بووه بۆ زانایان و عارفانی کورد. هەر وەها له ئاکامی ئەو بزووتنەوەی مەلاخالید، دەستی باڵای خەلیفەکانی مەولانا که دواتر دەبنه شێخەکانی کوردستان، بەسەر ئەو مەلا گەورانەی که گوتمان، کاردانەوەی چاک و خراپی لێدەکەوێتەوه. به شوێن بەهێزبوونی پێگه و جێگەی شێخەکان له زەمانی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی بەم لاوه، به پەنجا ساڵێک دوای فەوتی مەولانا، زنجیرەیەک شۆڕشی شێخانه بۆ بەرگری کردن له دین و سازدانی قەوارەیەکی نەتەوایەتی، به دووی یەک‌دا دێن. هەروا که مەلاخالید خۆی ئەدیب بووه سەرەتایەک بۆ بەهێزترین لقی ئەدەبی کوردی له کوردستانی ناوڕاست واتا ئەدەبی سۆران دادەمەزرێ. پێ‌بەپێی بزاڤی مەولانا خالید، سەرەڕای ئەوەی که کوردایەتی چووە قووڵایی هەستی دینی جەماوەرەوه چون کەسایەتییه دینیەکان بوون به داشداری ئەم ڕێبازه، له بەرانبەر بزاڤی بەقەوەتی شیعەش، وەک سەرجەمی نەقشبەندییەکان بەتایبەت ئیمامی ڕەببانی لایەنی سوننی‌گەریەکەی بەهێز کرد و بوو به بەربەستێک له بەرانبەر«گفتگوی خام روافض»٥

مەلا خالیدێک ڕۆیی مەولانایەک گەڕایەوه که له شێخێکی تەنیا یا مەلایەکی تەنیا، پتر جێگەی بۆ کراوه. ئەو هەوا تازه و شنەبایەی ئەو بۆ کوردستانی هێنا هێندەی پێ‌نەچوو تۆفان و گێژەڵوکەشی لێ پەیدا بوو بۆ ڕاماڵینی دوژمنانی کورد و سوننی که ئاکامەکانی نه له لایەن مەولاناوه نه له لایەن کەسی دیکه نه دیاری کرابوو نه زانرابوو. بەم چەشنه مەولانا خالید له عاسمانی کوردەواری‌دا بوو به ئەستێره.

## بۆچی مەولانا بەرەو هیندوستان ڕۆیی

به هۆی سەفەری مەولانا بۆ هیندوستان چەند شت باس کراون، له ناخی ئەو شتانه و له هەمووان گرینگتر ئەوەیه که پیاوێکی غەیبی و نەناسراو له مەککه سەفەری هیندوستانی وەبەر خستووه. ئەو ماجەرایه له زمانی خەڵک کەوتۆتەوه چۆتە نێو لاپەڕەی کتێبەکان، تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسی وەک ڕیچ و نیکیتین٦ که خۆیان به توێژینەوەی کاروباری کوردانەوه خەریک کردووه له زمانی چاوساغ و دیلمانجەکەیەوه باسی کردووه، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو بۆچوونه دەرهاوێم چونکه نه«اثبات» دەکرێ نه«ابطال»؛ دەگونجێ چەند هۆکاری دیکەش له پاڵ ئەو هۆکاره بێنینه گۆڕێ: یەکەم: له کەش‌وهەوای ئەوکاتی کوردستان بەتایبەت له ناوەندە عیلمیەکان وێدەچێ زۆر شت تاوتوێ کرا بێت.

لەوانەش ئاواڵه کردنی باوەش و میوانداریەتی پادشاکانی هیند و مەلا و شێخەکانیان وێڕای خەڵکەکه که بەگشتی له زانایان و عارفان و هونەرمەندان و بنەماڵەکانی ئێرانی له پاش زاڵ‌بوونی سەفەوییەکان کراوه که به بۆنەی ڕا کردنی زانایان و هونەرمەندان و عارفان بۆ ئەوێندەرێ و لەبەر چەند شتی تر، هیند بوو به ناوەندێکی گەورەی دینی و عیلمی و عیرفانی و ئەدەبی.

دەبێ ئەوانەش له کوردستان باس کرا بێ. ئەوەی زۆر وەخت زاناکان دەبێ له سەری دوا بن، باسی داهێنانەکانی ئیمامی ڕەببانیه وەک«مجدد» له هەزارەی دووهەمی کۆچی که ئەو کات نزیک به دووسەد ساڵ لەو زەمانه تێ‌پەڕیبوو. ناکرێ باس و هەواڵی له وڵاته ئیسلامیەکان بڵاو نەبووبێتەوه. له بەرامبەر داهێنانی ئیمامی ڕەببانی که یەکیان«وحدة الشهود» بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی«وحدة الوجود»ی ئیبنی عەرەبی که زانای گەورەی کورد مەلا برایمی گۆرانی و کوڕەکەی« ابو طاهر» هەڵوێستەکەی ئیبنی عەرەبیان بەلاوه جوانتر و شیاوتر بووه. ئەو قاڵمه قاڵمه له مەککه و مەدینه به گەرم‌وگوڕی باسی لەسەر کراوه لەوێش‌ڕا دەکرێ ئەو باس و خواسانه هاتبێتە کوردستان. باسی بەزل و عەتای شایەکانی هیند و خزمەتی بڕێک لەوان وەک ئەوڕەنگ زەیبی عالەمگیر به دین و به موسوڵمانان له هەموو جێگەیەک پەراکەندە ببوو، بۆ وێنه باوکی یەکێک له زانایانی گەورەی ئێران بۆ کوڕەکەی دەنووسێ: ڕۆڵەم ئەگەر دینت دەوێ وەره حیجاز، ئەگەر دنیات دەوێ بڕۆ هیند، ئەگەر نه دینت دەوێ نه دنیا له ئێران بمێنەوه.٧ زانایانی کوردستان ناکرێ له دەقی نووسراوەی ئیبن حجری مەککەیی بێ‌خەبەر بوو بن ئەو کاتەی که تەریقەته سۆفییەکان وەبەر تانه و توانج دەدا دەڵێ بێجگه له نەقشبەندیه که بەسەر ڕێگای شەرعدا دەڕۆن٨ ئەوه له کاتێک دایه که «ابن حجر» له نێو ئەوان‌دا به تەواوی جێگەی متمانه و بەڵگەی فەتوای شەرعی بووه. دەبێ چەن‌ها جاران باس لەوه کرابێ ئەوڕۆ جێگری عارفانێک وەک«عبیدالله احرار» و«بهاالدین نقشبندی» و«مەولانا جامی» و«نعمت‌الله ولی» له وڵاتی هیند دەژین. ئەوانه هەمووی بۆ ئەوه دەبن ڕووحی زیت و وریای مەولانایان ڕەکێشی ئەولا کرد بێ، بەتایبەت مامۆستا هەره گەورەکەی«ابن آدم» هەستی به سۆفیایەتی شاگردەکەی کردووه، چەند ئامۆژگاریەکیشی پێکردووه دیاره هەستێکی عیرفانی و ڕووحێکی خولیای ئەو دیوی جەهانی«ماده» هەر له مەولانادا بووه. ئەو شێعرانەی له مەسیری

ڕێگای بەرەو هیندوستان کوتویە٩ ئەو قەسیدەی لە ڕێی حەج و مەدینە لە سەر شێوازی قەسیدە حەوت بەندەکەی جامی هۆندوویەتەوە ئەو هەستە لەودا دەسەلمێنن. مەولانا لە جوابی هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگای هیندوستانیان ترساندووە دەڵێ:

بسی توبیخ کردند اهل توران و خراسانم
به دهلی ظلمت کفر است و گفتند و بدل گفتم
به دارالکفر رفتن چون پسندی گرمسلمانی
به ظلمت روا اگر درجستجوی آب حیوانی

دووهەم: لەو بەڵگانەی هۆی دەرەکی لە جیهانی واقعدا بۆ سەفەری مەولانا بەرەو هیند دەسەلمێنن بانگهێشتنێکە نوێنەری شاعەبدوڵڵای دەهلەوی هاوکات لەگەڵ بانگهێشتنەکەی مەولانا لە کەسانێکی دیکەشی کردووە وەک کەسانێک لە بنەماڵەی مەلای چۆڕ هەر وەها سەید تەهای شەمزین١٠ یان کەسانێک لە بنەماڵەی موفتی سنە١١ ئەوە ئەو ڕاستیە دەردەخا لایەنگرانی شاعەبدوڵڵا دەهلەوی کە لەوکات ڕابەری نەقشبەندییەکان بووە هەوڵیان داوە لە کوردستاندا کەسانێکی بەرچاو بخەنە ڕیزی نەقشبەندییەکانەوە. بۆیە مەولانا لەگەڵ کەسێکی دیاریکراو بە ناوی دەروێش محەممەد لە ڕێگای ئێرانەوە دەکەوێتە ڕێ بەرەو هیندوستان.

### مەولانا لە هیندوستان و نەقشبەندیبوون چی وەگیرکەوت

ئەگەر سەرنج بدەین و لە ڕاستی لا نەدەین تێدەگەین زانستی مەولانا لە ڕیزی مەلا گەورەکانی کورد بووە نە زیاتر، لە عیرفان و تەریقەتیشدا ڕاست بە ڕێچکەی نەقشبەندییەکاندا ڕۆیوە. هەرچی نووسین و کتێبی ئەوە عیلمی و مەلایانە، بێجگە لە مەکتووباتەکانی نووسراوەیەکی تەرخانکراوی لە سەر ڕێچکەی عیرفانی.

### هونەر و داهێنانی مەولانا:

یەکەم: هەمە لایەنی و فرەڕەهەند بوونیەتی کە هاوکات مەلایەکی دەرسبێژ، سەردەرچوویەکی تەواو لە بەلاغەت و کەلام، شاعیرێکی ڕەوانبێژ بە هەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی بووە. سۆفییەکی ئەهلی ئاداب، عارفێکی بەسۆز، پیاوێکی بەگوزەشت، ڕێزگری زانایان بووە.
دووهەم: کەسی تر زیاد لە مەولانا نەبووە. ئەو فەرهەنگەی لە هیند وەریگرت، لەگەڵ فەرهەنگی زانایانی کورد بە ئەدەبیاتێکی جوان لەژێر سێبەری فەرهەنگی گشتی ئیسلام ڕێک بخا و ئەو دەروازە نوێیە بە ڕووی کەلەپووری کوردی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە و لە ڕێگای زانیارییە ئیسلامییەکان کە زۆریان بێدەنگن و بیر و هۆشێک نادەن بە خوێنەرەکەیان بەڕووی بیردۆزەکان دەلاقەیەک بکاتەوە. بە کورتی دەڵێین ئەوەی مەولانا وەگیری کەوت یەکەمیان: ئەو زانستە عیرفانی و سۆفیانە بوو کە لە شاعەبدوڵڵای دەهلەوی وەرگرت، بەپێی ئەوە مەولانا لە کوردستان بەڵکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەریقەتی نەقشی بڵاو کردەوە. بەش بە حاڵی کورد سەربارێکی خستە سەر کۆڵەباری فەرهەنگی کوردی. لەمە بەو لاوە لەگەڵ مەزهەبی شافیعی و مەزهەبی ئەشعەری، تەسەوفیش بە هەر دوو لقەکەی نەقشی و قادری بوون بە سێ چوکڵەی پێکهاتەی کەلەپووری کوردی.

دووهەمیان: بە کەلک وەرگرتن لە ئەندیشەی ئیمامی ڕەببانی تەسەوفی وەها ئاوێتەی شەرع کرد وەک شیر و شەکر. ڕێبازی«اهل سنت»ی پێتخت کرد* بۆیە بە خێرایی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیەوە.
زۆر لە مەلاکەن و پیاوماقووڵان چوونە ئەو تەریقەتەوە، تەریقەتەکان لەو زەماندا وەک حیزبەکانی ئەوڕۆ خەڵکیان ڕێک دەخست و کۆیان دەکردنەوە، لە کاتی پێویستشدا بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیان پێ ڕێکدەخستن. کارێک کە مەلاکان لەو کات لە دەستیان نەدەهات هەر وەک کاری حیزبەکان ئەوڕۆ لە دەست ڕووناکبیران نایە.
سێهەمیان: بە کەلکوەرگرتن لە بۆچوونە عیرفانی و فەلسەفییەکانی ئیمامی ڕەببانی و پێش ئەویش عەبدولقادری گەیلانی گەڕا و تێکەوتەی برێ فکری دژواز لەگەڵ« اهل سنت و جماعت»ی لە نێو تەریقەتەکەی لابرد، بەتایبەت بیرۆکەی«وحدت وجود» و«حلول» و«اتحاد»ی لە نێو خوێندەواران و بیرمەندان و شاعیران کە کێشەرێکی عاتفی هەیە هەڵگرت و لە نێو تەریقەتگەلێ کە لە ئیسلام دەرکەوتبوون وەک: بەکتاشی و عەلەوی و ئەهلی حەق و حورووفی و یەزیدی و موشەعشەعی و قزڵباش و... دووبارە هەیبەتی ئیسلام و پێغەمبەرایەتی و شەرع و یەکتاپەرستی گەڕاندەوە سەر دۆخی پێشووی و مەرتەبەی شێخەکانی تەسوف واتە ئەولیای نەتەنیا لە پێغەمبەران بەڵکوو لە ڕیزی سەحابە و عالمانی بە ڕاستی دینیش هێنایە خوارێ.

### سەرهەڵدانەوەی دووبارەی«تەسەوف»

هاتنە کایەی تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر دەستی مەولانا خالید سەرەتای سەرهەڵدانەوەی١٣ «تەسەوف»ە. بە بۆنەی شیعەگەری و بووژانەوەی دەسەڵاتی مەلاکان لە سەردەمی«سەفەویە»، تەسەوف بەرەو کزی و سڕینەوە چوو بوو کە دیسان لە هیند سەری هەڵداوە و لە سەرەتای سەدەی سێزدەی کۆچی دەوری دووسەد ساڵێک لەوە پێش بە دوو لقی بەهێز ڕوویان کردەوە ئێرانی شیعە و کوردستانی سوننی.١٤ لە ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرت و کارگێڕەکانی واتە نورعەلیشا و موشتاق عەلیشا١٥ سەریان لە سەر دانا، بەڵام وەک گرووپێکی بەهێز تا ئەوڕۆ لە ئێراندا «نعمت‌الله»یەکان ناو و ناوبانگیان هەبووە.

*ڕەنگ بێ هەمیشە ئەووتەی«ابن آدم»ی لە گوێی زرینگابێتەوە کە پێی‌کوت: خالید مەیلت بە شێخایەتی هەیە ئەگەر بووی بە شێخ بزانە کە سۆفیەتی و شێخیەتی لە عیلم و شەرع بێ‌منەت نین هەمیشە عیلم و شەرع بکە بە بەڵگەی هەڵساندن.١٢

لە کوردستان«تەسەوف»ە کە دەسەڵاتیشی بەدەستەوە گرت نەیارەکانی هەڵپەسارد، بەڵام ئەو دەسەڵاتە بەپتوونی لە ژیانی مەولانادا وەدی‌نەهات. دوای مەولانا لەسەر دەستی خەلیفەکانی بەتایبەت دوو خەلیفەی هەرە گەورەی شێخ عوسمانی تەوێڵە و سەید تەهای شەمزین سەرانسەری کوردستانی داگرت.
لە کاتی هاتنەوەی مەولانا بۆ کوردستان تەریقەتی قادری لەسەر دەستی شێخ مەعرووفی نۆدێ لە زانستەکانی مەلایەتیدا حەل بووو مۆری سۆفیانەی کەم پێوە مابوو. لەبەر ئەوە سەختترین بەربەرەکانی مەولانا کە لە لایەن ئەو کرا، بە ئامێرەکانی مەلایەتی و بەڵگە شەرعیەکان بوو نەک بە ئەدەبیاتی عیرفانی و سۆفیانە.

هەواڵنامەی کوردی

جێگەی خۆشی و دەرس وەرگرتنە دەبەر یەکڕاچوونی ئەو دوو کەسایەتیە بەرزە. بەو هەمووە گرژی و توندیە هێندەی پێ‌ناچێ لە سەردەمی دوو پیاوی نیازپاکی دڵگەورە یانی حاجی کاک ئەحمەد و شێخ عوسمانی تەوێڵە هێور بۆوە گەیشتە نوختەیەک یەکدی قەبووڵ کەن حەڕبەیان لە دەستی فیتنەگێڕان ئەستاند کێشەیەکی ئاوەها کە لە بڕێک وڵات جاری وا بووە دەیان ساڵ نەکوژاوەتەوە. لە کوردستان زوو خامۆش بوو، دەبێ بڵێین هەستی ڕێزگرتن لە نەیار بە خۆشیەوە بە درێژایی دەسەڵاتی شێخەکان لە زۆرتری کات هەر ڕاگیراوە لە وانیش‌ڕا بۆ کۆمەڵگای کوردی بە میرات ماوەتەوە.

## مەولانا قەڵای پشتیوانی ناسنامەی کوردە

بزووتنەوەی مەولانا، لە ڕووی سەقافەت و فەرهەنگەوە بوو؛ هیچ بەڵگەیەک لە سەر سیاسی بوونی مەولانا بەدەستەوە نییە، بەڵام هەستێکی کوردایەتی بەقەوەت و هۆگریەکی زۆر بە نیشتمان لە شێعر و نامەکانی مەولانا بە دیارەوەیە١٦. ڕەنگ‌بێ هەوەڵین عالمی دەرەجە یەکی کورد بێ کە شێعری کوردی کوتووە. لە شێعری نالی دەردەکەوێ کە لە زەمانی ئەویش‌دا کوردی گوتن و نووسین بە عەیب داندراوە. بۆیە حاجی قادر وێڕای ئەوەی لە نەقشبەندییەکان خۆشی نایە لە ئەژماردنی شاعیرانی کورد بەر لە هەموو کەس یادی مەولانا دەکا: «هەر لە ئەووەڵ جەنابی مەولانا نەقشبەندی ڕەواقی الاالله»

مەولانا وەک ناسنامەیەکی کوردی وایە کە بیهەوێ و نەیهەوێ لە کاتی خۆی کورد لەو ناسنامەیەی کەلک وەردەگرێ و ناڕاستەوخۆ شوێن دادەنێتە سەر سیاسەتیش. بەر لە هەموو شت ئەو جۆرە کەسانە هەستی خۆبەکەم‌گری و بێ‌وازی لە نێو میللەت دەسڕنەوە و هیوا و هومێدبەخۆ دەخەنە نێو دڵی نەوەکانەوە؛ هەر بۆیە دەبینین ئەو ناسنامە و ئامێرە چەندین جار بۆ سەقام‌گیربوونی کیانی نەتەوەیی دەکار کراوە.

## سەرنجێک لە شۆڕشەکەی شێخی نەهری

چل پەنجا ساڵ دوای مەولانا بزووتنەوەکەی ئەو کە بە یاسای سرووشتی دەبوو سەر بۆ سیاسەتیش بکێشێ لە«شێخ عبیدالله»ی شەمزینی خۆی وەدەرخست. لەبنەڕەت‌دا ئەو بزاڤە بە لێکەوتەی چاک و خراپەوە بووە هۆی بەهێزبوونی شێخایەتی جا ئەو هێزگرتنە لە نێو هۆزێکی دڵپاک و بەئیمان وەک کورد دەکرا ببێتە ئامێرێک بۆ هەستانەوەی کورد و چەسپاندنی ڕەسەنایەتی ئیسلامی، دەشکرا ببێتە ئامێرێک بۆ داکوژاندنەوەی چرای ڕۆشنبیری و زانست و هەستی نەتەوەیی و زۆر لە بەها بەرزەکان تەنانەت خواناسی دەروونی و دینداری ڕاستەقینە و هەروەها دەشکرا بۆ ڕەونەق‌دان بە خورافات و چەوساندنەوە لەژێر پەردەی ئایین کەلکی لێوەرگیرێ. تەریقەتی نەقشبەندی هەردووک باری لێکەوتۆتەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا ویستی بۆ هەستانەوەی کورد و ڕێبازی«اهل سنت» و سەرخستنی شەریعەت بەگشتی کەلک لە شێخ و مریدایەتی وەرگرێ، وەک نووسەری ئاغا، شێخ، دەوڵەت گوتویە١٧ لە شێخ عوبەیدوڵڵا بەو لاوە شێخەکان جێگای میرەکانی کوردیان گرتۆتەوە. شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ سەلامی بارزان، شێخ سەعیدی پیران لە نێو قادرییەکانیش شێخ سەعیدی کوڕی حاجی کاک ئەحمەد، شێخ مەحموودی مەلیک و چەند کەسێکی تر پێیان ناوەتە نێو گۆڕەپانی سیاسەت و خەرقە و کەشکۆڵی شێخایەتیان کردووە بە چەک‌وچۆڵی خەباتگێڕانە.١٨ لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بگوترێ شێخ عوبەیدوڵڵا تازەگەریەکی نەکردووە و بە تەبیعەتی شێخایەتی ئاسایی جووڵاوەتەوە، تەنانەت پێم‌وا نییە شەخسی مەولاناش ئەو کەلکەڵە و ویست و مەبەستەی لەسەری‌دا بووبێ هەر بۆیە لە نێو زۆریەک لە ناوەندەکانی شێخیەتی ئەو دەم شێخ عوبەیدوڵڵا بە سەرەڕۆیی و ڕیاسەت‌تەڵەبی ناوزەد دەکرا وە ئەو دەنگ و باسانە لە شێعرەکانی وەفایی‌دا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەشیان لکاندووە بەو ئامۆژگاریە ئاییینەی مەولانا بە سەید تەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا: وەدوای ڕیاسەت مەکەوە.* ئەو ئامۆژگارییەی مەولانا بە دوو مەبەست کەلکی لێ وەرگیراوە، یەکەم: وەک کەرامات بۆ مەولانا حیساب کراوە، دووهەم: وەک مۆرێک بە نێوچاوانی شێخانی نەهری نراوە لەسەر حیسێبی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کورددا. ئەوە لە کاتێک دایە کە مەولانا بێجگە لەو ئامۆژگارییە دینیانە هەمیشە دوو ئامۆژگاری دیکەشی کردوو، یەکەم نزیک نەبوونەوە لە ناوەندی دەسەڵات و دووهەم نزیکی نەکردن لە شیعەی ڕافزی بەتایبەت دەسەڵاتدارەکانیان.

بە کورتی دەسەڵاتداریی شێخەکان کە ئاکامی بزاڤە تەریقەتیەکەی مەولانا بووە لە سەردەمێک‌دا ئەرکێکی نیشتمانی گەورەیان کەوتۆتە ئەستۆی. ڕاسانیان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە بۆ لێکۆڵەرەکان بەجێ‌ماوەتەوە.

لە ڕاستی‌دا شێخ عوبەیدوڵڵا وەک لە کتێبە شێعرەکەی «مثنوی ثانی» دەردەکەوێ باوەڕێکی قووڵی بە ئیسلام و بە ڕێبازی نەقشبەندی و بە مەولانا خالید هەبووە و لە شێخایەتییەکی ڕەسەن چی کەم نەبووە، بەڵام تەکلیفێکی ئەو دەم بۆ جیهاد و غەزا دژ بە ڕووسەکان کەوتۆتە سەر شانی. پاشان لە ئاکامی«تجاوب» لەگەڵ ڕووداوەکان پاڵی پێوەناوە بۆ درووست کردنی قەوارەیەکی کوردی لە ناوچەکەدا وای لێکردووە دەوریکی مێژوویی لە ڕووی سیاسیەوە ببینێ بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لەگەڵ دەربارەکان و باڵوێزخانەکان زەدوبەندی کردووە، کە بۆ شێخایەتی و مەلایەتی ئەو دەم ئەو هەڵوێستانە قووت نەچووە.

(لاپەڕەی ٥٠ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا- محەممەدباقی)

کاردانەوەی خراپی دەسەڵاتی باڵای شێخەکان لە کوردستان لێکەوتە و تیشک هاوێژی بزاڤی سۆفیانەی مەولانا، قوت بوونەوەی دیمەنێکی نیگەتیڤیشی لە شێخ و موریدانی، لە لای هێندێک لە شێخ و خەلیفە و مرید و مەنسووبەکان لێ وەدەر کەوتووە. ئەوەش وەک باقی لێکەوتەکان(عوارض) ناڕاستەوخۆیە و بەدەرە لە نیازی دانەرەکە وەک مەولانا بوبێت، بەڵکوو هەڵ‌ومەرجی کۆمەڵایەتی سەردەم و نیازی نەسلەکانی دوایی ئەم بەرهەمە دەخولقێنێ. ئەو دیمەنە نیگەتیڤە لە سەردەمی مەولاناش سەری هەڵداوە. یەکێک لە کێشەکانی مەولانا ئەو دیاردەیە بوو پاش مەولانا سەقام گیرتربوو.

لە زمانی گەورەپیاوانی کورد چەن بەڵگەیەک لە سەر ئەو دیمەنە دزێوەش دەخەینە ڕوو.

شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی شۆڕشگێڕ لە کتێبە شێعرەکەی»تحفة‌الاحباب» ئاوامان بۆ باس دەکا: دوای ئەوەی سەید(مەبەستی سەید تەهای باوکێتی) لە دنیا دەرچوو مەولاناش ڕۆیی بۆ شام و کاری شێخ و خانەقاکان لەسەر تەوەر و بستە لاچوو. حضرت خالد چو نقل آمد به شام کرد سید نیز فردوسش مقام

در حقیقت کرد تاثیری کثیر انتقال این دو ذات بی‌نظیر
...
با همین می بود اولی از جهات تاکه ماذونان حضرت در حیات
از خلفایش چو خالی شد جهان صورتی دیگر گرفت این خاکدان
گشت در هر خانقا امر مدار جلب دنیا و جلال و افتخار
(ل ١٢٨ تحفةالأحباب-انتشارات حسینی ارومیه)

برازای مەولاناش شێخ ئەسعەد ساحیب کە نامەکانی مەولانای کۆ کردۆتەوە بە ناوی بغیةالواجد...

ئەو شێخایەتییەی سەردەمی خۆی بە توندی کوتاوە: بە تەنبەڵی و مفتەخۆری لە نێو خەڵکدا خۆیان بە چاک هەڵدەخەن لە باتڵاقی نەزانی‌دا گیرن بە نزیک بوونەوە لە حکوومەت لە ڕیزی زانایانی دینی کەم دەکەنەوە بەتایبەت ئەوانەی خۆیان بە شێخ دەزانن و خەریکی ئیرشادن- ل١٧ رسالةالأعلام و الأرشاد-مەلا هادی ئەفخەم زادە

حاجی قادریش کە بە پەنجا ساڵ دوای مردنی مەولانا زۆر شوێنی کوردستان بە فەقێیەتی گەڕاوە، لە ئاخری‌دا لە کۆیە نیشتەجێ بوو. قسە لە «شێخانی بێ پۆ» لە «شارەکەی کۆ» دەکات کەسیش نێو بردە دەکات هەر بە دەستی ئەوانیش دەرکراوە و پەڕیوەی هەندەران بووە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانیش کە بۆخۆی شێخی قادری بووە و زۆربەی شێخە نەقشبەندییەکان خۆش ویستووە لە تاریفی مەلا عەوڵای جەلیزادەدا دەڵێ:

حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە
با وجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەت شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو
ئەو بە یەک ئیبلیس لە جەننەت دەرپەڕی

کە مەبەستی ئەوانە بوون کە لە کۆیە دژی ئەو عالمە ئەدیبە گەورەی لە خوداترسە بوون لە نێویان‌دا شێخیشیان تێدابووە.

دیاردەی دژێوی لایەنی خەسارەتمەندی شێخایەتییەکە لە شێعری وەک مەلای گەورە خۆ دەنوێنێ. (مەلای گەورە) مەلا محەممەدی جەلیزادە ئاوا دەڵێ:

خالیدی شارەزووری سەر لە قەبری بێنەدەر
تەماشاکە قەومی تۆ چ دەردێکیان هاتە سەر

### شێخە گەورەکان و رووحی لێبوردەیی کورد

شێخایەتی دوای مەولانا وەکی باس کرا زیاتر بە دەستی دوو کەس وە ڕەواج کەوتووە، یەکیان شێخ عوسمانی تەوێڵە، ئەوی دیکەش سەید تەهای شەمزین. بە دووی ئەوانیش‌دا شێخی زۆر گەورە کە بەردەوام دەیان هەزار کەسیان بە دەورەوە بووە هەڵکەوتووە. پیاو حەقی خودا بلێ ئەو شێخە گەورانە زۆر کات نەیاری خۆیان بە سینگفراوانی و دڵگەورەیی وەرگرتووە. بەو هەموو دەس ڕۆیشتوویی و دەسەڵاتەوە کە ئیشارەتێکی ئەوان بەس بوو کە کەسێک لە نان و ژیانیش بخا. هەم شێخەکان یەکتریان قەبووڵ کردووە، هەم ئەو مریدانەی کە وەک دەستەچیلە ئامادەی ئاور گرتن بوون، وەک عەبد و ئاڵقە لەگوێی شێخەکان وابوون، نەیان هێشتووە پێک هەڵپرژێن و لێکدەن. تەنانەت لە تەک مەلایانێکی نوێخواز و شەریعەتمەدار و سەلەفی مەسلەک بە زۆری کات بە هێوری جوڵاونەتەوە. ئەو لێبوردەییە لە مەولانادا یەکجار بەرچاو بووە. لە هیچ‌کام لە نووسراوە و نامە و شێعری‌دا لە سنووری ئەدەب و نەزاکەت نەترازاوە. ئەو هەمووە هێرش و بە کافر زانین کە نەیارانی دەرحەقیان کردووە کاری تێنەکردووە کە قەڵەمی بەرەو دەستەوەکەرێکی رووشێنەر بچەرخێنێ.

نێوانخۆش کردنەوە و ڕێز ڕاگرتنی نێوان شێخ سیراجەدین و کاک ئەحمەدی شێخ، ڕێز گرتنی زۆر و خۆ بەکەمگری هەمان شێخ عوسمان لە بەرانبەر مەلا عەلی قزڵجی١٩، ڕێزگرتنی شێخ عومەری بیارە لە مەلا عەوڵای جەلیزادە لە سەفەری بەغدا٢٠ و داواکاری ڕێنمایی کردن و نێوان خۆشی هەمان مەلا عەوڵا لەگەڵ شێخ عەلی کەرکووکی، دڵ ڕاگرتن و ڕێز لێنانی شێخ عەلائەدین و شێخی حیسامەدین لە مەلا حەسەنی دزڵی٢١، نامە گۆڕینەوە و موناسەباتی شێخ ئەمینی بێژوێ و مەلای گەورەی کۆیە٢٢، نێوان خۆشی و حورمەت گرتنی شێخ حیسامەدین و شێخ عوسمان، دوایی لە ئایەتوڵڵای مەردووخی سنە٢٣ هەروەها نێوانی بەینی قانیع و شێخ عوسمانی دوایی٢٤. ڕێزگرتنی حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی و خەلیفە مەلا عەلی زەنبیل و شێخەکانی دۆزەغدەرێ لە مەلا هادی سەرا٢٥.

ئەو نێوان و حورمەت گرتنانە هەمووی لە بەینی شێخەکان و مەلایانێکی غەیرە مرید یا دژ بە شێخەکان ڕابردووە لە کاتێک‌دا کە شێخەکان دەستی باڵای کۆمەڵایەتی و سیاسیان بووە. کەسایەتییەکی وەک کاک ئەحمەدی سولەیمانیش کە بۆ ئەو باسانە نابێ و لەو سنوورانەی تێپەڕاندووە، هەر ئەوەندەی پەسەندی حاجی قادری کۆیە و مەلای کۆیە بووە بەسە بۆ بەرزییەتی کەسایەتی ئەو «ئینسان»ـە.

حورمەت ڕاگرتنی زۆرێک لە مەلایانی موکریانیش لە لایەن شێخەکان و برێک لە خەلیفە دڵپاک و عاقڵەکانیانەوە، هەر وەها مرید و مەنسووبە بەڕاستییەکانیان دەبێ بخەینە سەر ئەو لیستە کە لە حەفتا، هەشتا ساڵی ڕابردوودا دژی تەریقەتەکانیان زۆر تێدا بووە، بەڵام دەشتوانین زنجیرەیەکی دووردرێژ لە ئاکار و ئاساری هێندێک لە شێخەکان بە بەنەوە بکەین کە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی حاکم تێکەڵاویان بووە و بوونەتە بەربەستی وشیاری و بێداری خەڵک. مەلا تێکەیشتووەکانیان بوغزاندووە و خەڵکیشیان سڕوکڕ کردووە.

### سۆفیگەری لە بەرانبەری نوێ کردنەوە و ڕاست کردنەوەی ئایینی

ڕابوون و بانگەوازی مەولانا بوو بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئایینی لە کوردستان بکەوێتە دەستی شێخەکان. ئەو دەسەڵاتە لە دنیای قەدیمی پێش هەرەس هێنانی وڵاتە سەربەخۆ ئیسلامییەکان پێش دزەکردنی ئەندێشە و هونەر و سیاسەتی ئورووپاییەکان بە زۆری بۆتە پاڵپشت و ناسنامەیەک بۆ کورد. وێڕای خزمەتی ئیسلام و ڕێبازی « اهل سنت و جماعت» خزمەتی بەرژەوەندی کوردیشی کردووە. بەڵام بە سەرهەڵدان و وەدیار کەوتنی سەر و سەکوتی تازەگەری ئورووپایی«تصوف»ی کوردستان نەیتوانی خۆی لەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕە هزری و کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخا. لەو وەختە ئاستەمە ڕەوتێکی لاوازی نوێ کردنەوە و ڕاست کردنەوەی ئایینی هاتە ئاراوە کە قەیرانەکانی سۆفیگەری چارەسەر بکا. ئەو ڕەوتە ڕەنگە بەو بەیتەی موفتی زەهاوی سەری هەڵدابێ:

لاتدع بازالله ولا أسدا لاتشرک بعبادة ربه احدا

بیر و هزری زەهاوی٢٦ داخوا چی‌دیکەشی لە خۆی حەشار دابوو کە هەر ئەوەندەی دەربڕیوە. پاشان لە سێ کوچکەی

چاکسازی و نوێخوازی کۆیە یانی مەلا عەوڵای جەلیزادە و حاجی قادری کۆیی و مەلا محەممەدی جەلیزادە گەلالە کرا و مەلا محەممەدی جەلیزادە لە بیست و سییەکانی زایینی بوو بە دەمڕاستی ئەو تەیارە و بە ڕاشکاوی بانگەوازی ڕاست کردنەوە و نوێ کردنەوەی ئیسلامی دەربڕی.

ئەو ڕەوتە چەندین نوێنەری دیکەشی تاک و تەرا لەولا و ئەولا پەیدا کرد. تا ڕادەیەکی زۆریش بانگەوازەکەیان کاریگەری لە سەر ڕەوتی ئایینی و نیشتمانی دانا کە لە لایەن نەیارەکانیانەوە بە «وەهابی» ناسران، بەڵام بە تەئکید ئەو سەلەفییەتەی کوردستان لەگەڵ ئەو سەلەفییەتە ویشکەڵاتووەی ویشکاڕۆی حیجاز کە لە نێو حەنبەڵییەکان سەری هەڵدا جیاوازی هەبوو. بەداخەوە ئەو ڕەوتە چاکسازییە ئایینییەی کوردستان کە مایەی عەقڵانی و ئازادیخوازی و ڕووناکبیری و نیشتمان پەروەریشی زۆر بوو هەر بە لاوازی هات و هەرگیز نەیتوانی ببێتە بەدیل و جێگری تەریقەتەکان. هەرچۆنێک بێ شوێنەواری لە سەر مێژووو و فەرهەنگی کورد دانا، یارمەتی ڕەوتی بووژانەوەی کورد و ڕێک کەوتن لەگەڵ دونیای هاوچەرخیشیدا، بەڵام بەداخەوە تەنانەت وەک ڕچەیەکیش درێژەی نەبوو. وەچەکانی نیشتمانی وەخۆ نەگرت، میراتەکەشی لە نێوان تەیارەکانی دیکە بەتاڵان چوو. قەت ڕابەرێکی بەقەوەتی هەڵسووڕێنەر یا کۆتلەیەکی هاوتەریبی هاوئاهەنگیان بۆ درووست نەبوو. تا وای لێهات تاقم و دەستەجاتی تووندڕەو بۆ ماوەیەک گۆڕەپانەکەیان داگیر کرد. ئێستا هەندێک ڕووناکبیر و گرووهی تازەی ئیسلامی حەولی ئەوەیانە ئەو زنجیرە پس پسە لێک گرێ دەنەوە و درێژەی پێبدەن.

## چەند ئەگەر و پرس لە سەر دەسەڵاتی شێخەکان

لێرەدا چەند ئەگەر و پرس دێتە ئاراوە. هێندێک لایان وایە ئەگەر شێخەکان دەسەڵاتی ژووررووی ئایینیان نەکەوتبا دەست ئەو دەسەڵاتە دەکەوتە بەر دەستی مەلاکان و ئەوکات زووتر لە ڕۆشنبیری و زانیاری نوێ نزیک دەبوونەوە. چاکسازی ئایینی زووتر پێدەگەیی. ڕەوتی خۆگرتنی قەوارەی سیاسی بۆ کورد بە پشتیوانی ڕۆشنبیری و چاکسازی ئایینی خێراتر دەگیرسا. ئەو گرێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زووتر دەکراوە و دەڕەوێ. لە لایەکی دیکەشڕا بیرۆکەی مارکسیستی ڕەنگە هێندەی قورسایی نەخستبا سەر بزاڤی نیشتمانی خەڵکەکەش لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و هەڵ کردنی لافاوی پچڕانی قەید و بەندەکان و شل بوونەوەی هێزی ئایین و نەریت تووشی قەیرانی داڕووخاوی دەروونی و تێکەولێکەی ئەخلاقی و هەرچی باداباد و «فوضی» نەدەبوون. وەک «ئەگەر» لە هەمبەر دەتوانرێ ئەو پرسەش بێتە گۆڕێ: ئەگەر دەسەڵاتی ئایینی مەلاکان لەوە زیاتر بوایە کە هەیان بوو، زۆر قورس‌تر خۆیان داسەپاندبا بۆ سەر خەڵک، بیر و هزری نوێخوازان و ڕووناکبیرانیان پشکنیبا، بەکافر زانین تووندتر لە پێش‌دا هاتبا ئاراوە، شەریعەت‌بەدەستەکان ببوانە مل‌کەچی حاکمەکان، یا دەستیان خستبا نێو دەستیانەوە، یا خۆیان حوکمەتیان کردبایە ئایا پیس‌تر لەوەی پێشێ نەدەقەوما؟ ڕەنگ بوو ئەوەندەی شێخەکان لە ڕووی لێبوردەیی و بەسەردا ڕۆیشتن و حوجب و حەیای سەروەری بۆ خەڵکیان بەجێ‌دەهێشت و خۆیان لێ بێدەخڵ دەکرد ئەو مەلایانەی باس کران و لە هەندەران دیتراون بەسەریەوە نەچووبایەن شاخیان لە چاوی خەڵکی کردبایە.

سەرەڕای ماڵ خواردن عەقڵیشیان لێ‌ئەستاندبایەن بە تێ‌هەڵدانی ئاغا و میر و دەرەبەگیشیان دابایەن، بەڵام ئەمن پێموایە ئەگەر ئەو مەدرەسانەی مەولانا خالید و ئیبنی‌ئادەم و مفتی زەهاوی و شێخ عەبدولقادری موهاجیر و حاجی کاک‌ئەحمەد و مەلاعەلی قزڵجی و وێنەی ئەوانەی لێ دەرکەوتووە، تا چەن ماوەیەکی‌تر کە تەریقەتەکان لە برەو دەکەوتن هەر لە گەشەدا بوایەن، بێ‌گومان کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکان، لەگەڵ بیر و هزری نوێ، لەگەڵ لەت لەت بوونی وڵاتی عوسمانی، بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ داگیرکاری وڵاتە ڕۆژاواییەکان، یان لە بەینی بەرداشی شەڕی زلهێزەکان لە خولی یەکەم و دووهەم٢٧ و بنیات‌نانی دەوڵەتی بچووک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەمووو ئەوانەدا هەڵوێستی وریایانەتر و پسپۆڕانەتر هەروەها دیندارانەتریشی دەبوو؛ بەگشتی سوود و قازانجی زورترمان وەدەست دەکەوت.

هۆیەکانی تێک‌چوونی مەدرەسەکان و دامرکانی گڕکانی فەرهەنگی و عیلمی لە سەدەی دوازدە و سێزدەی کۆچی زۆرن، ڕەنگ بێ پەرە ئەستاندنی «تصوف»یش بە یەکێک لە هۆکارەکانی بژمێردرێ کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەوری هەبوو یەکێکیش لە خەسارەکانی تەریقەتەکانی دوای مەولانا بە میرات بوونی شێخایەتییە کە لە بابەوە بە کوڕ دەگات، هەر لەبەر ئەوە شێخانی عالمی گەورە و دەرس‌بێژ زۆر بە کەمی هەڵکەوتوون ئەوەش بە پێچەوانەی تەریقەتەکەی«نعمت اللهی»ە کە کوتمان بە زەمانێکی نزیک لە یەک، لە هیندوستان ڕا زیندوو بوونەتەوە. شێخەکانی نیعمەتوڵلاهی زۆرجار لەگەڵ موجتەهیدەکانی شیعە بەرابەریان کردووە لەبەر ئەوە تا ئێستاش لە ئێران وەک خەتێکی فیکری سەیر دەکرێن، باسەوادیان پتر لە شێخەکانی کورد تێدا هەڵکەوتووە.

## چەن تارمایی و بوومەلێڵ سەبارەت بە کاروباری مەولانا

چەند ڕووداو یاخود چەن ڕوانینێک هەیە کە هەر کام چەن پرسیار ئاراستەی مەولانا دەکەن. بە بۆنەی خۆشەویستی و گەورەیی مەولانا نەتوانراوە ئەو پرسیارانە بە ئاشکرا بکرێن، ئێستا ئەوانە وەک تارمایی، گرفت، ئاڵۆزی وان کە دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆشن ببنەوە یان برەون.

یەکەم: مەولانا لە سەفەری هیندوستان بە ئێران‌دا دەڕوا لە چەن شوێن لەگەڵ ئاخوندەکانی شیعە تێک دەگیرێن، لە شێعری فارسی و عەرەبی هەر وەها لە نامەکانی وەڕەزە لە دەستیان، ئەدی چۆنە لە زۆر شێعرەکانی باس لە دوازدە ئیمام دەکا، هەر وەها لە قەسیدەی فارسی» این بارگاه کیست که از عرش برتر است» بارگای حەزرەتی ڕەزا لە ئەندازە بە دەر دەباتە سەرێ خۆ هەر لە زووەوە»اهل سنت» ڕێزی زۆریان بۆ ئیمامەکانی سەربە بنەماڵەی پێغەمبەر درووودی خودای لێ بێ داناوە. لەوەش ڕا بۆ مەزار و قەبرەکانیان ڕێزیان داناوە، بەڵام ئەوە لە مەولانایەکی کە لە زۆربەی نامیلکەکان و نامەکانی‌دا بەرپەرچی بیدعەت و هەڵبەستراوی مەزەبی دەداتەوە زۆر سەیرە و نەگونجاو دەنوێنێ.

بۆ بابەتی هەوەڵ یانی ناوبردن لە دوازدە ئیمام هەرچەند لە نوسراوە بە وەجەکانی: اهل سنت» باسێکی ئاوەها نییە، بەڵام لە ڕاستی‌دا لە نووسراوە و شێعری زۆر لە زانایانی» اهل سنت» بە تایبەت لە سەدەکانی شەش و حەوت بەو لاوە هاتووە برێک بەسەرەتایەکی خێرخوازانەی لێبوردەییەکی ئایینی دادەنێن بە جۆرێک لە پاش تاریف و پەسنی چواریارەکە، دوازدە ئیمامەکەش

دەخرا زنجیرەی پێدا هەڵکوتنەوە. هێندێکیش بە ڕێخۆشکەری شیعەی دوازدە ئیمامەی دادەنێن. لە هەرحاڵ تاریف و پەسنی بنەماڵەی پێغەمبەر(ص) حەقی بەسەر شیعەوە نییە. یەکێکی وەک مەولانا یا هەر زانایەکی گەورەی دیکە دەزانێ بە چ مەبەستێک ئەوانە دەحوبێنی و تاریفیان دەکا کە وابێ هیچ ڕەخنەیەک نایەتەوە سەر مەولانا و دەزانێ پێدا هەڵکوتنی سوننی مەئابانەی خۆی چلۆن ئاراستەی ئالیبەیت بکا.

بابەتی دووهەم: یانی پێداهەڵکوتنێکی زێدەڕەوانە بەسەر ئیمامی ڕەزا دەکرێ چەند هۆی هەبێ. یەکەمیان دەکرێ مەولانا لە ڕێگای هیندوستان بەرەو ئەو مورشیدەی کە ئێستا نەی دیوە و تاریفی بیستووە بەبیستن و دیتنی زۆرشت حاڵەتی لێ هاتبێ تووشی جەزبە و سەرمەستی و لەخۆ دەرچوون هاتبێ، بەتایبەت بارەگای حەزرەتی ڕەزای بە زێڕ و زەمبەر و شکۆ و عەزەمەتی زاهیری دیتبێ و کاری کردبێتە سەرهۆش و ڕەوان و ئەو دیوی هۆشی شاراوەی و وەک زۆر لە عارفەکان ئەو شێعرەی وەک«شطحات» و قسەی لێک ترازاو هۆندبێتەوە. ئەو وەختە دەبێ حیسابێکی وەک«اناالحق»ـە کەی هەلاج و «سبحانی»ـە کەی بایزیدی بۆ بکرێتەوە، ئەوە بە مەرجێکە کە لە ڕێبازی نەقشبەندی ڕێگە بەو قسانە نادرێ٢٨.

دووهەمیان ئەوەیە کە مەولانا هەرچەندە عالم و عاریفە، بەڵام لێرەدا وەک شاعیرێک خۆی دەنوێنێ. شاعیرەکانیش هەروەک دەزانین ئەهلی خەیاڵ و موبالەغەن لەو حاڵەتەشدا ئەو پێداهەڵکوتنە لە نێو بیر و باوەڕی مەولانادا جێگەیەکی جیددی بۆ تەرخان ناکرێ وەک شێعرێک وەردەگیرێ.

دووهەم: هەروەک تەبیعەتی هەموو بزووتنەوەیەکی دینی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە دیارە نەیار و نەتەویشی هەر بۆ پەیدا دەبێ. زۆریش لەو نەیارانە یان سەر بە داب و نەریتە کۆنە داسەپاو و عادەتە پێکراوەکەن یان بەرژەوەندییەکی تاکە کەسیان کەوتۆتە مەترسییەوە. هەر وەها «حسد» و ئێرەیی دەتوانێ هاندەر بێ. لە نامەکانی مەولاناش دەر دەکەوێ چ ئەو کاتە لە کوردستان بە دامەزراندنی تەریقەتەکەیەوە خەریک بووە چ ئەوکاتە لە شام ژیاوە بەردەوام ناڕەزامەندی لە کاری بڕێک خەلیفە و مرید و مەنسوب ڕاگەیاندووە و هێندێکیشیانی دەرکردووە.

بەڵام لە ناو نەیارەکانی مەولانا دووانییان بۆ ئەوە نابێ سووک و سادە بەسەریاندا تێپەڕی. یەکیان شێخ مارفی نۆدێیە کە کەم پیاوێک نییە. ئەو دژایەتییە توندوتیژە کە بەخۆیەوە لەگەڵ هاوفکرەکانی کردوویانە ڕوون نییە لەسەرچی بووە. لەپاش سەقامگیر بوون و پەرەگرتنی تەریقەتی نەقشی لەهەرچی بڵاوکراوە و نووسراوەی سەر بە مەولانا نووسراوە چ لە لایەن لێکۆڵەرانی وەک شێخ محەممەدی خاڵەوە تەنانەت کەسانی سەربە تەریقەتی قادری وەک سەید تاهیری هاشمی هەموویان عوزر و پاساویان بۆ شێخ مەعرووف هێناوەتەوە. هیچ کامیان دەلیلەکانی شێخ مەعرووفیان بۆ ئەو دژایەتییە بڵاو نەکردۆتەوە، تەنیا مامۆستا «ڕەئۆف تەوەکولی» بە نەزەری خۆی بەبێ پشت بەستن بە سەنەدێک دەڵێ: شێخ مەعرووف لەوە دەترسا کە نەقشیەکان لە سادەیی کورد لە دواڕۆژدا بۆ بەرژەوەندی دنیایی کەڵک وەرگرن٢٩. بەتایبەت ئەو پەژیوان بوونەوەی شێخ مەعرووف کە لە نامەیەکی مەولانا باسی لە سەر دەکرێت تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر نەکراوە٣٠.

کەسایەتی دووهەم لە نەیارەکانی مەولانا، خەلیفەیەکی خۆیەتی کە ناردبووی بۆ ئەستەمبوول کە مەولانا چەند ئەمر و نەهی پێکرد وەری نەگرت، پاشان کار گەیشت بە جێگایەک بە نووسین و کوتن بەربەرەکانی مەولانای کرد. بەداخەوە وەک لە نێو سۆفییەکاندا باوە مەولاناش خۆی لە چەند جێگەی نامەکانی ئاماژەی بۆ دەکا: هەرکەس بە شێخەکەی بڵێ بۆچی؟ قەت ڕزگاری نایە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی حەقی بەرهەڵستکاری شێخەکان بفەوتێ و شێخە نالایقەکانیش لەوە بە قازانجی خۆیان بەهرە وەرگرن. لە هەرحاڵدا بۆچوونەکانی ئەو خەلیفە هەڵگەڕاوەی مەولانا بە ناوی شێخ«عقراوی» بڵاو نەکراوەتەوە تا بزاندرێ ئاخۆ هیچشتێکی شیاوی سەرنجی تێدایە؟ هەر نەبێ شتی بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ ناسینی زیاتری مەولانا و بارودۆخی ئەو دەمی عالەمی ئیسلامەتی و کوردستانی تێدایە. ئەگەر چەن کەسێکی ناسراو بەربەرەکانی مەولانایان کردبێ بەوە لە شانوشەوکەتی مەولانا کەم نابێتەوە. ئەو جۆرە سرپۆش کردنەوە، دیزە بە دەرخۆنە کردنانە ڕێی ناسینی کەسە گەورەکان لە ئێمە دەگرن، هەر بۆیە تا ئێستا هیچ نووسراوەیەکی بەپێز و بە بەڵگە و بوێرانە نە لە سەر مەولانا و نە لە سەر کەسی دیکە نەنووسراوە. بە هومێدی ئەوەی گەورەپیاوانی کورد بە کارە گەورەکانیانەوە بە کەڵێن و قوژبنی مەعنەوی و ئاساییان بگرە بە عەیبەکان و هەڵەکانیانەوە بناسرێن و بناسێندرێن.

## سەرچاوەکان:


١.پێشەکی کتێبی«تقریب‌المرام»ی شێخ قادر بە قەڵەمی فرج‌الله زکی

٢دشعر من و علم جهانگیر شما بی‌فایده تا جای اقامت روم است. هەروەها لاپەڕەی٩٨ «محەممەد ابن عبداللەالجلی وجهودەالعلمیه» الدکتور جواد حیدری

٣.نازناوی شیعری«ابن‌آدم» واجم بووە یانی بێدەنگ و کڕکەوتوو

٤.«سیری در ریاض‌المشتاقین» مەلا حامیدی کاتب- ابوبکر سپهرالدین لە چاپی داوە، ئەو نامە لە لاپەڕەی ١٢٩ هاتووە بە«سرآمد علمای دین...» ناوی لێدەبا

٥.لە شیعرێکی مەولانا وەرگیراوە کە لە ڕێگای هیندوستان هۆندوویەتەوە:
دلم بگرفت ز گفتگوی خام روافض
بدعت‌سرای طوس نه جای اقامت است
بربند بار و قطع سخن‌های خام کن
برخیز و روی دل بدر پیر جام کن
لە قەسیدەی عەرەبیە مەشهوورەکەشی دیسان دێتە سەروکاری ڕافزیەکان:
لاپەڕەی ٥٥٢ یادی مەردان
و اعاذنی من فرقة افّاكة
اعنی روافض آذربیجان‌ألتی
و أجازنی من امةٍ جهّال
هم اشنع‌المخلوق فيی‌الأفعال
لاپەڕەی ٦٤٢ یادی مەردان
لە نامەکانی مەولانا هەروەها لە لاپەڕەی ٣١ یادی مەردان دەرئەکەوێ کە لەگەڵ مەولانا عبدالعزیزی دەهلەوی نووسەری کتێبی بەناوبانگی دژ بە شیعە« تحفة اثنی عشریه» هاتوچۆیان بووە، کاتێ لە هیندوستان بووە ئیجازەیەکیشی لە مەولانا عبدالعزیز وەرگرتووە.

٦. واسیکی نیکیتین نووسەری کتێبی«کردها» «عربها»

٧. لە پێشەکی دیوانی شێخ بەهایی کە سەعیدی نفیسی کۆی کردۆتەوە ئەو ڕستەیە لە زمانی باوکی شێخ بەهایی دەهێنێ

٨. لاپەڕەی ١١٠ کتێبی«شێخ شمس‌الدین برهانی» السالمة من کدورات جهلة الصوفیة...

٩. مەولانا لە بەیتە شیعرێکدا دەڵێ: در شام و مکەات گره از کار وا نشد* من بعد صبح را به ره هند شام کن

١٠. کرد سید قصد رفتن همچنان* سوی هندوستان با همراز جان
چونکه ربط خلق با او بیش بود* خلق را از رفتنش تشویش بود لاپەڕەی ١٤٤

١١.لە نامەیەکی دەستنووسی کاک ئەحمەدی موفتیزادەدا هاتووە(ڕێکەوتی )
لاپەڕەی ١٤٤ی «تحفةالأحباب»یش تماشا بکرێ
١٢. یادی مەردان لاپەڕەی ٢٢
١٣. زرین‌کوب لە کتێبی«جستجو در تصوف ایران» هاتنەکایەی دووبارەی تەریقەتی «نعمت‌اللهی» و«نەقشی» بە دیاردەی«بازگشت» نێوبردە دەکات. لاپەڕەی ٣٠٩ بەولاوە
١٤. لەو کاتەدا لە ئێران بە دوای لە دنیادەرچوونی کەریم‌خانی زەند بۆشاییەکی دەسەڵات هەستی پێکرا
١٥. ئەوانە لە لایەن«عەلیڕەزاشای دەکەنی» ڕەوانەی ئێران کرابوون
١٦. یادی مەردان لاپەڕەی٥٠ هەوڵی ئاشتی بەینی میرەکانی کوردیشی داوە. لە وڵاتی دیکە خۆی بە غەریب زانیوە. بە شوێنەوارەکانی وڵاتی خۆی وەک«بەکرەجۆ»«شارەزوور» و«سەرچناری» ئاماژە دەکا. بروانە لاپەڕەی ٥١ یادی مەردان کە هەوڵی ئاشتی میرەکانی کوردی داوە ئەوەش لە گەشتی«ریچ» گەڕیدەی ئینگلیسی وەرگیراوە
١٧. ئاغا، شێخ، دەوڵەت لە لاپەڕەی ٣٢٩
١٨. لە شیعری کەسانێکی وەک پیرەمێرد«هاتن شەهیدەکان بە جلی سوور و خوێنەوە...» هەروەها شاعیرانی سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ئێران وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا«خۆشیمە لەو شەهادەتی شێخانە نێو بە نێو» باس لە گیان‌بەخت‌کردنی شێخەکان دەکا
١٩. لە سەفەرێکی مەلا عەلی بۆ هەورامان دیداریان لە بەین دابووە و شێخ حورمەتێکی زۆری لە مەلا عەلی گرتووە دیداریان کردووە.
٢٠. شێخ عومەر بە دەستەشێعرێک داوای هاوکاری و دەرس‌بێژی لێدەکا مەلا عەوڵاش جوابی دەداتەوە و عوزر دێنێتەوە بروانە«آداب و رسوم کردان» کۆکردنەوە و وەرگێران مەلا عەزیزی محەممەدپووری داشبەندی سەفەرەکەی مەلا عەوڵاش١٢٩٣ کۆچی بووە.
لاپەڕەی ٩٥ محەممەدبن عبداللەالجلی- دکتر جواد فقەعلی
٢١. بڕوانە دیوانی شێعری مەلا حەسەنی دزڵی کۆکردنەوەی«احمد نذیری»
٢٢. گۆڤاری پەیرەو ژمارە(؟)
٢٣. ژیاننامەی مردوخ بە قەڵەمی خۆی«اتو بیوگرافی»
٢٤. زایەڵەی زرێبار لە مەڕ ئەخلاق و قسەی خۆشی قانیع کۆکراوەی«احمد نذیری»
٢٥. لە چەن بیرەوەرییەکی نزیکانی مەلا هادی و لە چەن نامە و نووسراوەیەکی لای خۆم وەرم گرتووە
٢٦. لەو شێعرەی شێخ ڕەزا ڕەچاو کراوە:
ئەگەر ئیدراکی حەقایق مومکین با بە تەواوی *
مومکین نەبوو ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی
٢٧. شەڕی هەوەڵ و دووهەمی جەهانیە
٢٨. مەولانا لە تاریفی مورشیدەکەی دەڵێ:
بسی چون قطب بسطامی و منصور است در کویش *
اناالحق بر زمان هرگز نمی‌رانند و(سبحانی)
٢٩. تاریخ تصوف در کردستان- توکلی لاپەڕەی ٢٠٢
٣٠. سەید تاهیری هاشمی لە کتێبی«مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی» وەرگێراوی دلێرمیرزا ئەو نامەیەی مەولانا کە لەوێ‌دا نووسراوە شێخ مەعرووف پەشیمان بۆتەوە و پێی ڕاست نییە
لاپەڕەی ٤١ و ٤٢ی ئەو کتێبە
٣١. بڕوانە کتێبی شێخ نورالدین بریفکانی



سید محمد صمدی ـ مهاباد

# توضیحی لازم، به‌عنوان عذر تقصیر

سال‌هاست که به‌هنگام مطالعه‌ی هر کتاب و نوشته‌ای، نکات یا سروده‌هایی که به دلیلی توجهم را به خود جلب می‌کنند، با ذکر منبع و آدرس دقیق یادداشت می‌کنم و در جاهایی که مفید و ضروری بدانم آن‌ها را به‌کار می‌برم. یکی از این منابع، کتاب: قرآن و دانشوران، برگزیده‌هایی از قرآن مجید، نهج‌البلاغه و احادیث معتبر، گفته‌های بزرگان شامل: مسائل اخلاقی، تربیتی، اجتماعی و عبادی، گردآورنده: دکتر عباس بابک، مرکز نشر سپهر، چاپ اول، پاییز ۱۳۷۳ خورشیدی، ۳۰۷ صفحه، بوده‌است. چندی قبل در آخرین سطر صفحة ۱۳٦ این کتاب، بیت زیر را به این شکل دیدم:

بگذار به‌گیتی اثری، زانکه در آفاق
تا چشم به‌هم برزنی، ازما اثری نیست (سعدی).

من‌هم آن را یادداشت کردم تا این‌که در مورد بارندگی و آب‌گرفتگی خیابان‌های شهر موضوعی پیش آمد و من مطلب کوتاهی تحت عنوان «پاسخگوی این اوضاع کیست؟» برای دوماهنامة «بیان»، شماره ٦، شهریورماه ۱۳۹۸خ، فرستادم که در صفحة ٦٨ آن نشریه چاپ شد و ختم نوشتة من، این بیت بود که براساس منبع فوق‌الاشاره نام «سعدی» را هم در زی رآن آورده بودم. روز شنبه۱۸ آبان ۱۳۹۸خ، به دلیل کسالت و سرماخوردگی مجبور به استراحت در منزل بودم که ناگهان فکرم متوجه این بیت شد. تمامی منابع معتبر مربوط به سعدی را به دقت بررسی کردم و این بیت را نیافتم! بالاخره بعد از جستجوی زیادی، متوجه شدم که روحانی زنده‌یاد، میرزامحه‌ممه‌دعلی مدرس خیابانی تبریزی (مشهور به: مدرس خیابانی (۱۲۵۸- ۱۳۳۳ خورشیدی)، در صفحة ٦ جلد هشتم از یکدوره کتابش به‌نام « ریحانه‌الادب فی تراجم المعروفین بالکنیه و اللقب»، که شرح حال نزدیک به ٤٧٠٠ شخصیت ادبی و دینی است، این بیت را خطاب به فرزندان خود سروده‌است. این کار باعث شد که بار دیگر نگاهی سطحی به همان کتاب (قرآن و دانشوران) بیندازم: در صفحة ٤٥ کتاب، سروده‌ای از جامی به‌نام سعدی ثبت شده، در صفحة٤٦ بیت (شکوهی نماند در آن خاندان...) که داستانی شنیدنی دارد و به‌نام فردوسی و سعدی و... در منابع مختلف آمده، در این‌-جا هم به نام سعدی ثبت شده که در اصل نه از سعدی است و نه‌از فردوسی!، در صفحة٤٩ شعر: بیا تا قدر یکدیگر بدانیم... مولوی، به‌اسم سعدی آمده، در صفحات٤٣، ٥٩، ٦٦، ٩٦، و... نیز به همچنین!! شعر: «ما آبروی فقر و قناعت نمی‌بریم/ با پادشه بگوی: که روزی مقرر است»، بر اساس مندرجات صفحة۱۲۲ کتاب: مولانا خالد نقشبندی و پیروان طریقت او، روان‌شاد دکتر مهیندخت معتمدی، نشر پاژنگ، چاپ اول، ۱۳٦٨خ، به‌نام: شیخ عمر ضیاءالدین نقشبندی‌آمده‌است که گویا در پاسخ به فرستادة ناصرالدین شاه قاجار که پیشنهاد دادن مقرری کرده‌بود، این بیت نوشته‌شده، یعنی دکتر مهیندخت معتمدی هم اشاره به‌شاعر اصلی این بیت نکرده‌است، اما در صفحة ۹٦ کتاب قرآن و دانشوران به‌نام سعدی ثبت شده‌است، لازم به یادآوری است که این بیت مشهور، از «حافظ» است. در صفحة٤٣ شعر: «فقیه مدرسه دی مست بود و فتوی داد...» که اظهرمن‌الشمس است که از حافظ است، به «اوحدی» منسوب شده‌است. البته هیچگونه اطلاعی هم ندارم از این‌که شاید چنین بیتی از اوحدی بوده و حافظ آن را «تضمین» کرده باشد. در هر صورت هدف از این همه صغری و کبری چیدن‌ها این است که به اهل تحقیق بگویم، این بیت «بگذار به‌گیتی اثری... » را من براساس چنین نوشته‌ای به سعدی نسبت داده بودم. بدینوسیله آن را اصلاح می‌نمایم و من‌بعد سعی خواهم کرد حتی در مورد منابع بسیار معتبر هم شک داشته باشم و وقتی به‌یقین رسیدم، اقدام به نوشتن کنم. به قول استاد زنده‌یاد دکتر غلامعلی رعدی آذرخشی (۱۲۸۸- ۱۳۷۸خ):

ز مذهب‌ها گزیدم طُرفه دینی
یقین در شک و شک در هر یقینی!

هاجەر هووشیار - بۆکان

# دۆن کیشۆت

## ڕاسپاردەیەک لە سەدەی ناوینەوە بۆ دونیای ئێستا



لێدوانم لە سەر ڕۆمانی دۆن‌کیشۆت بە کورتەباسێک لە سەر واتا و ڕۆڵی شوالیە یان سوارچاک کە خود قارەمانی ڕۆمانە؛ دەست پێدەکەم چونکە تەواوی ڕۆمان لەسەر کەسایەتی ئەو ساغ بووتەوە و هەروەها یۆتۆپیا کە دنیای دڵخوازی سوارچاکە.

**شاسوار:**

بنەمای دەستەواژەی شاسوار ـ شوالیە ـ ( بە فەرەنسی cheralier) بە واتای ئەسب‌سوارە و لە ناوی ئەسبەوە (cheral) وەرگیراوە. ئەم کەسایەتییە پلەوپایەیەکی ڕواڵەتی سەدەکانی ناوەندی لە ئورووپادا بووە. ئێستا تەنیا سەرناوێکە کە جگە لە بەریتانیا لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپادا هەڵگیراوە و هیچ واتایەکی فەرمی یان ئیداری نییە. لەو زەمان هەندێ لە سوارچاکەکان سەرکردایەتی دەستەی سوارانی سپایان لە ئەستۆ بووە. کەسانێک کە ویدەچوو ئازاتر و بوێرتر بووبێن و هۆی شانازی وڵاتەکەیان بوون. پێویست نەبوو شاسوارەکان قۆشەنی نیزامی بن. شاسوار خۆی گۆرەپانی ئەزموونەکەی هەڵدەبژارد و پێناسەی خۆی بە دڵخواز بیچم دەدا. بەسەرهاتی ژیانی سوارچاکی سەدەگەلی ناوین، بەپێی ئەو گۆرەپانەی کە خۆی هەڵی‌بژارد بوو دەگۆردرا. هەڵبەت ڕووداوەکانی ژیانی لە سەر ئۆتۆپیایەک کە تەنیا لە زەینی خۆی دایە هەڵدەبژێری. جێی سەرنجە کە ناکرێ بەسەرهاتی ژیانی سوارچاک پێشبینی کەی.

**یۆتۆپیا ـ شاری خەیاڵی ـ و تایبەتمەندییەکانی:**

یۆتۆپیاخوازی بریتییە لە گیرۆدەیی مرۆڤ بۆ سازکردنی ئارمانی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێک یان خود خەیاڵ‌پەروەری هەر لەم دۆخەدا. بنچینەی وشەی یۆتۆپیا (utopia) یۆنانییە و بە مانای ـ جێگایەک کە نییە ـ یانی کەس‌نەزان‌ئاوا، شاری خەیاڵی. یۆتۆپیا دیاردەیەکە لە ڕاستییەکی ئارمانی و بێ‌کەموکوڕی. هەر وەها دەتوانێ نیشاندەری هەقیقەتێکی دوورەدەست بێ. ئەفلاتوون یەکەم فەیلەسووفی ئارمان‌خوازە، وەکوو نوێنەری ئەندێشەی وڵاتانی خۆرئاوا. لە ڕوانگەی فەلسەفەی یوونانییەوە ڕووحی کۆمەڵگا دادپەروەرییە. داد، یەکێکە لەو چوار فەزیلەتەی شاری خوازیاری ئەفلاتوون و سێ فەزیلەتەکەی تر بریتین لە حیکمەت (فەلسەفە)، بوێری و خۆڕاگری. هەڵبەت دادپەروەری لە نێوانیاندا لە هەموویان بەبایەختر و گرینگترە. بەپێی باوەڕی ئەفلاتوون، شاری دادپەروەر لە پلە و پایەی مرۆڤی دادپەروەر دایە و وەها مرۆڤێک دەبێ و دەتوانێ میری خۆی بێ و لە سەر خۆی دەسەڵاتداری بکا. ناخی ئەم شارە و هەروەها هەموو نهێنی و نادیارییەکانی و کەلێن و قوژبنەکان، لە ئاشتی و هاودڵییەوە پێک هاتووە. هاوئاهەنگی لە ڕواڵەت و لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی ئەم شارە، دیاردەیەکی لەبەرچاوە. فاراُبی، ئامانج و دەرئەنجامی شاری ئارمانی لە گەیشتن بە بەختیاری‌دا دەزانێ.

**ڕێندنامە ( رندنامە ) یا پیکارێسک:**

ڕێندنامە چەشنێکی ئەدەبییە کە دەتوانین بڵێین باوای ڕۆمانی ئەمڕۆییە. ئەم چەشنە نووسینە لە ئێسپانیا سەری هەڵداوە. لە باری ڕەوشی گێرانەوە، ڕاست‌بینانەیە و پێکهاتەکەشی چەند بەشییە. یانی زنجیرەیەک لە ڕووداوەکە بەپێی ئەوەیکە تەنیا بۆ کەسێک پێش‌دێ؛ بە شێوەی یەکدەست کۆ دەکرێتەوە. لە ڕوانگەی کاریگەربوونی لە سەر خوێنەر ئاوێتەی هەجوە یان هەمان فرویژی. دۆن‌کیشۆت ڕۆمانێکە لە شێوەی ڕێندنامە و دەتوانین بڵێین یەکەمین و گرینگترین ڕۆمانی هاوچەرخە. هەر بۆیەش وەکوو بابی ڕۆمانی هاوچەرخ دەناسرێ. ئەم ڕۆمانە وەکوو پاچکەیەکی ئەدەبیاتی کلاسیک دەرکەوتووە. زۆربەی ڕەخنەگران لە سەر ئەوەن کە دۆن‌کیشۆت یەکەمین ڕۆمانی مۆدێرنە و یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکانی دونیا. شازادەی بلیمەتی و لێهاتوویی، وەکوو سەرناوێکە بۆ سێروانتسی نووسەر.

من ئەو باس و بابەتانەم لە خوێندنەوەی دۆن‌کیشۆت‌دا لە یەکتر جیا کردووەتەوە:

**یۆتۆپیای دۆن کیشۆت چییە؟:**

دۆن‌کیشۆت ئەو سوارچاکە بەتەمەنەی کە خووخدەی شێتانە و بیروهزری ژیرانەیە بە دوای چی‌دا وێڵە؟ گۆرەپانی دۆن‌کیشۆت چییە و خولگەی ئەزموونەکانی کامانەن؟! هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ ئەو ڕاسپاردەیەکە و هاتووە تا دەستگیرۆیی لە هەتیوەکان بکا و سزادەری خراوکاران و خەڵاتکەری بێ‌دەمارەکان بێ. پشتیوانی کچانە و بە کورتی و گشتی هاتووە تا دادپەروەری لە دونیادا بێنێتە دی.

لە دونیای ئەمڕۆدا، دادپەروەری بە هۆی لایەنگری و قازانج‌خوازی، دەست‌بەسەر کراوە و یاسای سەرەڕۆیی بەسەر ڕووحی دادپرسەکان‌دا زاڵە. دۆن‌کیشۆت دونیای خۆی دەخولقێنێ؛ دونیایەکی نوێ. ئەگەرچی ڕەنگە نوێ نەبێ بەڵام ئەوەی لە نێو وتەکانی‌دا دەبیسترێ و لە ئاکاری‌دا دەبینرێ بۆ جەماوەری دەورووبەری خۆی نوێ دەنوێنێ چونکە یا ئەم خولیا و حەزانە لەبیر چوونەتەوە یان سواون و ڕەنگدانەوەیان نەماوە.

گوێمان لە هاواری بوێری دۆن‌کیشۆت دەبێ. ئەو کەسەی کە نە لە دێوودرنج دەترسێ و نە گوێی لە کوتان خواردنە. سینگی وەپێش دەخا و بە هیوای ڕووبەڕوو

بوونەوەیە لەگەڵ شێر واتا سوڵتانی دارستان. لەپێناو ئامانجەکەی، هەست بە برسییەتی و توونییەتی ناکا، هیچ کێشەی نییە کە جێی خەوی گاشەبەردێک بێ لە نێو چیا و سەوزەڵانی یان لە سەر چەند تەختە و کۆگایەک کا لە کاروانسەرا واتە هەمان کۆشکی خەیاڵینی خۆی. گرینگ ئەوەیە کە ئەو نابەزێ و ورەی لە سەر هەموو کەندوکۆسپەکان‌دا زاڵە و تەنانەت ماجوومێکی دەسکرد ساز دەکا و زام و برینەکانی پێ هێور دەکاتەوە. دۆن‌کیشۆت سرووشت خۆشەویستە و پێی وایە دەتوانێ پێداویستییەکانی لەوێ دابین کا و بەرەو ڕێگایەکی نادیار بڕوا کە چارەنووس بۆی دیاری کردووە .

دۆن‌کیشۆت پێی وایە خاوەخاویی و زەین‌کوێری بەسەر هەوڵ و گورجوگۆڵی‌دا زاڵە و هەروەتر بێکاری و خوێڕیلەیی لەسەر کار و تێکۆشان. خەوش و پەستی سەرکەوتوو ترە لە پارێزیاری و فەزیلەت. هەروەتر بێ‌شەرمی لە چاو پیاوەتی پلەی بەرزترە.

گەرچی تووشی چەرمەسەرییەکی زۆر دەبێ بەڵام وەدوای حەقیقەت و ڕاستی دەکەوێ و دڵنیایە کە پێی دەگا. ڕاستییەک کە لە ڕوانگەی خۆیەوە بەپێی ئاماژەی، گەرچی ناسکە و ئەگەری شکانی هەیە بەڵام هیچکات ورد نابێ و هەروەکوو ڕۆن کە لە هەموو کات‌دا لە سەرەوەی ئاو ڕادەوەستێ، هەقیقەتیش هەمیشە لە سەرووی درۆیە و هەر وەها ڕوون و دیارە. دۆن‌کیشۆت دەزانێ کە ژیان کایەیەکە لە شێوەی شەترەنج هەر بۆیەش دەبێ ئاگادار بین فریوی ڕواڵەتی شتەکان نەخۆین و تاقیکاری و ئەزموونمان بێ، تاکوو تووشی هەڵە نەبین.

دەبێ فەرمانڕەوای وڵاتێک چۆن بێ و خاوەنی کام خوو و دڵ و دەروون بێت؟ وڵاتێکی ئازاد و سەربەست و دادپەروەر چ تایبەمەندییەکی هەبێ؟ ئێمە ئەو بەشە، لە ئامۆژگارییەکانی‌دا کە بۆ سانچۆی دابین دەکا دەبینین. ئەو کاتەی کە سانچۆ بۆ فەرمانڕەوایی لە سەر دوورگەیەک هەڵبژێردراوە:

ـ ترس لە خودا لە سەرووی هەموو کارێکەوەیە چونکە ئاوا تووشی هەڵە نابین. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر باوەڕی ئایینی دۆن‌کیشۆت وەکوو شاسوارێک و ڕەنگە تەنانەت خودی سێروانتسیش.

ـ خۆناسین، لەبەر ئەوەیکە ناسینی خۆمان لە وەدەستهێنانی هەموو زانست و فەزیلەتەکان چەتوونترە.

دۆن‌کیشۆت باوەڕی بە چینی کۆمەڵایەتی هەیە و لە زۆر جێگادا دان بەوە دادێنێ کە شەرەف و خووخدە و ئاکاری جوان، پلەوپایەت بەرز ڕادەگرێ؛ ئەگەرچی لە چینی خوارێی کۆمەڵگادا بی و ماڵ و سامانێکت نەبێ. چونکە ڕەگەزمان بە میرات پێمان گەیوە بەڵام شەرەف و فەزیلەت، خۆمان بەدەستی دێنین و ئەوەیە کە بایەخ و بەهای زۆرترە. ململانێی نێوان نەدارەکان و سامانداراکان لە زۆر جێگادا باس کراوە.

ـ یاساکان بەپێی دڵخوازی خۆت شرۆڤە مەکە چونکە ئەوە ڕەوشتی نەزانەکانە کە پێیان وایە ئەوان بە وردی لە هەموو شت دەگەن.

ـ دادپەروەری ئامۆژگاری هەرە گەورەی دۆن‌کیشۆتە بە سانچۆ کە دەبێ هەم ئاگای لە بەرتیلی سامانداراکان بێ و هەمیش ئاگای لە گریان و هاواری لێقەوماوان. بەزەیی، دەتوانێ ویشکی و ڕەقوتەقی یاساکان لەناو ببا و جەماوەریش ڕازی کا. دادپەروەری تەنانەت بۆ دوژمنانیش دەبێ ڕەچاو بکرێ. دەڵێن برینی خەنجەر ساڕێژ دەبێ بەڵام برینی زمان نا؛ کەوایە بە زمان کەس ئازار مەدە.

تەواوی ئەم ئامۆژگاریانە، دەبێ وەکوو قسەیەکی نەستەق چاوی لێ بکا و ڕەچاویان کا. ئەوانە کۆی ئەخلاقی شاسوارێکن.

**ڕوانینێکی دەروون‌ناسانە بۆ ژن لە ڕۆمانی دۆن‌کیشۆت‌دا:**

سێروانتس کە باسی ژن دەکا لە جوانییەکەی دەدوێ. زۆر جاریش، جوانی ڕواڵەت و ناخ و دەروونی ژنان یەک دەگرێتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی جەماعەتی دنیای ڕۆمان. بەڵام ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوەیە کە سێروانتس لە سەر ئەو باوەڕەی کۆنی ئەدەبیات و ئایین و فەرهەنگەیە کە لە سەر ژن دەدوێ یانی «ژن ناتەواوە»، ژن وەکوو شووشە ئەگەری شکانی هەیە. نابێ شەرەف و حەیای ژنان تاقی کرێتەوە. چونکە قەڵای دڵ و فکری ژنان زوو دەڕووخێ. دەبێ بە ناوبانگی پاکی و خاوێنی و حەیای ژنان ڕازی بی و هەوڵ بدەی تاکوو عەیب و نوقسان و کەمایەسی ئەخلاق و هزری ژنان بەردەپۆش کەی. ئەگەرچی لەباری ئەرێنییەوە لێی‌بڕوانی دەتوانێ پەیامێکی ئەخلاقی تێدا ببینییەوە هەڵبەت بەو مەرجەی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە ڕەچاو کرێ.

ئەو ژنانەی کە جوانن، ساماندارن و ئاقڵ، بەڵام کە باس لە ئەوین دەکرێ زۆریان هەڵخەڵەتاون . گەرچی بەدڵنیایی نازانم تای تەرازوو لە سەر ژنان، لەباری ئەرێنییەوە دانێم یا نەرێنی، بەڵام لە هەر دوو لایەنەوە لێیان دەدوێ بۆ وێنە لە چیرۆکی مارسێل، کچە شوانەکە، کە یەکێک لە جوانترین بەشەکانی ڕۆمانە، بەڵگەکانی مارسێل زۆر بە وردی و جوانی دێنێتەوە. باسی لە سەر ئەوین، مافی هەڵبژاردن، جوانییەکانی ژیان، خۆپاراستنی لە چاوی ناپاک. مارسێل تەرکە دنیایە چونکە باوەڕی وایە ئازادیی خۆی لەو تەنیاییە و لە ناو سرووشت‌دا دۆزیوەتەوە نەک لە نێو ئەو جەماعەتەی کە تەنیا و تەنیا جوانی ڕواڵەت و ماڵ و سامانی ئەو دەبینن. ئەو کات دەتوانێ داوێن‌پاک بمێنێتەوە کە لە هزری ناپاک دوور کەوێتەوە. تەنیا دۆن‌کیشۆت کە بە شێت ناوی دەرکردووە لێی تێدەگا و ڕێز بۆ تەنیاییە دڵخوازەکەی دادەنێ.

سێروانتس دەڵێ ژن کاڵا نییە کە مامەڵەی پێ بکەی. ژن دەتوانێ ژیانی پیاو بگۆڕێ بەم جۆرەی کە وەکوو تەنافێک لە ملی پیاو دەهاڵێ و قەت لێی جودا نابێتەوە. بە باوەڕی سێروانتس پێوەندی ژن‌وپیاو پیرۆزە و دەبێ ڕێزی بۆ دانرێ. گومانی باش و ئەرێنی، ئەم پێوەندییە پتەوتر دەکا و هەوڵ بۆ تاقی کردنەوەی ڕادەی ئەوین، هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێتە هۆی داپچڕانییان لە یەکتر.

ژن مەحکوومە بە وەی کە فەرمانبەری مێردەکانیان بن تەنانەت ئەگەر مێردەکەی گەوج و نەفامیش بێ. ژنان

تا ڕادەیەک هەڵخەڵەتاو دەناسێنێ. مانەوە لە سەر پەیمانی ئەویندارى، زۆرجار بووەتە هۆی دڵشکان و تەنیایی و ناوبانگی خراپ و دوورەپەرێزییان لە کۆمەڵگا. تەنیا ژنێک کە داوێنپاک بێ، دەتوانێ خۆڕاگر بێ لە بەرامبەر خودای ئەوین، ئەو کات تیری ئەوین لە سەر دڵ و هزری ژن کاریگەری نابێ. ژن لە خۆیدا حەزی لە وەیە کە تاریفی جوانی خۆی لە زمان خەڵکەوە ببیستێ. ئەم هەستەی کە بێزار بن لە ئەویندارە ڕاستەقینەکەیان و بە پێچەوانە خۆش ویستنی پیاوێک لە هیچ هەستێکی بەرامبەر بەو نییە خوویەکی زاتی ژنانەیە.

**جێگە و پێگەی شەڕ لە ڕۆماندا:**

سێروانتس خۆی سەرباز بووە؛ لە شەڕدا بریندار بووە و ماوەی پێنج ساڵیش بە دیل گیرابوو. تەنانەت شانازی کردووە بە برینەکانی خۆی لە نێو شەڕدا. هەر ئەوەش بۆتە هەوێنی یەکێک لە بەشەکانی ڕۆمان. بەم شێوەیەی کە شەڕ لەگەڵ عیلم و زانست هەڵدەسەنگێنێ. لەم هەڵسەنگاندنەدا بە هێنانەوەی بەڵگە و شیرۆریۆی کردن لانی قورسایی بەرەولای شەڕ دەبا.

لە زمان دۆنکیشۆتەوە دەڵێ کە: چوار هۆکار هەیە کە وڵاتانی خاوەن کۆمار و خەڵکی زانا دەبێ شەڕی بۆ بکەن؛ ئەویش ئەمانەن: ١. بۆ پاراستنی ئایینی کاتۆلیک. ٢. پاراستنی گیان وەکوو مافێکی ئایینی یان نەریتیکی کۆمەڵایەتی. ٣. بەرگری کردن لە شەرەف و ئابڕووی بنەماڵە و ماڵومندال. ٤ ـ لەپێناو خزمەت کردن بە شا و بەشداری لە شەڕێک کە مافی ڕەوای وڵاتە. ئەگەر پێنجەمییەک هەبێ ئەویش پاراستنی وڵات و نیشتمانە کە لە ڕیزی دووهەمدا جێ دەگرێ.

ئامانجی عیلم زاڵ بوونی دادپەروەری تاکە کەسییە، بەڵام ئامانجی سەرەکی شەڕ سوڵح و ئاشتییە کە خۆی گەورەترین بەرهەم و خۆشییە. ئەم ئاشتییە تەنیا لە ڕێگەی شەڕ و هەر وەها بە دەستەوەگرتنی چەک دابین دەکرێ. گەرچی لایەنگرانی عیلم دەڵێن بە بێ عیلم و زانست، چەک ناسەقامگیرە؛ تەنانەت یاسا تایبەتییەکانی شەڕ لە ژێر چاوەدێری عیلم و زانست دایە، بەڵام لایەنگرانی شەڕ لە وەڵامیاندا دەڵێن کە بە بێچەکیش، یاسایەک نەدەبوو. کەوایە بەرگری لە وڵات و سەربەخۆیی و ئاسایش هەموو لە پێناو شەڕ دایە.

باسی «خێر و شەڕ» لە باسە کۆنەکانی فەلسەفییە کە سێروانتس لێرەدا «شەڕ(جەنگ) و زانست» دێنێتە نێو ئەم لێکدانەوەیە و شەڕ لە پلەی سەرترەوە دادەنێ. هەن کەسانێک کە باوەڕیان وایە شەڕ هەیە تاکوو خێر بەردەوام و سەقامگیر بێ لە دونیادا و ئەگەر شەڕ نەبایە هێمنی وەک خێر لەبەرچاو نەدەبوو. ئێستاش ئەم بۆچوونە لە دونیای ئەمڕۆماندا و لە نێوان زلهێزەکان و دەسەڵاتدارانی دونیادا دەبیندرێ کە بۆ گەیشتن بە ئاشتی ـ ئاشتییەک لە ڕوانگەی خۆیانەوە. ڕێگەی شەڕ و کوشتن و لەناوچوونیان هەڵبژاردووە. بەڵام هاوبەشییەک هەیە لە نێوان ئەوانەی هەنگاو دەنێنە گۆڕەپانی عیلم و شەڕ، ئەویش نەداری هەر دوو لایەنە. هیچ لایەک سامانیان نییە تاکوو ببێتە هۆی خۆشی و حەسانەوەیان لە ژیانیاندا. بەڵام سێروانتس داکۆکی دەکا لە سەر ئەوەی سەربازەکان نەدارترن.

**یەکگرتوویی باسەکان لە ڕۆمانی دۆن کیشۆتدا:**

دۆنکیشۆت ڕۆمانێکە کە دەتوانی دەیان و سەدان لاپەڕەی لەسەر بنووسی. لەبەر ئەوەیکە خۆی لە زۆربەی باسەکان داوە. لە ڕوانگەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفە و هەروەها دەروونناسی قسەی هەیە. بەهێزیی سێروانتس لەوە دایە کە تەواوی ئەم باسانەی بە ئەدەبیاتەوە گرێ داوە؛ ئەویش بە زمانێکی تەواو چڕوپڕ. بۆ وێنە لە زمان ئەویندارێکەوە، شاعیرانە دەدوێ و ئێمە جوانترین هەڵبەستەکان دەخوێنینەوە و هەستمان دەلاوێنینەوە. کاتێک لایەنگرانە دەدوێ، هەست بە بەڵگەهێنانەوەکانی دەکەین. دۆنکیشۆت ئەو شاسوارەیە کە گەرچی لە کۆتایی ژیانیدا دان بەوە دادەنێ کە ئێستا بە ئاقڵێتی دەمرێ بەڵام منی خوێنەر باوەڕم هەیە کە دۆنکیشۆت هەر لە سەرەتاوە زانا بووە و تەنانەت شێتەشێتەکانیشی جۆرێک بەرەنگار بوونەوەیە لەگەڵ دونیای ویشک و عەقڵخوازی زەمانی خۆی.

من وەکوو خوێنەرێک بڕوا دەکەم بە ورە و خۆڕاگری و ئومێد و هەستانەوەی دوای هەموو کەوتنەکانی؛ بۆیەش لەو بەشانەی کە دەبێتە گاڵتەجاڕی دووک و دوشێس، خەم دامدەگرێ و بەم باوەڕە دەگەم کە پووڵ و پارە هێمای ژیری و ویژدان نییە. تەنیا دۆنکیشۆتە کە دەست بە ماڵییەوە ناگرێ و چاوی بەسەر سانکۆوەیە و ڕێزی بۆ دادەنێ ئەگەرچی لە یەک چینی کۆمەڵایەتیدا نین. سانچۆ، یاری قسەخۆش و ڕیئالیستی دۆنکیشۆتە؛ جووتەی خێر و شەڕ بە زمانی خۆماڵی. دەڵێی پێکەوە کەمایەسییەکانی یەک دەشارنەوە و هەرکامیان بەشێکن لە پازێلێک کە بێ یەکتر ناتەواوە.

ئەوپەڕی بلیمەتی سێروانتس لەوە دایە کە جۆرێک بەرگی دووهەم دەنووسێ تا بەرەنگاری دۆنکیشۆتی درۆیی ببێتەوە و کەسایەتی قارەمانەکانی بپارێزێ. تەنانەت بوێرانە لە هەڵەکانی خۆی دەدوێ. ئەگەرچی دەزانین دەرەنجامی هەموو ڕووداوەکان باش دەبێ، بەڵام تامەزرۆ دەبی کە بزانی چۆناوچۆن کارەکان سەردەگرێ. لە بەرگی یەکەمدا ڕووداوی زیادی تێدایە کە پێوەندی بە دۆنکیشۆتەوە نییە و دەکرێ بڵێین سێروانتس تەنیا لەبەر ئەوە هێناوییەتی کە بتوانێ قسە و بۆچوونەکانی خۆی بە منی خوێنەر بڵێ.

ڕەنگە لە دونیای دەورووبەرماندا، دیار یان نادیار تاقمێک هەبن؛ چ لە نێو تاکی مرۆڤ یان دەوڵەتەکان، کە وەهمی دوژمن و سێحر و جادوو تەنگی پێهەڵچنیون و ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی کە خۆیان و هەموو ئەوانەی لە ژیانیان دان ببنە گاڵتەجاڕ!!! بەم حاڵەشەوە دۆنکیشۆت دەڵێ ئێمە خۆمان دەبێ خاوەن چارەنووسی خۆمان بین بەپێی ئەوەش، ئازادی باسی سەرەکی ڕۆمان و ژیانە.

هەواڵنامەی کتێب

کەیهان عەزیزی - پاوە



# شەرابی سیاچەمانە و تۆزێ مەزەی گومان

## خوێندنەوەیەکی پێکهاتەشکێنانە لە سیاچەمانە

پێشەکی

«سیاچەمانە»١ وەک دیاردەیەکی هونەریی، کولتوریی، مێژوویی گەلی کورد لە ناوچەی هەورامان بەجاران لە لایان نووسەران و توێژەرانەوە باسی لە سەر کراوە و ئاوڕی لێ دراوەتەوە و باسەکان لەو بوارەدا گاسنە و چەند گاسنە کراونەتەوە. لە وتار و سەرچاوە جیاجیاکان‌دا بۆ سیاچەمانە، چەندین مانای جیاجیا و دوور لە یەک کراوەتەوە. بۆ هەر مانایەکیش بەڵگە و فاکتی جیاجیایان هێناوەتەوە. بەڵام ئەم وتارە نایەوێت خۆی لە قەرەی ئەو چەشنە باسانە بدات و دووپات و چەند پاتەیان بکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو باسانە بە هۆی دووپات بوونەوەیان هەم سواون، هەمیش ئەم وتارە ناوازێت ئەو باسانە جارێکی‌تر بوروژێنێ، ناوازێت بزانێ سیاچەمانە مانای چییە؟ بۆ کەی و بۆ چی و بۆ کام دین و کام تاقمە و گرووپ، یان بۆ کام سەردەم و کام ڕووداو دەگەڕێتەوە؟ بە دووی ئەو پرسیارەشەوە نییە کە سیاچەمانە بۆ جارێکی‌تر کەی بووژایەوە و کێش بووژاندیەوە؟ ناوازێت ئاوڕ لە ژیان و کەسایەتی سیاچەمانەچڕە بەناوبانگەکانیش بداتەوە. هەروەها ناوازێت بزانێ ئاواز و بەزمەکانی سیاچەمانە کامانەن و چەند دانەن یان سیاچەمانە هەتوانی کام ئێش و برک و ژانە؟! تەنانەت نایەوێت وەک مووسیقاش باس لە سیاچەمانە بکات. بۆیە ئەم باسە زیاتر خوێندنەوەیەکی کولتووری ـ تیئۆریکە بۆ دنیای سیاچەمانە لە دنیای ئەوڕۆدا.

ئەم وتارە ئەگەر باس لە ڕۆڵی مێژوویی سیاچەمانە لە پاراستنی هونەر و داب و نەریت و کولتوور و کەلەپووری کوردیی بەگشتی و کەلەپوور و زمانی ناوچەی هەورامان بەتایبەتی ناکات، ئەمە بەو مانایە نییە کە دەوری ئەرێنی سیاچەمانە لە مێژوودا نەبینێت و نەزانێت و ئێنکاری بکات. بە پێچەوانەوە، لە وانەیە سیاچەمانە جاران دەوری قەڵایەکی قایم و بەرزی بۆ تێکۆشان گێڕابێت لە ئاست هێرشە جیاجیاکان لە دیرۆکی ئەم ئاو و خاکەدا. ئەڵبەت ئەم باسە تەنیا تایبەت بە سیاچەمانەش نییە، بەڵکوو زۆربەی دیاردە هونەری و کولتوورییە نەتەوەییەکان لە هەموو شوێنێ تا ڕادەیەک توانیویانە ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرن. بەڵام ئەم ڕۆڵە بۆ سیاچەمانە، نازانستی و سۆزاوی ئەوەندە گەورە دەکرێتەوە و ئەوەندە خەیاڵی و تاقانە دەبێتەوە، ئێتر سیاچەمانە لەم ئانەدا خۆی دەبێتە دیاردەیەکی مێتافیزیکی و دەبێتە لەمپەرێک تاکوو لە توانای هیچ وزە و هیچ هێزێک‌دا نەبێت بە گژی‌دا بڕوات و بیبەزێنێ. بۆیە جاروباریش بە ڕاستی لەم جۆرە باوەڕانە بە یەکجاری دڕدۆنگ دەبین. ئەم «دیاردە»یە یان باشترە بڵێم ئەگەر دیاردەش نەبێت ئەم جۆرە هەڵس‌وکەوتانە بۆ هونەر و بۆ کولتووری ئێمە کوسپە و دەبێ ژیرانە و وردبینانە بخوێندرێتەوە. چون ئەو ڕۆڵەی سیاچەمانە گێڕاویەتی ئێستا باوی نەماوە و پێویستیش بەو ڕۆڵە نییە. دیارە سیاچەمانە خۆی لە خۆی‌دا هەڵگری ئەو کوسپە نییە کە باسی دەکەین؛ بۆیە خوازیارین لەم وتارەدا ئەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانی سیاچەمانە و بەم بۆنەوە «کولتوورێکی سیاچەمانەبردە» درووست بووە، لە ڕێی «هەڵوەشاندنەوەگەرییەوە» ئەم کولتوورە سیاچەمانەبردە و ئەم کەش‌وهەوایە بخوێنینەوە، تا وریا بین و تێ‌بگەین ئەگەر سیاچەمانە ڕۆژگارێک پارێزەری هونەر و زمان بووە، سەرەڕای ئەوە وەک سامانی نەتەوەیی و مێژوویی، وەک ژێدەرێک بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤاندن هەمیشە جێگای ڕێزە و نرخی تایبەتی هەیە؛ بەڵام، خۆی جاران دەبێتە لەمپەرێک لە بەردەم نوێ بوونەوە و تازەگەری و جیاوازی لە هونەر و ئەدەبی ناوچەی هەورامان. بەڕێز کاک ڕەووف مەحموودپوور دەڵێ: «کاتێک دەکرێ لە سیاچەمانە بگەیت کە بووبیتە بەشێک لەو سۆزە هەژێنەرە. ئەو قۆناغەیش تەنیا بەسواری ئەسپی هۆنراوە و عەشق دێتە بڕین و خۆخافڵاندنی ڕۆشنبیرانە، لەم گۆڕەپانەدا وەڵام دەرەوە نییە.»٢ بەڵام من وا بیر ناکەمەوە کە ئەگەر ڕۆشنبیرانە بەرەو پیری سیاچەمانەوە بچین «خۆخافڵاندن» بێت و نەکرێ ڕۆشنبیرانە سیاچەمانە یان هەر دیاردەیەکی هونەری فام بکرێت. لە ڕاستیش‌دا هەر دیاردەیەک نەتوانێ لە هەناوی هەڵس‌وکەوتە ڕۆشنبیریەکان‌دا خۆی ببینێتەوە، دواجار بایەخ و دەوری خۆی ئەدۆڕێنێ و ئێتر ناتوانێ چەشنی دەرکەوتەیەکی کولتووری، مێژوویی، هەتایی بمێنێتەوە. چون هیچ هونەرێک و هیچ دیاردەیەکی ئێنسانی نییە «فەلسەفە» یان «هزر»ێک لە پشت سەریەوە نەبێت. هیچ فەلسەفەیەکیش بەبێ پاژە جیاجیاکانی ئەندێشە و ڕۆشنبیریی گلێر نابێتەوە و لە ئەنجام‌دا بیچم وەرناگرێت. هەر ئەو فەلسەفەیەش دەبێتە هۆکارێکی گرینگی مانەوەی هەموو دیاردە هونەری و کولتوورییەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی. بۆیە بوێرانە ئەمەوێ لەم وتارەدا، ئەڵبەت «ڕۆشنبیرانە»ش، سیاچەمانە وەک دیاردەیەکی هونەری، کولتووری بخوێنمەوە. ئەمەوێ ئەو فام و دەرک کردنەی کە لە سیاچەمانە هەیە و هەمانە هەڵبوەشێنمەوە و بیخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی جیاوازەوە. بەگشتی تێدەکۆشم ئەو فامە و ئەو دەرکە باوە بخەمە دواوە.

«یەکێک لە هونەرمەندانی سەدەی بیستەم، کارێل تیۆدۆر درایر، لە وتارێک‌دا لە زاری هاینریش هاینە گێڕاویەتەوە:“ لە هەر شوێنێ ئاخاوتە لە گۆ بکەوێ، مووسیقا دەست پێدەکات. هەر کات بە یارمەتی نیشانەزمانییەکان و چەمکسازییە فەلسەفی، لۆژیکی و زانستییەکان، بمانەوێ ڕووداوێک یان ئەزموونێکی مرۆیی دەرببڕین و بۆ ئەویدی بیگوازینەوە،

پەنا وەبەر هونەر دەبەین".٣ بەڵام ئێمە لێرەدا بەپێچەوانەوە بۆ خوێندنەوەی دیاردەیەکی هونەری پەنا وەبەر نیشانە و چەمکسازییە فەلسەفی و ڕەخنەییەکان دەبەین. بۆیە لەم نقیسارەدا خوازیارین ئەو «مانا»یەی پاش بیستنی وشەی سیاچەمانە گورجوگۆڵ ئامادە دەبێت و چەق دەبەستێ هەڵبوەشێنینەوە و بیخەینە دواوە و فامێکیتر و ڕەهەندێکیتر بێنینە ئاراوە.

شتێکیتر کە خوێنەری بەڕێزی ئەم وتارە پێویستە بزانێت ئەوەیە زۆرێک لە هەورامان لە نێوان «سیاچەمانە» و «گۆرانی» جیاوازی دادەنێن. ئێمەش دەمانەوێ ئەم باوەڕە دوو فاقییە بخوێنینەوە و ئەو دوالیزمە تێک بشکێنین. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێم کاک ڕەووف مەحموودپوور لە «وتاری ڕێچکەی عەشق و بزاڤی بوون لە هەرێمی سیاوچەمانەدا» هەندێ خاڵی ئەرێنی بۆ سیاچەمانە دەستنیشان کردوون. سەرەڕای ئەوە زۆر سپاسی دەکەم کە ئەویش لەو وتارەدا ژیرانە باسە سواوەکانی کردوونەوە منیش لەگەڵ برێ لە خاڵەکان هاورام؛ بەڵام پێم وایە ئەو تایبەتمەندیانە بەڕێزیان ئاماژەیان پێدەکات ناتوانن لەگەڵ باوەڕەکانی ناوچەی هەورامان پێوەز ببنەوە. ئەگەر هەورامانییەکان قایل بە دوو فاقی نێوان «گۆرانی» و «سیاچەمانە» بن کە زۆربەی هونەرمەندان و نقیسەران هەن، ئەوا ئەو تایبەتمەندییانەش ناتوانن تەنیا تایبەت بە سیاچەمانە بن؛ بەڵکوو تایبەتمەندی هەموو هونەری گۆرانی «ناوچەی هەورامان»ن. لە ڕاستیدا سیاچەمانە لەو تایبەتمەندییانە کەمترین بەشی وەبەر دەکەوێ کە نووسەر ئاماژیان پێ دەکات. ئەڵبەت ئەگەر خوازیاری ئەوە بوو بێت ئەو دوالیزمە بشکێنێت ئەوا من بە خۆشییەوە ئافەرینی پێدەڵێم. بەڵام بەداخەوە ئەو مەبەستە لە وتارەکەیدا دەرناکەوێت و هیچ شتێ لەو بارەوە دەرنابڕێت. کەچی تەژییە لە سۆز و هەستی نوستالۆژیک بەرامبەر بە سیاچەمانە. بە جۆرێک دەنوێنێ کە گوایە سیاچەمانە خۆی لە خۆیدا تەواوە و زۆر مەبەستی دەربڕیوە. بۆیە زیاتر لە دوو لاپەڕەی گوڤاری سروەدا، بە بالای سیاچەمانە هەڵدەڵێ، بەڵام لە کەمتر لە نیو لاپەڕەدا باس لە خەسارەکانی سیاچەمانە دەکات.

### تەقەڵ تا دیداری جیاوازی

١- هەر بەو تەرزەی کە پێشتر گوترا ئەم وتارە بە ئاواتە بتوانێ لە ڕەهەندی «هەڵوەشاندنەوە» باسەکەی خۆی بێنێتە بەرباس. «هەڵوەشاندنەوە»٤، نە مێتۆدە و نە تیئۆری، بەڵکوو ستراتێژییەتی خوێندنەوەیە.٥ دریدا دەڵێ: «هەڵوەشاندنەوە تیئۆری نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک بۆچوون و ڕێکارن بۆ توێژینەوە و خوێندنەوە.»٦ لە یەکەم ڕوانیندا وا دەردەکەوێ کە گوایە هەڵوەشاندنەوە یان پێکهاتەشکێنی بە واتای خاپوور کردن و وێران کردنە. بەڵام هەڵوەشاندنەوە هەرگیز مانای وێران کردن نادات، بەڵکوو لە واتا و لە مەبەستی خوێندنەوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە نزیکترە. هەڵوەشاندنەوە لە یەک کاتدا هەم ڕەد کردنە و هەمیش پەسەند کردن. لە ڕووی ڕەچەڵەکناسی وشەکانەوە ڕەچەڵەکی «ئانالیسیس» بە واتای بێکاریگەر کردن و پاسیڤ کردنە.»٧ ئەمە ئامانج و مەبەستی هەڵوەشاندنەوە و ئامانجی خودی دریداشە. کەوابوو دەکرێ بڵێین هەڵوەشاندنەوە هەڵگری هەندێ بیر و بۆچوونە بۆ ڕەخنەکاری و خوێندنەوە. ئەم تەرزە خوێندنەوەیە بۆ هەر دیاردەیەک، بە مانای وێران کردنی خودی دیاردەکە نییە؛ بەڵکوو، وێران کردن و تێکشکاندنی دەلالەتی مانایی و وێران کردنی «لۆگۆسەنتەریزم»٨.٥ منیش ئەمەوێ لەم سووچەوە، ئەو دەلالەتە نەگۆڕەی کە بۆ سیاچەمانە دانراوە و بەردەوام ئارایی خۆی دەنوێنێت و لە مێشکی جەماوەردا خۆی سەپاندووە، هەڵبوەشێنینەوە تا بتوانین بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئاراییە مێتافیزیکیە، ئازادی و ڕزگاری بۆ ئاراستەگەلێکیتر مسۆگەر بکەین. ئەو دەلالەتەیش کە بۆ سیاچەمانە هەیە پاسیڤ و هەڵڕسکاوی بکەین. تاکوو بەم بۆنەوە بیسەلمێنین مەرج نییە هەمیشە شتەکان بەو چەشنە بن کە ئاراستەمان کراون؛ بەڵکوو دەکرێ شتەکان بە جۆرێکیتر و بەرەنگێکیتر قەڵافەتی خۆیان بنوێنن و مانایەکیترمان پێ ببخشن.

٢ – بەر لە فام کردنی پێکهاتەشکێنی پێویستە سەرەتا بزانین پێکهاتەخوازی چییە؟ پێکهاتەخوازی جۆرێک لە بیر کردنەوەیە. پێکهاتەخوازی پاژ یا تۆخمە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بەرهەمێک یا دیاردەیەک پەیجۆری دەکات.٩ دەکرێ لە «هونەری هەورامان» وەک پێکهاتە یان ستراکچێرێک بڕوانین کە خاوەنی پاژ و تۆخمی جیاجیایە. یەکێک لەو باسە سەرەکییانەی کە پێکهاتەشکێنی ئاراستەی دەکات، بۆ ئەم ڕوانگەی لیڤی شتراوس دەگرێتەوە کە بەپێی باوەڕە زمانییەکانی سوو سوور، لیڤی شتراوس پێی وایە یەکەکانی ناو هەر نیزامێک بە شێوەی جووت جووت یان بە شێوەی باشارە دوانەیەکان لە تەنشتی یەکتردا دەگیرسێنەوە کە پێکەوە دانوستانیان هەیە.١٠ دەکرێ زۆرێک لەم باشارە دوانانە بە نموونە ناو ببەین، وەکوو ئەم دوانە بەرامبەرانە: ڕۆشن/تاریک، ڕۆژ/شەو، پیاو/ژن، بوون/نەبوون، هزر/شێتی، کولتوور/سرووشت، نقیسار/گوتار، ئامادگی/نائامادەگی و... بۆ نموونە نیزامی دەروونشیکاری فرۆید لە سەر دوانەی «خودئاگاە» و «ناخودئاگا»وە بنیات نراوە. پێکهاتەی «هونەری گۆرانی هەورامانیش»١١ لە ڕێی ئەو دوالیزمەوە بیچمی وەرگرتوە. بۆ وێنە دوالیزمی نێوان «گۆرانی/ سیاچەمانە». دریدا دەڵێ: ئەو پێکهاتانەی کە لە ڕێگەی باشارە دوانەکانەوە فۆرمیان وەرگرتووە، هەمیشە یەکێک لە باشارەکان بایەخ و پێگەی کولتووریی زیاتر و شازتری هەیە.١٢ باوەڕ بەم دوو فاقییە و باوەڕ بەم چەشنە بایەخ دانانە، بووەتە هۆی بنیادنانی کردەوەی هێرەمی و بایەخ دانان بۆ شتەکان بە شێوەیەکی هیرارکیانە. خودی دریدا لە دوو فاقی نێوان «گوتار» و «نقیسار»دا دەستی پێکرد و ڕوونی کردەوە لە نەریتی زانست و فەلسەفە و فکری ڕۆژاوادا هەمیشە گوتار لە نقیسار بەبایەختر بووە.١٣ ئێمەش دەڵێین لە نیزامی مووسیقای هونەری ناوچەی هەورامان هەمیشە لە نێوان دوو فاقی «سیاچەمانە» و «گۆرانی»، سیاچەمانە بەبایەختر دانراوە و گۆرانی سووک و کەم بەهاتر بووە. پێگەی سیاچەمانە لەو هێرەمەدا سەرتر وێنا دەکرێت. هەر بەو جۆرەی کە لە «مێتافیزیکی ئارایی» بەپێی نەریتی لۆگۆسەنتەریزم باوەڕ وایە مانا لە گوتاردا ئامادەیە، لای ئێمەش بە باوەڕەوە وا گریمانە کراوە، «مانا» وەک هێمایەک بۆ هەموو سەرڤانییەک لە سیاچەمانەدا ئامادەیە، بەڵام گۆرانی وا نییە و لە سەرڤانییەکان تەریک و

بێبەشە. لە هەوراماندا باوەڕ وایە «هەموو گۆرانیبێژێک سیاچەمانەچڕ نییە، بەڵام هەموو سیاچەمانەچڕێک گۆرانیبێژە.»١٤ هەروەها «سیاچەمانە قۆرگی پاک، گەڕووی خاوێنی دەوێت... سیاچەمانە هونەرمەندی تایبەتی دەوێ.»١٥ هەموو گۆرانیبێژێک ناتوانێت سیاچەمانە بچڕێت و تەنیا دەنگ خۆشی مەرج نییە بۆ چڕینی سیاچەمانە، بەڵکوو چەند مەرجێک هەن بۆ ئەوەی گۆرانیبێژێک ببێت بە سیاچەمانەچڕ دەبێ فێریان ببێت. »١٦ بەڕێز جەلیل عەباسی لە وەڵامی کاک عادڵ محەممەدپووردا کە بۆ سیاچەمانەچڕ وشەی گۆرانیبێژی بەکار بردووە، دەڵێ پاشگری «بێژ» یان «وێژ» بۆ گۆرانی و ستران و لاوک و حەیران بە کار دێت و پاشگری «چڕ»یش بۆ سیاچەمانە و هۆرە و قەتار.١٧ سەرەتا دەبێ بڵێم وشەی «چڕ» ڕەنگ و بۆنی ئایینی پێوە دیارە، واتە چڕین و بانگ کردن لە ئەهورامەزدا، پاڕانەوە لە خودا. هەمووی ئەم باسانە ئەوە پێشان دەدەن لە پێکهاتەی سیستمی دوو فاقیدا سیاچەمانە لە گۆرانی بە بایەخترە و سیاچەمانە سەرتر لە گۆرانی دادەنرێت. مامۆستا ئەیۆب ڕۆستەم کاتێ گۆرانی هەورامان دابەش دەکات دەڵێ «گۆرانی» هەورامی چەند بەشە: ١- سیاچەمانە ٢- گۆرانی خاو ٣- گۆرانی چەپڵە.١٨ دەبینین سیاچەمانە وەک بەشێک لە گۆرانی بە ئەژمار هاتووە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێن گۆرانی نییە. هەروەها لێرە نووسەر لە تەنشت سیاچەمانە وشەی گۆرانی بەکار نابات. تەنانەت ئەگەر ئاگاهانە یان نائاگاهانە جاروبار سیاچەمانە بە بەشێک و شێوازێک لە گۆرانی چاوی لێکرابێت، هەر لەو ئانەدا هەوڵدراوە سیاچەمانە و زۆرێک لە بەزمەکانی لە یەک بازنەی گەورەتردا جێگایان بۆ بکرێتەوە. هەر بۆ ئەوەی قودسیەتی سیاچەمانە پارێزراو بێت، لە بەرامبەر سیاچەمانەدا زاراوەی «وردەبەزم» دادەتاشرێت، تا هەم سیاچەمانە مێتافیزیکی بمێنێتەوە و هەمیش سیستمی دوالیزم هەروا بەردەوام بێت. ڕەنگە کەسانێک بڵێن سیاچەمانە و وردەبەزم، دوو شتی جیاوازن. هەرچەند بە گشتی بۆ زاراوەکان ئێمە هیچ پێوەرێک و هیچ سنوورێکمان نییە، بەڵام من بۆ خۆم لە بیرمە ساڵانێک لەمەوبەر کاتێک ئەم زاراوەیە گشتی و هەمەگیر بووە و بە کار برا، زیاتر بۆ سووکایەتی پێکردن بوو، بۆ ئەوە بوو هەتا هونەرمەندە لاوەکان لە بەرانبەر سیاچەمانە و سیاچەمانەچڕەکاندا نزم و نەویتر پێشان بدرێن. هەروەها ئەوەش دەزانم ئەو بەزمانەی بە وردەبەزم ناوزەد کراون زۆر لە خودی ئەو زاراوەیە کۆنترن؛ بەڵام لەو دەمانەی کە هەندێ گۆرانیبێژ خەریکی تازەگەری و نوێ کردنەوە بوون، لە لایان هەندێ سیاچەمانەچڕی بەناوبانگەوە ئەو گۆرانیبێژانە بە وردەبەزم وتنەوە و وردەبەزموێژ تاوانبار کران و وەک ئیدکتێک درایە پاڵیان تا بەو جۆرە بسەلمێنن گۆرانیبێژە لاوەکان کەم توانان و توانای سیاچەمانە چڕینیان نییە، بۆیە ڕوویان لەو جۆرە گۆرانییە کردووە. کەچی وەک پەراوێزیش دەبێ بڵێم ئەو گۆرانییانە نە تەنیا وردەبەزم نین بەڵکوو بە وتەی دۆستێکی خۆشەویستم «وەشە بەزم»ن. یانی زۆر شیرین و لەبەر دڵانن.

لە دونیای شێعریشدا هەر ئەم بەزم و بیساتە لە ئارادا بووە، شاعیرە نوێخوازەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد و دەیانگوت چون ناتوانن شێعری سەروادار و کلاسیک بڵێن و ناتوانن لەو بەستێنەدا خۆیان تاقی بکەنەوە، لەبەر داماگی ڕوویان لە «شێعری نوێ» کردووە! ڕۆژێک یەکێک لە شاعیرانی کلاسیک منی تاوانبار دەکرد و بە جۆش و خرۆشەوە دەیگوت جیاوازی من و تۆ لەوە دایە کە ئەو شتەی من وەک شاعیری کلاسیک دەیلێم تۆ و کەسانێک وێنەی تۆ ناتوانن بیلێن؛ کەچی بەو جۆرەی ئێوە شێعر دەنووسن، واتە «شێعری نوێ»، من دەتوانم لە ئێوە باشتریش بیلێم. هەرچەند ئەو وتانە هەڵەن و ئەو خۆشەویستە هێشتا مانای «نوێ» نازانێ و واش دەزانێ «شێعری نوێ» یانی ئەو شێعرەی دێڕەکانی کورت و درێژن! بەڵام ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە دەڵێن هەر سیاچەمانەچڕێک گۆرانیبێژە؛ بەڵام هەر گۆرانیبێژێک سیاچەمانەچڕ نییە.

هەموومان دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین ئەگەر ئەو «وردەبەزم» یان با باشترە بڵێم ئەو «وەشەبەزم»انە نەبوایەن، گۆرانی ناوچەی هەورامان ئێستاکەش نەیدەتوانی خۆی لە مووسیقا نزیک بکاتەوە و وەک ئەمڕۆ گەشە بە خۆیەوە ببینێت. بۆیە ئەم جۆرە بەزمانە توانییان لە نێوان دونیای نوێ و دونیای کۆن پردێک ببەستن. بۆیە لەو ڕۆژگارەدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە لایان خەڵکەوە پێشوازی گەرموگوڕیان لێکرا. ئەم پێشوازی کردنە کۆنزێرڤاتیڤەکانی بواری هونەر و گۆرانیان لە هەورامان تووشی شڵەژان کرد و ئێرەییان بەو بارودۆخە دەبرد. بۆیە هێرشیان کردە سەر ئەو گۆرانیبێژانە و زاراوەی وردەبەزمیان خستە پاڵیان. ئەم تەرزە ڕوانینەش دووبارە هەڵگری هەمان ڕوانگەیە کە ناتوانێ بەبێ پێکهاتەی دوالیزم بیر بکاتەوە و ناتوانێ خۆی لەو چوارچێوەیە قوتار بکات. ئەم جارە دوالیزمی سیاچەمانە – وردە بەزم، زیاتر پەرەی سەند. هەروەها نازانم بۆچی تا ئێستا هیچ نووسەرێک بەم ڕەوتە ئاماژەی نەکردووە و ئاوڕی لێنەداوەتەوە کە زاراوەی «وردە بەزم» بەڕاستی فرەتر بۆ سووکایەتی پێکردن بەکار براوە. بەداخەوە هەر لە ڕوخساری وشەکەشدا ئەو سووکایەتییە بە ڕاشکاوی دیارە. وردەبەزم، واتە ئەو بەزمانەی هێشتا نەبوونەتە بەزمی تەواو. چون بەلای ئەو کەسانەوە کە ئەم زاراوەیان بەکار هێناوە بەزمی تەواو و هەقیقەتی کامڵ تەنیا سیاچەمانەیە. هەرچی لە بەرامبەر سیاچەمانەدا قەرار بگرێت ورد و چکۆلەترە، نەوی و خوارتریشە.

خاڵێکیتر هەر لەم پێناوەدا دەبێ زۆر بە کورتی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە زۆربەی باوەڕەکان دەیانەوێ سیاچەمانە بەرنەوە سەر ئایینی زەردەشت و لە گەڵ گاتاکانی زەردەشت بیبەستنەوە. دەڵێن «سیاچەمانە سروودێکی تایبەت بووە بۆ چڕینی گاتاکانی زەردەشت.»١٩ هەروەها «لەبەر دەمی ئاتەشگەکاندا سیاچەمانەیان فەرمووە.»٢٠ بەم جۆرە دەیانەوێ سەرچاوەیەکی قودسی و ئاسمانی بۆ سیاچەمانە بدۆزنەوە، تاکوو بایەخی سیاچەمانە لە ڕێی باوەڕە دینییەکانەوە زیاتر مسۆگەر بکەن. بەڵام وادیارە کەمتر لەوە بیر کراوەتەوە کە هەرچی هەیە داهێنانی خودی مرۆڤە. دیاردە هونەرەکانیش بەرلەوەی داهێنانی دین یان ئایینێکی تایبەت بن، داهێنانی خودی مرۆڤن. دیاردە هونەرەکان لە وانەیە بەرلە هەر دین و ئایینێک بەپێی نیاز و ویستەکانی مرۆڤ سەریان هەڵدابێت و دواتر بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بە کار هاتبن. هەر بەو تەرزەی کە هەر دالێک

دەتوانێ چەندین مەدلوول و مەبەستی لێ بکەوێتەوە، دیاردە هونەرەکانیش دەتوانن تا بێکۆتا تەشەنە بکەن و لە بواری جۆراوجۆرەوە لقیان لێ بکەوێتەوە و بۆ ئامانج و مەبەستی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکیش سوودیان لێوەربگرن.

٣- ئەگەر لە هونەری مووسیقای هەورامان وەک پێکهاتە و بونیادێک بروانین، پێویستە بڵێین «هەموو پێکاتەکان ناوەندێکیان هەیە.»٢١ بەڵام «ناوەند» چییە؟ ناوەند خاڵێکە هەمووشتێ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ و هەموو شتێ بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.٢٢ بۆ نموونە ناوەندی نیزامی بیر و ئەندێشەی فرۆید ناخودئاگایە. ناوەندی پێکهاتەی دینیش خوداوەندە. دریدا دەڵێ: «ناوەند، گرینگترین پاژی هەر پێکهاتەیەک بە ئەژمار دێت. خاڵێکە ناتوانین شتێکی‌تری لە جێدا دابنێین. لە ناوەندی هەر پێکهاتەیەکدا تەنیا ئەو بەشەی کە «ناوەندە» دەتوانێ بوونی هەبێت.»٢٣ناوەند بەگشتی دوو ئامانجی هەیە: یەکەم: هێزێکە پێکهاتەی نیزامەکە بنیات دەنێت و مانای دەداتێ و مسۆگەری دەکات. پاژەکانی هەر نیزامێکیش بەپێی یاسا دەجووڵێنەوە. دووهەم: ناوەند شتێکە لە سەرتروەی هەموو پاژەکانی نیزامەکە لەنگەر دەگرێ و یاساکانی ناو نیزامەکە ناتوانن بۆ ئەو جێبەجێ بکرێن و بە سەر ئەودا فەرز بکرێن. بۆ وێنە لە دیندا، خودا جیهان و هەموو بوونی درووست کردووە و حکوومی دەکات، بەڵام خۆی بەشێک لە جیهان نییە. یەکێک لە کاریگەرییەکانی ناوەند ئەوەیە پێکهاتە لە جموجۆڵ دەخات. دریدا ئەم جموجۆڵە بە «کایە» ناو دەبات.٢٤ پاژەکانی هەر بینایەک دەتوانن پێکهاتەی سەرجەمی بیناکە درووست بکەن، ئەو پاژانە هەرچی زیاتر و توندوتۆلتر خۆیان بە ناوەندی بیناکەوە ببەستنەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو کاتە بیناکە کەمتر هەڵگری جوڵان و هەژانە. نەبوونی جوڵان و کایە لە بینایەکدا دەبێتە خاڵێکی ناوازە و تایبەت کە زۆر بە کەڵک و بەجێیە بۆ بینایەک. بەڵام بە واتای دریدا ئەم تایبەتمەندییە خاڵێکی نەرێنی و لاوازییە لە نیزامە فەلسەفی و هونەرییەکاندا. من بۆ خۆم پێم وایە بوونی «کایە» لە هەر دیاردەیەکی هونەریدا مەرجە بۆ نوێ بوونەوە و تازەگەری. بۆیە دڵنیام ئەو مەرجە سەرەکییە داهاتووی تازەگەری مسۆگەر دەکات و تازەگەری دەتوانێ هەموو فەرهەنگێک ببوژێنێتەوە. هەر لەو سۆنگەشەوە دەتوانین لەنێو ترادیسیۆنێکی هونەری، ئەدەبیدا کولتووری نوێ بوونەوە و کولتوورێکی کرژ و بزۆز بنیات بنێین.

زۆر لەوە بیرم کردۆتەوە تاکوو بزانم، چی دەوری ناوەند دەبینێ لە پێکهاتەی هونەر و بەتایبەت هونەری مووسیقای هەورامان. پاشان بەو ئامانجە گەیشتم کە «چەمکی سیاچەمانە»، هەتا ڕادەیەکی زۆر وەک ناوەند، بۆ هونەری مووسیقا و گۆرانی دەوری بینیوە. من ناڵێم سیاچەمانە، بەڵکوو لێرەدا مەبەستم «چەمکی سیاچەمانە»یە کە دەتوانێ ئاماژە بێت بۆ مەدلوولێکی بەربڵاو، دەتوانێ ئاماژە بێت بۆ کولتوورێک کە سیاچەمانە بووەتە ناوەندی. بۆیە هەر لەم پێناوەدا دەڵێن: «سیاچەمانە ناسنامەی هەوارامییەکانە».٢٥ دریدا لە فەلسەفەی کانت کەڵک وەردەگرێ و دەڵێ: «ناوەند، مەدلوولێکی فراژوویانە یان ترانسێندێنتاڵە. کەوابوو لێرەدا مەبەستی ئێمە لە ناوەند بوونی سیاچەمانە بۆ هونەری هەورامان، هەمان «مەدلوولی ترانسێندێنتاڵ»ە.

سیاوچەمانە سەرەڕای ئەوە لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە بەشێکە لە هونەری گۆرانی و مووسیقا، بەڵام لە لایەکی‌ترەوە بە گۆرانی دانانرێت و لە دەرەوەی هونەری گۆرانییە و سەرتر لە گۆرانی حێسابی بۆ دەکەن. چون سیاچەمانە ناوەندە و ناوەندیش هەم بەشێکە لە پێکهاتە، هەمیش وەک حوکمڕانی پێکهاتە لە دەرەوەی پێکهاتەکەیە. دیارە ئەمە شتێکە بەڕاشکاوی دژوازیە. بۆیە دریدا دەڵێ ناوەند، «دژوازییەکی تەکووزمەندە». دەوری سیاچەمانە لە پێکهاتەی هونەری گۆرانی هەورامان، دژوازییەکی تەکوزمەندە. باوەڕ وایە «سیاچەمانەچڕ» دەتوانێ گۆرانی ببێژێت، لە هەمان کاتیشدا لە گۆرانیبێژ زۆر لە سەرترە و زۆریش ناوازە و جیاوازە، جیاوازیەکەشی ڕەنگێکی پۆزەتیڤی پێ دەدرێت. بۆیە ڕەخنەیان گرتووە کە نابێ بۆ سیاچەمانەچڕ، سیاچەمانەبێژ یان گۆرانیبێژ بە کار ببەین. دەڵێن «بێژ» تایبەتە بە دنیای هونەری گۆرانی. بەم بۆنەوە خوازیارن تاکوو جیاوازی سیاچەمانە هەروەها بەردەوام بێت و بپارێزرێت. سیاچەمانەچڕەکان سەرەڕای ئەوە دەتوانن لە پێکهاتەی هونەری گۆرانی جێ بگرن و هونەرمەند بن، لە هەمان کاتیشدا دەتوانن لە دەرەوەی ئەو پێکهاتەیەدا قەرار بگرن و وشەی «هونەرمەند» پڕ بە پێستی باڵای ئەوان نەبێت و لە هونەرمەندان گەلێک گەورەتر بن. چون لەو نیزامە زەنجیرە پلەیەدا سیاچەمانە لە هونەری گۆرانی سەرتر و بەرزترە.

سیاچەمانە بە ژێدەری هونەر و مووسیقا و گۆرانی کوردی و تەنانەت بە سەرچاوەی شێعری هەورامیش دادەنرێت و دەڵێن پارێزگاریشی لە شێعر کردووە. بەڕێز دارا محەممەد عوسمان دەڵێ: «هەموو مەقاماتی کوردی ڕەسەن لە سەر ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە وەرگیراون.»٢٦ هەروەها دەڵێ: «لە دێر زەمانەوە هونەری بەرزی سیاچەمانە بەو شێعرانە دەوترێت کە شێعری خۆماڵی ڕەسەنن، لە جوغرافیای هەوراماندا ئەو ئاواز و شێعرانە ڕەگیان داکوتاوە، چونکە شێعر بەو شێوە شیرینە کۆنترین شێعری بۆ نەوەکانی تۆمار کردووە.»٢٧ ناوەند، ڕۆڵی هەموو پاژەکان لە پێکهاتەی سیستمێکدا دیاری دەکات. سیاچەمانەیش وەک ناوەندی پێکهاتەی هونەر و کولتووری ناوچەی هەورامان دەوری هەموو بەشەکانی گۆرانی و دەوری شێعریش دیاری دەکات و وەک پێوەرێک بە ئەژمار دێت. سیاچەمانە لە ڕابردووی ئێمەدا لە سەر شێعر و جۆری شێعر و ناوەڕۆکی شێعری هەورامان کاریگەر بووە. سیاچەمانە تەنانەت جاروبار جۆرەکانی گۆرانیشی دیاری کردووە. ئەگەر بەزمێک سیاچەمانە نەبێت ناوێکی‌تری لە سەر دادەنێن. بۆ نموونە لە وانەیە بە سووکایەتی بڵێن وردەبەزم. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە سیاچەمانە پێگە و شوێنی ئەو بەزمەکانیش دەستنیشان دەکات. بە لای ئەو جۆرە کەسانەوە تەنیا سیاچەمانە تەواوە. دەڵێن: «لە سیاچەمانەدا دەنگی تێژ لەگەڵ دەنگی گڕ، لەگەڵ دەنگی ناوەند یەک دەگرن و مووسیقا پێک دێنن.»٢٨ ئەمە مانای ئەوەیە سیاچەمانە خۆی بە تەنیا کاملە و هەموو هارمونیایەک لە ئەودا ئامادەیە، سیاچەمانە ئەوپەڕی مووسیقا و ئەوپەڕی هونەرە و خۆی لە خۆیدا تەشقی ئاوازەکانە و سەرچاوەی هەموو ئاوازەکانی کوردییە.

٤- پێشتر بەوە ئاماژەمان دا کە ناوەند لە هەر جۆرە

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

حەرەکەت و هەژان و بزاوتن و کایەیەک لە پێکهاتەکاندا بەرگری دەکات. لە ڕاستیدا ئەوە تایبەتمەندی ناوەندە. ئێمە دەتوانین زۆربەی ئەو نیزامە فکری و فەلسەفی و ئایدۆلۆژیانە لە مێژوووی ئەندێشەی مرۆڤدا وەبیر بێنینەوە کە ناوەندەکان چۆنچۆنی جاروبار هەموو شتێکیان قەتیس کردووە و بەو بۆنەوە پێکدادان هاتوەتە ئاراوە، یان مانای زۆر شت بەو ناوەندانەوە گرێ دراوە. ناوەند، ئەوەندە خۆی ڕادەگرێ تا دەشکێت.

ئەو ساڵانەی کە هەندێ هونەرمەندی لاو بوێرانە ویستیان لە گۆرانی ناوچەی هەورامان تازەگەری و نوێگەری بکەن، ڕووبەڕووی ڕەخنە و لۆمە کردن بوونەوە. زۆر بێرەحمانە بە «وردەبەزم»بێژ و بە چی و چی تر تاوانبار کران و سووکایەتییان پێکرا. برێ لەو تاوانانە لە ڕوانگە و لایەنێکیترەوە بوون کە لە مەبەستی وتارەکەی من دوورن و هیوادارم بە جیا ئاوریان لێبدرێتەوە و وەک مێژووو تۆمار بکرێن.٢٩ بەڵام هۆکارێکی سەرەکی ئەو تاوانانە کە ئامانجی وتارەکەی منە ئەوە بوو، ئەو جۆرە بەزمانە کە ئەم هونەرمەندانە بەتایبەت بەڕێزان «مەولوود سەلیمی» و «سەباح هەورامی» ڕچەشکێنیان بوون، برێ باوەڕیان ئەوە بوو ئەو بەزمانە هاوشانی «ناوەند» نین و ناشتوانن لەگەڵ ناوەند دانووستان بکەن. لەبەر ئەوەی ناوەند لە پێکهاتەکاندا شتێکە هیچ دیاردەیەکیتر ناتوانێ لە گەڵیدا بەرابەری بکات و بایەخی ئەوی هەبێت. هیچ شتێ ناتوانێ جێگای ئەو بگرێتەوە و لەگەڵ ئەو شانبەشان، بەژنوباڵا بنوێنێ. ناوەند، هۆکار و پێوەری هەمووشتێ لە نیزامەکەدا دیاری دەکات.٣٠ لەو ساڵانەدا و تا ڕادەیەک ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو جۆرە گۆرانییانە و ئەو جۆرە بەزمانە بەبێ ئەوەی پێویست بکات لەگەڵ سیاچەمانە بەراوەرد دەکران و دەکرێن. سەرەڕای ئەمەش ئەو تەرزە بەزمانە بە گەرموگوڕی پێشوازیان لێ دەکرا؛ بەڵام، دەوری ترانسێندێنتاڵی سیاچەمانە لە کۆنەستی کۆمەڵگە و لە نەستی هەندێ کەسی تایبەتدا بەرگر بوو لەوەی تاکوو ئەو بەزمانە و ئەو شێوازە گۆرانییە لە تەنشتی سیاچەمانەدا قبووڵ بکەن و بوار و مەجالی گەشەی بۆ برەخسێنن.

«لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە چەند بەزمێکی گۆرانی کە فڕیان بە سەر گۆرانی هەورامییەوە نییە، هێنراونەتە ناو بەزمە خاوەکانەوە.»٣١ ئەم ڕایەی بەڕێز ئەیوب ڕۆستەم، کە جاروبار بەزمە خاوەکان، بە وردە بەزمیش ناو دەبات، نازانم بەپێی کام پێوەر و کام کەرەستە و کام زانست، ئەو گۆرانییانە بە هەورامی نازانێت. هەروەها ناشزانم لە ڕووی چییەوە بڕیار دەدات فڵان بەزم هەورامی نییە. ئەڵبەت من ڕاکەی ئەو بەگشتی ڕەد ناکەمەوە بەڵکوو زیاتر باس لە پێوەرە زانستییەکانی ئەو دەکەم. دڵنیام ئەیوب ڕۆستەم وەها پێوەرێکی زانستی لە دەستدا نییە تا وەها بڕیارێک بدات. ئەو تەنیا لە ڕووی ئەزموون و سۆز و خۆڕپە و شهوود و دنیاوێکی کەسی خۆیەوە ئەو ڕایە دەردەبڕێت.

ئەڵبەت ئەو شتەی لەبەر دەستی ئەو دایە و یارمەتی دەدات تا بەو تەرزە بڕیار بدات، ناوەندبوونی سیاچەمانەیە کە وەک پێوەر بەلای بەڕێزیان و کەسانێکیتر حازر و ئامادەیە. ئەم کەسانە هەموو شتێ لە هونەری هەوراماندا و هەموو بەزمەکان بە مێزانی سیاچەمانە، کێشانە دەکەن. هەروەتر لەوەش تێناگەم ئەگەر بەزمێک لە بنەمادا هەورامی نەبێت، بەڵام بە حاڵ و هەوای هەورامان و بە «هەورامی کراو» وترا بێتەوە، هەتا ڕادەیەک هیچ کەس یان کەم کەس بزانێ هەورامی نییە، ئێتر نازانم «فڕی بەسەر هونەری گۆرانی هەورامییەوە نییە» چ مانایەک و چ ئامانجێکی هەیە. ئەگەر بەم چاویلکەوە بڕوانین هیچ تازەگەری و هیچ جیاوازییەک و هیچ ڕەنگاوڕەنگییەک نەتەنیا مانای نییە، بەڵکوو کارێکی گێلانەیە. لە کاتێکدا وا نییە و هەر ئەو بەزمانە توانیان گۆرانی ناوچەی هەورامان تۆزێ نۆژەن بکەنەوە و پردێک لە نێوان گۆرانی هەورامان و مۆزیک ببەستن و بواری لە بارتریان ڕەخساند تا بەزمەکانی گۆرانی ناوچەی هەورامان زیاتر دەستەمۆی ئامێرەکانی مۆزیک ببن. بەڵام بەداخەوە ناوەندبوونی سیاچەمانە لێرەش خویا بووەوە و وەک ناوەند دەوری خۆی بە زەقی نواندەوە. تەنانەت ئەو گۆرانیبێژانەی ناوچەی هەورامان کە ویستیان لەگەڵ مۆزیکیش گۆرانی بڵێنەوە و نەختێ تازەگەری بکەن، هەرچەند برێ کاریان کرد و لە توانای خۆیان تەقەلایان دا، بەڵام؛ ئەو هەوڵانە وەک ڕەوتێک نەیتوانی خۆی بچەسپێنێ و تەکانێکی یەکجاری بداتە هونەری گۆرانی ناوچەی هەورامان. لەبەر ئەوەی ئەو وێنا مێتافیزیکیە و ئەو وێنا فراژوویە کە لە سیاچەمانە هەیە بەردەوام وەک کۆسپێک لەبەردەم ڕێگایاندا ئامادە بووە. جارێکیان بەڕێز ڕەوف مەحموودپوور لە کۆنگرەی هەورامانناسی لە هەورامانی تەخت لە وتارێکدا وتی تازەگەری هونەریی لە گۆرانی هەورامان زیاتر لەلایان غەیرە هەورامییەکان و لە دەرەوەی خودی هەوراماندا کراوە.٣٢ ئەم بۆچوونە هەتا ڕادەیەک باس لە واقیع دەکات. بەڵام هۆکاری ئەمە چی بووە؟ من پێم وایە سیاچەمانە نەیتوانیوە بۆ ئەوان، واتە بۆ هونەرمەندانی دەرەوەی ناوچەی هەورامان، دەوری ناوەند بگێڕێت و ڕای گشتیش نەیتوانیوە هێژموونی سیاچەمانە بەسەر ئەواندا بسەپێنێ. ئێتر سیاچەمانە وەک گورزێک بەسەرسەری ئەواندا ئامادە نەبووە؛ بەڵکوو بۆ ئەوان زیاتر خەزێنە و سامانێکی هونەری بەپێز بووە نە دیاردەیەکی ناوەندیی و هێڵێکی سوور کە نابێ ببەزیندرێت و بەزاندنی بە کوفر و تاوان حەسێب بکرێت. تەنانەت ئەو هونەرمەندە هەورامیانەش کە توانیویانە نەختێ تازەگەری بکەن و گۆرانی هەورامی پێوەز بە مۆزیک بکەن، لە وانەیە زۆرتریان لە دەرەوەی جوغرافیای هەورامان بن و زۆرتریشیان لە دەرەوەی ئەو کەشوهەوا کۆشەندەیەدا ژیاون و پەروەردە بوون.

بەداخەوە بە لای ئێمەوە هەر تازەگەریەکی هونەری لە خۆڕا ئەوی دی بۆ سیاچەمانە دادەنرێت یا دانراوە، دیارە هەر دیاردەیەکیش لە بەرامبەر سیاچەمانە و ناوەندبوونی سیاچەمانەدا خۆی بنوێنێت نەتەنیا ناتوانێ بەباشی سەرکەوتوو بێت، بەڵکوو هەر بەو تاوانەش دەکوژرێت و لە بیران دەچێتەوە. چون ئەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانی سیاچەمانە ئەوە دەگەیەنێ کە لە سیاچەمانەدا هەمووشت ئامادەیە، هەرچی هەیە ئاراییەکی پەتی و بێ ئەملاوئەولایە. چون باوەڕ وایە لە سیاچەمانەدا ڕەسەنایەتی، ئایین، شوناس، ئاسمانی بوون، کەونارایی بوون، سەرچاوە بوون و ئەو پەڕی مووسیقا ئامادەیە. سیاچەمانە ژێدەری سەرڤانیەکانە، نیشانە و بەڵگەیە بۆ شارستانی بوون و پێشکەوتنی

مێژوویی ئەم خاک و ئاوە. هەمووی ئەمانە پێشاندەری ئەوەن تاکوو زیاتر ڕوون ببێتەوە و بسەلمێندرێ سیاچەمانە ناوەندە بۆ هونەر و مووسیقای ناوچەی هەورامان. «لە ئایینی زەردەشتا ئێران خاڵی پیرۆز و ناوەڕاستی گەردوونە. لای هێندییەکان خاڵی پیرۆز هێندوستانە، عەڕەبی ئیسلامی، عەرەبستان و لەوێش مەکە و مەدینە. لای خەڵکی هەورامانیش ناوەڕاستی گەردوون و شاخەکان و باخەکانی هەورامان و خاڵی پیرۆزیش زمانەکەی و دەستکردەکەی و سیاچەمانە و گۆرانییەکانیەتی.»٣٣ سرووشت و هەموو دەوروبەری لە کەوشی سیاچەمانەدا مانایەکیتر وەردەگرن و دیاردە سرووشتییەکان لە هەناوی سیاچەمانەدا بەردەوام تەیارن. هەورامییەکان کاتێ بە چاویلکەی سیاچەمانەوە چاو لە سرووشت دەکەن، ئەو کات سیاچەمانە ماناکانی خۆی بە دەورووبەر دەبەخشێت، دیمەنی شاخ و دۆڵ و ئاو و کانیاو و هەوراز و نشیو، سەرجەم دەرکەوتەکانی سرووشت مانایەکیتر وەردەگرن. لە هەورامان هەر شتێک لە تەک سیاچەمانەدا پێوەز بووبێت و لە تەک سیاچەمانەدا هاتبێت، پیرۆزی سیاچەمانەشی پێوە لکاوە و ئەویشی تا ڕادەیەک پیرۆز کردووە. بۆ نموونە دوو دیاردەی سرووشت و شێعر. کەوابوو سیاچەمانە ناوەندی هونەر و مووسیقای هەورامانە. بەداخەوە ناوەندیش لە ئەنجامدا هەر سیستمێکی هونەری دەتاسێنێ و لە جوڵەی دەخات.

سەبارەت بە شێعر، دەبێ بڵێم ئەم باوەڕە هەمیشە لەمپەر و کۆسپ بووە تاکوو شێعر نەتوانێ سەربەستانە لە مێژووی ئەدەبی هەورامیدا پەل بهاوێت و باڵان بگرێت و دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ بنوێنێ. ئەڵبەت ئەمەش ڕەد کردن و ئێنکار کردنی ئەو شتانەی نییە کە وەک مێژووو، وەک سامانی مێژوویی هەمانە. هیوادارم کەسانێک بەم بیانووەوە هەڵنەسن دەست بە ئامۆژگاریی کردنم بکەن. بەڵام هەمیشە گوتوومە و لێرەش هەمتر دەڵێمەوە «شێعری هەورامی» بەم بۆنە و بە بۆنەی چەند هۆیەکی ترەوە زۆر جار بەرتەسک و کەم پانتا و کەم وشە و کەم دەرەتانە. بۆیە پێویستە هەرچی زووتر خۆی لە «قاڵب»، قوتار بکات و ئێتر لەپێناو ناوەندبوونی سیاچەمانە هەڵسوکەوت نەکات. بەڵکوو دەبێ لەپێناو فۆرمی نوێ و تکنیکی نوێ و فەزای نوێ تێبکۆشێ، هەتا وەک مێژووی خۆی شتێک بخاتە سەر خەرمانەی ئەم ئەدەبە بەپێزە.

٥– ئەگەر لەسەر ئەوە ساق ببینەوە سیاچەمانە ناوەندە و دەوری ناوەند دەگێڕێت، پرسیار ئەمەیە ئێستا دەبێ چی بکەین؟ مەبەستمان لە دیاری کردنی سیاچەمانە وەک ناوەند بۆ هونەری گۆرانی هەورامان چییە؟ شایانە بڵێم «ئامانجی سەرەکیی پێکهاتەشکێنی دۆزینەوەی ناوەندە لە هەموو پێکهاتەکاندا.»٣٤ بەڵام مەبەست لەم دۆزینەیە چییە و بۆ چی دەبێت؟ دیاری کردنی ناوەند کام کێشە لە کێشەکان چارەسەر دەکات؟ پێویستە بڵێم دۆزینەوەی ناوەند بۆ ئەوە دەبێ تاکوو بکۆشین لە ئەنجامدا کاریگەری و دەوری ناوەندبوون، لە ناوەندەکە بستێنەوە و لە ئەنجامدا ناوەندێک نەمێنێ. بەڵام ئەم هەڵڕسکاو کردنە و ئەم بێکاریگەر کردنەش بۆ چی دەبێ؟ بۆ ئەوەی ئەم پرسیارەش وەڵام بدەمەوە و بزانین چی ڕوو دەدات، وەبیرتان دێنمەوە ناوەند چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟ دیارە یەکێک لە کاریگەرییەکانی ناوەند، بەرتەسک کردنەوە و کەم کردنەوەی هەر جووڵە و کایەیەکە لە پێکهاتەکاندا. هەروەها بەرامبەر دانانی چەمکەکانە بە لەونێکی نەگۆڕ لە ئاست یەکتردا. کەوابوو ئەگەر بتوانین دەوری ناوەند کاڵ بکەینەوە، ئازادی بۆ پاژە جیاجیاکانی ناو نیزامەکە دەگەڕێتەوە؛ واتە، ئەگەر بتوانین شوێن و پێگەی سیاچەمانە وەک ناوەند کاڵ و هەڕۆڵ بکەینەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئێتر کایە و جوڵان لە هونەری گۆرانی هەورامان زیاتر مسۆگەر دەبێت و ڕەنگ و دەنگەکانیتر باشتر و سنگ فراوانتر قبووڵ دەکرێن. لە ڕاستیدا ئەم فرە ڕەنگییە ئیدی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا وردە وردە تەشەنە دەکات و وەک کولتوورێک ڕیشە دەپێکێت. یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەم باسانەی من، بۆ تازەگەری ناو دنیای شێعر دەگەڕێتەوە کە دەتوانێ سەربەستانە خۆی نوێ بکاتەوە و وارگە وارگە بەرەو پێشەوە مل بنێت. دەکرێ لێرە وەک پەراوێزێک (ڕەنگە پەراوێزیش نەبێت) ئەوەش بڵێم هەڵپەڕکێی ناوچەی هەورامان جۆرەکانی بەپێی بەراوەرد لەگەڵ ئەو ناوچەکانی تری کوردستان زۆر چەشناوچەشن نییە و جیاوازی و جۆراوجۆری ئەوتۆی پێوە دیار نییە. من لە سەر ئەو ڕایەم ئەگەر ناوەند کاریگەری خۆی لە دەست بدات، هونەر بەگشتی و هونەری گۆرانی بەتایبەتی دەتوانێ لە هەوراماندا هەناسەیەکی ئازاد بکێشێت و بین تازە بکاتەوە و لەو چەقبەستوویە خۆی ڕزگار بکات. ئەگەر ڕۆڵی ناوەند، کاڵ ببێتەوە ئێتر هەر جۆرە گۆرانییەک لە هەورامان ناشیانە لەگەڵ سیاچەمانە بەراوەرد ناکرێت، ئێتر لە سەر تەوێڵی بەزمەکانیتر مارکی وردەبەزم داناکوتین، ئێتر هەموو سەرڤانییەک تەنیا بۆ سیاچەمانە گریمانە ناکەین و بەرامبەری سیاچەمانەش، بە هەڵۆڵ دانانەین. هەروەها پێویستیش نییە هونەرەکانی دی هاوئاسو و سازگار لەگەڵ سیاچەمانە گەشە بکەن و ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێت.

٦ – ئەگەر ناوەند، ڕۆڵی کاڵ بووە و وەک ناوەند دەوری نەما پاشان چی ڕوو دەدات؟ بە دڵنیاییەوە ئەو کات «دیفرێنس» یان جیاوازی دێتە ئاراوە. «سوو سوور، زمانناسی بەناوبانگی لەهستانی، زمانی بە «لانگ»٣٥ و «پاڕۆڵ»٣٦ دابەش کردووە. مەبەستی لە لانگ هەموو پێکهاتەی زمانە، مەبەستیشی لە پاڕۆڵ، پاژە جیاجیاکانی زمان و بەکار بردنی ئەو پاژانەیە، وەکوو وشەکان.»٣٧ هەروەها سوو سوور دەڵێ: لە دوو ڕێگاوە «مانا»٣٨ پێک دێت؛ بەڵام بۆ ئەوەی ئەو دوو جۆرە مانایە لە یەکتر جیا بکاتەوە لە زاراوەی «مانا» کەلک وەرناگرێت. ئەو، پێوەندییەک کە لە نێوان دال٣٩ و مەدلوول٤٠ هەیە لە جیاتی مانا بە «دلالەت»٤١ ناوی دەبات و پاشان دەڵێ دەلالەت لە ئاستی پاڕۆڵدا بوونی هەیە. بەڵام جۆرێکیتر«مانا» لە هەناوی گشتییەتی زماندا هەیە؛ واتە لە لانگدا بەدی دێت کە سوو سوور بۆ ئەم مەبەستەی خۆی زاراوەی «بایەخ»٤٢ بەکار دێنێ.٤٣ مەبەستی لە بایەخ ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان نیشانەکانی هەناوی پێکهاتەی هەر سیستمێکی دەلالیدا بوونی هەیە. بۆ نموونە دەکرێ دۆلارێک لەگەڵ یەک کیلو تەماتە بگۆڕدرێتەوە. یان لەگەڵ هەر شتێ کە بایەخی یەک دۆلاری هەبێت. بە باوەڕی سوو سوور دۆلار لەبەر ئەوەی بایەخی هەیە دەتوانێ لە نیزامی بازرگانیدا لەگەڵ پاژەکانیتر پێوەندی هەبێت. بەم بۆنەوە لە پێکهاتەی بازرگانیدا دۆلار بایەخ یان مانای هەیە. لەو

نموونەی سەرەوەدا دۆلار و تەماتە، هەر دووکیان دالن، ئەو شتەی کە پێوەندی نێوان دالەکان لە پێکهاتەیەکدا مسۆگەر دەکات و بە دووی‌دا ئاراستەی بایەخ گەلاڵە دەبێت، بابەتی «جیاوازی» یە۴۴. بە باوەڕی سوو سوور دال لە هەر سیستمێکدا لەبەر ئەوەی بایەخدارە کە لە هیچ دالێکی‌تر ناکات و دالەکان پێکەوە جیاوازیان هەیە.۴۵ ئەگەر جیاوازی بوونی نەبێت هیچ شتێ ناتوانێ هەڵگری تۆزقاڵێ بایەخ بێت، ماناش هەرگیز وێنا ناکرێت.

مەبەست لە هێنان و ئاماژە کردن بەو هەموو زاراوەیە بۆ ئەوەیە تا بتوانین بە یارمەتی ئەو زاراوانە مەبەستەکەی خۆمان باشتر شی بکەینەوە و ئەنجامێکیش بۆ وتارەکەمان دەستەبەر بکەین. چون ئەگەر بەم چاویلکەوە چاو لە هونەری گۆرانی ناوچەی هەورامان بکەین، ئێتر ئەو کات سیاچەمانە وەک بەرامبەرێک لە ئاست هەر دیاردەیەکی هونەری یان لە ئاست هەر بەزمێکی‌تر گریمانە ناکرێت. بەڵکوو سیاچەمانە لەگەڵ هەر دیاردەیەکی تری هونەری، تەنیا هەڵگری جیاوازییە. جیاوازیش لە نێوان دووشت یان چەند شت، ناتوانێ تەنیا بایەخ و بەها بۆ یەکێک لەو شتانە بەدەست بهێنێت و ئەو شتەکان بایەخیان لە ئاست ئەویتردا کەم ببێتەوە. ئەوەی کە بایەخدارە تەنیا خودی جیاوازیە.

هەروەها بۆ ئەوەی وتەکانی سەرەوە زیاتر لەم باسەدا وەگەڕ بخەم، پرسیارێک ئاراستە دەکەم: ئەگەر سیاچەمانە دالە، مەدلوولەکەی کامەیە؟ دیارە سیاچەمانە دالە، بەڵام مەدلوولەکەی چییە؟ ئایا مەدلوولەکەی فلان بەزمە کە ئێمە بە بەزمی سیاچەمانە ناوی دەبەین؟ دەبێ بڵێم ئەو مەدلوولەی کە بۆ دالی سیاچەمانە وێنای دەکەین، نە لە مانادا بەڵکوو پێویستە لە «دەلالەت»دا بۆی بگەڕێین؛ چوون مەدلوول بەرامبەر بە مسداق، واتە بەرامبەر بە ئۆبژە کە واژەیەک ئاماژەی پێ دەکات نییە. کەوابوو دەلالەت وێنایەکی بەربڵاوترە، هەر بەو چەشنەی کە پێشتر گوتمان دەلالەت لە ئاستی پارۆڵدا بە دی دەکرێت و پارۆڵیش بەکاربردنی تاکەکەسیانەیە، ئێتر سیاچەمانەش دەلالەتی خۆی بە لای کەسەکانەوە وەردەگرێت. بەڵام سیاچەمانە جاروبار وەک لانگ، وەک پێکهاتەیەکی نەگۆڕ بۆ هونەری گۆرانی سیاچەمانە دانراوە، یانی چییەتییەک دانراوە کە لە پشتی هەموو بەشەکانی گۆرانییەوە خۆی حەشار داوە و شتەکان بۆ ئەو دەگەڕێنەوە و دوا پێوەر هەر ئەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم سیاچەمانە وەک دال جیاوازە، چون جیاوازە دەتوانێ لە پێکهاتەی گۆرانیش‌دا لەگەڵ ئەو دالەکانی‌تر پێوەندی هەبێت، ئەو پێوەندیەش بایەخ بۆ سیاچەمانە دەستەبەر دەکات. کەوابوو ئەو پێوەندییە پێوەندییەکی هەمنشینانە و ئاسۆیانە و هێڵییە، نە پێوەندییەکی ئەستوونی و هێرەمی و هیرارکیانە. ئەگەر سیاچەمانە بە هۆی پێوەندییەکانییەوە لە پێکهاتەی هونەری گۆرانی‌دا خاوەنی بایەخە، ئیدی بە دڵنیاییەوە «گۆرانی»شە؛ ئەگینا پێوەندییەکانی دەپچڕێن و ناتوانێ پێوەندی بگرێت. دیارە بەبێ پێوەندی سیاچەمانە ناتوانێ هیچ کاریگەرییەک دابنێت. ئەوانەی دەڵێن سیاچەمانە گۆرانی نییە، لە بنەڕەدا هەم دژوازییە، هەمیش وەک ئەوە وایە بڵێن دۆلار تەماتە ناکات و ئەو دوو دالە ناتوانن لە سیستمی بازرگانی‌دا پێوەندییان هەبێت. بەڵام دۆلار هەمیشە تەماتە دەکات و سیاچەمانەش بۆ هەمیشە گۆرانییە. بۆیە ئەگەر لە

جیاتی سیاچەمانەچڕ، گۆرانی‌بێژیش بە کار هات، خۆ تاوان نییە. ئەگەر سیاچەمانە تەنیا سروودی دینییە، دەبێ دەقی ئایینی خۆیشی هەبێت تا بە هیچ لەونێک تێکەڵ بە هونەری گۆرانی نەکرێت. هەر بەو جۆرەی موسڵمانەکان بۆ ئەوانەی کە قورئان بە دەنگی خۆش دەخوێننەوە دەڵێن «قاری قورئان»، ئێتر هیچ کەس بە پێویست نازانێ قاریەکی قورئان لەگەڵ گۆرانی‌بێژێک بەراوەرد بکات. ئایا دەستەواژەی «سیاچەمانەچڕ»یش هەمان قاری قورئانە؟! من پێم وانییە، چوون ناخی سیاچەمانە بەو لەونە نییە، سیاچەمانە زیاتر وەک دیاردەیەکی هونەری گۆرانی، بە ئەژمار دێت و ئێتر ناتوانین سیاچەمانە بە دەرکەوتەیەکی ئایینی دابنێین و لە تەموومژی مێژووودا و لە هەناوی چەند وشەدا قەتیسی بکەین و ڕۆڵی پێوەندی و ئاڵوگۆڕی لێ بستێنینەوە و بایەخی ڕاستەقینەی بدۆڕێنێ کە هەمان جیاوازییە. ئەگەر بە باشی سەرنج بدەین دەرکەوتە هونەرییەکانی بواری ئایین، هەڵگری ئەو جیاوازیە نین، چوون ئەوان بۆ مەبەستێکی تایبەت بە کار دێن و وەک خۆیان تەنیا لەو بازنەیەدا حەسێبیان بۆ دەکرێت. هەروەها دیاردە هونەرەکانی بواری ئایین، زیاتریان ساکار و سادەن. ئەمەش لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە سیاچەمانە بە تەشقی هونەر و بە لوتکەی هەموو ئاوازەکان دەزانێ یەک ناگرێتەوە. پێوەندی سیاچەمانە لەگەڵ هەموو پاژەکانی هونەری گۆرانی پێوەندییەکی هەمنشینانەیە، ئێمە لەم وتارەدا ویستمان لە ڕێی پێکهاتەشکێنییەوە ناوەندبوون و بێ‌بایەخ کردنی هەر دیاردەیەکی‌تری هونەری گۆرانی لە ئاست سیاچەمانەدا هەڵبوەشێنینەوە؛ تا هەم سیاچەمانە بۆ بەستێنی ڕاستەقینەی خۆی بگەڕێتەوە، هەمیش «جیاوازی» و «بەدواوەخستن» مسۆگەر بێت، هەتاکوو دەستوبرد بڕیارەکان دەرنەکەین. ئەگەر وانەبێ کولتووری بزۆز و نەمامی جیاوازی ناتوانێ شین بن و ببوژێنەوە. لە کوولتووری ئێمەدا بەگشتی چەندین ناوەند لە چەند لاوە بوونیان هەیە، هەر ئەو ناوەندانە هۆکارێکی گرینگی دواکەوتنی جڤاتی ئێمەن. پێم وایە ئەم تەرزە بیرە، واتە بیر کردنەوە لە ناوەند، نەیهێشتووە ئێمە خاوەنی جیاوازی و فرە چەشنی لە گۆرانی هەورامی‌دا بەدی بکەین. دەتوانم بەپێچەوانەی ڕای هەندێکەوە ئەوەش بدرکێنم کە لەژێر کایگەری ئەو تەرزە بیرەدا ئێمەی کورد خاوەنی کولتورێکی کراوە و فرە ڕەهەند نین. بەداخەوە ئەو کولتوورە لە سەر دونیای شێعر و ئەدەبی کوردی بەگشتی و ناوچەی هەورامان بەتایبەتی کاریگەری قووڵی داناوە و لەم بەشەش‌دا، واتە لە شێعر و ئەدەبیش‌دا تەشەنەی کردووە. چون ئەو جۆرە شێعرەی سیاچەمانە سەدان ساڵ بە کاری هێناوە، شێعرێکی وەسفی و کلیشەیی و سنووردار و کەم وشە و بەگشتی شێعرێکی هێڵی و هونراوەئاسا بووە. شاعیرانیش بۆ وەڵام دانەوەی ئەم نیازە، زیاتر ئەم جۆرە شێعریان پەرە پێداوە کە کولتووری سیاچەمانە پێویستییەتی. بەڵام چون سیاچەمانە بە تەواوی لە ناوەندبوونی خۆی نەکەوتووە، شێعریش بەگشتی هێشتاکە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمە لایەنە نوێ ببێتەوە و بە یەکجاری لە ناوەند دابڕێت. نوێ بوونەوە هەنووکەش لە کولتووری شێعری هەورامی‌دا بەباشی خۆی نەچەسپاندووە و زەنوێری تازەگەری بۆ بەردەنگی لای ئێمە هەڵای نامۆ و ترسناک دەنوێنێ.

ئەگەر بۆ نوێ بوونەوە و دێر نوێ بوونەوەی شێعری

هەورامی دەیان بەڵگە هەبێت، من بە دڵنیاییەوە یەکێک لە هۆکارەکان هونەری گۆرانی، بەتایبەت ناوەندبوونی سیاچەمانە دەزانم. کەوابوو بۆ نوێ بوونەوە و بۆ جیاوازی پێویستە بە چاوێکیترەوە چاو لە سیاچەمانە و چاو لە هونەری گۆرانی بکەین. هەر بەو جۆرەی کە فرۆید سەلماندی کەسایەتی مرۆڤ هەڵگری «من» بە تەنیا نییە و هەموو ژیانی ئێمە لە سەر ئەو منە لەنگەر ناگرێت، بەڵکوو خودی ئێمە بریتییە لە خودئاگا و ناخودئاگا، کە پێکەوە پێوەندیان هەیە و لە سەر یەک کاریگەری دادەنێن. ئێمەش دەبێ بزانیین «کەسایەتی گۆرانی هەورامی» لە سەر سیاچەمانە بە تەنیا لەنگەر ناگرێت؛ بەڵکوو هونەری گۆرانی هەورامان لە پاژی جیاجیا پێکهاتووە و هەر بەشێک خاوەنی بایەخ و گرینگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و بەشەکانیش لە دانوستانێکی بەردەوامن. دیارە سیاچەمانەش لەو پێکهاتەیەدا دەتوانێ ڕۆڵ و بایەخی خۆی هەبێت و دونیای هونەر و گۆرانیش دەتوانێ وەک هەمبانەیەک و وەک سامانەیەکی زەنگین بەجاران سوودی لێ ببینێت و بە جارانیش بۆ ئەو هەمبانەیە بگەڕێتەوە.

**فەرهەنگۆک**

ئاراییێ: ئامادە، حزوور/ هەڵرسکاو: بێکارێکەر، پاسیڤ/ باشار: بەرامبەرێتی (تقابل)/ باشارە دوانەکان: دوانە لێک دژەکان/ هیرارکی: زنجیرەپلەیی/ نەست: ناخودئاگا/ خورپە: ئیلهام/ سەرقانی: سەرتری، فەزیلەت/ دیناو: شهود، بینینی ڕاستەوخۆ/ هەرۆڵ: ناهێقم (شکنندە)/ هەڵۆل: ناوخاڵی/ کەتوار: واقیع/ هەمتر: دیسان، دووپات/ پێوەز: گرێدراو، پەیوەست/ دوانەیی: دووفاقی، دوالیزم/ (گلێر)کردنەوە: (کۆ) کردنەوە/ هەڵای: هێشتا

**پەراوێزەکان (Endnotes)**

١- لە خوێندنەوەی پێکهاتەشکێنانەدا زۆرجار لە نیشانەی « » کەلک وەردەگرن. لەبەر ئەوەی زۆر جار دالێکی تایبەت کە بۆ هەمووان مانایەکی گریمانە کراو و دیاری هەیە بە کار دەبەین؛ بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانین وەهاش نییە. بۆیە ئێتر دالەکە دەچێتە ناو گیومەوە تا خوێنەر ئاگاداری ڕەوشەکە بێت و بەو شتە بزانێ. ئەڵبەت نابێ گیومە لەگەڵ کەوان کە نیشانەیەکی فەلسەفەی دیاردەناسییە و هۆسرێل باسی کردووە تێکەڵ بکرێت، چوون مەبەستەکەیان جیاوازە.

٢- ڕەووف مەحموودپوور، ڕێچکەی عەشق و بزافی بوون لە هەرێمی سیاوچەمانەدا، گۆڤاری سروە، ژمارەی٢٢٩، گەلاوێژی ١٣٨٤

٣ - بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، وەرگێرانی مەسعوود بابایی، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریانی، ساڵی ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، ل.٧

٤- deconstuction

٥- د. بەسام قتوس، دەروازەیەک بۆ مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی د. محەممەد تاتانی، سلێمانی، خانەی وەرگێران، ساڵی ٢٠١١، ل. ١٨٥

٦- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ترجمەی جلال سخنور و الهە دهنوی و سعید سبزیان، تهران، نشر اختران، چاپ نخست ١٣٨٨، ص. ٨١

٧- بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، تهران، نشر مرکز، چاپ پنجم ١٣٨٠، ص. ٣٨٨

٨- logocentrism

٩- مری کلگز، درسنامەی نظریەی ادبی، تهران، نشر اختران، چاپ نخست، ص. ٤٩

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٨٢

١١- نازانم لەم بارەوە دەبێ هەورامی بڵێم یان هەورامان. ئەڵبەت لەبەر ئەوەی سیاچەمانە و هونەری هەورامان بەگشتی جگە لە ناو هەورامییەکاندا لە دەرەوەی زاری هەورامیش زۆر بایەخی پێدراوە و لە زاری هەورامی تێپەڕیوە، بە کار هێنانی هونەری هەورامانم لە هونەری هەورامی بە باشتر زانی. چون هەورامان تەنیا موڵکی هەورامییەکان نییە و دەکرێ لە زاری هەورامی زۆر بەر بڵاوتر بێت و ئەوانەیچ هەورامی نین خزمەتیان کردووە.

١٢- مری کلگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٨٢

١١٣- بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، ص. ٣٨٤

١٤- دارا محەممەد عوسمان، ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، گۆڤاری هەورامان، سلێمانی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ژمارە ٢١، زستانی ٢٠١١

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٥٤

١٦- ئەیوب ڕۆستەم، سروودە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، سلێمانی لە بڵاو کراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، چاپی یەکەم، ٢٧٠٧کوردی، ل. ١٣٤

١٧- جەلیل عەباسی، دەلاقەی نوێ... ڕوو بە مێژوووی کۆن، سلێمانی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، چاپی ٢٠١١، ل.٨٤

١٨- ئەیوب ڕۆستەم، سروودە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، ل. ١٢٤

١٩- جەلیل عەباسی، دەلاقەی نوێ... ڕوو بە مێژوووی کۆن، ل. ٧

٢٠- دارا محەممەد عوسمان، ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، گۆڤاری هەورامان، ل. ٣٥٢

٢١- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٨٢

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٨١

٢٣- هەمان سەر چاوەی پێشوو، ل. ٨٦

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٨٥

٢٥- ئەیوب ڕۆستەم، سروودە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، ل. ١٢٤

٢٦- دارا محەممەد عوسمان، ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، گۆڤاری هەورامان، ل. ٣٥٦

٢٧- هەمان سەراوەی پێشوو، ل. ٣٥٩

٢٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٥٣

٢٩- لە بیرمە ئەو ساڵانە هەندێ کەسایەتی لە بۆنە تایبەتیەکاندا ئەو گۆرانیبێژانەیان بۆ مەبەستی تایبەت زەق دەکردەوە و هێرشیان دەکرایە سەر. لە خودی ئەو گۆرانیبێژانەش بیستوومە بەم بۆنەوە ئەوانیش دەکەوتنە تەنگەژەوە و کێشەیان بۆ درووست دەبوو. تەنانەت بڕێ بەو هۆیەوە کەوتنە پەراوێزەوە و وردە وردەش لە هونەری گۆرانی دابڕان.

٣٠- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٨٦

٣١- ئەیوب ڕۆستەم، سروودە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، ل. ١٤٤

٣٢- ئەوە دەقی وتەکانی کاک ڕەووف مەحموودپور نییە، باسەکەم تەنیا بە یارمەتی مێشک و یادگەی خۆمەوە گێڕاوەتەوە، ئەگینا لەوانەیە کاک ڕەووف لە ڕێی وشە و دەستەواژەی ترەوە باسەکەی خۆی گەڵاڵە کردبێت. کەچی لەو بابەتەدا ئەوە کاکڵی باسەکەی بەڕێزیان بوو.

٣٣- ڕەحیم لوقمانی، گۆرانی هەورامان و تایبەتمەندییەکان، سلێمانی، گۆڤاری هەورامان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ساڵی ٢٠١١، ژمارەی ٢٢

٣٤- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٨٩

٣٥- langue

٣٦- parole

٣٧- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٥٨

٣٨- sense

٣٩- sign

٤٠- signfir

٤١- signification

٤٢- value

٤٣- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٥٩

٤٤- diference

٤٥- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ص. ٦٠

٤٦- بڕێ لەم زاراوە و وشانە لە وەرگێڕی بە توانا کاک مەسعوود بابایی وەرگیراون کە زۆر سپاسی دەکەم.


**سەرچاوەکان**

١- بابەک ئەحمەدی، هەقیقەت و جوانی، وەرگێرانی مەسعوود بابایی، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریانی، ساڵی ٢٠٠٨، چاپی یەکەم.

٢- د. بەسام قتوس، دەروازەیەک بۆ مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی د. محەممەد تاتانی، سلێمانی، خانەی وەرگێران، ساڵی ٢٠١١م.

٣- ڕەووف مەحموودپوور، ڕێچکەی عەشق و بزافی بوون لە هەرێمی سیاچەمانەدا، گۆڤاری سروە، ژمارەی٢٢٩، گەلاوێژی ١٣٨٤

٤- مری کلیگز، درسنامەی نظریەی ادبی، ترجمەی جلال سخنور و الهە دهنوی و سعید سبزیان، تهران، نشر اختران، چاپ نخست ١٣٨٨

٥- بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، تهران، نشر مرکز، چاپ پنجم ١٣٨٠

٦- دارا محەممەد عوسمان، ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، گۆڤاری هەورامان، سلێمانی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ژمارە ٢١، زستانی ٢٠١١

٧- ئەیوب ڕۆستەم، سروودە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، سلێمانی لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، چاپی یەکەم، ٢٧٠٧کوردی

جەلال پوورحەسەن ـ مەهاباد

# نیشانەناسی چەند لایەنێکی کۆمەڵەشێعری «پەڕتووکێک تەنیا بۆ دڵی خۆم»

## لە نووسینی غەفوور پیرزادە

**پێشەکی:**

لێکدانەوەی نیشانەشناسانەی کۆمەڵەشێعری «پەڕتووکێک تەنیا بۆ دڵی خۆم» لە نووسینی غەفوور پیرزادە

ئەوەی جێی سرنجە شاعیر لەو کۆ شێعرانەدا خاوەن دەربڕین و زمانێکی جیاوازە بە نیسبەت شێعرەکانی دەوروبەری خۆی. دیارە کاتێک لەگەڵ جۆرێکی تایبەت لە نووسین بەرەوڕوو دەبین، مافی ئەوەمان هەیە باسی شێواز(سەبک) بکەین. شێواز جۆرێک لە نووسینە کە خۆی لە نووسیەنەکانی دەوروبەر و هەرواتر سەردەمی خۆی و پێش خۆشی جیا دەکاتەوە.

هەڵبەت یەکدەستییەک بە شێعرەکانەوە دیار نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی شاعیر لە ساڵانێکی جیاوازدا. بۆیە ئێمە لە کاتی خوێندنەوەی شێعرەکان لەگەڵ جۆری جیاوازی بونیادنانی شێعر لە زماندا بەرەوڕووین. دەتوانین شێعرەکان بە ئیستعاری، شێعری مەفهوومی، شێعری زمان و شێعری ڕووداو دەستەبەندی بکەین. هەر یەک لەو شێوە نووسینانە پێویست دەکات تاریف بکرێن و نموونەی لە شێعرەکاندا بێنینە بەرباس کە حەول دەدەم دواتر ئەو کارە بکەم.

بەڵام ئەو خاڵەی لێرەدا دەمهەوێ جەختی لە سەر بکەم هەمان باسی سەرەتایە کە ئایا ئەو شێوازەی پیرزادە کاری پێ دەکات لەو دەفتەرە شێعرە، چەندە هاوشێوە یا چەندە تایبەتە بە نیسبەت شێعرەکانی تری سەردەمی خۆی؟ لە پێشەکی کتێبەکەدا ڕەزا شەجیعی کورتەباسێکی لە سەر شێعرەکان کردووە و زمانی نووسینی پیرزادەی بە نێوان سادەوێژی و دژوارویژی خەملاندووە. ئەو بیرەی شەجیعی سەرچاوەکەی لە کوێی شێعرەکان دایە؟ دیارە هەر کاتێک لە ناسینی توخمەکانی شێعردا بمێنینەوە باسی هەمان مەبەستی گۆرین دەکەین کە سادەی دژوارە یا سەهلی مومتەنعن. ئەو خەسڵەتەی شێعر لە کوێدا بونیاد دەنرێت؟ ئایا جگە لە زمان، شێوەی داڕشتن و ڕواڵەتی شێعر ئیمکانێکی دیکە لە بەر دەست دایە تا ئەو واتایە لە شێعردا دەستەبەر بێت؟ بۆ ئەو مەبەستە ناچارین شێعر وەک بەشێک لە پرۆسەی بونیادنانی زمان چاو لێبکەین و بۆ ئەوەش دەبێ چاو لە نیشانەکان بکەین. واتا نیشانەشناسی بەکار بێنین بۆ ئەوەی دەری بخەین کە بونیادنانی زمان لە توێی دەفتەرە شێعرێک کە بەرهەم هاتووی چەندین ساڵ نووسینی شاعیرێکن چۆن ئیمکانێک دەخاتە بەر دەستی خوێنەر؟ خوێنەر بۆ گەیشتن بە چێژ و جوانکارییەکان دەبێ چۆن ئەو نیشانانە بە مەدلوولی خۆیان بگەیەنێ و مەبەست و واتای پێوست بە خۆی لێ دەربدات؟ ڕەمز و ڕازە فەرهەنگییەکانی نشوستکراو لە زماندا کامانەن کە ئێمە بتوانین ئەو دەفتەرە شێعرە لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا دەستەبەندی بکەین و لە نێو هەمووو ئەوانەشدا شێوازی نووسینی شاعیر بەرجەستە بکەینەوە؟ حەول دەدەم وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

ئێمە لە بەر ئەوە دەنووسین کە مەبەستمان پێوەندی گرتنە، هیچ دەقێک، هیچ گووتەیەک بەرهەم نایەت مەگەر بە مەبەستی پێوەندی گرتن بێت. هەمیشە دەق خوێنەرانێک لە خۆیدا مەفرووز دەکا کە بەردەنگی نووسراوەکەن. دەکرێ ئەو خوێنەرانە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لە خۆ بگرێت یا خێر تاقمێکی دیاریکراو مەبەست بن. پەڕتووکێک تەنیا بۆ دڵی خۆم ئەگەر چی ناونیشانی خودی کتێبەکەیە، بەڵام ئایا تەنیا بۆ دڵی نووسەرەکەی بەرهەم هاتووە؟ دەی ئەگەر ئاوا بێ کردەی پێوەندی دەق بە بەردەنگەکانییەوە دەپچڕێ؟ بۆ پاراستنی ئەو پێوەندییە دەبێ بگەڕێین لەو هاوبەشی و هاسۆزییەی لە مابەینی دڵی شاعیر و خوێنەراندا هەیە، کە ئاوا کارەکە بۆ لێکدانەوەی نیشانەشناسی دەقەکە ساکارتر دەبێت. دەی کەوایە سەرەتا ئێمە لەگەڵ شێعر وەک کردەیەکی پێوەندی بەرەوڕووین، ئەو کردە پێوەندییە، زمان سازی دەکات و ئێستا بە پێی نیشانە زمانییەکان بەشێک لە شێعرەکان تاوتوێ دەکەین. سەرەتا نیشانە تەعریفێک دەکەین. نیشانە هەر شتێکە کە بۆ ئاماژە بە شتێکی دیکە بە کار دەهێنرێت. هەر نیشانەیەک دوو لایەنی هەیە، دال/مەدلوول، ڕواڵەت/ ناوەڕۆک، دەنگ یا وێنە یا ئاوای وشە/ مەفهووم یا وێنەی زەینی. بە قەولی سوسور دال و مەدلول دوو ڕووی سکەیەکن کە لە یەک جیا ناکرێنەوە. پێوەندی نێوان دال و مەدلوول دڵخوازە، واتا هیچ شتێک نییە کە دال بە مەدلوول ببەستێتەوە جگە لەوەی بەکارهێنەرانی ئەو نیشانانە ڕێک دەکەون کە ئەو دالە ئەو مەدلوولەی بێت. ئەوە هەنگاوێکی گرینگە بۆ لێکدانەوەی نیشانەشناسی. نیشانەشناسی زانستێکی کۆمەڵایەتییە، چون هەمووو شتێک دەکەوێتە خانەی نیشانەوە. لە جلوبەرگ ڕا بگرە تا خۆراک، لە وێنەگەرییەوە تا پەیکەرتاشی. لە ئاماژەکانەوە بگرە تا زمان. هەر شتێک کە ئاماژەیەک بێ بۆ شتێکی دیکە دەتوانێ نیشانە بێت و بکەوێتە چوارچێوەی نیشانەشناسییەوە. ئەوڕۆ فەرهەنگ و نەریت لە چەق و بەستێنی نیشانەشناسی دان. شاخەی موتالەعاتی فەرهەنگی، ئەو زانستە نێوان ڕشتەییە کە بەشێکی زۆری وزەی خۆی تەرخان کردۆتە سەر نیشانەشناسی فەرهەنگی و هەمووو ئەو بابەتانە دەخاتە بەر توێژینەوە کە دەکەونە ئەو چوارچێوەیە. شێعر وەک پەیکەرەیەک لە زمان، بە هەبوونی تایبەتمەندییەکانی خۆی پێکهاتەیەکە کە دەتوانین لە ڕوانگەی نیشانەشناسییەوە لێکی بدەینەوە. لێرەدا حەول دەدەم سەرەتا بە کەڵک وەرگرتن لە واتاناسی و دواتر مەبەستناسی، نیشانە زمانییەکانی برێک لە شێعرەکان چاو لێبکەم.

**١ - واتاناسی**

پرسی واتا یەکێ لە بونیادی ترین پرسەکانە سەبارەت بەوەی چۆن نێرەر و وەرگر پەیامێک بەرهەم دەهێنن و لە یەک تێدەگەن. ئەوە پەیوەست بە وەیە کە نێرەر و وەرگر لە دۆخێکی گوتاری دابن. یانی هەر دووک حزووریان ببێت. بەڵام لە دەقدا نە نووسەرێک و نە بەردەنگێک هیچ کامیان ڕاستەوخۆ بەشدار نین. لەو دۆخەدا ئێمە لەگەڵ دوو جۆر کردە بەرەوڕووین. یانی لە دۆخێکی هێرمنۆتیکیدا دوو دیاردەی تەئویل و شرۆڤە(تفسیر) چالاک دەکرێن. سەربەستی دەق لە پێوەندی لەگەڵ خوێنەران لەو بەشە دەر دەکەوێ. هێرمنۆتیک دەلاقەیەکە تا دەق و خوێنەر بەو پێشفەرزە و تێگەیشتنە، هەروەها لەو مێژووو و نەریتەی تێیدا پێگەیون بتوانن پێوەندی بە یەکەوە ساز بکەن تا ئاسۆیەک لە فام پێک بێت. فامی دەق لەو شوێنە ڕوو دەدات کە دەق خۆی بەرەوڕووی شرۆڤەکار یا خوێنەرەکەی دەکاتەوە و خوێنەریش ئەو ئامادەبییەی هەیە تا بە پێی نیشانەکان ئەو دەقە شرۆڤە یا تەئویل بکاتەوە. لێرەدا لەگەڵ دوو ئاسۆی تایبەت بەرەوڕووین، ئاسۆی بەرهەم هاتووی دەق و ئاسۆی فام و تێگەیشتن و دەرکی خوێنەر. دیارە هەم دەق و هەم خوێنەر خاوەن مێژووو و نەریتی خۆیانن. چەندە دەق گوزاریشت لەو مێژووو و نەریتە دەکات کە تێیدا بەرهەم هاتووە، خوێنەریش خاوەنی کۆمەڵێک پێشفەرز و پێش تێگەیشت و نەریتی خۆیەتی. فامی دەق لە دۆخێک ڕوو دەدات کە ئەو دوو ئاسۆیە تێکەڵ ببن. ئەگەر ئەوە ڕوو بدات واتا دەخولقێ و خوێنەر دەتوانێ ببێتە لایەکی واتا کردنەوەی دەق. ئەگەر ئەوە ڕوو نەدات کردەی پێوەندی و تیکەڵ بوونی ئاسۆیەکان یەک جەمسەری دەمێنێتەوە و خوێنەر ناتوانێ دەق فام بکات و بۆیە دەق بۆ ئەو هیچ واتایەک ناگەیەنێت. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر دەقێک پێویستی بە کۆمەڵێک بابەت هەیە کە پێش ئەوەی خوێنەر بچێتە سۆراغی دەقێک، پێش نمایش دەدرێن، خۆیان وە ڕوو دەخەن و ئەوە دەبێتە پێش تێگەیشتێک بۆ خوێنەر کە ئایا بە لای ئەو دەقەوە بچێت یا نا؟ ئایا ئەو دەقە دەتوانێ لە ئاسۆی فامدا لەگەڵ ئەو تێکەڵ ببێت یا خێر؟ لێرەدایە خوێنەر گرینگی بە ڕەخنە دەدات. ڕەخنە دەتوانێ پێش

مەرجەکانی خوێندنەوەی دەقێک بۆ خوێنەر خۆیا بکات و ئەو ئامادەییە لە بەردەنگ‌دا پێک بهێنێت کە ئەگەر ئەو دەقە دەخوێنێتەوە چۆن بۆی بچێت.

واتاناسی ئەو زانستە هێرمنۆتیکییە کە سێ جەمسەری دەق، ڕەخنەگر و خوێنەر لە خۆی‌دا هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی واتای دەروەست و پێویست لە یەک دەق فەراهەم بێت. بەو شێوەیە دەق کراوە دەمێنێتەوە و لە داخراوی دەپارێزرێت، هەم ڕەخنەگر جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی خوێنەر دیاری دەکات و هەمیش خوێنەر ئەو پێش‌فەڕزانە دێنێتە ئاراوە کە بۆ خوێندنەوەی دەقێک پێویستن. ئەگەر ئەو پرسە بەو شێوەیە ڕوو بدات لە ئاسۆکان‌دا دەق و خوێنەر تێکەڵ دەبن، فام ڕوو دەدات و دەتوانین باسی واتا بکەین.

**ئا) ((...تان))**

«خەڕۆییتان پیرۆز/ئەی ئێوەی دیاری ئاسمان/بۆ گۆی زەوی/ پێویستی هەوا، بۆ هەناسە/ بە مێشکانی دوو جەمسەریتان/.../پیاوانی نێرگەلەیی/ ژنانی تووتنی» ل ١٥

ئەو شێعرە باسی لە ئۆستوورەی دابەزینی ئادەم و حەوا دەکات، ئەو سەفەرەی لە ئاسمانەوە بۆ گۆی زەوی لێی دابەزین، ئەو دابەزینە بە هۆی تاوانەوە بوو، ئەو تاوانەی لە سەر ئەساسی ئایین گەورەترین خوڵقاوی خودا ئەنجامی‌دا. تاوان بەشێکی دانەبڕاو لە مرۆڤە، بۆیە قەومانی دابەزینی مرۆڤ بۆ زەوی هاوکات لە دۆخی دوای ئەنجامی تاوانەوە ڕوو دەدات. زەوی تەنیا ئەو جێیەیە کە دەتوانێ گوناهەکانی مرۆڤ لە خۆ بگرێت.

ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئیستعارەیەکی مەفهوومی بەرەوڕووین: ئیستعارەی گشتی: ژیان سەفەرە. گەرای ئەو ئیستعارەیە هەر لە یەکەم ساتەکانی درووست بوونی زمان‌دا گووراوە. کەوایە ژیان لە شوێنی دابەزین و لەدایک‌بوونەوە دەست پێدەکات و بە مەرگ بە سەرئەنجام دەگات. دەستپێک لەدایک‌بوونە و کۆتا مەقسەدیش مەرگە. مەودای نێوان ئەو دەستپێکە تا ئەو سەرئەنجامە مەودایەکە بۆ شۆردنەوەی مرۆڤ لە تاوانەکەی، ئەو تاوانەی بە هۆی بابە ئادەم و دایکە حەوا هەمووومان بە شێوەیەک گیرۆدەی ئەوین. نموودی ئەو قەومانە دالەکانی پیاوانی نێرگەلەیی و ژنانی تووتنین، ئەوانەی ئاوزیان و فڕۆکەی مشووریان باڵێکی نەریتە و باڵێکی ئەفسانە. نەریت و ئەفسانە دوو باڵی مرۆڤن کە بەو ڕۆژەی ئێستایان گەیاندووە، ئەفسانە و نەریت لە بەشێکی زۆری مێژووو زانستی سەردەم بوون و پاراستنیان ئەرک بووە بۆ بەرەی مرۆڤایەتی.

**بێ) دادپەروەری**

«جار و بار تووشی دادپەروەری دەبم/ مرۆڤێکی زۆر باشە/ هەمیشە سڵاوم لێدەکا/ دەستم بە سەر دادێنێ/ تەنانەت لە قاوەخانە پارەی چایەکم بۆ دەدا/ هێندێک کەڕەتیش لە بارودۆخی باوکم دەپرسێ/ لە خۆڕا دەڵێم: باشە شکوور/ لە خۆم دەپرسێ: باشم شکوور/ لە جهان دەپرسێ: باشە شکوور...» . ل ٢١

شێعری دادپەروەری شێعرێکە بە سەنعەتی تەشخیس ڕوو دەدات، واتا دادپەروەری دەبێتە کەسایەتییەک کە سڵاو دەکات و دەست بە سەری شاعیر دادێنێ، ئەگەرچی دادپەروەری مێهرەبانە بەڵام شەرم دەکات چاو لە چاوی شاعیر بکات. ئەگەر سرنج بدەین ئەو شێعرە ڕەخنە لە دادپەروەری دەگرێت. ئەو دادپەروەرییەی ڕەمزی بوونەکەی تەرازوویەکی بەرانبەرە، بەڵام سەرەڕای ئەوە شاعیر دەڵێت: قەت پێم خۆش نییە تووشی دادپەروەری بم، چوون جگە لەوەی هەر بڵێم باشە شکور، چ چارەیەکی دیکەم نییە. دادپەروەری وەک ئەوەی مرۆڤ باسی دەکات قەت وا ڕوو نادات ئەوەمان هەموو ئەو فەلسەفانە بۆ شەرح دەکەن تا ئێستا مرۆڤ بونیادی ناوە تا پرسی دادپەروەری پێ تاوتوێ بکات، بەڵام سەرەڕای ئەوە کۆمەڵگا لێی بێ بەرییە.

دادپەروەری دالێکە کە مەدلوولەکەی بەختەوەری مرۆڤە لە ژیانێکی کۆمەڵایەتی‌دا. مرۆڤ بۆ ئەوە ئازادی و ڕەهایی خۆی وەلانا و بڕیاری‌دا کۆمەڵگا پێک بێنێت تا لە سایەی ئەو دا بتوانێ مشوورێک لە ڕووحی گشتی خۆی بخوات، بەڵام ئایا ئەو دالە هەرگیز بەو مەدلوولە پڕ دەکرێت؟ یا ئەوەی کە دادپەروەری تەنیا لە حەوزەی ئینتزاع‌دا دەمێنێتەوە؟ مرۆڤایەتی تا ئێستا لە مێژوووی خۆی‌دا سەدان جار حەولی ئەوەی داوە تا دالی دادپەروەری بە مەدلوولی بەختەوەری و شادی و گەیشتن بە ئازادی پڕ بکات، بەڵام ئەوە دالێکە قەت بەو مەدلوولانە پڕ نابێت و لە دادپەروەری‌دا بەردەوام خەریکی گەمەی دالەکانین و هەمیشە واتا وەدوایە دەکەوێ و لە تەعلیقی خۆی‌دا دەمێنێتەوە. لەو شێعرەش‌دا ئەگەرچی لە سەنعەتی گیان‌بەخشی کەلک وەرگیراوە و دادپەروەری کەسایەتی خۆی هەیە کە لە قاوەخانە پارەی چایی حیساب دەکات و هەواڵی جهان لە شاعیر دەپرسێ بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو شەرمەی هەیەتی نیشان لە ئاشنا بوون و بەردەست بوونی دادپەروەری ناکات.

**جێ) بزێن**

«ئەگەر/ ئاوسن/ بە شێعرێک و .../بە لاپەڕە و پێنووس/ زان، بۆتان دژوارە/ بزێن/ بە شێوەی سزارییەن/ ئەی شاعیرانی دەرباری». ل ١٠٢

شێعری بزێن یەکێ لەو کورتەشێعرانەیە کە چندراوەیەکی زۆر بە هێزی هەیە، ڕابردوو و مێژوووو بە شێوەیەکی پتەو لە هاوکاتییەک لە ئێستادا ئامادە دەکات. ئەو هاوکاتییەی لە ئەسڵی جێ‌نیشینی بە باشی کەلک وەردەگرێت. چەمکی شاعیرانی دەرباری کە چەمکێکی مێژوووییە و لەگەڵ نەشتەرگەری سزارییەن کە چەمکێکی هەر ئێستاییە لێک هاوپێوەند دەکرێن. لێرەدا شاعیرانی دەرباری بۆ نووسەرانێک بە کار هاتووە کە بە شێوەیەکی ساختە(تصنعی) حەولی نووسین دەدەن و جێ‌نشینی ئەو کەسانە دەبێت. بۆیە بۆ کەسانێکی ئاوا نووسین ـ ساختەیی نووسین ـ کە وەک زان و بە جهان‌هێنان وایە دەبێتە کردەیەکی ساختەیی کە بە جهان هێنان تەنیا لە ڕێی سزارییەنەوە ئیمکانی هەیە. سزاریەن جێنشینی کردەی نووسینی ساختەیی کراوە.

هەروەک باس کرا شاعیر بە کەلک وەرگرتن لە جێ‌نشینی بابەتێکی مێژوووییی لەگەڵ بابەتێکی سەردەم چندراوەی شێعرەکەی یا هەمان هاونشین کردنی وشەکانی ئەنجام داوە کە لە نهایەت‌دا بە واتا بگەین. ئەو شێعرە شێعرێکی مەفهوومییە.

هێ) بابەتێکی دیکەی جێی ئاماژە، مەودا دانانە لە شێعردا. مەودا دانان بۆ ئەوە بە کار دەهێندرێت کە شاعیر هەست بەوە دەکات خوێنەر بە هۆی هاودڵییەک کە لەگەڵ دەقەکەی دەکات دەتوانێ ئەویش ببێتە بەشێک لە پڕۆسەی بەرهەم‌هێنانی دەق. مەودا دانان بە چەندین شێوە ئەنجام دەدرێت. دەتوانێ حەزف بە دوو قەرینەی لەفزی و مەعنەوی بێت، دەتوانێ سڕینەوەی پیت یا بەشێک لە ڕستە بێت یا ئەوەی کە چەند ڕستەیەک بۆ دەرئەنجام گیری ڕەها بۆ خوێنەر جێ بهێشرێت. یەکێ لەو بابەتانەی ئەوڕۆ تەکوزی زیاتری دەخرێتە سەر ئەوەیە کە نووسەر بۆ خوێنەر چ پێگەیەکی مەعریفی قایلە تا ڕادەی بەشداری خوێنەر بە هەمان پلە و پێگە لە بەستێنی دەقەکەی‌دا بکاتەوە. دیارە بەستێنی دەق کە کۆمەڵگای ئەدەبییە بەتایبەت و خوودی کۆمەڵگاشە بەگشتی بەستێنی ئافراندنی شێعر و هونەرن، واتا نووسەر وەک تاکێکی کۆمەڵگا بە کەلک وەرگرتن لە پێکهاتەی زمان حەول دەدات ژیان و ئەزموونی ژیندراوی خۆی بنوێنێتەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە لە هاوبەشی و ژیان لە کۆمەڵگادا دەستەبەر دەبێت. بۆیە نووسەر بەشی ئەوە بۆ خوێنەر دەکاتەوە کە دەزانێ لە بەشێکی ئەو ئەزموونانەدا ئەویش بەشی خۆی هەیە. خوێنەر کاتێک مەودا دانراوەکان پڕ دەکاتەوە بە شێوەیەکی هاوکات دەتوانێ ببێتە بەشێک لە پڕۆسەی بەرهەم‌هێنان. دەمێنێتەوە شاعیر لە بەشی جێ‌نشینی یا هاونشینی ئەو مەودایە بە خوێنەران بدات تا ئەو کردەیە لە لایەن ئەوانەوە ئەنجام بدرێت. شێعر بەو شێوەیە لە مەدلول‌خوازی بۆ دال خوازی دەچێت. لە مەودا دانان‌دا دەق قەت کامڵ و پڕ نییە هەمیشە شتێک کەمە، ئەرکی پڕ کردنەوەی ئەو کەمییە لە ئەستۆی خوێنەرەکەیەتی، دال هەرگیز مەدلوولی خۆی بە شێوەیەکی کامڵ و ڕەها لە ئامێز ناگرێت، بەڵکە بەردەوام وەدوایە دەکەوێ و چاوەڕێی خوێنەری خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو پرسە بەو

شێوەیە ئەنجام نەدرێت و تەنیا بە شێوەی کاتی بێ مەودای نێوان دەق و خوێنەر پڕ ناکرێتەوە. پێویستە نووسەران کە لە مەودا دانان کەڵک وەردەگرن دڵنیا بن لەوەی بەردەنگانیان دەتوانن جێ هێشتراوەکان بە سرنج بە چندراوەی کەلام و باری مەفهوومی نووسراوە بە دوو شێوەی جێ‌نشینی و هاونشینی پڕ بکەنەوە. چەند نموونەیەک لە شێعرەکان دێنمەوە:

«ئیتر هەر بە مەرگەوە دەنووسم/ گەر منداڵێک لە پشتی جامی دوکانەوە/ گەر تێپەڕ/ گەر خوشین...!/ ڕەوان بووی سپی/ گا پچڕ پچڕ پچڕ» ل ٢٩

«کاتێک هەروا بە فشە مردی/ بە فشە لە دایک بوونت/ زۆر دیار نەبوو/ بە فشە ژیانت/ زۆر بەرچاو نەبوو/ تەواوی فشەکانت/ ئاشکرا نەبوو/ کاتێک بە فشە مردی/ تەنیا بە فشە مردنت...!» ل ٣٣

« زێئووس پانتای ئاسمان/ دەپارێزێ/ بۆ ئەوەی ئەستێرەکان ئاڵۆز نەبن/ بۆ ئەوەی سەرسامی پۆتینەکانی لووتکە و/ ...؟» ل ٦٦

**٢- مەبەست ناسی**

حەول دەدەم بە کەلک وەرگرتن لە نیشانەشناسی مەبەستناسانە(کارکردگرایی)، نیشانی بدەم بۆ ئەوەی شاعیر شێعر بەرهەم بهێنێت چۆن ڕواڵەتی شێعرەکان لە گشتییەکدا بەرهەم دێنێ کە بتوانین باس لە پێکهاتەی شێعرەکان بکەین؟ بۆ ئەو مەبەستە پێویستە سرنج بدرێتە ڕواڵەتی شێعرەکان و نیشانی بدەین تووخمەکانی شێعر و هەروەها بەلاغەت بە چ شێوەیەک کەلک وەردەگیرێ و جوانکارییە زمانییەکان چۆن نەهادینە دەکرێن. لەو بەشەدا لەگەڵ گەمەی زمانی شێعری بەرەوڕووین، ئەو گەمەیەی کە تایبەتمەندییەکانی زمانی شێعری تێدا بەرچاو دەکەوێت. ڕواڵەتی شێعر ئەو شوێنەیە شاعیر گۆمی قوڵی خۆیەتی و مەلەوانانە مەلەی تێدا دەکات.

ئا) یەکێ لەو بابەتانەی زمانی پێ نیشان‌دار دەکرێت بۆ ئەوەی ئاوایەکی خۆش و دڵنشین بەرهەم بێت کەلک وەرگرتن لە واجئارایییە. واجئارایی مێلۆدییەک بە کەلام دەبەخشێ کە بە هۆی پاتە بوونەوەی یەک یا چەند پیت پێک دێت. واجئارایی توانای ئەوەی هەیە تەشەخوس بە زمان بدات و بەرجەستەی بکاتەوە. بۆیە یەکێ لە توخمەکانی، بەئەدەبی کردنی دەقە. چەند نموونەیەک لە شێعرەکان‌دا:

«نەڕسکابووم من/ ماسییانە، شوورەی خەسیوی/ ئاکواریۆم، ئاکواریۆمت/ نەویشکابووم» ل ٥٨

لێرە لە مابەینی پیتەکانی «س» و «ک»دا واجئارایی هەیە.

«پێویستم نەدیت درێژەدادریش ڕیشی بتاشێ». ل ٢٠٤

«ئافرەتبازانی تلێگرامی/ وەک بازی تیژپەڕ/ پەڕ پەڕ و خۆشفەڕ/ دەبنە مەست و هەڵبەست/ دەبنە لاوێچێک چاو و ئیستیکێر/ دەبنە گوێچکە و تایپینگی کەڕ/ دەبنە سەرەتاتکێی ماچ/ دەبنە سوێی باس/ دەبنە بەرباس و/ ناس». ل ١٩٨

بێ) بابەتێکی دیکەی جێی ئاماژە بۆ ئەوەی شاعیر بتوانێ بەرجەستەسازی زمانی بکات و ئاهەنگی کەلام زیاد بکات، کەڵک وەرگرتن لە سەجعە. سەجع دەتوانێ کەلام دڵنشین تر بکات و گوێی بەردەنگ بۆ کەلام خۆشتر. لە شێعردا سەجع چەند جۆری هەیە، وەک جناسی تەواو و ناتەواو کە دەکرێ هەم ئەو جناسە بکرێت بە سەروا یا دەکرێ لە هاونشینی‌دا لە پەنا وشەکانی دیکە بێت و ئاهەنگی ناوەکی دروست بکات.

«دەورەیان داوین/ بە تووکی سەرمانەوەن/ بە بزەمانەوە/ بە نیگامانەوەن/ بە کونی .../ بە گۆڕی بابی سەحابمانەوەن/ بە وڕێنەکانمانەوەن/ بە ساویرەکانمانەوەن، کەلان ...». ل ١٧٤

«ئافرەتبازانی تلێگرامی/ پرۆفێشناڵ و بە فیشاڵ/ تەیار بە گوگێل و/ ...» . ل ١٩٧

«ژیان و هەتوانی ژان دەتۆرێ/ هەڵبەستی دەمەو گرکان دەتۆرێ/ سروەی بەربەیان دەتۆرێ/ مەتۆرێ». ل ١٩٥

«بە لای سامانڵەوە/کەڵەوی/ نەک تەریکانە/ بە ڕژدەوە هاتووم داهاتووم ...». ل ١٧٨

لێرەدا لە نێوان هاتووم و داهاتووم جناسی ناتەواو هەیە، بەڵام داهاتووم ئیهامیشی تێدایە، وەک ئەوەی لە داهاتووە هاتبێت یا ئەوەی کە کۆم ببێتەوە و داهاتبێتەوە. وەکی دەبینین ئەو وردەکارییە زمانییانە چەند لە پێکهاتنی ئاهەنگی کەلام بەشدارن و کارتێکەرییەکەی لە سەر بەردەنگ چەندەیە.

جێ) وشەسازی یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەیە کە پیرزادە ڕەچاوی دەکات. جۆری وشە سازییەکەی بە چەند شێوەیە: ناو دەکرێت بە کار یا ئەوەی کە لە ناو ئاوەڵناوی بەدیع و نوێ ساز دەکات. ئەو کاتەی کە لە ناو کار ساز دەکرێت چەند دانە لەوانە لە هاونشینی کاتی‌دا دێن و سەرواش درووست دەکەن. جاری وایە لە ئاوەڵناو سازیش‌دا هەر ئەوە ڕوو دەدات. یا جاری وایە بە یارمەتی ئامرازە زمانییەکان(پێشگر، نێوەندگر، پاشگر) ناو یا ئاوەڵناو ساز دەکات. چەند نموونەیەک:

لە شێعری ڕێم: دەمژمێراویم، گێرەوەری، کوێرەواری، کۆڵەوەری، پرووکاویم، هەراویم، دەمبزێواویم، شێتاژۆ، ڕووگاوی و دەمژمێراوی.

لە شێعری دەمرین: نزگرەوار، کۆڵەوار، جاڵجاڵۆکانە، بەرسوورکانە و جروجانەوەرانە.

شێعری قەباحەت: ئاشکرایاندوویانە، دەسپێکخانەی، ئەستۆندەکگای کۆکاتی، سیسگارێکی نۆسن، وەنەوزی باگرتوو، هەڵجاڵەبوونەوە.

هێ) کەڵک وەرگرتن لە مەسەل(کنایە): دڵ کورک بوون

«هەرکە دڵت کورک بوو/ ئۆتۆپیایەک/ لە... بنێ و/ ئەرخەیان بە/ بە ئەوپەڕی خۆی تەنیا/ دەبێتە هێلکە و .../ دەزانم، دەزانم/ چاوەڕێ بووی/ ببێتە شتێکی تر/ بەڵام بڕوا بکە تەنیا/ دەبێتە هێلکە و هیچی تر». ل ١٧١

لە زمانناسی‌دا کنایە جۆرێکە لە مەجاز، مەبەست لە بەکارهێنانی شتێکە بۆ ئاماژە بە شتێکی دیکە. مەسەلەکان لە زۆربەی زمانەکانی جهان خەسڵەتێکی کنایەییان هەیە، واتا شتێک باس دەکەن کە مەبەست لە بەکارهێنانی شتێکی دیکەیە. کنایە هەمیشە لە قوتبی ئیستعاری زمان کەڵکی لێ وەردەگیرێت. یانی شتێک جێ‌نیشینی شتێکی تر دەبێت.

تا ئێرە ئاماژەمان بە هێندێک لایەن کرد کە لە بەشی مەبەستناسی (کارکردگرایی) زمانی شێعری بۆ بەرجەستە کردنەوەی کەلام و ڕێتۆریک شاعیر کەڵک لە چەندین تووخمی نووسین وەردەگرێت تا سێحری کەلام بخاتە ئەستۆی خوودی وشەکان واتا ڕەستاخیزی وشە لەو بەشەدا خۆیا دەبێ. دوو شێوەی جێ‌نشینی و هاونشینی کەلام ڕواڵەتی شێعرەکان پێک دێنن، لەو نموونانەی هێنامانەوە نیشانمان دا پیرزادە چۆن ڕواڵەتی کارەکەی پێک دێنێت تا بتوانین پێکهاتەکەی چاو لێ بکەین.

**٣- دەستەبەندی شێعرەکان**

بەڵام ئەو بابەتەی لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد کە شێعرەکانم بە چەند دەستە دابەش کرد حەول دەدەم لە هەر کامیان چەند نموونەیەک بێنمەوە و دوای ئەوە بە سرنج بەو بابەتانەی باس کران شێوازی نووسینی پیرزادە ئاماژەیەک بدەم.

**ئا) شێعری ئیستعاری**

شێوازی شێعری ئیستعاری بە چەند شێوە پێک دێت. لەو دەفتەرەدا گرینگترینیان کەڵک وەرگرتن لە گیان‌بەخشی و ئیزافەی ئیستعارییە.

«پشت دەلاقە/ ساڵەکان کوێرن و/ سوارچاکانت/ ژانی ون ڕووخان/ دەبووغزێنێ لە ئەبەدییەت/ وە شەبەقینی تاسە/ سەودا سەری خەزەڵ دەلەرێنێ/ پشت دەلاقە/ تیسکی بەرد لاوێنەر/ قژی شانەنەکراو/ دەدزێ لە هەوای کاڵ و ... «. ل ٧٤

لەو شێعرەدا لە گیان‌بەخشی کەڵک وەرگیراوە، مەسەلەن ساڵ وەک مرۆڤ وایە کە کوێر بووە، یا بەرد خاوەنی تیسکە، یا تاسە سەودای لە سەر دایە.

شەقام هەمیشە نامۆیی ناسرێتەوە/ پیاسەیەک/ بەرەو کۆتایی/ هەنگاوێک پێش زەرتەشت. ل ٨٠

لێرەش‌دا شەقام گیانی پێ بەخشراوە.

«دەچمە ئەشکەوتی دوورەیادیّ/ دەڕژم بوغزی بەرد/ ئای ئای! لەو بیّ چێژییە/ ڕەشدالەکانی ئاسمانی هەناسەم/ بلغی سیگار و .../ هەلەسوونیان هێناوە/ ڕموزنەی چاوەکانی». ل ٧٨

«ناشکیّ/ شەرمی شووشەی شکاو/ هەلناچیّ/ نابیّ بەتال/ سەیری ساوی بوولێل/ دەکا/ ڕەنگی ئاونگی دەمەوبەیان». ل ٨٣

لێرەشدا لە هەر دوو جۆری گیانبەخشی و ئیزافەی ئیستعاری کەلک وەرگیراوە، مەسەلەن بەرد بوغزی کردووە یا شووشەی شکاو شەرمی نەشکاوە، یا ڕەشدالەکانی ئاسمانی هەناسەم ئیزافەی ئیستعارییە.

**بیّ) شێعری مەفهوومی**

لە پێکهاتەی ئەو جۆرە شێعرانەدا ڕوالەت تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە خزمەت مەفهووم یا پەیامێک کە شاعیر گەرەکییەتی بە کاملترین شێوە بە بەردەنگ بگات. شێعری لەو شێوەیە کەمتر لە توخمەکانی سەنعەتی بەیان کەلک وەردەگریّ، مەفهووم یا ناوەڕۆک ئەوەندە بەهێزە کە کەمکارییەکانی دیکە دادەپۆشێت. نموونەی ئەو جۆرە شێعرە «بزێن»ـە کە لە سەروو ئاماژەی پێکرا، چەند نموونەیەکی دیکەش دێنمەوە:

وەک زۆر ((بۆی)) تر

«بۆ کویّ ڕۆیشتوون/ کەوا گەڕانەوە؟/ بۆ کویّ ڕۆیشتووین/ کەوا زوو گەڕاوینەوە؟/ ئێمە/ ئەوان/ زۆرکەس/ بە پرچی بەرەو سپی و/ کاکۆلی بەرەو سپیتر و/ چەند بیر لە چرچیەکانمان دەکەمەوە و .../ ئێمە خۆ هەر نەڕۆیشتووین دەلال/ بیللا، بە خودا، هەر تەنیا هەنگاوێکیش!/ ئەی بۆ گەڕاوینەوە؟» ل ٢٣

**ڕاز**

«دوو چاوی لە حیزی/ لە دوو چای لە داوێنپاکی/ باشترە!/ دوو لاقی لە ئاسن/ لە دوو لاقی لە گۆشت باشترە/ دوو کورسی لە ئالتوون/ لە دوو کورسی لە دار/ باشترە/ ئەوەیە ڕاز/ من لە هەسارەیەکی سەر بە مۆر ڕا/ قسە ناکەم/ من مرۆڤێکم لە گۆی زەوی/ من ...!» ل ١٠٤

**کچانە**

«سەیرە/ ئەوەی قەت بیری لیّ ناکەمەوە/ کچە و/ هەمیشە هەست دەکەم/ کچێک/ لە مندا نیشتەجێیە/ یا/ لەوانەیە/ ئەو کچەی لە نێو پارکدا/ لە سەر کورسییەکەی بەرامبەرم دانیشتووە/ منی خۆش بویّ».

جیّ) شێعری زمان

تایبەتمەندی ئەو جۆرە شێعرە تەنیا گرینگی دانە بە ڕوالەتی زمان، واتا زمان بەو تواناییانەی کە لە دەربڕیندا هەیەتی دەبێتە ماکەی دارشتنی ئەو جۆرە لە شێعر. شێعری زمان گرێدراوی شوێن ــ کاتە، یانی پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاخێوەرانی ئەو زمانە لە سەردەم و دۆخی تایبەت بە هەلکەوتوویی شاعیر و هەرواتر خوێنەرانی. کەمتر کار لە سەر ناوەڕۆک و سەناعاتی شێعری دەکریّ، بەلکە تەنیا نیشانە لە لایەنە داپۆشراوەکانی زمان دەگرێت و دەیهەویّ لەو بابەتانەی لە زماندا ئاساییـن، ئاسایی سڕینەوە بکات.

**سی**

«سی/ زۆر تاکەکەسی/ هێندە تاکە کەسی کە مەپرسە/ کوزوو، لە پیّ گۆڕکێی گۆڕەدۆمێک/ یا دۆمە گۆڕێک/ سی/ زۆر بیّکەسی/ هێندە بیّکەسی کە مەپرسە؟ کەوتوو، لە سووڕگەی ساتە سامێک/ یا سامە ساتێک ڕا، ...» ل ١٣٢-١٣٣

پەیڤارەکانی ناحەزیناسی

بەشی یەکەم

وڕێنەکانی بەڕێز٢ و هەروەها

چاوی ناوی سیکلەکانی ئەولای لا/ بە تلێگرافی گرافی گراماڤۆنی چاوەکانی هەنار/ کە نازانم ئیدی چۆن بوو بە دوو، بۆ یەکیش نەدەبوو/ وە هەروا هەلدەقولیّ و / بە ڕاستی مێترۆپۆلی سابلاغ!/ بە نرکەی گرکەی فرکەی هەلدەفیرێنیّ و / بە قوربانت بم گولەکەم... « ل ١٣٤ تا ١٣٧

دوای ئەو

«پرپۆلە خزی بۆق/ وەک بە ملتەوە تۆق/ شەویّ دەبیسرا/ لە مالی جیرانەکەمان/ گریانێک/ گرمۆلە ڕەوی ئەسپ/ گرمۆلە ڕەوی ئاسک/ تاسک/ ناسک/ باسک...»ل ١٤٨ تا ١٥٢

**هیّ) شێعری ڕووداو**

ئەو شێعرانە پەیوەستن بەو ڕووداوانەی لە سەردەمی ژیانی نووسەر ڕوو دەدەن، زیاتری ئەو ڕووداوانە کارەساتێک دەگێڕنەوە یا هەلگری بارێکی ناسرووشتی و دلتەزێنن. دیارە گەلی کورد بەو مێژووویەی پێیدا تێپەڕیوە کەم کارەسات و لەمپەر نەهاتۆتە ڕێی، بۆیە نووسەران بەشێک لە گێڕانەوەی شێعریان تەرخان دەکەن بۆ ئەو ڕووداوانە و دەیانهەویّ لە توێی زمانی شێعریدا بەرجەستەیان بکەنەوە و بیانوێننەوە. نواندنەوەی کارەسات ئیمکانی ئەوە دەدات تا مێژووو بێتە سەنگەرەکانی زمان و ئەدەب. شێعری ڕووداو زیاتر خەسلەتێکی مێژوویی هەیە و هەرواتر شاعیری ئەرکدار(ملتزم)ی خۆی دەویّ. چەند نموونەیەک:

چۆن مردن؟(بۆ سەردەشت)

«بە هیچ شێوەیەک پێم خۆش نییە/ ئێوارەیەکی هاوین بمرم/ کاتێک هەوا دیّ فێنکی بکا/ کاتێک جلەکانم پۆشیوە بۆ دیداری کەسێک/ یان گەشتێکی نێو شار و ڕێک/ بۆنی سێو بێت/ درۆی بۆ چییە/ بۆنی سێوم پیّ خۆشترین بۆنی جهانە و / ئەوەندەی هەناسە بیبات هەلیلووشم ...» ل ٢٢

وەکی دیارە ئەو شێعرە بۆ مەرگی سەردەشت عوسمانی، ڕۆژنامەوانی باشووری نووسراوە. یا ئەو شێعرانەی بۆ شاعیری کۆچکردوو ئەبووبەکر ڕەشیدزادە نووسراون، ئەوانیش بە شێوەیەک لە دوای کارەساتی مەرگی ئەو شاعیرە بەرهەم هاتوون کە بە شێوەیەک وەلام دانەوەی برێک لە شێعرەکانی ئەوە، هەلبەت نەک وەلام دانەوەی سەرڕاست بەلکە بە پیرەوە چوون و کەلک وەرگرتن لە هێندێک تایبەتمەندی شێعرەکانی ئەو.

وێنە

«وێنەکانت دەڕوانم/ لەم سەردەمی داعش بازاڕییە/ بە ڕاستی چاک ماوی/ دەزانم من پیر بووم/ دەلێن موحافزەکاریش بووم/ پێم گەمژەن، هەلبەت ئەوان/ تەنیا خەریکم ئامادەکاری دەکەم و/ کەمێک عاقل بووم/ بە پێچەوانەی تۆ/ بەلام بە ڕاستی چاک ماوی/ دەلێی نا/ وەرە لە یەکێک لەو کەمپەینانەی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شەنگال/ پێکەوە وێنەیەک بکێشین...»ل ١٧٢ و ١٧٣

ئەو شێعرە دیارە باسی هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال و کارەساتی ئاوارەیی ئیزەدیەکان دەکات کە دوای ئەوە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەمپەینی کۆ کردنەوەی یارمەتی پێک هاتن.

**٤ - شێواز**

بە سرنج بەو تایبەتمەندیانەی لە شێعرەکانی ئەو دەفتەرەدا باسمان کرد، پیرزادە ئەو حەولەی داوێتی بۆ ئەوەی شێوازێکی تایبەت بە خۆی پێک بێنیّ لە ناوەند و نەهادی هەر ئەو بابەتانەی باس کران ڕۆنراون. کەلک وەرگرتن لە وشەسازی، وەک سازکردنی کار، ئاوەلناو و ناو، تایبەتمەندییەکی بەرچاوە لە کارەکانیدا، خۆش کردنی گوێی خوێنەر بۆ دووپاتەی پیتەکان، وەک ساز کردنی سەجع و واجئارایی، نێوبەند و سەروا، پاتە کردنەوە بۆ تەئکید خستنە سەر وشەیەک یا چەند وشە یا لایەن. دەربڕێنێکی ساکار و جارجارەش کەلک وەرگرتن لە ئیزافەی ئیستعاری و ئالۆز کردنی کەلام. گرینگی دان بە چەمکەکانی پێکهێنەری واتا و پەروەردە کردنیان بە جەخت خستنە سەر وشەگەلێک کە یارمەتی باری چەمکی زمان دەدەن. ڕەخنە لە کۆمەلگا، ڕەخنە لە بەردەنگ تا ڕادەی ساز کردنی ئایرۆنی، پاڕوودیک کردنی دۆخی کۆمەلایەتی. تال کردنی تامی زار بە نیشان دانی باری نێگەتیڤی دۆخی کۆمەلگا و ئاستی کەمی بە ئاگایی. ئەوانەی باس کران لە زۆربەی شێعرەکان بەرچاو دەکەون.

دیارە بۆ دەستەبەر کردنی هەر یەک لەو بابەتانەی من ئاماژەی خۆمیان دەخەمە سەر، پێویستە بە شێوەی تاکلایەنە هەر یەک لە شێعرەکان بدرێنە بەر سرنج و هەر یەک لەو مەبەستانە لە توێی شێعرەکان سەیر بکرێن. بەلام بە هۆی ئەوەی مەبەستی من لە ئاماژەدان بەو بابەتانە تەنیا بەرچاو ڕوونییەکە وەک ناساندنی ئەو کتێبەیە بە خوێنەران، بۆیە ئیمکانەکانی جیا کردنەوەی هەر یەک لەو لایەنانەی باس کران لە دەرفەت و توانای ئەو نووسینە بە دەرە و لێرەدا باسەکەم بە کۆتایی دەگەیەنم.

نەوا موکرجی ـ سلێمانی



# «موزیک» یان «مۆسیقا»

ئایا هەرگیز سەرنجت داوە کە ئەو وشەیەی چەمکی کۆی ئاواز و گۆرانی و بەستە و ئەوانە دەگەیەنێ لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەتایبەت زمانەکانی ڕۆژئاوا نەک ڕۆژهەلات لەیەکەوە نزیکن؟ بۆ نموونە بە ئینگلیزی «میوزیک»ە، بە فەرەنسی «موزیک»ە، بە ئیتالی «موزیکا»یە، بە ئیسپانی «موسیکا»یە، بە ئەڵمانی «موزیک»ە، بە رووسی «موزکا»یە. بە یۆنانی «موسیکی»یە. بە عەرەبی و فارسیش «مووسیقا»ن. بەلام بە هیندی «سەنگیت»ە، بە چینی «ییویێ»یە، بە ژاپۆنی «ئۆنگاکو»ە.

ئەگەر سەرنج بدرێ ئەو زمانانەی لە لاتینییەوە پەرەیان سەندووە وەک ئیتالی، فەرەنسی، ئیسپانی، ئینگلیزی، وشەکەیان لە لاتینییەوە وەرگرتووە کە «موزیکا»یە.

موزیکا وشەیەکی داڕێژراوە لە «موز» و «یکا» پێکهاتووە.

«یکا» لە زمانی لاتینیدا پاشگرێکە هەمان کاری پاشگری «ی»ی کوردی دەکات. واتە ناوی ڕێژەیی دەسازێنێ. بۆ نموونە ناوی گشتی و پۆلێنی گەورەتر. وەک: «ئاو> ئاوی». «ئاوی» واتە شتێک کە پێوەندیی بە ئاوەوە هەبێ، یان بە ئاو کار بکات، یان لە ئاودا بژی، یان بە ئاو بژی تد. نموونەی تر وەک «بەرز> بەرزی»، «مرۆڤ>مرۆیی»تد. واتە پاشگری «یکا»ی لاتینی بەرامبەر پاشگری «ی» کوردی دەوەستێتەوە.

لە ئینگلیزیدا دەبینین وشەکە لە «میوز» و «یک» پێکهاتووە. «یک»ی ئینگلیزی بە هەمان شێوەی «یکا»ی لاتینی پاشگرێکە بەرامبەر پاشگری «ی» کوردی دەوەستێتەوە. ئەگەر هەڵەش نەبم ئینگلیزی هەر لە زمانی لاتینییەوە ئەو پاشگرەی بۆ ماوەتەوە.

کەواتە تێدەگەین کە بنچی وشەکە «میوز» یان «موز»ە.

«میوز» یان «موز» لە «موس»ی یۆنانییەوە هاتووە. «موس»ەکان کۆمەڵێک خواژن بوون لە ئەفسانە و ئایینی کۆنی یۆنانیدا کە لە سرووشی هونەر و زانست و وێژە بەرپرس بوون. خواژن واتە خواوەندی مێینە. ژمارەکانیان گفتوگۆی لەسەرە، بەلام بەگشتی باوەڕ وایە کە نۆ خواژن بوون. هەر یەکێک لەم موسانە لە سرووشی بوارێک یان چەند بوارێک بەرپرس بوون. بۆ نموونە:

ئیراتۆ: لە سرووشی هۆنراوەی خۆشەویستی بەرپرس بووە
پۆلیمنیا: لە سرووشی ئاوازی ئایینی بەرپرس بووە
تالیا: لە سرووشی کۆمیدیا بەرپرس بووە
تێرپسیخۆری: لە سرووشی سەما بەرپرس بووە
کالیۆپی: لە سرووشی هۆنراوەی داستانی بەرپرس بووە
کلیۆ: لە سرووشی مێژووو بەرپرس بووە
مێلپۆمێنی: لە سرووشی تراژیدیا بەرپرس بووە
یوتێرپی: لە سرووشی گۆرانی و هۆنراوەی گۆرانی و موزیک بەرپرس بووە
یورانیا: لە سرووشی گەردوونناسی بەرپرس بووە

واتە خودی واتای وشەی «میوزیک»ی ئینگلیزی و "موزیکای( لاتینی و ئیتالی و "موسیکا) ئیسپانی؛ واتە ئەوەی لە مووسەکانەوە هاتبێ. ناوی ڕێژەیی "موسە.

لێرەدا پێویستە سەرنجێک لە وشەی «مووسیقا»ی عەرەبی و فارسی بدەین. «قا» یان «یقا» نە لە زمانی فارسیدا و نە لە زمانی عەرەبیدا پاشگر نین. واتە دەردەکەوێ کە عەرەبی وشەکەی لە یۆنانییەوە وەرنەگرتووە و تەعریبی کردبێ، بەڵکوو لەژێر ڕۆشنایی نەبوونی «قا-یقا» وەک پاشگر. دەردەکەوێ کە فارسیش و عەرەبیش وشەکەیان وەک خۆی لە زمانێکی ترەوە وەرگرتووە، بەلام تەنها گۆڕانکاریی دەنگیی بەسەرهاتووە کە ئەویش «یکا» بووە بە یقا، واتە ک بووە بە «ق». لۆژیکی ترین لێکدانەوەش ئەوەیە کە فارسی لە عەرەبیی وەرگرتبێ بە بۆنەی ئایینی ئیسلام و بلاو بوونەوەی زمان و کەلتووری عەرەبی بە ناوچە ناعەرەبە داگیرکراوەکاندا. عەرەبیش یان لە ئیسپانی یان ئیتالیی وەرگرتبێ. بە «س»ی ناو «مووسیقا»دا پەرەی سەندبێ کە لەوانەیە لە ئیسپانیان وەرگرتبێ، چونکە لە ئیسپانیدا دەوترێ «موسیکا». ئێمەی کوردیش ئەم وشەیەمان لە عەرەب یان لە فارسییەوە وەرگرتووە.

کەواتە ئێستا دەزانین کە ئەگەر لە عەرەبمان وەرگرتبێ ئەوا:

کوردی لە عەرەبیی وەرگرتووە، عەرەبی لە ئیسپانی یان ئیتالیی وەرگرتووە، ئیسپانی یان ئیتالی لە لاتینیان وەرگرتووە، لاتینی لە یۆنانیی وەرگرتووە.

واتە ئەگەر لە عەرەبیمان وەرگرتبێ ئێمە چوار هەنگاو لە وشە بنچینەیەکە دوور کەوتووینەوە. ئەگەر لە فارسیمان وەرگرتبێ هەمان شتە، ئەوا پێنج هەنگاو لە وشە سەرەکییەکە دوور کەوتووینەوە.

با بێینە سەر وشەی «موزیک»:

موزیک لە بنچی «موز» و پاشگری «یک»ی ئینگلیزییەوە هاتووە. ئەگەر ئەم وشەیە بخوازین؛ ئەوا:

کوردی لە ئینگلیزیی وەرگرتووە، ئینگلیزی لە لاتینیی وەرگرتووە، لاتینی لە یۆنانیی وەرگرتووە. واتە سێ هەنگاو لە وشە بنچینەیەکە دوور کەوتووینەوە. بە ڕای من هێشتا لە چوار و پێنج هەنگاوەکەی «مۆسیقا» کە باشترە.

کەواتە ئێستا دەتوانین بپرسین: ئایا ئەگەر بمانەوێ بە کوردی وشەکە دابتاشین و خۆمان بڕیار بدەین ڕاستەوخۆ لە بەخشەرەکەی وەربگرین کە یۆنانییە، نەک لە وەرگری وەرگرەکەی وەربگرین؛ ئەوا ئەو وشە کوردییە داتاشراوە چی دەبێ؟

ئەو وشەیە دەبێ بە «موسی». هیوادارم خوێنەری بەڕێز بە «مووسا» نەیخوێنێتەوە. بەڵکوو بە وشەی «موس+ی»ی بخوێنێتەوە. «موسی» پێکهاتووە لە «موس» کە ئاماژەیە بە خواژنی یۆنانییەکان و پاشگری «ی»ی کوردی.

بەم شێوەیە: بە ژەنیاری ئامێرەکان دەوترێ: موسیژەن

بە دانەر و سازکەرەکەی دەوترێ: موسیدانەر یان موسیساز

بە ناوی گشتیی کەسەکەش کە خەریکی بوارەکەیە دەوترێ: موسیکار، واتە کەسێک کە کارەکەی موسی بێ، بەلام ئێمە دڵنیا نین کە وردەکاریی کارەکەی لە موسیدا چییە، واتە نازانین ئایا ژەنیارە یان دانەرە یان رابەری ژەنیارەکانە... .

من خودی خۆم تا ئێستاش بە نووسین دەنووسم «موزیک». لە قسەکردندا لەبەر ئەوەی کە دەزانم بەرامبەرەکەم نازانێ بۆچی هەنگاوێک یان دووان «موزیک»م لە «مۆسیقا» پێباشترە، ئەوا وشەی «مۆسیقا» خۆی بەکار دەهێنم، بەلام بە بڕوای من کاتی هاتووە کورد لەمەودوا خۆی زمانی خۆی بەڕێوە ببات و واز لە سوال کردن لە سوالکەر بێنێت و متمانە بە زمانەوانەکانی خۆی بکات کە زانیاریی زمانییان پێبدەن و میللەتیش سوود لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانان وەربگرن. هەرگیز درەنگ نییە بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی پێشوو و پاکتاو کردنی زمانەکەمان لە هەڵە.

لە کۆتاییدا: «موزیک» لە «مۆسیقا» باشترە، بەلام بە بڕوای من باشترین و ڕاست ترین و کوردی ترین وشە «موسی»یە.

# ویژەوانانی موکریان

سەید نووح عینایەتی(نەبەز) - مەهاباد



بەپێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبیی وڵاتەکەمان دەناسێندرێن. لە ئەم ژمارەیە: ڕەحمان تەرەغە

## ڕەحمان تەرەغە



شاعیری لاو و جوانەمەرگی گەلەکەمان ڕەحمان تەرەغە ٢ی جۆزەردانی ساڵی١٣٤١ی کۆچی هەتاوی لە ئاوایی باغچە سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی باغچە دەست پێکردووە و خوێندنی ناوەندی لە شاری مەهاباد تەواو کردووە، بەڵام بە هۆی چۆنێتی ژیان تا ساڵی١٣٧٠ی هەتاوی نەپرژاوەتە سەر ئەوەی زەوقی خۆی لە بواری ئەدەبی تاقی کاتەوە، هەر لەو ساڵەوە کە ئەدەبیاتی وەک ڕێ چارەیەک بۆ ڕزگاری لە کەند و کۆسپەکان هەڵبژارد زۆر شێلگیرانە و بە دەستوبرد هەنگاوی هەڵێناوە. کاک ڕەحمان لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ توانی جێی خۆی لە نێو شاعیران و ئەدیباندا بکاتەوە و ڕێبازێکی تایبەت بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئاکامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانەی هەر چەند بە زەمان و ماوە کەم، بەڵام بەکەلک، کۆمەڵەشێعرێکی خنجیلانەیە بە ناوی «ئاواتە خنکاوەکان» کە چاپ و بڵاو بۆتەوە، هەروەها وتارێکی دوورودرێژی بە ناوی «فەرهەنگ و زرەفەرهەنگ»ی لە زمانی فارسی را وەرگێراوەتەوە سەر کوردی و ئامادەی چاپە.

بە داخەوە ئەو شاعیرە ناسکخەیاڵە لە تافی لاوی و لە تەمەنی٣٥ ساڵیدا ڕۆژی چاردەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی کۆچی هەتاوی لە کاتی کارکردن و بەردی مەڕمەڕ بە دیوارەوەدان لە سەر داربەستی قەرەچێوە کەوتە خوار و سوک و هاسان گیانی لە دەست دا و خەم و کەسەری خستە دڵی بنەماڵە و هەموو هاوڕێیانی. ئەو شاعیرە جوانەمەرگە هاوڕێیەکی وەفاداری خالد (بیلانی) زاهیدی بوو کە یاد و ناوی ئەو شۆڕە لاوانەمان بەردەوام و رووحی پاکیان لە بەهەشتی ئەبەدیدا بحەسێتەوە.

### ئاواتە خنکاوەکان

لە نێوان زام و ئازارا ڕەگاژۆم کرد
لە دەس ئاوارە قەتیسەکانەوە چەکەرەم دا
لەگەڵ زەردەی خۆرا بۆ ژین
پەیمانم بەست
شین بووم و سەوز هەڵگەڕام
لەگەڵ گزینگا تێک ئاڵام
هانای هەناسەم بە گوڕتر دەبوو هەردەم
کاروانی ڕووباری دڵم
بە نێو دەمارەکانمدا سووڕی ئەدا
من بە زەردەی ڕۆژی دەم کەل
ناشتام دەکرد
بۆ ژوانی تریفەی مانگ
کاتم ژمارد
لەگەڵ شنەی کازیوەدا
لە نێو خرمانەی گوڵانا کایەم دەکرد
سیرە سیری سێوەرە بوو
لەبەر پێما عەتری بۆن خۆشی
بیرەوەریان دەپرژاندە
نێو هەناوم
ئای چەندەم حەز لە کۆلکەزێرینەیە
تیشکی چاوانم خۆ لە کەوانەی سێحری
ڕەنگەکانی بئاڵێنن
هەتا پێی ڕابگا دەستم و
لە چینگ ئازاری کچێنیم ڕزگاریم بێت
منی لە ناو حەلقە حەڵقەی زەنجیری کۆنی یاساکانا
شەتەکدراو
بیرم لە ناو ژەنگ و ژاری
ئەفسانەی ئازادیدا
سەرگەردانە
دەمەوێ بۆ دەربازبوونم
بە ناخی گەورەترین ئازار ڕۆچم
لۆمەم مەکەن
لە تەوافی هیواکانما
گیانم داوە

## سەید نووح عینایەتی

لەسەر داوای خوێنەران لەو بەشەدا سەید نووح عینایەتی دەناسێنین کە نووسەری بەشی **وێژەوانانی موکریانە** .

گۆڤاری بەیان



سەید نووح عینایەتی ناسراو بە (نەبەز) کوڕی خوالێخۆشبوو سەید عومەر عینایەتی، لە پاییزی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، چاوی بە جیهان پشکووت و لە قوتابخانەکانی دەرسی خوێند و هەر لەم شارەش درێژەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی خۆی داوە. لە سەردەمی مێرمنداڵی جگە لە زەوقی شاعیری بە هۆی هێندێک ڕووداو و ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی، یەکەم ئەزموونی شاعیرانەی ئاشکرا بوو و وەک هۆگرێکی شێعر و ئەدەب، هاتە ڕیزی ڕێبوارانی ڕێبازی کەلتوور و ئەدەبی نەتەوەیی.

هەر وەک خۆی ئاماژەی پێدەکا دوو هۆکاری سەرەکی دەبنە هاندەری ئەو بۆ ڕوو کردن لە بەستێنی شێعر:

یەکەم، پاش لە دەستدانی باوکی خۆشەویستی، تاقمێک لە شاعیران و نووسەرانی بەناوبانگی موکریان بە شێعر و پەخشان پەسنی جوامێری و ئازایەتی سەید عومەری خودالێخۆشبوو دەکەن، کە پاش بیستنی ئەم بەرهەمانە، هزر و هەستی ئەدەب و خۆشەویستی بە وڵات، سەید نووح هان دەدەن تا بەرەو هەرێمی شێعر زیاتر پەل بکوتێ.

دووهەم، هەستی خۆشەویستی و ئەمەگ و پێزانین بۆ دایکی فیداکار و دڵسۆزی (خودالێخۆشبوو سەیزادە سێوێ) کە پاش کۆچە دوایی سەید عومەر لە گوێن شێرەژنێک بە تەنیا کۆڵکێشی دەرد و سەخڵەتی ژیان بووو بوو بە سێبەری ڕەحمەت بە سەر سەید نووح و چوار زارۆکی تر. هەر ئەو هۆکارانە بوون کە سەید نووحیان هان دا لە دنیای مەجازیش وەک دامەزرێنەری کاناڵی تایبەت بە « دایک و بابی خۆشەویست» چالاکانە بەشدار بێ و لەو بەستێنەوە تا ڕادەیەک ئەمەگداریی خۆی لە بەرامبەر دایک و باوکیدا بەجێ بێنێ و لەم ڕێیەوە دەرسی ئەمەگ و وەفا بە گەنج و لاوانی وڵات بدا.

سەید نووح جگە لە هاوکاری بەربڵاو لەگەڵ گۆڤارەکانی سروە، مەهاباد، بەیان، زانکۆ و هەژێن، خاوەنی چەند کتێبی ئامادەی چاپە کە بریتین لە:

١_ « شاعیرانی موکریان» لە سێ بەرگدا کە ژیاننامە و نموونە شێعری زۆربەی شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی ئەم ناوچەیە لە خۆ دەگرێ.

٢_ « ناوی جوان بۆ منداڵانی جوان» لە دوو بەرگدا کە لە ماوەی چەند ساڵ گەڕان و پشکنین و کۆکردنەوە، هەزاران ناوی بۆ کچان و کوڕانی کوردستان لە خۆ گرتووە کە زەحمەتە ناوێک هەبێ و لەو کتێبەدا بە ماناوە تۆمار نەکرابێ.

٣_ کۆی شێعرەکانی لە دوو دەفتەردا بە ناوەکانی «سۆزێک بۆ دایک و باب»، «سۆزێک بۆ نیشتمان».

هەروەها ئەو بەڕێزە جگە لە چالاکییەکانی ئاماژەپێکراو، بە دەنگی زوڵاڵی خۆی دیکلەمەی شێعری هەندێ لە شاعیرانی وە ئەستۆ گرتووە کە لە کاناڵە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو دەبنەوە.

### دایک و بەهار

بەهارە و وەرزی خۆشی و کامەرانی
دەبارێ دەنکە دەنکە مێهرەبانی
زەوی یەکسەر لە ڕەنگی سوور و زەردا
کراسی سەوزی گوڵزاری لەبەردا
چەم و کانی هەموو سەرخۆش و مەستن
هەموو ڕێبواری ڕێگەی بیر و هەستن
لە هەر باغێ گوڵە و جامی بە دەستە
دڵی بولبول لە تاوی خۆش و مەستە
لە هەر سووچێکی باغی کوردەواری
دەخوێنن بولبولان نەغمەی بەهاری
ئەوە چۆڕاوی ژینە دێتە خوارێ
لە دوندی شاخی بۆ دەشت و نزارێ
دەزانی دایە جوانی ئەو بەهارە
دەڵێی ئامێزی تۆیە لێم دیارە؟
لە سەفحەی هەر گوڵێ ناوت دەبینم
کە هەر تۆی جوانی گوڵزاری ئەوینم
لە سەر گۆڕت گوڵ و سەوزە بڵاون
دەڵێی دایە بە شەوقی تۆ ڕواون
لە دووری تۆ مەلێکم دڵ بریندار
دڵی من تەنگ و سینەم پڕ لە هاوار
ئەگەر بۆخۆم لە تاوانت خەمینم
بەتاسەم کەس بە ناشادی نەبینم
لە خاکا خەوتووە سوورەگوڵی خۆم
بە تۆم ئەسپاردووە خوایە دڵی خۆم



کەریم ڕەحمانی ـ بانە

# قەرەج و مووسیقاکەیان

قەرەج لە کوردیدا بەپێی ناوچەکان «دۆم، قەرەج، قەرەچی، خەڕاتی، کاولی، کاوڵی غوربەتی، سۆزمانی، توشماڵ، قەرشومار»یان پێدەڵێن.

فەرهەنگی زانستگای کوردستان لە هەمبەر وشەی فارسی «کولی» بە کوردی وەهای نووسیوە: «قەرەچی، قەرەچ، قەرەج، قەراجەدار، کۆچەر، کاوڵی، کاولی، کاوەلی، کەولی، کوولی، کێوەلی، دۆمی، کەچەر، هەر یەکە لەو کەسانەی زاگەبەری خێوەتنشین یان گەڕۆک لە هۆزی هیندی و لە تۆرەمەی هیندوئێرانی کە لە دنیادا بڵاو بوونەتەوە و زۆرتر لە ڕێگەی ئاواز خوێندن، مووسیقاژەندن، بەڕێوەبردنی شانۆی گەڕۆک و کاری دەستی و ئاژەڵدارییەوە دەژین.»

قەرەجەکان لە ناوچەکانی ئێراندا بەم ناوانەش ناسراون: لە لۆڕستان (غوربەتی)، لەخۆراسان (قەرشومار، ڕووت) لە خوزستان (زوت، جەت ) لە بەلووچستان (چەللی، لۆڕی، کیمچنی) لە شیراز (غوربەتی) لە کرمان (لوولی) لە باکووری ئێران (گودار، جوگی، فیوج) لە ڕوخی کەنداو (شەرشن) لە هەمەدان (خەتیران ).

لە کوردستاندا دۆم لەگەڵ قەرەچی و چاوبەست جیاوازیان هەبوو. ئەم سێ تیرەی قەرەچی، دۆم و چاوبەست، هەر سێکیان ڕەوەند بوون. ئاران و زۆزانیان دەکرد، چونکی خانوویان نەبوو دەنا مەردار نەبوون. لەسەر کارێز و کانیاوان و گوێی چۆمان لە نێزیک شار و گوند دەواریان هەڵدەدا. لە هاوین و هەوا خۆشیدا دەهاتنە شوێنە ساردەکانی وەکوو ناوچەی ئەردەڵان و موکریان و لە زستان و هەوا ساردیدا دەچوونە گەرمێن و گەرمیان. هەر سێ تیرەی چاوبەست و دۆم و قەرەچی لە داری دەدنیایە باری چەند سەر یەکسمیان ماڵ هەبوو. کەمتر ئەسپ و ئێستریان پێ بوو پتر گوێدرێژیان پێ بوو. [کەر لە چاو بارگین، لەوەڕ و تفاقی ئەوتۆی نەدەویست]

بەشدار (گەماڵ) و تاژیان پێبوو، ژن و پیاویان ڕەشئەسمەر بوون، ڕەنگیان لە ڕەنگی خەڵکی باکووری هیند و پاکستان دەچوو. پیاوەکان چەند ژنیان هەبوو. ژن و ژنخوازییان لەگەڵ خەڵکی گوند و شار نەدەکرد. خەڵکیان بە زمانی خەڵکی ناوچەکە دەدوان، بەڵام لە نێو خۆیاندا بە زبانی تایبەتی خۆیان قسەیان دەکرد. پیاوەکان لە ژێر دەواردا کاری سەنعەتییان دەکرد ئافرەتەکانیان دەگەڕان و سەودا و مامەڵەیان دەکرد.

**جیاوازی دۆم و قەرەچی و چاوبەست:**

من خۆم لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان بە تەمەنی خۆم ئەم سێ تیرەیەم دیبوو.

١ـ دۆم: سەنعەتکار و هونەرمەند بوون. بێوەی بوون. خەڵکی خۆشیان دەویستن. خەڵکی گوندەکان جووتبەندە و مەرداری و... یان دەکرد، بەڵام سەنعەتکاریان پێ شوورەیی بوو. لە بەرانبەردا دۆمەکان جووتبەندە نەبوون و ڕەوەند بوون. کارگەلی وەکوو چێکردنی کەو و بێژنگ و ساز کردن و نوێ کردنەوەی دەف و ڕاوچێتی و پینە کردنی مەشکە و مەشکۆڵە و خۆشکردنی پێست و ڕیخۆڵە و خەڕاتی و ئاسنگەری و فرۆشتنی کر و مت و مووڕووی خۆیان بە خەڵک بوو. سەگی چاکیان پێبوو شەڕەسەگیان دەکرد، کەویان پێبوو شەڕەکەویان دەکرد. هەموو ئامێرێکی مووسیقایان ساز دەکرد بەڵام خەڵکی تەنیا دەفەیان لێ دەکڕین چونکە ئەو دەم ئامێرەکانی دیکە حەرام بوو. پنە و تیرۆک، زەمبیل و چەقۆیان ساز دەکرد. لە شایی و زەماوەنداندا کە بە زۆری لە سەرەتای پاییزدا بوو، ئەگەر دۆم و قەرەچی لە گوند بوایەن ئەوە شایی ئەوندەی دیکە خۆشتر دبوو بە سێ هۆ:

ئەلف ـ باشترین گۆرانیبێژ بوون چونکە گەڕیدە بوون، خەڵکی نادۆم و قەرەج ئەگەر سەفەریان کردبا، سێ چوار ئاوایی ئەولای لاگەکەی خۆیان دەڕۆشتن ئیتر چوارچێوەی گۆرانی و بەندیان سنووردار بوو، بەڵام کاولیان لە کەرکووک و خوزستان و خانەقین و ئیلام و هەڵەبجەوە دەهاتنە موکریان و هەوشار و دیواندەرە و.... کەوابوو هەوا و بەندیان جوراوجۆر و فرە بوو.

ب ـ ئامێری مووسیقا وەکوو تار، دمەک و دەهۆڵ و جووزەلە و بلوێر تەنیا لە کن ئەوان هەبوو و هەر ئەوانیش لە کوتن و ژەندنیاندا وەستا بوون.

ج ـ ئافرەتە ڕەشئەسمەر و قەدباریک و باڵابەرزەکانیان بێ ڕووگری سەرچۆپیان دەگرت پتر لە خەڵکی ناوچە هەڵپەڕکێیان دەزانی چونکی گەڕاڵ بوون و هەڵپەڕینی زیاتر فێر ببوون و چاوەڕبڕکێیان دەگەڵ لاوان دەکرد و... شاییەکەیان بە جۆشتر دەکرد.

٢ـ قەرەچی: ئەوانیش ڕەوەند بوون لە ئەندازەیەکی کەمدا سەنعەتیان دەزانی (پینەی مەشکە و نۆژەن کردنەوە و ساز کردنی کەو و بێژنگ و...

سواڵیان دەکرد ناخۆشەویست بوون.

٣ـ چاوبەست: سەنعەتکار و هونەرمەند نەبوون، دزیان دەکرد، پەست بوون. تاقمێکیان لەبەر دەرکە ژنی خاوەنماڵیان بە قسە دەگرت چەند کەسیان لە بارئەنداز و دەلاقەوە خۆیان لە ژووری دەکوتا و شتی سووکیان دەدزی. لە برێ ناوچەی کوردستان فەلەڕەشە یا فەلەکە ڕەشەیان پێدەکوتن. (ناوچەی بانە) دەگێڕنەوە لە گوندێکی چاوبەست لەگەڵ ژنی خاوەنماڵ قسە دەکا و دوایە دەڕۆن. خاوەنماڵ دەڕوانێ پووڵەکەیان نەماوە هانا دەباتە کن سەیید باقی شێخی ناوچەکە، ئەویش دەچێتە لای فەلەکەڕەشە و هەڕەشەیان لێدەکات کە ئەگەر پووڵی ژنە نەدەنەوە ئەوە لە گەوڕ دەیان بەستێتەوە. وەڵا پووڵەکە بە سەید باقی دەدەنەوە. ژنەی خاوەن پووڵیش سوێندی دەخوارد کە هیچ چاوبەستێ نەچۆتە ژووریّ.

لە ناوچەی گەورکایەتی، ماڵێ لە مەزرا خەریکی کار بوون چاوبەست دەچن نێردیوانێکی لە ماڵێکی جیران وەردەگرن پێیدا سەردەکەون و شتی سووکی ماڵەکە بە تالان دەبەن. دوایە ماڵی دزی لێکراو و خاوەنپەیژە لە سەر نەردیوانەکە بەشەڕ دێن.

گۆرانیبێژانی دۆم و قەرەجی کوردستان ناوبانگیان دەرنەکرد و تەنیا لە شایی گوندەکاندا بەشدارییان دەکرد وەکوو هونەمەندانی دیکە ئەو هەلەیان بۆ هەڵنەکەوت بچنە ڕادیۆکان و دەنگیان بڵاو بێتەوە.

دۆمەکان باشترین ڕاوکەر بوون چونکێ خاسەکەوی چاک و تاژی خۆشڕست و تفەنگی چاکیان هەبوو. بۆ خۆیان وەستای جۆرەکانی تفەنگی سەردەمی خۆیان بوون.

هێندێک سەرچاوە «دۆم»یان بە هۆزێکی کورد نووسیوە کە ئاران و زۆزان ناکەن و لە هەڵەبجە و سەی سایەق لە ژێر حاکمییەتی مەحموودپاشای جافدا خەریکی کاری سەنعەتین

هەواڵنامەی کتێب

(ئینتێرنێت)

لەسەریەک لە گشت سەرچاوەکاندا دۆم و قەرەچی و کاولی بە یەک واتا دەکار کراوە. دەگەڵ خەڵک ژن و ژنخوازییان نەدەکرد. ئەو دەم کە ڕەدواکەوتن هەبوو نەبیسترا کە ئافرەتی کاولی ڕەدووی خەڵکی ئاسایی بکەوێ یان بە پێچەوانەوە. لە هەر ناوچەیەکیش‌دا سەرۆکێک و دمڕاستێکیان هەبوو.

مووسیقای قەرەجان مووسیقایەکی شادە. کاتی خۆی بەهرامی چووبین قەرەجانی لە هێندەوە هێنایە ئێران هەتا خەڵکی ئێران کە بە هۆی شەڕ لەگەڵ ڕۆم کوژراو و برینداریان دابوو تووشی نەخۆشی خەمۆکی ببوون، کەشی خەمۆکییان لەسەر لابا و بە سەما و مووسیقا و گۆرانی دڵی خەڵکی شاد بکەن.

قەرەجان لە خەڵکی ناوچەکە، گۆرانی ئەوان فێر دەبوون و بەیت و فەردیان بۆ خەڵکی ناقەرەج هەڵدەبەست. بۆ وێنە حەماسەی «عەبباس گالش» لە مازندەران کە عیسا فیوج گوداری ئاکنجی فازڵ لە ئاوای گوڵستان هۆنیویەتەوە، یان مامۆستا ڕەمەزانی حەداد کە لە ئەوغازی تازەی شیروان، لە تخووبی خۆراسان، بەیتی حەماسەی ججۆخانی کرمانجی هەڵبەستووە. ججوخان قارەمانانە لە هەمبەر لەشکری ڕەزاشادا وێستا و سەری بۆ سیاسەتی یەک دەوڵەت و یەک فۆڕم و یەک زمان شۆڕ نەکرد و قارەمانانە شەهید کرا.

مووسیقای گەلی قەرەج بەگشتی بە دوو دەستە دابەش دەکرێن کە بریتین لە:

ئا ـ مووسیقا و گۆرانی ناو خێڵی خۆیان

ب ـ گۆرانی و مووسیقای ناوچە و شوێنی ژیانیان

مووسیقای ناو خێڵی خۆیان بە چوار دەستە دابەش دەکرێن کە بریتین لە:

١ ـ مووسیقا و گۆرانی شاد بەکۆمەڵ

٢ ـ ئەفسانەکانیان کە بە مووسیقای سوننەتی دەردەبڕن

٣ ـ گۆرانییە ئەویندارانە و پێهەڵاگوتنەکان

٤ ـ گۆرانییە تەنز و هەنەکەکان

مووسیقای ناوچەی ژیانی قەرەجان:

کاولیانێ کە بە پێخۆش بوونی خۆیان یان بە تۆپزی لە شوێنی نیشتەجێ کراون گۆرانی و مووسیقای ئەو ناوچەیە دەڵێنەوە. جاری واشە مووسیقا و گۆرانی بنەڕەتی خۆیانیان بە تەواوی لە بیر چۆتەوە و لە هێندێ جێ گۆرانی و مووسیقای تایبەتی خۆشیان پاراستووە.

ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکاندا دەردەکەوێ لە گۆرانی و مووسیقای گەلی قەرەج شتێکی ئەوتۆ نەماوەتەوە و تەواو تێکەڵ بە گۆرانی و مووسیقای گەلانی ناوچەی ژیانیان بووە. مووسیقای تایبەتی خۆیان کە سازگەلێ وەکوو چەنگ و نایە و زەنگی هێندی و بەربەتی لوری بوو، تەواو لە بەین چووە و ئێتر لێی نادەن. سازگەلی وەک دووتار، دمەک، دایرە و کەمانچە جێی وانی گرتۆتەوە.

کاریگەری و کارتێکەری مووسیقای قەرەجان لە سەر مووسیقا و گۆرانی ناوچەی نیشتەجێ بوونیان:

لەم وارەدا دوو بۆچوون هەیە کە بریتین لە:

١ـ بۆچوونێک دەڵێ مووسیقا و گۆرانی قەرەجان، گۆرانی و مووسیقای ناوچەی نیشتەجێ بوونیانی شێواندووە. قەرەجان نەیان توانیوە وشەکان و هەواکان وەک خۆیان بڵێنەوە. هاتوون هەواکانیان گۆڕیوە، سەرەتا و بنەتایان لێ زیاد کردووە، یان بە پێچەوانەوە سەرەتا و بنەتایان لێ قرتاندووە.

٢ـ بۆچوونی دووهەم دەڵێ قەرەجان پارێزەری چاکی مووسیقای ناوچەی نیشتەجێ بوونیان بوون. ئەوەی کە قەرەجان لە مووسیقای کۆنی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام لە ڕەساڵە و نووسراوەکاندا و هەروەها لە پەیجوویی‌گەلێ کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لەمەڕ مووسیقای گەلی قەرەج کراوە دەتوانین تا ڕادەیەک لەگەڵ هەوا لە نێوچووەکانی ئەوان ئاشنا بین. لە ڕیسالەی «آداب آوازها و ذکرهای گلدسته در باب دهم تصنیفات مطربان» ئاماژەی بە ڕاگ یا ڕاک کردووە (ڕاگ یا ڕاک هەمان مەقام و دەزگای مووسیقایە) دەنووسێ: ئەوەی لە ڕاگدا لە زمانی هێندوستانی‌دا گەلاڵە کراوە ئەمانەن: ڕاک سەرئەندیب بە بیوورد لە ڕاکبگوڕ دراوە، ڕاکی کشمیری کە بە زابولی گاوری گۆڕدرا. ڕاکی لاهووری (پاکستان) بە ماهوور. ڕاکی دەکەن بە نەهاوندەک (نەهاوەندی) ڕاکی بالوک بە مەقامی بوسلیک، ڕاکی مولتان بە مەقامی لە ڕیسالەکەدا نەخوێندراوەتەوە) ڕاکی بنگا بە مەقامی حەسارەک، ڕاکی نەهەنگەر بە مەقامی گوشیت. ڕاکی حەیدەرئاباد بە مەقامی ڕووحی ئەرواح. ڕاکی عەزیمئاباد بە مەقامی ئێراقی. ڕاکی سیالکوت بە مەقامی سەلەمەک، ڕاکی بەهالپوور بە مەقامی پەهلەوی، ڕاکی دەهلەوی بە مەقامی سیخی گۆڕدراوە.

سەیدا هووشەنگ جاوید لە پەڕاوی «مووسیقای ناوچەکانی ئێران‌دا» دەبێژێ: لە پەیدۆزییەکان‌دا لەمەڕ مووسیقای شینگێڕی و سەردولکەبێژیدا لەوە تێگەیشتم کە لە شیراز و پارێزگای فارس‌دا ئاهەنگی «تەختەهێندە» بە شێوەی ڕاک واتا مەقام دەکوترا.

دوکتور ساڵح مێهدی، مامۆستای مووسیقای عەرەب لە بەشی مەقاماتی ئاسیایی‌دا ئاماژەی بەوە کردووە کە کاریگەری مووسیقای هێند لە سەر مووسیقای عەرەب‌دا بە تەواوی هەست پێدەکرێ. ساڵح مێهدی جۆرەکانی مەقاماتی لە حەوت پاژدا ڕێک خستووە کە ئەمانەن:

١ـ ڕاک یا دەزگا یا مەقامی تایبەتی بەیانی و شەوەکی

٢ـ مەقامی خۆرهەڵات

٣ـ مەقامی نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ

٤ ـ مەقامی ئێوارێ

٥ ـ مەقامی شەوان

٦ ـ مەقامی نیوەشەوان

٧ـ مەقامی بوومەلێڵ

لەو پۆلین بەندییەدا مەقاماتی کوردی وەکوو خورشیدی، خاوکەر، سەحەری و نیوەشەو و... خۆیا دەبن.

سەیدا ساڵح مێهدی دەپرژێتە سەر هەر یەک لە ڕاگەکان(مەقامات) و بەم چەشنە نێودێریان دەکا:

١ – ئەلبنقەلا = بنگالە. لە حیجاز و پلە و نۆتی حەوتەم (سی)

٢ – ئەلبەهوبالا = بوپال کە هاوبەشییەکی لە حیجاز هەیە و لە پلە و نۆتی چوارەم و حەوتەم (فا، سی )

٣ – ئەلسەرنقا = ساران گا، یا سیری ناگا لە ماهووری پلە و نۆتی (می، لا)

٤ – ئەلبەهما بالاشەری= بە هیما پالاشەری لە نەهاوەندی گەورەی پلە دوو و شەش‌دا (ڕا، لا )

٥ – ئەلمەلتانی = مولتانی لە گۆشەی کوردی (ڕا، لا)

٦ – ئەلرەقائەل هیزولا = ڕاگی هێندی لە ماهووری پلەی چوارەم و دووهەم و پێنجەم (فا، ڕا، سول)

٧ – ئەلقوناکالی = گوناکالی، لە حیجاز و لە پلە و نۆتی سێهەم و حەوتەم (می، سی)

٨ – ئەلیاواناپووری= یا واناپووری، لە حیجاز و پلەی سێهەمی بەرزدا (می )

سەرچاوە: لاپەڕەی٦٥ هەتا ٦٩ کتێبی «مووسیقای عەرەب»

نموونەیەک لە گۆرانی دۆمان لە پەڕاوی «توحفەی

موزەفەرییە»
کچی دۆمی حەزی لە کوڕی دۆمی دەکرد. ڕۆژێکی داوەت بوو هاتنە کن کوڕەکەی گوتیان: مەقامان بڵێ داوەتێ دەکەین ئیشەڵڵا. کوڕەکە گوتی: «لێم ڕاوەستن هەتا نیوەڕۆیە، ئەودەم وەڵام دەدەمەوە» پیاوەکان ڕۆین. کوڕەکە لە دوو کچەکەی نارد، گوتی: « ماڵە وەستا شاڵی داوەتیانە بچم یان نەچم؟» گوتی:« بەڵێ دەبێ بچی داوەتێ بکەی» نیوەڕۆیە هاتنەوە کنی گوتیان: « داوەتەکەمان بۆ دەکەی یان ناکەی؟» گوتی: « بەڵێ، دێم» کوڕەکە هەڵسا چووە مەیدانێ، دەستی بە موقامان کرد. داوەتێ گێڕا تەماشای کرد دۆستەکەی وی نەهاتبوو. دەگریا، گوتی: «شاگرد! ئەو داوەتە بگێڕە» وەدەرکەوت. چووە کن دۆستەکەی خۆی، گوتی:عومەرەکەم، ئەوە بەرگەردیان کردووی، بۆچی دەگری؟» گوتی: « وەڵڵا کەسێ ئیلاقەی نەکردووم، بەڵام کراسم نییە بۆیە نایەم»، گوتی: « ئەوە دەچمە نێو داوەتێ بانگت دەکەم پارچە هەیە بەو جوانیە، هەر کراسی کەیفت دێنێ بیکڕە؛ ئەمن سێ کراسم بۆ کردووی»، گوتی: « ئاخر دایکیشم چوار کراسی بۆ کردووم، حەوت کراسم هەیە، هیچیان بە کەیفی من نین» گوتی:

دەچم بانگت دەکەم چووە، دەڵێ:
ڕۆژێک لە ڕۆژان سەر لە سبحەیانێ
یارم ڕاوەستا لە پێش هەیوانێ
بە زولفی لوولی دەکا شەرانێ
هەنیەی زەریفە، مانگی ئاسمانێ
بە چاوی ڕەشی دەکا گریانێ
کولمەی فانۆسە وا لە دیوانێ
کەپۆی یاقووتە، مەگەر هەیاسی دانا مەعنای بزانێ
لێوی ئیستیفە، لەسەر دوکانێ
ددانی گەوهەر، وا لە کارخانێ
پرسیم بۆ دەگری ئەی عەمر و چاوم، ئەی کیژە جوانێ!
دەڵێ کراسم نییە بچمە دیلانێ
دەڵێم بینایی چاوم گەوهەر و دوڕم
من باڵدار نەبووم بە باڵان بفڕم
محەندەک نەبووم، بە خۆم بخوڕم
......هەتا دێ

ژێدەر: بەیتی خەزێم، توحفەی موزەفەرییە لێکدانەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی مامۆستا هێمن

***

ئاخێزگەی گەلی قەرەج و بیروڕای مێژوونووسان و گەڕیدەکان:
قەرەج لە وڵاتانی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە و زێدی بنەڕەتی ئەوان هیندە، بەتایبەت باکووری هیندوستان بووە.

حەمزە کوڕی حەسەن ئیسفەهانی، لەو بارەوە دەنووسێ: بارامی گۆڕ دەستووری دا قەڵەم و مرەکەفی لەبۆ بێنن. بۆیان هێنا. کاغەزی لە پاتشای هیند نووسی. داوای لێکرد سەماکەر و گۆرانیچڕی لەبۆ بنێرن. ئەویش دوازدە هەزار کەسی بۆ نارد. بارام ئەوانی لە سەرانسەری وڵاتەکەیدا بڵاو کردنەوە. ئەم قەرەجانە لە زاوزێی ئەو هێندیانە کەوتوونەتەوە و پاشان تاقمێکیشیان لە فەلاتی ئێرانەوە پەڕیونەتەوە بۆ ئورووپا و لەوێ جێ واربوونە.

مێژووی سەعالبی لە نووسینی عەبدولمەلک کوڕی سمایل سەعالبی نیشابووری لەمەڕ قەرەجانەوە دەنووسێ: بارام لە شینگل پاتشای هیندی ڕاسپارد هەتا ناودار و لێهاتووانی گۆرانی و مووسیقای لە بۆ بنێرن و هەر واشی کرد.

فیردەوسی ساڵی ٤٠٠ کۆچی مانگی، لە پەڕاوی قورئانی عەجەم واتا شانامەدا دەنووسێ: شینگل لەسەر گاسی بارام دە هەزار کەسی بۆ ئێران ناردن.

به نزدیک کس فرستاد کس
چنین گفت کای شاه فریاد رس
از آن لوریان برگزین ده هزار
نر و ماده بر زخم بربط سوار
که استاد بر زخم دستان بود
وز آواز او رامش جان بود
فرستی بر من، مگر کام من
برآید از آن نامدار انجمن

خەڵکی ئێران چەند ساڵ لە شەڕدا بوون، کوژراو و دیل و بریندارایان زۆر دابوو، خەڵک تووشی بێ هیوایی و خەمۆکی ببوون، بارام بۆ تێهەڵێنانەوەی ئەو بارودۆخە داوای سەماکار و قامبێژی لە میری هێند کردووە.

نیزامی شاعیری دایک کوردی فارسی نووس کە تورک بە شاعیری خۆی لە قەڵەم دەدا دەڵێ: ئەو کەسانەی بە دەستووری بارام هاتن دەئێرانەوە شەش هەزار کەس بوون جلکی ئاڵوالایان لەبەر دەکرد و خەریکی بەزم و هەڵپەڕکێ بوون.

شش هزار اوستاد دستان ساز
مطرب و پای کوب و لعبت باز
گرد کرد از سواد هر شهری
داد هر بقعه را از آن بهری
تا به هر جا که رخت کش باشند
خلق را خوش کنند و خوش باشند

نقیسکاری کتاوی لە «مجمل التواریخ و القصص» دەبێژێ: دوازدە هەزارکەس لە هیندەوە بۆ ئێران ڕەوانە کران هەتا دڵی خەڵکی ئێران شاد کەن.

پس از هندوان دوازده هزار مطرب بیامرند
زن و مرد و لوریان که هنوز بجایند
از نژاد ایشان اندو ایشان را ساز و چارپا داد
تا رایگان پیش اند مردم رامشی کنند

لە قەرەبەختی قەرەجان، ساسانییەکان بە دەست عەرەبان لە نێو دەچن و عەرەبی موسوڵمان دەست بە سەر ئێران و کوردستاندا دەگرن و چارەنووسی قەرەجانیش دەکەوێتە سەرەولێژی.

ئەوەی لە بەڵگە و ژێدەرەکاندا دەردەکەوێ هەم معاویە و هەمیش وەلید کوڕی عەبدولمەلک، قەرەچییەکانیان بە تۆپزی دەرکردووە. معاویە بۆ ئەنتاکیە و وەلیدیش بۆ ئەوبەری فوراتی دەرکردوون. قەرەجان لەوێ ناچار خەریکی ڕێگری و تاڵان دەبن.

لە سەردەمی موعتەسەم بیلادا، قەرەچی کرمان و فارس و ئەهواز و بەسرە لەو ناوچانە دەرکران.

لە کتێبی ئەحیائەلملووک لەمەڕ بارودۆخی دۆمان لە دەورانی شاعەبباسی یەکەمی سەفەویدا باسی کەسێ بە ناوی « ئاغاماە» کە لە تاقمی قەرەجان بووە دەکا و ئەنووسێ: ئاغاماە گراوی میرزا محەممەد حەکیم کوڕی پاتشا بوو. کۆمەڵێ لە هەنەکەکانی قەرەج کە خوێ و ئاویان ئاوێتە دەکرد و هەر دەم بۆ سەما ئامادە بوون. قەرەجێ کە لە سەما و جووڵە و خۆ نواندندا سەرە و بە نامییە بوو.

ئاغاماهی کاولی ( کابولی ) بوو کە لەگەڵ چەند قەرەچی دیکەدا شیرین کارییان دەکرد و خۆشییەکی سەیریان بە کۆڕی بەزمی شازادە دەدا.

لە سەردەمی دەسەڵاتی زەندا، کەریم خانی زەند،

قەرەجانی دەگەڵ لەشکر دەخست هەتا هۆی سەرگەرمی و وەمراندنی هەوەسی سپاهیان لە بۆ پێک بێنن و پیاوانی لەشکر مرخ و چاوەنەزێری لە نامووسی خەڵکی خۆجێیی نەکەن.(رستم التواریخ)

لە سەردەمی قاجارەکاندا، سەرۆکی قەرەجەکانیان خەڵات دەکرد هەتا بەرهەڵستکاری خەڵک و میری نەکەن و قرە و هەڵلا نەنێنەوە. فەیزوڵلاخانی بەشیرولمولک ئەمیر تومان، سەرۆکی قەرەجانی بە تۆپێ قوماشی ترمە خەڵات کرد.

میرزاعەبدولغەفار نەجم ئەلملوک لە ١٢٩٩ کۆچی، مانگی، کە بۆ سەردان لە ئاوبەندی ئەهواز چبووە وێندەرێ دەنووسێ: «خێڵی عەرەبی کاولی کە لە تیرەی قەرەچین بە خوزستاندا بڵاو بوونەتەوە و هونەری ئەوان سەما و مووسیقایە.»

ستوان هینری پاتینجر لە کتێبی سەفەر بۆ سیند و بەلووچستان لە مەڕ کاولیانەوە دەنووسێ: تاقمێکی ڕەوەندن. لە شوێنێ بنەجێ نابن. لە زۆر بارانەوە لە قەرەجانی ئورووپا دەچن. بە زوانی تایبەتی خۆیان دەدوێن. هەر بەرەبابێکیان سەرگەورەی خۆی هەیە. بە منداڵ دز و سیرمەدز بە ناوبانگن. خەریکی خواردنەوە و سەما و مووسیقان.

ڕەزا قولیخانی هیدایەت لە کتێبی ڕەوزەتولسەفای ناسریدا لەمەڕ هەڵسوکەوتی کەریم خانی زەند، وەل کاولیانەوە وەها باس دەکا:« شەوێ بەزمێکی خۆشیان ساز کرد و لە قەرەجێکی سەر و قژ ڕازاوەی خوو پەسەندیان گێڕایەوە هەتا بەزمەکەیان بۆ بگێڕێ، بەڵام بە پێچەوانەی شەوانی تر گوتن و سەماکەی بەردڵی کۆڕەکە نەکەوت. لە سۆنگەی ئەو کارەیان پرسی، قەرەجەکە گوتی پیاوێکی بازاڕی سەوزیفرۆش ساڵێکە بەڵێنی ئەم شەوم پێدابوو و لەو ماوەیەدا خەرجێکی زۆری کێشاوە و لە ماڵە خۆی کۆڕێکی ساز کردووە، کەچی پیاوانی شا بۆ خزمەتی شا بۆ ئێرەیان هێنام. ئێستێ بەزەیم بە کابرای سەوزەفرۆش دێتەوە، دڵم لە بۆ چاوەنواڕی و تەمایەری ئەو دەسووتێ. کەریم خان بەزەیی بەم ئەوینداره بەلەنگازەدا هاتەوە و لە گرگر و دمڕاستی دەرباری ویست هەتا خواردن و خواردنەوە و دراڤ و کابرای دۆم بەرێ و ڕادەستی پیاوی سەوزە فرۆشیان کات. فەسڵایەکی چوون و لە دەرکەیان دا و ماڵی کاورای سەوزیفرۆش چاویان بەو غوەڵام و خەنجیر و شەم و چراخانییە کەوت تێیانتەقاند. وایان دەزانی کەریم خان بە قەول و بڕیاری بەزمی تێکچووی ئەویان زانیوە و هاتوون سزایان بدەن. پیاوانی خان بە سوێندانەوە ڕەش بوونەوە کە ئەم کەرەسەی بەزم و خۆشییە خان لە بۆ ئێوەی هەناردووە. ئەو شەوە کەریم خان لە خۆشی ئەوەی بەزم و خۆشی بۆ سەوزیفرۆشی گەڕاندۆتەوە سەرینی ئەرخەیانی نایە ژێر سەر و لێی خەوت.»

ئێرنست ئورسیل لە ١٢٦٢ کوچی مانگی، لە بارەی کاولیانی قەزوێن و مووسیقاکەیانەوە ئەنووسێ: «پاش سەعات و نیوێک چاوەڕوانی سێ ئامێرژەن بە بلوێر و دمەک و تارەوە هاتنە ژووری. سێ کچیان دەگەڵە خۆ هێنابوو. کیژەکان خۆیان بە چارشێوێکی سوور داپۆشیبوو. ژەنیارەکان هەوایەکی ڕێتمداری خۆشیان لەگەڵ گۆرانی دەست پێکرد. کچەکان هاوئاهەنگ وەگەرد مووسیقاکە سەمایان دەکرد. بە هەنگاوگەلێ کە ئەتوت دوو ئەویندار بە شەوق و زەوقن یەکتریان لە ئامێز دەگرت و دوور دەکەوتنەوە و دەهاتنەوە کن یەک و بە دەنگی مووسیقای ژەنیارەکان سەماکەیان کرژ و خاو دەکردەوە. هێند جوان هەڵدەپەڕین کە پیاو ناتوانێ بە وردی بینووسێ. دوای قەدەرێک کچەکان، ماندوو، مردوو و شێواو و قژ ئاڵۆزکاو و سوورهەڵگەڕاو، بە هاسکە هاسک، لەپێ کەوتن و کەوتنە سەر تەختی زەوی.»

کولونێل پریکوف سەرۆکی کومسیۆنی دەستنیشان کردنی تخووبی ئێران و عوسمانی (١٢٦٥- ١٢٧١کۆچی مانگی ) لە بارەی سوزمانی (قەرەچی) کرماشانەوە ئەنووسێ:« لە نێو خۆیاندا ژەنیار و سەماکەر و قامبێژی ژنیان هەیە و لە کاتی پێویستا گۆرانیان پێ دەڵێن و وەسەمایان دەخەن. سەمای وان لە سەمای سەماکارانی میسر دەچێ.»

ئۆژن ئوینی باڵوێزی فەرانسە لە ئێران لە بارەی قەرەجانی کرماشانەوە دەنووسێ:« ژنانی قەرەچی بۆ کەردار و زیارەتکەران گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. هەڵبەت ئەم قەرەجانە تەنێ لەو ڕۆژانەدا ئەبینرێن کە ڕێبوار و زیارەتکار زۆرن.»

لە برێ ناوچەی کوردستان وەکوو ڕوانسەر و کامێران بە قەرەج دەڵێن کاولی. ئەوەش ئەوە دەردەخا کە ئاخیزگەی قەرەجان کابول (کاول)ی ئەفغانستان و پاکستان و باکووری هێند بووە. ئەفغانستان و پاکستان بەشێ لە هێند بوون تەنیا جیاوازی ئایینی لە هێندی جوێ کردنەوە. قەرەج و دۆمان لە نێو خۆیاندا بە زمانی باکووری هێند دەدوان. لەگەڵ خەڵکی خۆجێیشدا بە زمانی خەڵکەکە دەئاخافتن.

هێندێ وشەی قەرەجان کە لە ئینتێرنێت وەرگیراوە:

قەرەج بە باوک دەڵێن بابین بە دایک دەڵێن دابین و بە برا دەڵێن بیروین و بە ئاغا و سەیدا ئێژن مانەسیوی، بە ئەرباب دەڵێن ئەرۆ

بە ماڵ و خانوو ئەڵێن حونە
بە مرۆڤ دەڵێن مانیس
بە ئەسپ ئەڵێن، لارا و بە گا دەڵێن تپرن
بە دایک دەڵێن دابین
بە برا دەڵێن بیروین

قەرەج و دۆم هەتا دەیەی شەستی هەتاویش هەر ڕەوەند بوون لە قەراخ شارەکانی کوردستان خێوەتیان هەڵدەدا. لە سەقز لە شوێنێ کە ئێستا گەڕەکی قەرەچیئاوای پێ ئێژن دەژیان. لە بۆکان لە داوێنی تەپەی ئەرکان، لە مەهاباد لە هەمزاوا ڕەشماڵیان هەڵدەدا.

ئەوڕۆکە قەرەج و دۆمان ژیانی ئاسایی خۆیان وەکوو شارۆمەندی ئاسایی بەڕێوە دەبەن و هیچ جیاوازییان وەک خەڵکی تر نییە. زمان و ئایین و خوو و خدەیان وەکوو خەڵکی ئەو شوێنەی لێی دەژین وایە.

لە کۆتاییدا با قسەیەکی خۆشی لەمەڕ قەرەجانەوە بۆ بگێڕمەوە کە پیرەپیاوێکی خەڵکی زاواکێو بۆی گێڕامەوە. لە ناوچەی ڕەبەت، گوندێک هەیە باریکەی ناوە. بارەگای چەکدارانی... لێبوو. بەرانبەر بە بارەگاکە لە سەر کانییەکە قەرەچی دەواریان هەڵدابوو. ماڵەقەرەچی کچێکی باڵابەرز و قەد باریک، چاو و بڕۆپان و ڕەشئەسمەریان پێبوو. ناوی «مرۆت» بوو. مرۆت ئەویندارێ یەکێ لە چەکدارەکان بە ناوی خەفووری برایمی مام وسوو بوو. مرۆت دەهاتە بەرانبەر بارەگا و بەندی بە خەفووریدا هەڵدەکوت. بەندەکان لەبەر نەبوونی سەواد و قەڵەم و کاغەز، نا، لەبەر بێمشووری خۆمان ون بوون و فانی، بەڵام سەربەندەکەی ئەمە بوو:

برایمی مام وسوو، ڕەببی تەختت وەرگەڕێ
خەفوور حەیفە، منداڵە، مەینێرە بۆ شەڕێ

هەر قسەی مرۆت بوو خەفوور تێدا چوو. بڵێی ئەگەر ئەو بەندانە نووسرابان و نەفەوتابان ئێستێ بەیتێکی تری لە گوێن «خەزیم» مان نەدەبوو؟!!!



پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد

# ڕێ ورەسمی بەڕێوەچوونی شایی لە سابلاغی جاران

بەشی٢

ئینجا نۆرەی شەوی خەنەبەندانێ دەهات، واتە یەک شەو بەر لە ڕۆیشتنی بووک بۆ ماڵی زاوا. ئاخرین شەوی خەوتنی بووک لە ماڵی بابی. بە ڕای من شەوێکی خۆش بۆ بەشداربووان و شەوێکی پڕ تەم و پڕ دڵەڕاوکێ و ناخۆش و هێندێک پەشیمانی بۆ بووک! دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لەوە زیاتر چ دەبێ کە بووک قەرارە بۆ هەمیشە ماڵی باب و دایک و خۆشک و برای جێی بێڵێ و بەرەو چارەنووسێکی نادیار (خۆش یا ناخۆش) و نەناسراو و ژیانێکی تازە بگوێزێتەوە! شەوی خەنەبەندانێ ماڵی بووک و زاوا جگە لە خزم و کەسی نیزیکی خۆیان تێدەکۆشان میوانەکان کوڕ و کچی جحێڵ بن، تا بووک سەرقاڵی ڕێوڕەسمەکە بێ و هەست بە دڵتەنگی لەبەر بەجێهێشتنی ماڵی باب و باپیرانی نەکا. شەوی خەنەبەندانێ زۆرتر شۆرباوکفتە یان هەرشتەپڵاو لێدەندرا. ماڵی بووکێ لە قەدەر گیرفانی خۆیان بۆ ماڵی زاوا خەڵاتیان دەکڕی و چەند خوانچەیان لە سەر مەجۆعمەی گەورە دەڕازاندەوە و چراتۆڕ و شیرنی و قەندیان لە سەر دادەنا. یەک خۆانچە بە کەواپانتۆڵ یان کۆت و شاڵوار و کراس و ژێرکراس، ئۆدکلۆن، تنۆکە، کڕاوات و ڕێشتراش و گۆرەویی، دەسرە، شانە، دووگمەی سەردەستە، (بێ پێڵاو کە نیشانەی تەنگانەیە) دەڕازاوە بۆ زاوا، خوانچێک بۆ دایک و بابی زاوا، خوانچێک بۆ براکانی زاوا، خوانچێک بۆ خوشکەزاوا. خوانچەکانی دیکە وەک خوانچەی زاوا تێروتەسەل نەبوو. هەر دوو بنەماڵە لە ماڵی خۆیان بۆ شامێ میوانداریان دەکرد. دوای شامێ، ماڵی زاوا لەگەڵ میوانەکانیان دەچوونە ماڵی بووکێ، هەر لە دەرکی حەساری ماڵی بووک وەژوور دەکەوتن شایەر بەرەوپیریان دەچوون و بە تەپڵ و توزەلە و گۆرانی دەیان هێنانە حەسارێ. گەڕی دیلانێ دەگیرا، باب ئاگای لە کوڕی نەدەما چون زۆربەی میوانەکان گەنج بوون. نازانم چۆن بوو لەو شەوەدا زۆرتر ئازادی بە جحێڵەکان دەدرا؟دوای هەڵپەڕینێکی گەرموگوڕ ئەوجار دادەنیشتن و بە شیرنی و میوە و چا میوانداری دەکرا. دوایە قابێکی گەورە خەنەیان دەگرتەوە و بووک و زاوا خەنەیان دەگێڕا و هەرکەس قامکێکی خەنە هەڵدەگرت و لە بەری دەستی ڕاستی دادەنا و دۆعای بەختەوەریان بۆ بووک و زاوا دەکرد و دۆعایان دەکرد نەخشە لە کوڕ و کچەکانی دیکە بێ. جا ئەو جار نۆرەی بووکێ دەهات کە تۆزێک خەنە لەبەری دەستی ڕاستی زاوای بدات و زاوا تەنیا قامکێکی بووکێی خەنە لێ دەدا، دوایە باقی قامکەکانی بووکێ ئاواڵە نیزیکەکانی بۆیان فندقچە دەکرد. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە جلوبەرگی شەوی خەنەبەندانی بووکێ حەتمەن ئی ماڵی بابی بوو. لە تەواوی ڕۆژ و شەوەکانی شایی، شایەر دەهاتە ژووری خاتوونە بەساڵاچووەکان و گۆرانی مەجلیسی بۆ دەکوتن و لە ئاخرێدا تەپڵچێکە هەڵدەستا شاباشی لە خاتوونەکان وەردەگرت. تا شەودرەنگانێک هەر هەڵپەڕین هەبوو و کەس پێی خۆش نەبوو دەستی دۆی خۆی بەردات. بووک و زاواش پێکەوە هەڵدەپەڕین، مندالەورکەش خەریکی هاروهاجی خۆیان دەبوون. جا ئەوجار کوڕە جحێڵەکان خوانچەکانیان لە سەر سەران دەهێنا حەسارێ، جا کاکەلێ شایەر ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە. کوڕەکان چەند دەور خوانچەیان بە دەوری حەسارێدا دەگێڕا، بەڵام لە ئەرزیان دانەدەنا تا زاوا پوڵی نەدابانێ، زۆر جاریش ئەگەر پوڵەکەیان پێ کەم بایە دەورێکی دیکە بە دەوری حەسارێدا دەگەڕان، خولاسە دەبوو زاوا ڕازی کردبان، جا ئەوجار خوانچەکان لە پێش بووک و زاوای دادەندران و دیسان گەڕی دیلان دەگەڕا تا ئاخری شەوێ. ئەو جار کوڕان خوانچەکانیان لە سەرسەری دادەنا و شایەران بە دوایانەوە؛ کچ و کوڕە جحێڵەکانی هەر دوو بنەماڵە لەگەڵیان وەڕێ دەکەوتنە ماڵی زاوای و خوانچەیان بە شادی و هەڵپەڕین و پێکەنین لە حەساری ماڵی زاوای دادەنا و چەند گەڕ هەڵدەپەڕین و بڵاوەیان دەکرد، بەڵام بووک بۆی نەبوو لەگەڵیان بچێ. کاتی نووستن سەری بووکێیان خەنە لێدەدا تا بەیانی پێوەی بنوێ.

بە هەر شەقام و کۆڵانێکدا خوانچە دەڕۆیشت خەڵک دەهاتنە سەیری و دوعای بەختەوەریان بۆ بووک و زاوا دەکرد و قابێک ئاویان بە دوایدا دەڕشت بە مانای ڕووناکایی ژیان. بۆ بانگهێشتنی ئەو ڕێوڕەسمانە کارتی کاغەزی نەبوو بۆ هەموو ڕۆژەکان بەربووک بە ماڵاندا دەگەڕا و بانگهێشتنی خەڵکی دەکرد بۆ سەر داوەتێ.

بۆ بەیانی شەوی خەنەبەندان بووکیان دەبردە حەمامێ، هەڵبەت من باسی کاتێک دەکەم کە حەمام لە ماڵەکانی سابڵاغێ نەبوو، ئینجا حەمامی تایبەتیش نەبوو (خصوصی)، ئەگەر ماڵی زاوا دەست ڕۆیشتووبان حەمامیان قۆڕغ دەکرد و بێجگە لە نیزیکانی ماڵی بووک کەس ئیزینی نەدەبوو ئەو چەند کاتژمێرە بچێتە حەمامێ، ئەگەریش نەیانتوانیبا بووکیان دەبردە حەمامێ و لە سووچێکی خەنەیان دەشووشتەوە و پاکوخاوێن دەهاتنەوە ماڵێ. زۆرتر ماڵی بووک ئەو نەهارە میوانداری خزم و کەس و دۆست و ئاشنا و دراوسێیان دەکرد. دوای نەهارێ هەنێهەڵگر دەهات و هەنێی بووکی هەڵدەگرت و کەسێکی شارەزا دم و چاوی بووکی جوان دەکرد. جلوبەرگی بووکێنی لەبەر بووکێ دەکرا و چارشێوی سپی و تاج و تۆڕ و تارای پێدادەرا، جغجغەیان لە سەر تارای لە پێش دموچاوی شۆڕ دەکردەوە. هێندێک پوڵی کاغەزیان لە نێو کەوشی بووکێ دەنا. کراسێکی پیاوانە ئامادە دەکرا لەگەڵ نەوار یان دەسرێکی سوور و مەنقەڵ

و ڕەژی و ئەسپەندەر. زووتر کاتی تاوپەڕان، ماڵی زاوای ساز دەبوون بۆ هاتنی ماڵی بووکێ بۆ بووک گواستنەوەی. هەڵبەت بووک گواستنەوە دوو جوور بوو، هێندێک ماڵ تەنیا پیاوان دەچون بۆ بووک هێنان، هێندێک ماڵیش ژن و پیاو دەچون. ماشێن ئەو دەم کەم بوو، شایەد بە هەموو شارەوە پێنج شەش ماشێن هەبایە، هەر بۆیەش ماڵی زاوا یەک دوو ماشێنی گەورەیان لە کارێژێ بە کرێ دەگرت بۆ میوانەکان. کە وەڕێ دەکەوتن بۆ بووک هێنان، باب ئاگای لە کوڕی نەدەما، دەبوو بە ڕۆژی حەشرێ. جا منداڵ بە دوای دایکیان‌دا دەگریان! لۆی چارشێوی لە ئەرزی دەخشا! خولاسە بۆ وەی دەبوو فیلمی لێ هەڵبگری. بووکنی سوار دەبوون و دەچونە ماڵی بووکێ. دەست دەگیرا، شەربەت و شیرنی دەخوراوە و برا زاوا یان ئاواڵی نیزیکی زاوای پشتێنی بووکێی دەبەست. حەوت جار ئەو دەسرە سوورەی کە لەپێش‌دا ئاماژەم پێکرد لە سەر بووکێ دەی هێنا خوارێ و بە بن لاقی‌دا ڕەدی دەکرد و دوعای بەختەوەری بۆ دەکردن جا کارەکەی کە تەواو دەبوو کراسەخەڵاتەکەی وەردەگرت و پوڵی لەبەر پشتێندی بووکێ دەنا. ماڵی بووک ساکێکیان ئامادە دەکرد، قورئانێک و دەستێک لیباسی لەبەرنەکراو و جلی خەوتن و خاولی و کەرەسەی حەمامێ و قوودویەک شیرنی و شوشێک شەربەت و بەڕماڵێک و پارچێکی چوارگۆشەی سپی بۆ ڕووسپێتی لە نێو ساکەیان دەنا. نیزیک حەوت نەفەر خاتوونی ماڵی بووکێ ئامادە دەبوون کە لەگەڵ بووکێ بچن بۆ ماڵی زاوا. دوای هەڵپەڕین و شیرنی و شەربەت خواردن، بووکنی هەڵدەستان بۆ ماڵاوایی و بووک بردن لەگەڵ خۆیان. قۆڵی چەپی بووکێ باب یان براگەورەی زاوا دەی‌گرت و قۆڵی ڕاستی، برای بووکێ. ئەو کات زۆر کەم واهەبوو بابی بووکێ لەماڵ بێ و قۆڵی بووکێ بگرێ و بەڕێی بکا. کچە جحێڵانی ماڵی زاوای بە دوو دەسران لە پێش بووکێ سەمایان دەکرد و ڕەخسیان دەکێشا. جا ئەوجار بەربووک بە ئاوێنەوە و زاوا ـ ئەگەرهاتبا بەدوای بووکێ‌دا ـ و خوشک یان براژنی بووک و زاوا لە ماشێنی بووک لەگەڵ بووکێ دادەنیشتن. ئەو چەند نەفەرەی ماڵی بووکێش لە ماشێنێکی لەگەڵ بووکێ دەچونە ماڵە زاوای. خەڵکەکەش سوار دەبوون و بووکیان بە گۆرانی و تەپڵ و تووزەلە و بەزم و هەڵا بەرەو ماڵی زاوا دەبرد. بووکیان بە تەواوی شەقامی شاری‌دا دەگێڕا. کاتێک دەگەیشتنە ماڵی زاوا، دوو قۆڵی بووکی دەگیرا و بووک گڕنەی دەگرت کە نایەمە ژوورێ، لەو کاتەدا دەبوو بابی زاوا شەرمەشکانەی بدا بە بووکێ و ڕازی بکات. ئەسپەندریان لە پێش بووکێ دەسووتاند و خزم و کەس پوڵیان بەسەر بووکێ‌دا هەڵداویشت و بە هەڵپەڕین و ڕەخس کێشان بووکیان دەبردە ژوورێ. زاوا دەچۆ سەر بانی، سەرە قەند و سێوی سوور و نوقڵ و نەبات و پوڵی بەسەر بووکێ‌دا هەڵداویشت ـ جاری وا بوو سەری بووکێ دەشکا ـ و بە ئاسپایی بەرچێغێکی چکۆلە لەسەری بووکی دەدا دوایەش لاقی لە سەر پەنجەی بووکێ دادەنا بە مانای ئەوە کە سامی لەسەر سامی بووکێ کەوێ!بەربووک لە تەواوی ئەو ڕێوڕەسمەدا ئاوێنەی لە پێش بووکێ ڕادەگرت. کاتێک بووک لە ماڵە بابی وەدەر دەکەوت کاتێکی زۆر بە تەم و ناخۆش بوو! ڕۆیشتن بۆ ژیانێک و بنەماڵەیەکی نەناس و نامۆ! جا قەباعەت ئەو کات بوو کە بووکی چارەڕەش لە تەواوی ئەو مێرد کردنەدا زاوای نەدیتبا و نەیناسی با پەکوو!

هێندێک ماڵ بووکیان فەورەن دەبردە نێو داوەتێ هێندێک ماڵ نا. بووک ئیزنی نەبوو دانیشێ تا خەسوو دەهات بەخێر هاتنی دێنا و لە سەر کورسیلێکی دایدەنیشاند. ئەو چەند خاتوونەی لەگەڵ بووکێ هات بوون شەربەت و شیرنیان دەخوارد و بووکیان بە جێ‌دەهێشت لەگەڵ بەربووکێ. کارداری ماڵێ دەهات کەوشی بووکێی دەکێشا و پوڵەکەی بۆ خۆی هەڵدەگرت. منداڵێکی نێرینەشیان تاوێک لە سەر کۆشی بووکێ دادەنا بە مانای ئەوە کە بووک بە دایکی کوڕان بێ. ئەگەر ژنان نەچووبانە بووک گواستنەوەی، پیاوی ماقووڵ دەچون بۆ بووکێ و جاجمێکی گەورە ڕادەخرا بووک لە نێوەڕاستی ڕادەوەستا و پیاوەکان بووکیان زێڕوەشان دەکرد و بووکیان دەبرد و ژنانی ماڵی بووکێ لەگەڵی نەدەچون، تەنیا بەربووکی لەگەڵ دەچوو. دوای بەجێ‌هێشتنی خاتوونەکانی ماڵی بووکێ، بووک بە تەنیا لە ماڵی زاوا دەمێنێتەوە. بووک هەست بە بێ‌کەسی و دڵەڕاوکێ و تەنیاییکی زۆر دەکات! تۆ بڵێی بەختەوەر بێ؟ چێ بەسەر بێ، چارنووسی بەرەو کوێ براوەت؟ هەزاران پرسیاری دیکەی بێ‌وەڵام. میوان خەریکی شادی و هەڵپەڕینێ دەبوون و شام دەخورا. بەربووک دەچوو ژووری بووک و زاوای ئامادە دەکرد و نوێن‌وبانی ڕادەخست و دەسرەی ڕووسپێنی لە نێوەڕاستی دۆشەگی دادەنا و بووکی ڕێنوێنی دەکرد کە شەرم نەکات و زوو خۆ بە دەستەوە بدا بۆ وەی کە دوایە قسەی نەیەتەوە سەرێ. ئینجا بێ‌وەی کە شایی تەواو بووبێ لە گەرمەی شایی و هەڵپەڕین‌دا زاوا وەک تارمایی بە ئاسپایی دەچوو لای بووکێ! کاتێکی گەلێک بەسام و ناخۆش بۆ ئەو بووکانەی کە لە ماوەی دەستگیرانی‌دا ئیزنیان پێ نەدرابوو کە لەگەڵ زاوای یەکتر ببینن و سامی بشکێ، خۆ ڕەنگە بۆ یەکەم جارە کەسێکی نەدیدە و غەریبە دەبێنی کە دەبی تەسلیمی بێ و خۆی لە ئیختیار نێ! لێرەدا دەمێنێتەوە خۆی و ئینسافی زاوا کە چۆن لەگەڵ بووکەخان هەڵس‌وکەوت بکات، توند و وەحشیانە یا ئارام و مێهرەبان؟ بەکاوەخۆ یان بەپەلە... ئاخر زاوا ئەو زاوایە بوو کە بە چەند چرکە سەعات کار تەواو کا و وەک فەتحی حەوت لەشکری دوژمنی کرد بێ بێتە دەر و شانازی بە خۆی بکا و چەپڵەی بۆ لێدەن!! بەڕاستی لەو شەوەدا بۆ کچ زۆر گرینگە کە چ ڕەفتارێکی لەگەڵ بکرێ و بە دڵنیایی تا دوایین کاتی تەمەنی شوێن دادەنێتە سەر ڕووح و ڕەوان و جەستەی. شەوێکی گەلێک گرینگە بۆ کچ. ڕەفتاری ئەو شەوەی زاوا و ئەو کاتە بۆ هەتاهەتایی لە مێشکی کچ‌دا دەمێنێ. دوای ئەوەی کە بووک و زاوا جووت بوون دیارە بووک هێندێک خوێن‌ڕێژی دەبوو و دەسرەی ڕووسپێنی وەک گوڵی سوور ئاڵ دەبوو. بەڵام زۆر جاریش هەبوو کە زاوا توانایی نەبێ یان ئیستریسی هەبێ یان ماندوو بێ و نەبێتە زاوا، کە دەیان کوت زاوا نەبوو بە زاوا!

هێندێک جار بووک هیچ خوێنێکی نەدەبوو کە ئەگەر لەپێشدا سێکسی نەبووبێ ئاساییە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ وەی کە پەردەی کچێنی هێندێک کچ حاڵەتی کێشی هەیە و بە ئەوەڵین سێکس نادڕێ و کاتی دەوێ، هێندێک پەردەی کچێنی ئاوێکی سپییە کە دەبێ مادێکی شیمیایی پێدا بکرێ و ڕەنگی سووری خوێن بگرێ. بەڵام چون خەڵک لەو بوارەوە شارەزا نەبوون و بووکی چارەڕەشی بێ گوناحیان نەدەبردە لای دوکتور کە بزانن هۆیەکەی چێ؟ بووک تاوانبار دەکرا بە بێ بنی!(آش نخوردە و دهن سوختە). شەڕ و هەڵڵا ساز دەبوو و بووکی بەدبەخت دەناردراوە ماڵی بابانی و لەویش چۆن تاوانبار دەکرا خودا دەزانێ ماڵی بابی چۆن هەستیان بە سەرشۆڕی دەکرد. بەداخەوە ئەو کارەساتە زۆر جار دەبوو بە هۆی وەخۆ نەگرتنەوەی کچ لە لایەن ماڵی بابی. کچ دەماوە و تەنیایی و بێکەسی و چارەڕەشی. هەربۆیەش یان خۆی دەکوشت یان سەری خۆی هەڵدگرت بەرەو نادیار؟ دەبوو بە خراپە! ئەگەر هەر ئەو کاتی ئەو بووکە نیشانی دوکتوریان دابا ئەو کارەساتە نەدەقەوما و نەدەبوو کوژرا و مردووی زیندوو. کاتێک دەسرەی ڕووسپێتی سوور دەبوو زاوا شەرمەشکانەی دەدا بە بووک و بەربووکی خەڵات دەکرد و لە ژووری دەچۆ دەرێ و خزم و کەس نێو چاوانیان ماچ دەکرد و هەڵپەڕینێکی گەرموگوڕ ساز دەبوو. جا ئەوجار خاتوونەکانی ماڵی زاوا دەچونە لای بووکێ و ماچیان دەکرد و زێڕیان دەدایە و پوڵیان بە بەربووکێ دەدا تا شەو درنگانێک داوەت دەگەڕا و دوایە بڵاوە دەکرا. لە ماڵی بووکێ شەوێکی ناخۆش بوو، چون لە لایەک کچەکەیان بۆ هەمیشە ماڵەکەیانی چۆڵ دەکرد و جێیدەهێشت و لە لایەکی دیکە بنەماڵە دڵەڕاوکەیان هەبوو کە ئایا کچەکەیان ڕووسووریان دەکات یان نا؟ پێش کازیوەی بەیانی بەربووک دەسرەی ڕووسپێتی بۆ ماڵی بابی بووکێ دەبردەوە و تەحویلی دەدان، چەند خاتوونی ماڵی بووک لەوێ چاویان بە ڕووسپێتی دەکەوت و بەربووکیان خەڵات دەکرد. جار هەبوو ساڵها دەسرەکە لە سندووقی ماڵی بابی بووکێ دەما. دایکی بووکێ خوانچێکی ڕەنگینی بۆ بووک و زاوا دەرازاندەوە و دای دەپۆشی و بە بەربووکدا دەی ناردە ماڵی زاوا، ئەو کارە واتە سوبحانە ناردن بۆ بووک و زاوا سێ ڕۆژ بوو تا سێ ڕۆژانە. بە باوەڕی من چوونە دەری زاوای شەوی بووکێنی وەک شانۆیەکی ناشیرن بوو و تەوهین بە کەرامەتی بووک بوو بەڵام لەگەڵ کەلتوور و دابونەریەت چ ناکرێ. دوای سێ ڕۆژان جیازی بووکێ دەناردرا ماڵی زاوای، دوو کەس دەچون جیازیان بڵاو دەکردەوە بۆ وەی کە ئێواری هەموو میوانەکان چاو لە جیازی بووکێ بکەن و بزانن چی پێیە؟ بۆ نەهاریش چەند نەفەرێکی ماڵی بووک دەچونە ماڵی زاوای. دوای نەهارێ لە ماڵی زاوای میوانان کۆ دەبونەوە دەستی داوەتێ تا درنگانێکی دەگیرا و بووک و زاوا پێکەوە هەڵدەپەڕین و خۆشاو و شەربەت و میوە و شیرنی دەخورا، میوانان چاویان لە جیازی بووکێ دەکرد و ماڵاوایی.

## شینگێڕی کامیل شەریف پوور بۆ لە دەستدانی کەڵەپیاوی ئایین و نیشتمان

# حاجی مامۆستا ئیمامی



حافزا دیتت کە کەنعانی دڵم مانگی نەما
عاقیبەت کێوی ئومێدم بوو بە تۆز و بوو بە کا
خۆ گوتت ڕۆژێکی دێتو یوسفی گوم بوو بەڵام
یووسفی من تا قیامەت هەر ئەسیرە و دیلی چا
چاوەڕێم خوڕ وەکوو بارانی ساڵی پارەکە
عەرزەڕۆ بوو، چاوەکانم چوو بە گژیا گێژ و با
قامەتی نوێژی خودادۆزی ئیمامی دا لە دەس
ئەو ئیمامەی وا بڕی ڕێگەی ئەوینی موستەفا
ڕۆژگارێکی دەوێ دایکی وەتەن تا ڕۆڵەیێ
ئاوەها بگرێتە باوەش بێ بە ڕێبواری چیا
بیری ئازادی لە زینداندا بکاتە مەشخەڵێ
شەو بترێنێ و بترسێنێ هەناوی ئەشقیا
بێتە بازرگانی عیشق و شێعر و فەرهەنگی گەلی
تا هەناردەی کا و گەلانی تر بکا پێی ئاشنا
حافزی هێنایە نێو بەزمی ئەویندارانی کورد
هەستی مەحوی بردە نێو بازاڕی سەحوی ئەولیا
دەستی مێژووی کوردی خستە دەستی هەرمانی نەگۆڕ
بردیە دەر،گۆی نیشتمان دۆستی لە مەیدانی وەفا
هەگبەیەک تیشک و هزر، عیرفان و هەست و مەعریفەت
باوەشێک سۆز و خەباتی بێوچان و بێ ڕیا
پێم موتوربەی عەقل و دڵ، کامڵ لە کۆگای پێگەیین
ذوالجەناحەین بوو لە ئاسمانی فڕینی عیشق و ڕا
ژیانەوە و کوردت لە ژێ و کافدا بەدی کرد پێشەوا
هاومەسیری موفتیزادە و هاوقەتاری پێشەوا
ئاسمانێک ڕۆ لە بۆ ڕۆیینی خەمخۆری گەلم
ئەو دڵەی پڕ بوو لە سۆزی نیشتمانی بێنەوا
ئەو دڵەی داخ و خەم و حەسرەت هەناوی گرتبوو
بۆ وڵاتی لەت لەت و خەڵکی ئەسیر و بێ پەنا
شین دەگێڕم، ڕەش دەپێوم، سووری خوێنی چاو دەڵێم
دەس لە ئەژنۆ ناکەمۆ، ئاهم دەکێشم تا سەما
کامیلا سەرکز بنیشە، غوربەت و ئێوارە هات
ڕێگە چۆڵ و کاڵە شڕ، پشتی ئەویندار شکا

بیرۆکە، سوژە/بابەت، کاریکاتۆر: سەید مەحموود موکری
ڕێکخستن، ڕازاندنەوەی لاپەڕە و گرافیک: هادی مستەفاپور








# دوو قسە ی قۆڕ
# سخن نخست

احساس می‌شد جای صفحات نشریه‌ای با سبق‌وسیاق و حال‌وهوای طنز و کاریکاتور و نیش و نوش و شوخی در این مناطق هوشمند، بویژه در شرایط گرفته امروزی از لحاظ اقتصادی و خطرناک از لحاظ حضور ظالمانه کرونا و خطرات، تمهیدات ما در مقابله با آن خالی است و باید اقدامی جدی در این خصوص صورت گیرد.

به همین دلیل پیگیری‌ها و دوندگی خود را برای راه‌اندازی مجله و ماهنامه فکاهی و طنز به دو صفحه و یا کمتر و یا بیشتر در مجله بیان محدود کرده و از خر شیطان پایین آمده و آستین پاره خود را بالا زده و بعنوان انجام تکلیف واجب کفایی، این وظیفه خطیر و مهم و سنگین را بر گردن نازکتر از موی خود قرار داده و پیشنهادات خود را به اقشار مختلف جامعه خود بصورت حاشیه عملی نموده و نخستین قدم‌های لرزان خود را به این شیوه برداشته‌ام.

امید و رجای واثق داریم قدم‌های لرزان و سست و خام و بی‌تجربه امروز که پر از ایراد و اشکال و کجی و معوجی است با همت و راهنمایی و عنایت دوستان و آشنایان و صاحبان ذوق و هنر و فکر و اندیشه و هنرمند و با کفایت و خادم و خاضع، به قدم‌های سنگین و پرصلابت و وزین و موثر برای شرایط حاد کنونی تبدیل شود.

امید دارد این چند صفحه با همت والای شما عزیزان خواننده و هنرمندان گرامی و عزیز و مسئولین معزز در تبدیل به مجله‌ای شکیل و گرانسنگ و موثر در راستای اشاعه بیشتر فرهنگ و ادب و ایجاد حسن روابط و گسترش صفا و صمیمیت و توسعه بیشتر دوستی و اخوت و مهربانی و صفا در راستای ایجاد جهانی عاری و بدور از هر گونه کج‌اندیشی و هر گونه کینه و غرض و کینه‌توزی موفق و سربلند باشیم.

با احترام و تشکر
سید محمود مکری
مهاباد



## پێزنامە



## ڕێزنامە



# پەندی پێشینیان

## لەشاری کوێران دەبێ دەست بە چاوت بگری



❀❀❀

مەبەست: چوویە هەر شوێنێک نەریتی ئەوێ ڕەچاو بکە

مفهوم: همرنگ جماعت شدن

## ئەگەر خوا یار بێ ، با شیرت دار بێ

❀❀❀

مەبەست: کەسێک خودا پشتگری بێ
ئیتر گرینگ نیە چ چەکێکی بە دەستەوەیە

مفهوم: اگر لطف خدا را به همراه داشته
باشی، نوع سلاح و وسیلەات مهم نیست





## ماڵ نەخۆری ، بۆ چەکمە بۆری

❀❀❀

مەبەست: پیاو نابێ چرووک بێ

مفهوم: آدم نباید کنس باشد



## مەل بە باڵ دەفڕێ
## ژن بە مێرد دەخوڕێ

❀❀❀

مەبەست: بایەخی مێرد لە لای ژن
زۆرە و ژن شانازی بە توانایەکانی
مێرد دەکا

مفهوم: کنایه از افتخار زن به توانایی های مرد



# ئەلۆ... گاڵتەیە بەڕێزم

پرسیار:
ئێمە چۆن ئەتوانین بەشداری ئەم بەشە لە گۆڤاری بەیان بین؟ واتە بۆ ناردنی کار و بەشداری بە ناردنی بابەت، یا بۆ ڕەخنە پێشنیار و گازندە؟

وەڵام:
وێڕای سپاس لە ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست، ئێوە ئەتوانن لە ڕێگای پێوەندی گرتن بە گۆڤارەکەوە کە ناونیشانەکەی ئەمەی خوارەوەیە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پێوەندیتان هەبێت لەگەڵمان:
بۆ پێوەندی ڕاستەوخۆ بەم بەشەوە ئەتوانن پێوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنەوە:
٠٩١٤٣٤٢٥٤٨٠

پرسیار:
دەکرێ چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەک پێک بێنین بە مەبەستی بردنە سەری ئاستی کەلتووری لە پێوەند بە کاریکاتۆر، ئەنیمەیشن، شێعری تەنز، گاڵتەوگەپ، یان بەشەکانی‌تری هونەر وەک وێنەکێشان، پەیکەرتاشی و لقەکانی تری پێوەندی‌دار؟ واتە ئامانجی کۆبوونەوەکان بە شێوەیەک بێ کە جەماوەر زیاتر کاریکاتۆر بناسن و لە مەبەستەکانی کاریکاتۆر و جۆر و شێوازەکانی باشتر تێ‌بگەن؟

وەڵام:
بە سپاسەوە، پێشنیارێکی زۆر باش و بەجێیە. ئێمەش هەر لێرەوە داوا دەکەین کەسانی پسپۆڕ، شارەزا و کەسانێک کە حەزیان لەو بابەتانەیە، لە ئێستاوە پێوەندیمان پێوە بکەن، تا بتوانین ڕای بە نرخی ئێوە کۆ بکەینەوە و تاوتوێی بکەین و هەنگاوەکانمان هەڵبگرین بۆ ئەوەی بە شێوەی کرداری دەست پێ‌بکەین.

یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگا، چ لە مێژووی کۆن و چ لە ژیانی سەردەمدا، هاوبەشی لە بیروڕا، ڕوانگەی ڕەخنەگرانە، پێشنیار و تێبینی وەک بەشێکی گرینگ و هاوکات لایەنێکی جیاوازی لەژێر ناوی گاڵتە و تەنز، تەنزێک کە زۆر وشیارانە و وردبینانە هەوڵ ئەدات ڕووی ڕەخنەگرانەی خۆی لە پێگەی هێزی نەرێنی بێت و هاوسەنگی‌خواز بێت بۆ لایەنەکانی کەم‌هێز و چەوساوە.
بەم بۆنەوە لە تەواوی خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری بەیان داواکارین کە بە شێوازێک دەستیان لە کاری تەنزی کۆمەڵایەتی و لقوپۆپەکانی کاری هونەری‌دا هەیە، هاوکاریمان بکەن بۆ دەوڵەمەند کردن، پتەوکردن و گەشە پێدان بەم بەشە لە گۆڤارەکەمان. هەر بۆیە داوامان لە سەرجەم خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری بەیان ئەوەیە ئەگەر لە خۆیان ڕادەبینن و توانای نووسینی تەنزی کۆمەڵایەتی یان بەشەکانی‌تری تەنزیان هەیە، هاوکاریمان بکەن بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەم بەشە لە گۆڤارەکە.

هەواڵنامەی کتێب

ڕزگار خدر مستەفا ـ سلێمانی



# سلێمانیی جاران (قسەخۆشەکانی شار)

مامۆستا بووم لە گوندێک لە دەرەوەی شار، خوێندنگەکەمان پاسەوانێکی هەبوو کە هەمیشە بە جلوبەرگی کوردییەوە برنەوێکی بەشانەوە بوو، باوەڕ ناکەم بۆ ساتێک لێی جیا بووبێتەوە. ڕۆژێک لە سلێمانی گەڕابۆوە، بێزار بوو لێیان پرسیبوو ها خێرە وازوو گەڕایتەوە، وتی هەر مەپرسن بە شەقامی کاک ئەحمەدی شێخدا دەهاتمە خوار بە خۆ و بە برنەوێ، منداڵێکی بیژیم لێ هاتە پێش وتی: خاڵۆ... خاڵۆ.. ئاسکەکان لە کۆڵانی ئەو دیوون (مەبەستی فولکەی ئاسکەکان کە پەیکەری چەند ئاسکێکی لێ دروست کراوە) منداڵ ناهەقی نەبووە ئاخر لە شار برنەوت بۆ چییە!

ئەمەش ڕوویەکی دیکەی خەڵکی سلێمانییە کە بە قسەی خۆش و سوعبەتچی و قسەی توێکڵدار ناسراون، بە جۆرێک لە هەر کۆڕ و مجلیسێکدا بن بە نوکتە و بەسەرهاتی ڕاستەقینە (وەک دەڵێن ترش و خوێی دەکەن) بە کۆڕ و بەزمی پێکەنین گەرمی دەکەن. دکتۆر عیزەدین مستەفا گوتەنی «زۆرجار قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ لەگەڵ شاری سلێمانیدا دەبێتە هاوتا و هاووشە» هەر لە کۆنەوە کەسانێکی زۆر لەم شارەدا بە قسەخۆش ناوبانگیان ڕۆیشتووە کە سەر بە هەموو چین و توێژە جیاوازەکانن هەر لە میر و دەوڵەمەند و خوێندەوار و شاعیران تا دەگا بە کاسبکار و دەستگێڕ، لە خەڵکی لادێ تا دانیشتووی شار. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکەش بە جۆرێک بووە کەس لە کەس زویر نەبووە، قسەی دانەبڕیوە و ڕۆژانە دەیان نوکتە و بەسەرهاتی خۆش کەوتوونە سەر زاری خەڵک. زۆرێک لە نووسەران خەریکی کۆ کردنەوە و چاپ کردنی ئەو قسە و نوکتە خۆشانە بوون وەک سامانێکی ئەدەبی و کلتوری کە بەهایەکی کۆمەڵایەتیان هەیە و عادات و خورەوشتی کۆمەڵایەتی کوردیش دەردەخەن و بەرهەمی بیر و هزری خەڵکن و بە زمانێکی سادە و پاراو وتراون و بوونە زاخاوی مێشک. پیرەمێردی نەمر هەر زوو کەوتە تۆمار کردنی ئەو بەسەرهات و قسە خۆشانە تا لە فەوتان پارێزراو بن. لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژیان لە ساڵەکانی ١٩٣٤ و١٩٣٥و١٩٣٦ بە زنجیرە بڵاوی دەکردنەوە تا دوایی لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی (گاڵتەوگەپ) چاپ کرا، مەلا مستەفای سەفوەت ژمارەیەکی تری لەو قسە خۆشانە بە ناونیشانی (شانۆی ناو ماڵ) بەسەرهاتەکانی خاڵە ڕەجەبیش بە ناوی (ترش و شیرین) و شاکر فەتاحیش هەندێکی تری لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (پێکەنین پرشنگ دەدات بە ژین) بە چاپ گەیاند. لە هەمووان بە بایەختر کارەکەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی بوو کە خەرمانێک لەو قسە خۆشانەی سەر زاری خەڵکی کۆ کردۆتەوە و لە کتێبی (ڕشتەی مرواری) بە هەشت بەرگ چاپ کرد و بڵاو کردەوە. وەک لە سەرەتای بەرگی یەکەمدا نووسیویە «کۆمەڵە ئەدەبێکی هەرە بەنرخە لە فەلسەفە و بیر و باوەڕی کوردی، لە قسەی خۆش و نەستەق و لەو دەماخچاخ کەرانەی کە لە ئاسۆی خەیاڵێکی کوردییەوە گزنگیان داوە».

هەندێک لەو کەسانەی کە لە شاری سلێمانی بە قسەخۆش ناوبانگیان ڕۆیشتووە: «ئەحەی نەسیم، ئەحەی کڕنوو، خاڵە ڕەجەب، ئەحمەد شوکری، عوسمانی حەمەی نادر، فایەق بێکەس، شێخ سەلام، قادر برسی، فەریقە کوێر، حەسەنی شیرین و ...» لێرەدا هەندێک لەو نوکتە و بەسەرهاتە خۆشانە دەخەینە ڕوو.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی زۆر جار لەگەڵ خەڵکی سلێمانی تێکەوتووە دەرەقەتیان نەهاتووە، جارێک لە سلێمانی تەماشا دەکا وا ژنێک کچێکی داوەتە پێش خۆی و ڕێ دەکەن، لێی دەپرسێ دەڵێ: « خوشکم وا دیارە ئەو جوانومانەت داوەتە پێش بەتەڵەبە، بۆ لەمنی چاک ناکەی؟» ژنەش دەڵێ:«باوکی پێی نەوتووم لە کەری چاک کەم»

ئەحەی کڕنوو نەخۆش بوو، لە سەرەمەرگا بوو «خلەی پورەنازێ» هەبوو لە سلێمانی چووە لای وتی: ها مامە ئەحمەد چەخێرتە؟ وتی: بەخوا فلانێ نەخۆشم؛ لام وایە ئەمرم. وتی: کەواتە تو خوا مامە ئەحمەد ڕاسپێرێکت پێدەڵێم بۆ لای باوکم پێی بڵێ. ئەحەش دەڵێ: "بەخوا ئەوی ڕاستی بێ ڕێگەم ناکەوێتە جەهەننەم.»

جارێک ئەحەی کڕنوو وتی: خەوێکم بینی نیوەی ڕاست بوو نیوەی درۆ، وتیان چۆن؟ وتی لە خەوما خەزنەیەکم دۆزییەوە زۆر قورس بوو پێم هەڵنەگیرا، خۆم پیس کرد، کە خەبەرم بۆوە، ڕێک وابوو، خۆم پیس کردبوو، بەڵام هیچ خەزنە لە ئارادا نەبوو.

خاڵە ڕەجەب لەدایکبووی ساڵی ١٩١٣ی گەڕەکی سەرکارێزە لە سلێمانی یەکێک بوو لە قسەخۆشەکانی شار. هەمیشە کۆڕی گەرم و دەوری قەرەباڵغ بوو. جارێک لە خاڵە ڕەجەب دەپرسن ساڵی عەرەبی چەند مانگە؟ دەڵێ: ئەگەر من و مەولوودی برام حساب بکەن دوانزە مانگە ئەگینا دەیە.

وسوئاغا کە پیاوی شێخ مەحموود بوو ددانی دێتە ژان لە دەوروبەری شار دەبن دەیەوێ بچێتە شار لە لای شێخ لەتیفی ددانساز ددانی بکێشێ. بە شێخ مەحموود دەڵێ نامەیەکی بۆ شێخ لەتیف بنوسێ، لەو کاتەدا ناری شاعیر لای شێخ مەحموود دەبێ شێخ بە ناری دەڵێ کە بۆی بنوسێ ناریش بە نوکتە ئەم شێعرەی بۆ دەنووسێ کە بیبا بۆ شێخ لەتیف

وسو موحتاجی دانە هاتە لاتان
کە دەستێکتان هەیە ئێوەش لە دانا

مامۆستا عەلادین سەجادی لە لاپەڕە ٤٦٨ ی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێ: «ئەم شێعرەی ناری ئەوەندە جوانە حەوت مانا بە شیرینی هەڵدەگرێت»

پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێ: « تبسمک فی وجە اخیک صدقە « واتە بزە و خەندە خستنە سەر ڕوی خەڵکی چاکەیە، بەڕاستی لەو جۆرە چاکەیە خەڵکی سلێمانی دەوڵەمەند و دەستکراوەن، ڕۆژگاری سەخت و پڕ کارەسات نەیتوانیوە تەمی خەم و ناخۆشی ڕوخساری گەشی خەڵکی شار داپۆشێ و لە پێکەنین و قسەی خۆشیان دابڕێ، قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ پاڵنەرێکی باشە بۆ هێور کردنەوەی مێشک و ڕوانینێکی گەشتر بۆ ژیان. ڕۆژگار چەند سەخت بێ دەبێت دەریچەیەکمان هەبێ بۆ کەم کردنەوەی گوشار و ماندوێتی تا بەردەوامی بدەینە ژیان.



حامید ڕەشیدیزەرزا ـ ئوسترالیا

# بیرەوەری (بەرەوشنۆ)

کەم کەس پەکی بەوە کەوتووە شاعیر یان نووسەر خەڵکی کوێ بووە، چی خواردووە و چی دەبەر کردووە، چەندە ژیاوە، زۆرتر ناوەرۆکی نووسینەکەی دەخرێتە ناو تەرازووی هەڵسەنگاندن، بەڵام ئیواش کەم نین کە زاڤ حەز لە ژیاننامەی نووسەر و شاعیر دەکەن. ناوم حامید، نازناو یا شۆرەتم «ڕەشیدی زەرزا»یە. لە ١٣١٩ی هەتاوی لە گوندی گورگاوێ، ناوچەی شنۆ لەدایک بوومە. وەک هەموو کوردێک بە هۆی هەلومەرجی کوردستانەکان، بەشی زۆری ژیانم بە چەرمەسەری ڕابوارد. چ چێژم لە ژیان نەدی! زۆرجار بیر دەکەمەوە، دەڵێم ئەرێ بۆچی لەو هەموو دەرد و بەڵایە نەجاتم بوو، بۆ لە گرتووخانە نەمردم، بۆ لە حوکمی ئیعدامی دەورانی شا ڕزگاریم هات، ئەرێ بۆچی بە گەنجی و لەسەر هێز و گورد سللار نەبوومەوە. بەڵام لەگەڵ قەزاوقەدەر و چارەنووس چەقە و گوڕە و بەربەرەکانی و ململانێ و شەڕەدندوکە ناکرێت، کەس ناتوانێ سەری هەوداوی ئالۆزاوەی دوارۆژی خۆی لە نێو گلۆڵە، یان ماشەری گرێپوچکەی ژیانی داهاتوو بە هەڵوێزان بدۆزێتەوە. مرۆڤ دیلی دەمی ڕۆژگارە و ژیانی دائیم دەرهەم وەک پارویەک لە بن خەرەێنەی بەرداشی قەیران‌دا لە خول و سووڕدا، ها کەنگێ بە دەم هەژدیهای بێبەزەی دەم‌دا پچڕاودا هەڵلوشرێت!. ئینسان هەر چەندیش بژی چ پاشاو چ بەلەنگاز لەم دونیایە میوانە و مەحکوم بە ڕۆیین! دەجا ئەوەی لە مرۆڤ دەمێنێتەوە تەنیا مرۆڤایەتی و جوامێری و پیاوەتی و دەست ئاواڵایی و خزمەت بە نەتەوەکەیەتی و بەس.

**بیرەوەری (بەرەوشنۆ)**

هەزار خۆزگەم بە دەورانی دەپێشوو
بەڵام کوا مێوی خۆزیا دێنێ هێشوو
تەم و مژ دای نەگرتبوو کوردەواری
دیار بوو ئی بنارو خەڵکی شاری
ڕەزوو باخی «شنۆ» وێنەی بەهەشت بوو
خەڵک ساویلکە و خاوەن گوزەشت بوو
نە دڵ ئێشی نە دڕدۆنگی لە گۆڕێ
نە کەس وابوو بڵێی خۆی لێدەگۆڕێ
نە گەندەڵ بوو دڵی پیر و دڵی گەنج
نە کەس دەیبرد بە فیڕۆ ڕەنجی دەسڕەنج
لە میچی قەیسەری بازاری شاری
چراتۆڕی لە بێروون‌دا چناری
دەخەمڵا ڕووی بە خشڵ و تاسی کوردی
کچی جوان و بە شەرمی شار و گوندی
بە خۆڕسکی بوو خونچەی لێوی جوانان
نە وەک ئێستا بە ماتیکی دوکانان
گومان لێکراو نەبوو بوو حاکمی شەو
دلۆڤان لێی نەتۆرا بوو لە چاو خەو
لە سەر سوانەی دەماڵان جێی نەبوو داڵ
نەگوورا بوو بە قەمچی ڕومەتی ئاڵ
تەرازوی ڕووی شەڕە بەفری بەهاری
خەیاڵ هێنەر بوو هەر دەنکەی دەباری

لە ئاوی سەر بە کەپری «قەترەکانی»
شنەی ئەنگێوە لەش، چاخی بەیانی
بزە گۆڕینەوەی لاوچاک کوڕ و کیژ
دڵی بووکی گوڵی تاسەی دەکرد تیژ
کەبابی «کێشکەڵەی» داخوازی بوو لێت
ئەوەی تامی نەکردبوایە دەبوو شێت
«چیانلوو» بەستەنی و پاڵودەکەی سارد
ئەوەی نەیخواردبوایە، ڕای نەدەبوارد
سمایل قاوەچی و چای تازە دێمی
بە بێ گازەندە بوو گۆتی و دەلێمی
دەمی قەلیان بە قاوڵتوون بەرەو پێش
دەگەڵ بەزمی «گزیری»ماملە دەروێش
کە باسی سەرترنجێنێ کرابا
لە دامەی «شەمسەدینی»ناو برابا
لە حوجرەی «فەڕوخی»بوو دەنگ و باسی
ئەوەی نەیناسیبوو لەو جێیە ناسی
پەری و کاروانسەرای ئەو کاتی شایەک
جنێوی مام «فەقێ وسوو»لە لایەک
حوسێن ناڵبەند و هاوار و هەراکەی
خەراپەی قەت نەبوو غەیرەز لە چاکەی
کە میوانێک لە ماڵی خانەخوێ بوو
هەرا و بگرە و بەرە و بێنەی لە وێ بوو
کەسێک کاری بکەوتبا دادگایە
ڕەدا کارێ نەکردبا بۆ ڕەجایە
دەیانپرسی «عەزیز میرزا کەڵەنتەر»
دەبوو مشت و مڕو هەنگامە و شەڕ
بەتایبەت دوو برا ئاغای ئەمیری
بە نانێکی ڕەق و تۆزێک پەنیری
سوا بوون وەک هەسانی شوان لە کێوی
جگی پەل بوون و گایان بابی خێوی
کە ئاغای «ئیستوار سەرکار دشی» مەست
لە بۆ تیتاڵ بە ئەنقەستی دەگەست دەست
پیاوێکم دەویست ئەو دەم بڵێ: لەل
کەچی پاشان دەبوو لاڵەپەتەی شەل
لە ئاغا کورتەک و پانتۆڵ لە بەزاز
سەلەم سێ پۆتە ڕۆن و دوو شەک و قاز
لە کێشەی فەتحە و کەسرە لە ئەڕجل
لە چاوی خەڵکی خوێن و هی مەلا کل
کەچی شوورەک هەبوو مابەینی شوورە
لە یەکتر وا نەبوونە ژەنگە سوورە
مەلا حاڵی نەبوو مانای قسەی گەش
لە بەر ساویلکەیی دەیفەرموو: «کەڵبەش»
بە جەلادی دەگوت: نیسێی خودایە!
ئولوول ئەمرە! بە بێشک ڕاستە وایە!
ئەویش دەور و زەمانێک بوو دەزانی
دەبا دەرکەی بە قوڕ گیرێ نەزانی
بە بارێکی ترا گۆڕاوە دەنگدان

دەنا هەر کوتکە کۆڵە و پیڵە سندان
کە تووتن زەرد دەبوو وەک گەردەنی زەرد
کە دەخشا ڕووی گەڵای زەردی لە سەر هەرد
وەکوو بەگلەر لە قاڵدرمە بەرەوو ژوور
بەرەو خواروو دەکەوتە باخەڵی نوور
قەپان لاسەنگ و بەردی لاسەنگ تەنک
دەگۆڕا «تا» لە بەر چاوی خەڵک ڕەنگ
دەهات کاک ئەسعەد و ماژیک بە دەستی
لە چاو داگرتنی «ئاغا» بە قەستی
رئیس کاری بە بەرتیلی کرا بوو
لە بەر چاوی خەڵک قیرە و هەرا بوو
لە نوور پڕ بێت قەبری دەشتەبێڵی
بە ڕاستی کورد و ئەمما دوور لە خێڵی
وەکوو پەشمی حەسڵ وابوو تەخت ڕووت
گەوەت کردباوە دیاری دابوو ماهووت
لەڕەخ ڕووباری خوڕڕێنی بەهاران
لەگەڵ پۆلێک ڕەفیق و دۆست و یاران
بە خەونم دێتەوە بیر ڕووی نیگاران
هەوار و کۆنە لانی نادیاران
هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی پاکی «لاوە»
کە دەنگی پێکەنینی وییم بە لاوە
نییە یادێ لە خوێن شیرین ڕەزاسووک
بە شێعر یان بە پەخشان، یان بە پەرتووک
نەماوە بەزم و ڕەزم و خۆشی جاران
مەگین یادێک ئەوا جارێک لە جاران
ڕەفیق دانێ، ژەمێ، کاتێ، لە کاتان
ڕەفیق ساتێ، کەڕەت، تاوێ لە لاتان
دوو گوێچکەی ئاخنیبوو دوێنێ خۆیی
لە بەر دەنگی تەقەی ڕاوچی شنۆیی
هەموو کێوی تەقیبوون وا لە کێوان
لە بەر ڕاوچی بەیانە و نوێژی شێوان
هوموو ڕایەخ کە ڕاوچی بوو بە خێوی
دەدیترا کەوڵی جوانی بزنەکێوی
گەلێک ڕاوچی هەبوون گەرچی لە شاری
بەڵام هەر دوو سێ یەکیان بوون دیاری
دەڵێن پێکتر لە دوندی کێوی کێوی
ئێتر ڕاوکەر نەماوە کێو بپێوی!
دەڵێن ئۆخەی نەماوە باوی وانە
لە خشپەی وان بە دووره ئەم تەلانە
دەڵێن: ئۆخەی لە ماڵ خانەنشینن
دەڵێن: ئۆخەی لە گەرمەی گەرمەشینن
دەڵێن: ئەژنۆ شل و هەنگاو سستن
دەڵێن: ژێر چاوەدێری هەست و مستن
دەڵێن: «میرزاسەعید» پەک کەوتووە پیر
«جەنابی شاردار»بۆتە زەوینگیر
لە کوێی تۆ؟ خاوەنی «پێشتیر پەڕانی»
بەرەنگاری شەک و کوور و بەرانی
وەکوو ڕووی سپڵە ڕەش بێ ڕووی زەمانە
هەموو جێ، جێی شک و فکر و گومانە
بزانین ڕاوچی ئاخۆ چی دەدڵ دا
لە بەر چی پۆنگژاوە دڵ لە چڵ دا
کەچی هەروا خەیاڵی گۆشتی ناسک
دڵی دەرفێنێ بە دوای ڕاوە ئاسک
وەبیری دێتەوە بیرەوەری خۆی
کە نادۆزیتەوە هیچ عیللەتێک بۆی
لە چاوی پڕ لە ئەسرینی دەکێوی
دەبێ ڕووی چارەنووسی خۆی بپێوی!!
گڕی ئاگر بسووتێنێ حەمامە
هەموو شوێنێک لە خوێن گۆمی حەمامە!!
کەچی کاکم بە ڕەحمەت بێ نەماوە
هەموو خۆشی لە ڕاوێ بوو بە لاوە
لە «پیرناسر» لە «ئاسمبەر» لە «ڕەندۆڵ»
لە «سوڵتانی» لە ئیمامی گەوە و دۆڵ
بناری «بەربنەی» لوتکەی «چیایی گەش»
لە «شێخ ڕێواس و شێخ بازید و شێخ ڕەش»
بە فیتووی کاک لیتانی ناو قوڕانێ
لە شوێنگێڕێ هەتا سەر گەرمە لانێ
قوڵەی بازرەی دەخورتی دۆڵە پاشوو
تەماڵیان لێ نەدەدرا ئی فەراژوو
کەحێلی دەحەدوودی کۆتکی سم
بە پێکۆڵیان دەکۆڵی چەختی دمدم
کە زۆر قۆچاخ نەبوایە سوار لە سەر پشت
بەرەو پشت بوو لە سەر پشتی دەگوێ وشت
نەخارابوو تەڕادی وان بە ئاوزەنگ
بە دەنگی «ها» لە ئاسمانیان دەدا چەنگ
بڵێنە ئەو لەعینی کوێری یەک چاو
وەکوو دووربینێ وا بوو سەر دەمی ڕاو
هەزار سواری لە پێش بوایە لە ڕاوێ
تەماڵ ئی وی بوو دەیپێکا بە چاوێ
لە کوێی «عەیزە» گەلۆیێکی تێ هەڵکەی
بە پاییزە پاییزەکی یادی سەفەر کەی
بە حەیرانێکی پڕ سۆزی خەزاڵ مەست
بە لارانەوەیەکی حەنجەرەی هەست
بە سەر ڕابردووان‌دا بچیە خوارێ
لە بۆم تێهەڵکەیە بەندێک «قەتارێ»
دەنا بانگ هێڵی «خانزاد خاڵە قادر»
گوڵە گوڵێو و هەناسەی پڕ لە ئاگر
نەماوە «خانی زەرزا» دەنگ هەڵێنێ
بە مۆجێزی پشوو تێی بچرێکێنێ
«مەلا هەمزە» لە کوێی کۆڕێک بگێڕی
لە ڕابردوو قسە و باسێک وەگێڕی
لە ئاونگی دەمی خونچە لە بێداد
لە هەڵقرچانی ڕووی دژخیم و جەللاد
لە ئاوڕدانەوی جامی تەژی ژین
بە سەردا چوونەوەی دیواری بەردین
لە ڕووگەی چاوی مەستی پڕ لە شەرما
لە شەختە بەستەڵەک سیخوار و سەرما
وەبیرت دێ لە کۆشکی خانی باوە
حەدیسی میرو خونکارت بە لاوە
کەچی گەردوون نە کۆشکی هێشت نە تاقی
نە تاکێک لەو هەموو تاکانە باقی
حەیف ئەفسووس پەکوو یەکجار مخابن
دەبێ گوێ بیس نەبن ئەوهەی نەمابن
شەمی عومرم تواوە، گشت لە بەندی
ئەوەی ماوە دەڵێم پێی: وەرزی گەندی!
هەناسیک دێ و دەڕوا دۆست بە بێ هۆ
وەکوو سەرچۆپی کێشی لاوی بێ دۆ

ماپەرە لاهیجانی ـ مەهاباد



# بۆ ڕزگار کردنی سرووشت دەرفەت زۆر کەمە

## بە بۆنەی ٢٦ سێپتامبەر ڕۆژی جیهانی ژینگە

«ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە هیچکام لە ئامانجەکانی پاراستنی ژینگەی جیهانی کە ئەو ساڵ واتا٢٠٢٠ دەبوو بە ئاکام بگات، دەستەبەر نەبووە. لە ساڵی٢٠١٠ی زایینی ڕێبەرانی ١٩٦ وڵاتی دنیا لە ژاپون کۆ بوونەوە و لە سەر پێویستی ئەو ئامانجانەی بۆ ڕزگار بوونی زەوی پێویست بوو ڕێک کەوتن. ئامانجەکانی کۆبوونەوەی ئایچی، وادەیەکی دە ساڵانەی بۆ پارێزگاری لە فرەچەشنی ژینگەیی، وەڕمێن کەوتنی سەقامگیری و ئاگاداری لە ئیکۆسیستەم دیاری کرد. ئامانجەکان بەرزەفڕانە بوون، بەڵام بەگشتی پێویست بوون.

بەپێی ڕاپۆرتیC.N.N کاتی دیاریکراو گەیشتووە، بەڵام هیچکام لەو ئامانجانە دەستەبەر نەبوون، لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: مرۆڤایەتی پێویستە نیگەرانی ئەو میراتە بێ کە بۆ بەرەی داهاتوو ڕایدەگوێزێ و بڕیاری لە سەر دەدا. فرەچەشنی بایۆلۆژیکی بە خێرایی خەریکە لە ناو دەچێ و ئەو گوشارەی دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی خێرایی ڕووی لە زیاد بوونە.» [وەرگێڕدراو لە پۆستێکی ئینترنێتی]

بە تێگەیشتن لەو بابەتە پێویستە بیر لە داهاتووی زەوی بکەینەوە کە ئاخۆ بەرەو کوێ دەچێ. ئەگەر هیوامان بە داهاتوو نەبێ ژینگە یەکێک لە قوربانییەکان لە ئەژمار دێ.

بەڵام بە هۆی خۆڕاگری ژینگە، خەسارەکانی کە لە لایەن مرۆڤەکان بەسەر ژینگەدا دەسەپێ درەنگ خۆی دەنوێنێ.

بابەتێکی دیکە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین بڕین و ئاگر کەوتنەوەی دارەستانەکان و لە نێو چوونی ئاژەڵەکێوییەکان و جۆری زیندەوەرەکانە، هەروەها ساز کردنی دەیان و بگرە هەزاران تۆن زبڵ و پاشماوەکانی پلاستیک و پاشماوە خۆراکییەکان و فڕێدانی لە لایەن مرۆڤ، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی چڵکاوێکی مەترسیدار کە دزە دەکاتە ژێر زەوییەکانی کشتوکاڵی و کەرێزە و چاڵاوەکان و ئاوەکانی ژێر زەوی و هەروەها درووست بوونی غازی مێتان(metan) کە هەمووی ئەو بابەتانە بەگشتی هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرەکان دەکەن. بەپێی ڕاگەیەندراوێک وڵاتی چین پلەی یەکەمی لە درووست بوونی پاشماوەکانی پلاستیکی هەیە.

ساڵانە لە سەرانسەری دنیا ٤١٥ تریلیۆن جگەرە بە کار دێنن کە پاشماوەی جگەرەکان دوای ماوەیەکی کورت دەبێتە ملۆزمێک لە سەر ژینگە و وەک پاشماوەیەکی ژاراوی سەیر دەکرێ و ژینگە و شینکایی و زۆربەی زیندەوەرەکان لە ناو دەبا.

لە ماوەی ساڵێکدا بە ڕادەی ٧٦٧ میلیۆن کیلۆگرام قونچکە جگەرە لە ژینگەدا فڕێ دەدرێ کە دوای تێپەڕینی دوو ساڵ تەنیا ٣٨ لە سەدی(٣٨٪) لە ناو دەچێ و پاشماوەکەی لە سرووشتدا دەمێنێتەوە.

ژینگە بە هەموو ئەو شوێنانە دەگوترێ کە ژیان تێیدا بەردەوامە و کۆمەڵێک فاکتەری فیزیایی دەرەکی و بوونەوەرەکانی زیندوو کە پێکەوە کردەوە و دژ کردەوەیان هەیە ژینگە پێک دێنن و بەگشتی لە سەر گەشەونەشە و ئاکاری بوونەوەرەکان کاریگەریان هەیە. ژینگە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک لە فاکتەرەکانی سرووشتی وەک هەسارەی زەوی، ئاو و هەوا، ڕووکەشی هەوا(واتا ئاتمسفر)(otmosphere)، بەردەکان، جۆری ڕەوەکەکان و لەو شێوە کە مرۆڤیان گەمارۆ داوە. جیاوازی ژینگە دەگەڵ سرووشت ئەوەیە کە پێناسە کردنی سرووشت تەنیا کۆمەڵێک فاکتەری سرووشتی و زیستی و غەیرە زیستی لە خۆ دەگرێ، بەڵام ڕێکەوەندی ژینگە بە سرنجدان بە کردەوەکانی هاوبەش لە نێوان مرۆڤ و سرووشت وەسف دەکرێ. فیزیا بە حاڵەتێک دەگوترێ کە بیچمی ماددە دەگۆڕێ و وردیلەکانی(مۆلۆکوولەکان) پێکهێنەری ماددە وەک گۆڕدران بۆ سەر هەڵم، بوونە سەهۆڵ یا لێک کێشانەوەی فاکتەرەکانی زیستە و ژینگە یا نە لە چوارچێوەی ژینگە و غەریزەی زیستە(فیزیایی و کیمیایی) پێک دێ و کاریگەری لە سەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا دادەنێ. لە دنیای ئەوڕۆدا ئەو پێناسەیە، سەر بە مرۆڤ و هەڵسووڕان و چالاکییەکانی لەپێناو ژینگەدا لە ئەژمار دێ.

ژینگەپارێزی پلانێکی ئیستراتژیکە و بۆ داهاتووی زەوی کار دەکا.

پاراستنی سەرچاوە سرووشتییەکان لە جیهاندا کە ژمارەی دانیشتوانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوون دایە، هەروەها زیاد بوونی پێداویستی و خواردن و خواردنەوە و شوێنی نیشتەجێ بوون و خزمەتگوازی شیاو، وزە و ئاسایشی ئابووری و بەگشتی ئەو فاکتەرانەی پێوەندی متمانە پێکراوی بە ژینگەوە هەیە، دابین دەکا. ئەو بابەتانەی دەگەڕێنەوە سەر خاڵ، ئەویش ئەو مەترسییانەیە کە هەڕەشە لە ژینگە دەکا و چۆنیەتی تێگەیشتن لەو مەترسییانە و پارێزگاری کردن لەپێناو بەرژەوەندی بەرەی داهاتوو دابین دەکا.

ئەو کۆمپانیانەی تۆمەتبار دەکرێن بە پیس کردنی ژینگە بە هۆی پاشماوەکانی پیشەسازی کە فڕێ دەدرێن، هەروەها ئەو گاز و دووکەڵانەی بەرهەمی دێنن، قەیرانی پەنگخواردنەوەی گەرمای زەوی بەرەو زیاد بوون دەبەن، ئەو فاکتەرە سەرەکییانە هەڕەشە لە بەردەوام بوونی ژیان لە سەر هەسارەی زەوی لە داهاتوودا دەکەن.

ئەوەی ڕاستی بێ، حکومەتە پیشەسازییە بەهێزەکان، سەرچاوەی گەورە و یەکەم لە ئەژمار دێن بۆ لە نێوبردنی ژینگە و بەرپرسیارن سەبارەت بەو بارە نالەبارەی بە سەر ژینگەدا دایدەسپێنن.

بەڵام هەر چەندە ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە گۆڕانکاری ئاو و هەوا و ڕووداوە سرووشتیەکان کە کاریگەری

وێرانکارییەکانی سنووره جوگرافیایەکان تێدەپەڕێنێ و توانایی مرۆڤەکان بۆ کۆنترۆڵ کردنیان لاوازە، دیسان بەو ئاکامە دەگەین کە گیروگرفتەکانی ژینگە دەستکردی مرۆڤە کە بەو پەڕی کەمتەرخەمی و بێبەرپرسایەتی و بێمشووری لە نێوی دەبا. ئەو بابەتە لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەمدا زیاتر بەرچاوە.

تێگەیشتن لە ژینگە و پاراستن و دابینکردنی یارمەتی پێویست و پاراستنی ئەو پێداویستییانە لەپێناو بنەبڕ کردنی ئەو گیروگرفتانەی بەرەو ڕووی ژینگە دەبنەوە، هەروەها هێندێک گیروگرفتی وەک نەخۆشی و پەتای پیس کە سەرچاوەکەی لە ژینگەی نائاسایی سەر هەڵدەدا و لە کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە و دەگوازرێتەوە بو وڵاتانی دراوسێ لەو چەشنەن.

بێگومان بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی بە هۆی دەرچوونی غازەکانی کە ژینگە پیس دەکەن و گیروگرفتی پەنگ خواردنەوەی گەرمی، زیان بە هەموو جیهان دەگەیەنن و زۆربەی ئەو گازندانە ئەستۆی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. ئەو کەسانەی لە تێکچوونی ژینگە بەرپرسن لە ڕێگەی بە کار هێنانی سەرچاوە سرووشتیەکان لە جیهانی سێهەمدا بە هۆی غازەکان و زبڵ و پاشماوە بێکەلکەکان یا پاشماوەی کارگەکان، دەوری سەرەکییەکان هەیە. حکومەتە زلهێزەکان لە ڕواڵەتدا ڕۆڵی سیاسەتی گەشەی بەردەوام بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی خزمەتگوازی گەلەچەوساوەکان دەگێڕن و دروشمی پاراستنی ژینگە دەدەن بەڵام بە نهێنی گرێبەستی بازرگانی لە سەر تێداچوونی کۆمەڵگە هەژارەکان لە نێو خۆیان واژۆ دەکەن.

کەوابوو دەگەینە ئەو ئاکامە کە مرۆڤ لە بەراورد دەگەڵ زیندەوەرەکان بەشێکی زۆر لە ژینگە تێک دەدا و لە ناوی دەبا. بانگەشەی ئافراندنی تێڕوانینێکی نۆی و هەڵوێستێکی نۆی سەبارەت بەو بەرپرسایەتییە پێویستە، ئەویش بە چاوێکی دارماڵ لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە سرووشت و پاریزگاری کردن و ڕاگوێستنی بە شێوەیەکی گونجاو بۆ بەرەی داهاتوو، چوونکە هەمووی هەر بەرژەوەندی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، بە هیوای ئەو ڕۆژە.



یاسین محەممەدی ـ جوانڕۆ

# پێگەی بڵندی کەیفی جوانڕۆیی لە ئەدەبی کوردی

کەیفی جوانڕۆیی بلیمەت و وێژەڤانی گەورەی کورد و هاوچەرخی حاجی قادری کۆییە کە بارتەقای پێگە و جێگەی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کەم باسی کراوە. کەیفی لە جوانڕۆ لەدایبک بووە و پاشان بۆ خوێندنی حوجرەیی و مەلایی ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لە کۆیە دەگیرسێتەوە و ماوەیەک لە خزمەت جەلیزادەکاندا دەبێت. بە هۆکاری شەڕەشێر لەگەڵ شێخ ڕەزا تاڵەبانی و شکست دانی شێخ کە ئەمە تۆزێک قورس دەبێت بۆیان لە کۆیە دەردەکرێت. پاشان دەچێتە ئەستەموڵی عوسمانی و بە ڕەوایەتی مامۆستا عەلای سەجادی لە لایەن بەدرخانەکانەوە دەخرێتە بەشی حقووق و دەبێتە قازی. ئەو سەردەمەی کە لە ئەستەموڵ بووە لەگەڵ حاجی قادری کۆیی دەبێت و هاوڕێیەتێکی زۆر نزیکیان بووە تا ئەو ڕادەیە کە پاش مردنی کەیفی، حاجی قادر مەرسییەیەکی بۆ دەڵێت و هەندێ لە سووچەکانی ژیانی شاراوەی کەیفیمان بۆ دەردەخات. حاجی دەبێژێت کە کەیفی چوار زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی بە باشی زانیوە و هەندێ لە سەرچاوە مێژووویەکان باس لەوە دەکەن کە کەیفی ماوەیەک لە باڵیۆزخانەی فەرەنسەش بووە و زمانی فەرەنسەشی چاک زانیوە و کاری ڕۆژنامەڤانی کردووە.

ژیانی کەیفی پڕ بووە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و چەرمەسەری و غەریبی کە هەموو ئەمانە لەسەر کەیفی زۆر کاریگەر بووە. وەک ئەوەی لە ژێدەرە مێژوویەکاندا هاتووە کەیفی جگە لەوەی ئەدیبێکی زۆر گەورە بووە هونەرمەندێکی بەتواناش بووە و لە بواری خەتاتی دەستێکی باڵای هەبووە.

مامۆستا سەجادی باس دەکات کە کەیفی پارچەیەک بووە لە زەینتیژی، یان مامۆستا مەسعوود محەممەد دەڵێت کە کەیفی لە ڕیزی پێشەوەی بوێژانی کوردە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. حاجی قادر باسی کەیفی بە گەورەیی دەکات و هەموو ئەم فاکتەرانە دەرخەری ئەوەیە کە کەیفی یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردییە. شێعری کەیفی تەڕ و پاراوە و زۆرتر بابەتی دڵداری لەخۆ دەگرێت و زمانیشی لە نالییەوە نزیکە. بابەتەکە ئەوە دەخوازێت کە لە داهاتوودا لە سەر ئەم کەسایەتییە گەورەی ئەدەبی کوردی، توێژینەوەی زۆرتر بکرێت و ڕەهەندەکانی ژیانی فرەتر بخرێتە بەر شی کردنەوە و ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

پارچەشێعرێک لە مامۆستا کەیفی جوانڕۆیی:

پارچەشیعرێک لە مامۆستا کەیفی جوانڕۆیی:

کافره، مەسته چاوەکەی، غارەتی دین و دولبەره
پەرچەمی پای کڵاوەکەی، دووکەڵی عوود و عەنبەره
زوڵفی سیاهی وەک زەڕە هەتا دەگاتە کەمەره
شکەن شکەن، گرێ گرێ، حەڵقەیی چین و چەنبەره
بە چینی زوڵفی تا بە تا، خوتەن خوتەن، خەتا خەتا
لە پێچی پەرچەمی هەتا نەزەر دەچێ موعەتتەره
ڕوومەتی ماهی نەخشەبی، مەتلەعی چاهی غەبغەبی
خەتتی غەریبی سەر لەبی، خەزر سەرایی کەوسەره
چاوی لە عەینی غەمزەدا، تیری موژەی لە من دەدا
دڵ دەڕفێنێ، ڕۆح دەبا، یەک سەرە تیری دوو سەره
قەدی بەڵا و ئافەتە، قامەتە یا قیامەتە
نازکەری نەزاکەتە، ئافەتی سەر ڕووی کیشوەره
«کەیفی» لەبەر گرینی تۆ گوڵ گوڵە مەنزڵی دڵی
سینە لەبەر برینی تۆ کون کونە میسلی پەنجەره
سینە لەبەر برینی تۆ کون کونە میسلی پەنجەره



د.ئیسماعیل مستەفازادە - مە هاباد







# پەروەردە

هەروەک دەزانین پەروەردە لە نێو گۆڤارە کوردییەکانی ئێمە زۆر بە کەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە. هەر بۆیە بڕیارمان داوە لەم ژمارەیەوە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەیە، بابەتگەلی پەروەردەیی(دەروونناسی، کۆمەڵناسی، فیزیا، بیرکاری، کیمیا، زیندەوەرناسی و هتد) بڵاو بکەینەوە تا خەڵکی ئێمە زیاتر لەگەڵ واژە و دەستەواژەی تایبەت بەو زانستانە ئاشنا بن. لێرەوە داوا لە پسپۆڕانی ئەم بوارە دەکەین تاکوو هاوکاری گۆڤارەکەمان بن. هەڵبەت جێی ئاماژەیە لە کۆتایی هەر وتارێک وشەنامەیەکی بچووک بۆ فێربوون و تێگەیشتن لە زاراوە زانستییەکان دادەنرێ یان ماناکەیان لە نێو کەوانەدا دەنووسرێ ــ بە بێ زانینی واتای هەر چەمک و وشەیەک ناتوانین لە مەبەستی ڕاستی چەمک و وشەکان بگەین ــ بەو هیوایەی ئەم کارە ببێتە هۆی پەرەپێدان بە فێربوونی ئەم زانستانە و **چیتر کورد بەتەنیا هەر خەریکی شێعر و ئەدەب و مێژووو نەبێ** و ئاوڕێکی باشتر لە زانستەکان و پسپۆڕییەکانی ڕۆژ بداتەوە و زیاتر بەرەو پێشکەوتن هەنگاو هەڵێنێتەوە.

**پەروەردە (آموزش وپرورش) (التربیە).( education)**

پەروەردە بەردی بناغەی پێشکەوتنی گەلان، گەشەی ئابووری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییە. پەروەردە و گرینگی پەروەردە لە چاخی ئێستادا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بۆ هەموو گەلان دەردەکەوێ. بەرفراوان بوونی خواست بۆ فێربوون و فێرکاری، بایخ و گرینگیی پەروەردە نیشان دەدات. پەروەردەی نوێ، خۆی دوور دەکاتەوە لە، لەبەرکردن و ئاخنینی مێشکەکان بە زانیاری پچڕپچڕ و بەکارنەهاتوو، بەپێچەوانەوە پەروەردەی نوێ، فێربوون و ئازموون و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانە و ژینگەی دەوروبەردا دەکاتە ئامانج. پەروەردە وەک چۆن «جان دیۆیی» وتوویەتی، بریتییە لە ژیان. پەروەردە بریتییە لە پەرەپێدانێکی تاک، پەرەپێدانێکی گشتگیر، پەروەردە بریتییە لە پرۆسەیەکی سیستەماتیکی گشتگیر و مەبەستدار. ئامانجی، ڕاهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی تاکە لە ڕووی «جەستەیی، ئەقڵی، دەروونی، مەعریفی، ڕەفتاری، هەستیاری، کۆمەڵایەتی». بەپێی ئامانج و پلانی دیاریکراو واتە بە تەنیا گەیاندنی زانیاری و گەشە کردنی لایەنی هزری و مەعریفی، ئامانجەکانی پەروەردە بەدی ناهێنێت، هەر بۆیە گەشەکردنی لایەنی سۆز و دەروون، جوولەیی تاک لە پەروەردەی هاوچەرخدا پێویستییەکی هاوتەریبە لەگەڵ لایەنی مەعریفی تاک کە لە پەروەردەی کۆندا، لایەنە مەعریفیەکە ئامانج و مەبەستی پەروەردە بوو.

توێژەرانی ئەم بوارە پێناسەی جیاجیایان بۆ پەروەردە کردووە بۆ وێنە:

١ـ کۆمەڵێک زانیاری و لێهاتوویی و خووورەوشت، کە لە نێوان وەچەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێ و نەک تەنیا خوێندنگە و مامۆستایان بەڵکوو خێزان و کۆمەڵگاش ئەرک و ڕۆڵیان لە گواستنەوەیاندا دەبینن، بە هەر دوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی.

٢ـ پەروەردە بریتییە لە ڕەخساندنی بوارەکان و هۆکارەکانی گەشەکردن و بە کردەییکردنی (بالفعل) تواناییيە (ئامادەباشێکانی استعداد aptitude) هێزەکییەکانی (Potential بالقوه) مرۆڤ و جوولەی گۆورانی مرۆڤ بەرەو ئامانجێکی گونجاو و خوازراو. بەگوێرەی بنەمایەکی دیاریکراو واتا بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و هەڵسەنگێندراو.

٣ـ پەروەردە پرۆسەیەکی بە کۆمەڵایەتی بوونە و کۆمەڵگاش لە ڕێگای تاکەکانییەوە دەتوانێت ڕەفتاری کۆمەڵ ودابونەریت و کەلەپورەکان گەڵاڵە بکات؛ بۆیە هەر وەک بنەماکانی دیکەی ئەو پێوەندی و نزیکایەتییە وای کردووە لە ڕێگای کۆمەڵناسی پەروەردەیەوە بنەما و ڕێسا کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بواری پەروەردەدا پراکتیک بکرێ.

٤ـ بریتییە لە گەشەکردنی ئەرکەکانی جەستەیی و هزری و ڕەفتاری بۆ گەیشتن بە کامڵ بوون لە ڕێگای ڕاهێنان و ڕۆشەنبیر کردنەوە. «جان دیۆیی» لە پێناسەیەکیتردا بۆ پەروەردە پێیوایە، پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ بنیاتنانەوەی ئەزموونەکان، بە ئامانجی فراوان کردن و قووڵ کردنەوەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتییانەی تاک.

دەتوانین بڵێین پەروەردە پرۆسەیەکی گشتییە، مرۆڤ لە سەرجەم لایەنەکانی وەک: دەروونی، هزری، سۆزی، کەسێتی، ڕەفتاری، شێوازی بیر کردنەوە، هەڵسوکەوتی ژیانی و مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەوانیتردا ئامادە دەکا.

بەم هیوایەی بابەتەکانی پەروەردەیی بتوانن یارمەتیدەری خوێنەران بن بۆ فێرکاری زانستەکان بە کوردی.

هەواڵنامەی کتێب



ئاوات ئەبووبەکر ئەحمەد ـ سلێمانی

# مێژووی سەرهەڵدانی (ئەلف و بێ)ی کوردی لە کوردستان



ئیبراهیم ئەمین باڵدار دانەری کتێبی «ئەلف و بێ»ی کوردی

لە دوای نەمانی دەسەلاتی عوسمانییەکان لە کوردستان، چەندین نووسەر و کەسایەتی ڕۆشنبیر کەوتنە خۆیان بۆ خزمەتی خەڵک و ڕۆشنبیرکردنیان و زیندوو ڕاگرتنی زمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش چەند قوتابخانەیەک کرانەوە، بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و جێگیربوونی ڕەوشی حکومڕانی چەند کەسایەتییەک ڕۆڵیان هەبوو لە دانان و بەرجەستەکردنی پرۆگرامی فێرکاری بۆ ناوەندەکانی خوێندن؛ دیارترین و قورسترینیان کتێبی«ئەلف و بێ» بوو.

مامۆستا خەلیل خەیاڵی ساڵی١٩٠٩ بە یەکەم مامۆستا دادەنرێت لەو بوارەدا. میجەرسۆن کتێبی «ئەوەڵین قرائەتی کورد» بە پیتی لاتینی چاپ کرد. ماوەیەک خوێندرا، بەڵام ڕۆشنبیران زیاتر ئارەزوی ڕێنووسی «قورئانی پیرۆز» بوون. بۆیە ئەم کتێبە وەلانرا و کتێبێک هاتە ئاراوە، چونکە کوردستانی باشوور بووە بە بەشێک لە حکومەتی عێراق.

لەم بوارەشدا مامۆستا ئەحمەدی عەزیز ئاغا توانی لەنێو قوتابخانەکاندا قوتابیان بە پیت و وشە و ڕستەی سادە ئاشنا بکات و مامۆستاکانیش ڕۆڵی خۆیان بینی و ئیتر ئەم شێوە ڕێنووسە پیادە کرا. ساڵی ١٩٣٦مامۆستا حامید فەرەج جیاواز لە پرۆگرامەکەی باسمان کرد توانی کتێبێکی ناوازەتر بە شێوەی ڕەش وسپی بخاتە بەر دیدەی قوتابییان کە ئەم هەنگاوەکانی وانە وتنەوەی جیاواز و وێنەداریش بوو. ساڵی١٩٥١ ئیبراهیم ئەمین باڵدار بۆ وەزارەتی مەعاریف «ئەلف و بێ»یەکی چاپ کرد کە سەبری خەتات و حاجی سوعاد سەلیم، هاوکاری بوون، ساڵی١٩٥٣ بە شێوەیەکی ڕەنگین و جوانتر لە لایەن وێنەکێشی کورد مامۆستا «بەدیع باباجان»ەوە وێنە کێشرا و کاری چاپی بۆکرا. وڵات هەنگاوی خێرای دەنا و زانست و زانیاری گەشەی کرد و میللەت هەوڵیدا لەو پێشکەوتنە خێرایە دوا نەکەوێت بۆیە مامۆستا (ئیبراهیم باڵدار) بە هاوکاری «ژنە وێنەکێشی ئەڵمانی ترودی میتلمان» کە توانی وێنەکان بنەخشێنێت و بەرگێکی قەشەنگ و سەرنج ڕاکێشی کرد بە بەری کتێبی «ئەلف و بێ»ی نوێدا، خۆشی بوو بە بەڕێوەبەری «پرۆگرامەکان لە بەغداد»، ساڵی ١٩٥٦ «ئەلف و بێ»یەکی بۆ خوێندنی گەورەکان دانا. ساڵی٢٠٠١ مامۆستا عبداللە محەممەد(عەبەسوور) بە سود وەرگرتن لە «ئەلف و بێ» کانی وڵاتانی دراوسێ، کتێبی «ئەلفبێ»ی چاپ کرد. ساڵی٢٠١٣ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەشی پرۆگرامەکان لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ دارشتنەوە و یەکخستنی پرۆگرامی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەم بەتایبەتی و پۆلەکانی تر بەگشتی.

لەم هەوڵەدا بە سود وەرگرتن لە هەموو «ئەلف و بێ»کانی وڵاتانی دراوسێ و هەنگاوە نوێیەکانی وتنەوەی وانەکە و لەبەرچاوگرتنی لایەنی مەعریفی قوتابی و پیادەکردنی «ببینە، بڵێ، بخوێنە و بنووسە»، قوتابی خودی خۆی لە هەنگاوی یەکەمەوە تا هەنگاوی حەوتەم و ڕاهێنان و چالاکییەکانی لە ژێر چاوەدێری مامۆستا ئاشنا دەبێت بە پیت و برگە و وشە و دەستەواژە و ڕستە. لە هەمان کاتا پرۆگرامەکە خاوەنی «ڕێبەر»ێکە و لە کاتی وانە وتنەوەدا کار ئاسانی بۆ مامۆستا دەکات.

ئەمەش دوا تێپەڕبوونی بە ڕێگەی ئەزموونی و لەبەرچاوگرتنی سەرنج و تێبینی مامۆستایان کە لە پۆلەکانیاندا لەگەڵی ئاوێتە بوون.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار ساڵی١٩٢٠ لە سلێمانی لەدایک بووە و خوێندنی لە قوتابخانەی فەیسەڵیە تەواو کردووە و چوار ساڵ دارمعلمینی ڕیفی لە بەغداد خوێندوە و بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی (قەمجوغە، تەوێڵە، چوارتا، مەڵکەندی و ئەولیەی هەولێر) دواتر بووە بە مامۆستای زانکۆ تا لە (١٩٩٨/٧/١٢) کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە



ڕەزا سەرسێفی ـ سەقز

# قوتابخانە و قەیرانی سیستەمی پەروەردە

لە هەموو وڵاتانی جیهان‌دا قوتابخانە شوێنێکە بۆ پەروەدە کردنی تاک. قوتابی لەوێ‌دا بنەمای مەعریفەت و ئەخلاقی ئینسانییەکانی دێنێتە ناو کۆمەڵگا و بە هۆی هاوکێشەیەکی پێچەوانەشەوە، کێشەکانی ناو کۆمەڵگا هەناردە دەکرێتە نێو قوتابخانە. واتە قوتابخانە ئەو دڵەیە، کە خوێن دەدات بە جەستەی کۆمەڵگا و وزە و هێزی بۆ دابین دەکات بۆ پێشکەوتوویی و گەشەکردنی زیاتر.

قوتابی لە بازنەی قوتابخانەدا، بێجگە لە فێربوونی زانست و خوێندن دەبێتە خاوەن تایبەتی کۆمەڵایەتی و هەست بە کاریگەری خۆی لە جەرگەی کۆمەڵگا دەکات. قوتابی فێر دەبێ، بیر لە دوارۆژ بکاتەوە و پلان دابڕێژێ و بە مێشک و بیرێکی ئەکتیڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەری مامەڵە بکات . لە هەموو جیهان‌دا قوتابخانە بە پێی کەلتوور و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا پلان‌ڕێژی بۆ دەکرێ و بە لەبەر چاوگرتنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵ مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی دەکات. لە هەموو سەردەمێک‌دا جۆرێک لە سیستەمی پەروەردە بەڕێوە دەچێ و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگا و زانستی ڕۆژ و هەل‌ومەرجی تایبەت، سیستەمی ڕاهێنان لە قوتابخانەدا گۆڕانی بەسەردا دێت. لەگەڵ ئەو گۆڕانانەش کە بە دەستی پسپۆڕان و لێزانانی بواری پەروردە دەکرێ، وزە و کەرەسەی پێویست دابین دەبێت و قانون و دەستووری تایبەت دادەمەزرێت و مامۆستا و بەڕێوەبەر پەروەردە دەبێت .

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، قوتابخانە تا چ ڕادەیەک توانیویەتی شوێن و پێگەی خۆی دەستەبەر بکات؟! تا چ ڕادەیەک سیستەمی پەروەردە، کۆمەڵگا و خێزان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە؟ قوتابخانە توانیویەتی کێشەی خێزان و کۆمەڵگا چارەسەر بکات؟ یان خۆی بووەتە کێشەیەک کە پێویستی بە چارەسەری و گۆڕان هەیە؟! کۆمەڵگای مۆدێرن، بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دایە و ئەزموونی نوێی بەسەردا دێ، قوتابی وەک گەورەترین تاقیکاری سیستەمی پەروەردە، بەردەوام لە ژێر کاریگەری فاکتەرە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا خۆی دەبینێتەوە. تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە، کتێب، سەتەلایت، ئینترنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و.. . هەموو ڕۆڵیان هەیە لە سەقام گرتنی زانیاری قوتابی. هەر کام لەم فاکتەرانە، لە سەر پەروەردەکردنی تاک، شوێن دادەنێن. قوتابخانە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری ئەساسی و بنەڕەتی لە پەروەردە کردنی قوتابی، دەچێتە نێو کێبەرکێی بەردەوام لەگەڵ هەموو فاکتەرەکانی ناو کۆمەڵگا. هۆی ئەو کێشەیە لەوە دایە کە قوتابخانە نەبووەتە تاقانە بازنەی پەروەردەبوونی تاک لە کۆمەڵگادا.

قوتابخانە دەبێ ببێتە شوێنێک کە قوتابی سەرکەوتن و ڕووناکی دوارۆژی خۆی تێدا دەستەبەر بکات. قوتابی لە تەمەنێک دایە کە مێشک و بیری پڕە لە پرسیاری جۆراوجۆر لە بارەی زانست، سوننەت، ئایین، جنسیەت، ئابووری و ڕامیاری وهتد. سیستەمی پەروەردە بە جێگەی ئەوەی پرسیار کردنی لێ قەدەغە بکات، دەبێت بۆ تەواوی ئەو کێشانە وەڵامی هەبێ و پارێزەری قوتابی بکات .

لە وەها هەل‌ومەرجێک‌دا قوتابی بۆ وەڵامی پرسیارە قەدەغە کراوەکانی خۆی، ڕوو لە هەر شوێنێک دەکات بێجگە لە قوتابخانە. بۆ لای هەر کەسێک دەچێت، بێجگە لە مامۆستا و بەڕێوبەری قوتابخانە. ئەم ئەزموونە ئاکامی دەبێتە پەراوێز بوونی قوتابخانە لە ژیانی قوتابی. ئیتر سیستەمی پەروەردە، ئەو سیستمە نییە قوتابی بڕوای پێ بکات و پشتی پێ ببەستێ. قوتابخانە دەبێتە زیندان و مامۆستاش دەبێتە زیندانبانی. قوتابی لەو زیندانەدا ئیزنی نییە، هەموو قسەیەک بکات و چۆن دڵی دەیەوێ هەڵس‌وکەوت بکات، لەو کاتەدا قوتابخانە بە جێگەی ئەوەی ببێتە چارەسەری کێشەکان، خۆی دەبێتە کێشەیەک کە پێویستی بە چارەسەریی هەیە. تەنانەت لە برێک بوارەکان‌دا، خۆی کێشەی دیکە درووست دەکات.

لە باری ئابوورییەوە، قوتابخانە و سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە کێشە ئابورێکان لە ژیانی قوتابی لا بدات و بە پەراوێزی بخات. لە زەینی قوتابی‌دا خوێندن بووەتە لەمپەر لەسەر گەشەسەندنی ئابووری ژیانی قوتابی.

خۆی ئەو مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ قورسایی ئابووری لە سەر ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا. ٢ـ داهاتووی لێڵ و نادیار لە مەڕ داهاتووی ئابووری قوتابی، لە نێو سیستەمی پەروەردەدا، قوتابخانە شوێنی خۆی دەدۆڕێنێ، ئەو کاتەی قسەی هەوەڵ و ئاخر دەکات . کۆمەڵگای ئێمە مەیدانی شەڕ و کێبەرکێی بەردەوامی بەها سوننەتییەکان و بەها مۆدێرنەکانە. مۆدێرنیتە بە هەموو خزمەتەکانییەوە بووەتە هەڕەشەی بەردەمی بەهاسوننەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، لەگەڵ ئەوەی پڕە لە کەرەسە و ئامرازی مۆدێرن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا کەلکیان لێ وەردەگیرێ. بەڵام نایەوێ بە تەواوی خۆی بخاتە ژێر چەتری ئەو دێوەمەزمە زەبەلاحەی کە دەیەوێ بێت و کەلتووری چەند هەزار ساڵەمان بە تاڵان بەرێ. ئێمە دەمانەوێ مۆدێرن بین و مۆدێرنیش نەبین. دەمانەوێ بیری مۆدێرنمان بێت و بیری کۆنیش لە بیر نەکەین. لە بیر کردنی بیری سوننەتی بە لامانەوە پشت کردنە لە تەواوی ئەو شتانەی کۆمەڵگای ئێمەی تا ئێرە هێناوە.



بەکر کاکۆ ـ هەولێر

# باڵدار قوتابخانەیەک لەپەروەردەوفێرکردن

دوای ئەوەی باڵدار بۆ یەکەم جار دەبێتە مامۆستا لە دێی جوانی «جاسەنە» لە بناری شاخی هەژدیهای پاڵ کێوی سارا لە ناوچەی سووورداش لە نێو باغە ڕەنگینەکان و کانیاوەکانی ئەو دێ‌یەدا، دەستی کرد بە دانانی ئەلفوبێ‌یەکی نوێ بۆ ڕۆڵەکانی کورد، بۆ ئەو منداڵانەی کە لە سەرەتاوە دەست بە فێربوونی خوێندنەوە و نووسنی کوردی ئەکەن. لەم گوندەدا هەلێکی باش بۆ نووسەر هەڵکەوت کە بتوانێت دەرسەکانی ئەو ئەلفوبێ‌یە دابنێت و ڕۆژبەڕۆژ بەسەر قوتابی‌یەکانا تاقیان بکاتەوە. کتێبە بەنرخەکەی باڵدار، وەکوو گەوهەرێکی بەنرخ، زیاتر لە نیو سەدە لە ناوەندەکانی خوێندن، دەنگ و سەدایەکی هەبوو. قوتابیانی پۆلی یەکەم بە جۆش‌وخرۆشێکی زۆرەوە ڕۆژانە چاوەڕێی خوێندنی بابەتەکانی باڵدار بوون. باڵدار جگە لە ڕێکخستنی پیت و وشە و وانەکان، ناوی کچ و کوڕی جوانی نەخشاندبوو لە نێو بابەتی کتێبەکان‌دا. باڵدار جگە لە وانەی هەمەچەشنە، زۆرێک لە سرودەکانی باس لە پەروەردە و هەستی نیشتمان‌پەروەری و بۆنە نەتەوەیی‌یەکان دەکات. ئامۆژگاری قوتابیان دەکات و دەڵێ: ئازاری مەل مەدەن. تف لە سەر زەوی مەکەن. ئەو سەردەمانە، باڵدار لە خەمی ژینگە و باڵدارەکان‌دا بووە، ئەو کاتە باڵدار لە خەمی تەندرووستی قوتابیان بووە، بۆیە کەسایەتییەکی بەرز وەکو باڵدار نموونەیەکی جوانی ناو پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن بووە. ئەگەر لە کوردستان باس لە مێژوووی پەروەردە و فێرکردن بکرێت نابێ و گوناهە ناوی باڵدار نەنووسرێ و لە یاد بکرێ، چونکە باڵدار سەرچاوە و هێزی خوێندن و خوێندەواری بووە لە کوردستان. هەرچەند لە ساڵانی خوێندنی٢٠١٢ تا ٢٠١٣ ئەو کتێبە گۆڕدرا بەکتێبێکی‌تر، بەڵام تا ئێستاش لە شارەکانی کوردستان زۆرێک لە سەنتەر و پەیمانگای تایبەت هەن کە بۆ فێرکردن و زیاتر بەهێز کردنی زمانی کوردی، کتێبەکەی باڵدار دەخوێنن، ئەمەش نیشانەی بەهێزی ئەو کتێبەیە لە نێو پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

**کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت (مجتمع آموزشی) وەک نموونەیەکی پەروەردەیی لێرە دەناسێندرێت، بەو هیوایە خاوەن‌کار، ساماندارانی وڵات چاو لە** د.تەها ڕەسووڵ خاوەنی (کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت) بکەن وئاوڕ لە فەرهەنگ وئەدەبی نیشتمان بدەنەوە.

**گۆڤاری بەیان**

# کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت





### کەسایەتی نیشتمانپەروەر (د. تەها ڕەسووڵ )

ساڵی(١٩٦١)لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و تەمەنی منداڵی لە و شارە بەسەر بردووە و قۆناغەکانی خوێندنی هەر لە هەمان شار بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و لە تەمەنی لاویدا ڕووی لە دەرەوەی وڵات کردووە و سەرەتا چۆتە وڵاتی (سوریا) و پاشان ڕووی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران کردووە و قۆناغەکانی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆی لەوێ تەواو کردووە و پاشان دکتۆرای فەخری لە وڵاتی (ئۆکرانیا) لەزانکۆی ماوپ(MUP) بەدەست هێناوە.

سەرەڕای دووری وڵات و نیشتمان هەمیشە بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە فکری ئەودا لە چەکەرەکردندابووە و هەمیشە خەمخۆر و پاڵپشت بووە بۆ گەل و نیشتمان بۆیە کار و پرۆژەکانی لە نێو کوردستان و لە خزمەتی تاک و کۆمەڵگەدا بووە.

د.تەها ڕەسوڵ خاوەنی (کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، دامەزراوەی کەریمیعەلەکە، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، کارگەی بەستەڵەک و کارگەی برنج و کارگەی نەوت و بەرەودان بە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری...هتد)یە سەرجەم داهاتی کار و پرۆژەکانی بۆ کاری خێرخوازی بووە(وەک دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندرووستی و خزمەت کردن بە مرۆڤایەتی و .... هتد).

هەمیشە خەمخۆر و پاڵپشتی گەنجان بووە بۆ گەیشتن بە داهاتوو و باشتر کردنی بژێویان بەکاری بیرمەندیانە و هاوکاریکردنی مادیان. پاڵپشتێکی باشی ئافرەتان بووە و دووربووە لە بیری پیاوسالاری نێو کۆمەڵگەی کوردی ئەویش بەوەی هاوکاری ئافرەتانی کردووە تاکوو بتوانن شان بە شانی پیاوان بەشێک بن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و گەیشتن بە پلەی بەرزی ژیان.

هەردەم جێی دەستی دیار بووە لە کار و چالاکییەکانی نێو کۆمەڵگە و کاری لە سەرجەم بوارە جیاوازەکان کردووە لە بوارەکانی پەروەردەیی و هونەریی.

گرینگی تەواوی داوە بە کەسایەتییە دیار و ناودارەکانی بواری پەوەردە و هونەر ئەویش لە بواری پەروەردە (بە چاپ گەیاندنی سەدان کتێبی پەروەردەیی و مێژوو و کۆمەلایەتی و سازدانی سیمینار و کۆنفرانس و دابەشکردنی خەلاتی سالانەی ئیبراهیم باڵدار و ڕێزلێنانی کەسایەتییە پەروەردەییەکان و دابەشکردنی خەڵات و ڕێزلێنان بەسەر قوتابییە یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێم).

لەبواری هونەریشدا(دروستکردنی بەدەیان پەیکەر بۆ شاعیران و ئەدیب و نووسەرانی کورد و سازدانی چەندین فێستیڤاڵ و لەخۆگرتنی تێچووی چەندین گۆرانی هونەرمەندان و ...هتد). لە ئێستاشدا بەردەوامە لە کار و پرۆژە خێرخوازیەکانی بۆ سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

### کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت

سەرەتای درووست بوونی مارگرێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(٢٠٠٩)کە سەرەتا تەنها لە(پەیمانگای مارگرێت) پێکهاتبوو، کە ناوەندێک بوو بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان، زانستی کۆمپیوتەر، خولی بەهێزکردن و شەباکات دوابەدوای ئەمەش لەو کاتەدا بە پێویست زانرا ڕادیۆیەکی پەروەردەی دابمەزرێنرێت بە ناوی (ڕادیۆی مارگرێت) کە خۆی لە چەند بەرنامەیەک دەبینییەوە بەرنامە( سینەما، هونەرمەندان،تەندرووستی).

لە ساڵی (٢٠١٣) هەردوو (باخچەی ساوایانی مارگرێت) و(قوتابخانەی مارگرێت) بەزمانی ئینگلیزی کرانەوە، لەگەڵ ئەوەی باخچەکە منداڵانی (٤ ساڵ و ٥ساڵ)وەردەگرێت، کارەدەکات لەسەر درووستکردنی کەسایەتی منداڵ و بروا بەخۆبونیان و فێربونی موزیک،کۆمپیوتەر،ئەلف و بێی کوردی و زمانی ئینگلیزیەوە ئامادەکردنیان بۆ قوتابخانە.

سەرەتا دامەزراندنی قوتابخانەکە پێک هاتبوو لە سێ

قۆناغ،بەردەوام لە گەشەکردندا بوو لە ئێستادا تا قۆناغی نۆیەمی تێدایە،بەشی زۆری بابەتەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای دڵسۆز و پسپۆرە دەوترێنەوە.

لە ساڵی (٢٠١٥) دایەنگەی مارگرێت کرایەوە ئەم بەشە منداڵانی دوو مانگ تا چوار ساڵ لە خۆ دەگرێت، ئەم منداڵانە ئامادە دەکرێن بۆ باخچە و قوتابخانەکەمان.

هەر لە کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت بەشێک هەیە بە ناوی (دەزگای رۆشنبیری مارگرێت) کە بەرپرسە لە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەشێک لەو کتێبە مێژووو و پەروەردەییانەی کە خوێنەران دەتوانن سوودمەند بن لێیان.

ناونانی سەرجەم ئەم بەشانە بە ناوی مارگرێت، وەک وەفایەکە بۆ ئەو ئاوفرەتە قارەمانەی کە وەک یەکەم ئافرەتی کورد لە تەمەنی(٢٠)ساڵی دا پێوەندی کرد بە شۆڕش کە شتێکی نامۆ بوو لەو سەردەمە دا ئافرەتانیش وەک پیاوان پێوەندی بکەن بە هێزەکانی شۆڕش.

مارگرێت خزمەتێکی زۆری هەبووە لە بواری تەندرووستی ئەویش بە دروستکردنی چەندین بنکەی تەندرووستی و دابین کردنی چەندان پێداویستی پزیشکی. مارگرێت لەم بارە ناهەموارەی جیهان و کوردستانی تێکەوتوە خەڵکی کوردستانی لە بیر نەکردووە بە پاڵپشتی لەگەڵ رێکخراوی (کەریمی عەلەکە) بەهەزاران دەمامک و دەستکێش و ئامێری تەعقیمی بەسەر شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابەش کردووە بێ جیاوازی.

لەبواری هونەر و رۆشنبیری چەندین رێزلێنان و ٦٢ پەیکەری کەسایەتییە هونەری و رۆشنبیرەکانی وەک (حەمە رەش و ئەمین باڵدار و بەهادین نوری و خاتوونە و ...) بێ جیاوازی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان درووست کراوە. لەم چەند ساڵەی دوایدا هەستاوە بە درووستکردنی پەیکەری (هونەرمەند عەتاچاوشین،گۆرانیشاعیر،ژەنەراڵیپایز،...هتد)وە دابەشکردنی رێزلێنان و خەڵاتی مارگرێت بەسەر خوێندکارە یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی رێزلێنانی باڵدار بەسەر کەسایەتییە دیارەکانی بواری پەروەردە.

## دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە دامەزراوەیەك بۆ هاوکارییە هەمیشەییەکانی کوردستان

دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە وەکو دەزگایەکی خێرخوازی بە سپۆنسەری بەریز د. تەها رەسووڵ دامەزراوە کە توانیویەتی لەماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا رۆلیکی بەرچاوی هەبیت هەر لەدرووستکردنی نەخۆشخانەکانی تایبەت بەکۆرۆنا تا دەگاتە ئەوەی خواردن بۆ ٢٠ هەزار خێزان دابین بکات **(لەژمارەی ١٤ باسی ئەم دامەزراوەی دەکەین ).**

## دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان

دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان لە ساڵی ٢٠١٣ بە خاوەندارییەتی و سپۆنسەری بەرێز د. تەها رەسووڵ ئیبراهیم دامەزراوە.

ئەم دەزگایە هاوکات سێ(٣) ناوەندی توێژینەوەی لەخۆ گرتووە بەناوەکانی:

١- ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام کە بەشێک لە کتێبە هزریی، فەلسەفی لەم ناوەندە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

٢- ناوەندی توێژینەوەی مێژوووی جەمیل رۆژبەیانی کە کتێبەکانی بواری مێژووو لەم ناوەندە و وەکو رێزێک بۆ کەسایەتی ئەم بیرمەندە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

٣- ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی، عەبدوڵڕەحمان زەبیحی کە بڵاوکراوە ئەدەبی رۆشنبیرییەکان لەم ناوەندە وەکو رێزێک بۆ ناوی ئەم کەسایەتیە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

هاوکات ناوەندی رۆشنبیریی جەمال عیرفان وەکوو ماڵێک بۆ هەموو هزر و بیر و باوەڕییەکان بە دوور لە هەرجۆرە جیاکارییەک توانیویەتی بە سەدان کۆڕ و سیمینار و چالاکی لە بوارە جیاوازەکانی: هونەری، ئەدەبی، کۆمەلایەتی، یاسایی، رەخنەو لێکۆڵینەوە، زانست و هزر وهتد... رێک بخات و هاوکات رێ خۆشکەر و هاوکار بووە بۆ ئەنجامدانی سەدان کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمینار لە بوارە جیاوازەکاندا بە بێبەرامبەر بۆ تێکۆشەران و کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسی و نووسەر و لێکۆڵەران، مامۆستایان و بیرمەندانی کورد.

دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا توانیویەتی زیاتر لە ٥٠٠ ناونیشانی تازە لە بوارە جیاوازەکاندا بخاتە کتێبخانەی کوردییەوەو، وەکوو یەکەمین دەزگای رۆشنبیری و چاپ و بڵاوکردنەوە، کتێبی مێژوووی شارستانییەت کە لە ٣١ بەرگ پێکهاتووە چاپ و بڵاو کردووەتەوە. هاوکات زیاتر لە ٨٨ کتێبی لە بواری جینوساید و ئەنفال بە تێچووی زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دینار بە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی و شێوەزارەکانی کرمانجی و رێنووسی لاتینی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. هەروەها ئەم دەزگایە توانیویەتی مێژوووی فەلسەفەی راتلێچ چاپ و بڵاو بکاتەوە کە تاکوو ئێستا لە کتێبخانەی عەرەبیدا نابینرێت. هاوکات سەرجەم بەرهەمەکانی چیخۆف لەلایەن ئەم دەزگایەوە بە شێوەیەکی شیاو و ناوازە چاپ وبلاو کراوەتەوە.

دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان لە درێژەی کار و چالاکییەکانی دا بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتی خوێنەر و نووسەر و ئەدیب و بیرمەندانی کورد بە دەیان پرۆژەی لە بوارە جیاوازەکاندا بە مەبەستی خزمەت کردن بە رۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی لەبەردەستدایە و بەجێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانە بەشێکی گرینگی ئەم خەون و ئاواتانە دەکات بە حەقیقەت.

ئەم دەزگایە بە تەنیا لەلایەن کەسایەتیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و خەمخۆری زانست بەرێز « د. تەها رەسووڵ ئیبراهیم» پشتگیری ماددی و مەعنەوی دەکرێت.

ئۆزال ئەسکەندەرزادە ـ ورمێ

## کورتە فیلمێکی کوردی لە بەرلین خەڵاتێک بەدەست دێنێت

کورتە فیلمێکی کوردی لە بەرلین خەڵاتێک بەدەست دێنێت لە دەرهێنانی (محەممەد شێروانی)یە. کورتە فیلمی (چاوەڕێ دەبم)، کە لە دەرهێنانی (محەممەد شێروانی)یە، دوای بەشداربوون لە بەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی فیلمی کوردی لە بەرلین، توانی ببێتە خاوەنی خەڵاتی باشترین دووهەم کورتە فیلم.

لەو فێستیڤاڵە هونەرییەدا، کە هەریەک لە وڵاتانی نەمسا و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەی پێشکەوتوو لە بواری فیلمسازیی دا بەشداربوون، فیلمی (چاوەڕێ دەبم) توانی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و وڵاتە بەشداربووەکان ئەو خەڵاتە بەدەست بێنێت.

لە ئاخاوتنێکیشدا ناوبراو گوتی: بەدەسهێنانی ئەو خەڵاتە و بەشداربوون لەو فێستیڤاڵە ئەزموونێکی نوێ بوو لە کار و بەرهەمە هونەرییەکانی مندا، جێی خۆشحاڵیە کە بەرهەمێکی کوردی دەبێتە خاوەنی خەڵاتی دووهەم و وێڕای هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم کارە هونەرییەکان لە کوردستان، بەڵام بە پشت بەستن بە تواناکانی خۆم و سووربوون لەسەر بەردەوامی کارە هونەرییەکانم بووم بە خاوەنی ئەو خەڵاتە، کە ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە نەک بۆ من، بەڵکوو بۆ هونەری فیلمسازیی لە کوردستان و درێژەدانە بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی هونەری فیلم لە نێو کورددا، کە ئێستا هەنگاوێکی جیددی ناوە بۆ ململانێ کردن لەسەر بردنەوەی خەڵات لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا. گوتیشی: سوپاسی (سێر سێرا) دەکەم، کە پشتیوانی لەو بەرهەمەدا کردووە و هیوادارم هەمیشە بەردەوام بن لە پاڵپشتی کردنی هونەرمەندان و ساڵانەش لە کاتی خۆی ئەو پێشبڕکێیە ئەنجام بدەن.



## بۆ هورمسگەگان ژنیگ

### بەرهەمی تازەی فەوزیە بەشارەتلە ناوچەی گەڕووس




پەراوێز یەکێک نییە، ناوەندیش یەکێک نییە. ژمارەیان زۆرە. فەرشی گەڕووس ئەم مانایە جوان ئەنوێنێ. زۆربەی فەرشەکانی ناوچەی گەڕووس و هەوشار سێ، چوار، یان پێنج پەراوێزیان هەیە. پەراوێزەکان گەورە و بچووکیان، هەیە. ناوەندی و پەراوێزیشیان هەیە. کچانی تەونکەر بە «حاشیە گەورە»، «حاشیە بووچک»، «حاشیەی ناو»، «حاشیەی دەر» و ... ناویان لێئەبەن.

فەوزیە بەشارەت، چیرۆکنووسی ناوچەی گەڕووس، بە وشەکان تەونێکی کردووە کە ناخی ژنانی ناوچەی گەڕووس ئەنوێنێ. ئەو ژنانەی وا لە پەراوێزی پەراوێزی پەراوێزدا ئەژین. نووسەر زاراوەی ئەو کچانەی هەڵبژاردووە بەو هیوایە خوێنەران و نووسەرانی ئەدەبی کوردی دەنگی ئەوانیش ببیستن و لە پێناسە کردنی «ژنی کورد»دا ئەوانیش ڕەچاو بکەن. هیوادارم زاراوەی گەڕووسی بە هەوڵی ئەم نووسەرە لە «ناوگوڵی» فەرشی نەخشینی زمان و ئەدەبی کوردیدا، جێگای خۆی بدۆزێتەوە.



خەلیل خەڵەف عەبدول - چەمچەماڵ

# بەڕێوەبردنی پەروەردەیی

## (Educational administration)

چەمکی بەڕێوەبردن (Administration) لە زۆربەی سەرچاوەکان بە ڕێگا و شێوازی جیاواز هاتووە و زیاتر لە پێناسێکی بۆ خراوەتە ڕوو لە سەرچاوەکانی پێناسی بەڕێوەبردنی گشتی (Public administration) و فێرکاری نمونەیان وەک: (ستانلی Stanle، فورست Forst، فایول Fayol، فوکس Fox، تایلور Taylor، مونی Mooney، شیلدون Sheldon، برنارد Barnard، سیمۆن Simon....هتد)، زاراوەی بەڕێوەبردن تەنها لە نێو شارەزایان و لێکۆڵەرانی بواری ڕێکخستن و بەڕێوەبردندا بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو ئەمڕۆ بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە زۆر بەرفراوانە و سەرجەم بوارەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت، لەم سەردەمەدا ئەو زاراوەیە لە زۆر بۆنە و بواردا بۆ گوزارشت لە ناوەڕۆک و مانای جیاواز بەکار دێت.

وشەی بەڕێوەبردن Administration لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە وشەی(Ad)بە مانای هاوکاری ئەوانی تر، بەشی دووهەم بریتییە لە وشەی (Minister) بە مانای (خزمەت). لەبەر ئەوەی وشەی بەڕێوەبردن لە بنچینەی لاتینییەکە Latin بە مانای(هەڵسان بە خزمەتکردن یان هاوکاری کردنی کەسانی تر)دێت، هەر لە بارەی بەکارهێنانی زاراوەی بەڕێوەبردنەوە زانایانی ئەو بوارە پێیان وایە کە زاراوەی بەڕێوەبردن گوزارشتە لە یەکێ لەو مەبەستانەی بەڕێوەبردن بە مانای ( پرۆسە، پیادەکرن، پیشە، زانست، هونەر، ئاکار)، لەبەر زۆری شێوازە تایبەتەکانی پێناسی بەڕێوەبردن، ئەو پێناسانەی کە زۆرترین بەربڵاوە و گونجاوە نمونەیان وەک: بەڕێوەبردن بریتییە لە ڕێکخستن و ئاراستەکردنی کەرەستەی مادیی و مرۆیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی نەخشە بۆکێشراو، یان وەگەڕ خستنی هێزی مادی و مرۆیی بە باشترین شێواز بە کەمترین کات و توانا و سەرمایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، یان بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکان بە شێوازێکی کارامە و لێهاتوو لە ڕێگای پلاندانان و ڕێکخستن و سەرکردایەتی و چاودێری کردنی سەرچاوەکان، دەتوانیین بڵێین بە شێوەی گشتی بەڕێوەبردن کۆمەڵە پرۆسەیەکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکانە (نەخشەکێشان Planning , ڕێکخستن Organization، ئاراستەکردن Guidance، هەڵسەنگاندن Evaluation ) کە بەڕێوەبەر قۆڵی لێ‌هەڵدەکا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بە باشترین ئاکام.

هەروەها چەمکی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی (Educational Administration) پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی گشتییەوە، لە ڕووی مانا و بنەماکانی کارەوە، سیستمی پەروەردەیی بە وە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە بە ئەرکی خۆی تێکۆشا بۆ پەروەردە کردنی منداڵان و فێر کردنی گەورەکان و ئامادە کردنیان بۆ ژیان لە کۆمەڵگادا و زیاد کردنی هێزی مرۆیی پێویست بۆ پاڵنەری جوڵەی ژیانیان و گەیشتن بە ئامانجی تاک و کۆمەڵگا لە نزیکترین کات یان لە پاشەڕۆژدا. دەتوانین بڵێین بەڕێوەبردنی پەروەردەیی، بریتییە لە بەجێ‌هێنانی کۆمەڵێک کرداری ئاڵۆز کە تەواوکەری یەکترن لە نێو ڕێکخراوێکی فێرکاریدا یان لە نێو خۆیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان.

گەر بڕوانینە شارستانییەتی کۆمەڵگا کۆنەکان، دەبینین هەر شارستانیەتە و بەشێوەیەک پەیڕەوی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی کردووە کە جێگای تێڕامانە. دەتوانیین بڵێین بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لەگەڵ جێ‌نشین بوونی مرۆڤ لە سەر زەوی بە ژیانێکی سادە و ساکار دەستی پێکردووە؛ پەروەردەی مرۆڤ لەو سەردەمەدا لە نێو خێزانەوە بووە لە لایەن دایک و باوکەوە بووە، ئەو دایک و باوکانە لە ڕوانگەی مێژووییەوە بە یەکەمین مامۆستا دادەنرێن و یەکەمین بەڕێوەبەرن لە بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لە سەر ئەم زەوییە، تەنها ئەوانن یەکەمین پلاندارێژەر و جێبەجێ‌کار و سەرپەرشتیاری هەموو پێوەندییەکانی پەروەردە کردنی منداڵ لەو خێزانە سەرەتاییانە بە بەردەوامی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ. لە چاخە مێژووییەکۆنەکان ژیانی بەکۆمەڵ بووە بە سەرچاوەی ئارامی و پاڵپشتی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە و کارەساتە سرووشتییەکان. بەم چشنە بەڕێوەبردنی پەروەردەیی گۆڕا لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگە کە بووە هۆی لێک نزیک بوونەوەی نێوان تاک و خێزان. ژیانی خێڵەکی دەستی پێکرد و بەردەوام بوون لە بەڕێوەبردنی پەروەردەیی خێزان و خێڵ لە کۆمەڵگا گوندنشینەکان تاکوو زیاد بوونی چڕی دانیشتوانی گوندەکان و ئاڵۆز بوونی ژیان و دواتر دەرکەوتنی(شار) بوو بە پێویستی بۆ کۆمەڵگا گوندنشینەکان، شاریش بوو بە مەڵبەندی چالاکی بازرگانی و ئابووری و سیاسی و دەرکەوتنی شۆڕشەکانی(کشتوکاڵی و پیشەسازی). پاشان ژینگەی گونجاو هاتە ئاراوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لە جیهانی کۆندا، دواتر ژیان گەشەی کرد و بەڕێوەبردنی پەروەردەیی کەوتە دەست دەوڵەت. دەرکەوتنی شارستانییەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات بە کۆتایی شارستانیەتی کۆن و سەرەتای شارستانیەتی چاخی ناوەڕاست دادەنرێت. هەروەها پێکهێنانی بیروباوڕ لە ژێر سێبەری مەسیحیەت کاریگەری هەبوو لە سەر بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لە ڕۆژئاوای مەسیحیەت، هەروەک چۆن بیروباوەڕی ئیسلامی کاریگەری هەبوو لە سەر بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی. کەنیسەکان بوونە هۆی پێکهێنانی بیروباوڕی خەڵک، بە درێژایی ئەو ماوەیە لە کۆتایی سەدەی پێنجەمەوە تاکوو سەدەی سیازدەی زایینی بەرپرس بوون لە بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لە بونیادنانی قوتابخانە و دیاریکردنی پرۆگرام و سەرپەرشتی کردنیان، بەڵام لە کۆتاییەکانی چاخی ناوەڕاست بزووتنەوەکانی هەڵگەڕانەوە لە کەنیسە و دەسەڵاتدارەکان پەیدا بوون، بە ئامانجی ئەوەی دەوڵەت دەست بەسەر کاروباری پەروەردە و بەڕێوەبردنیاندا

بگرێت یان بەشدار بێت.

دوای ئـەوەی ئایینـی پیـرۆزی ئیسلام لـە ڕۆژهـەلات دەرکـەوت لـە سـەر بنەمـای بیروبـاوەڕی درووسـت، بەڕێوەبردنـی پـەروەردەیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئیسلامـی بـە تەواوەتـی ڕێچکـەی خـۆی گـرت، چونکـە بەڕێوەبردنـی پەروەردەیـی لـە ئیسلامدا لـە سـەر بنەمـای ڕێـز و یەکسانـی و هـاوکاری و چاکەخـوازی و ڕەوشـتی جـوان و ئەمانەتپارێـزی و بەرپرسـیارێتی و بیروبـاوەڕی ئیسـلام بونیاد نراوە و سـەرچەمی ئەو بنەمایانە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانـی پێغەمبـەرەوە(د.خ) وەرگیـراوە.

ئەو بەڕێوەبردنی پەروەردەییە بە شێوەیەک دەرکەوت کە هەموو موسڵمانێک بەرپرس بوو لە پەروەردە کردن و فێر کردنی خۆبەخۆ و پاشان فێر کردنی کەسانی تر. لە سـەر ئـەو بنەمایانـە مزگەوتـەکان درووسـت کـران. سـەرەتا پەروەردە و فێر کردن لە وڵاتانی ئیسلامی و کوردستاندا لـە مزگـەوت و حوجرەکانـەوە دەسـتی پێکـردووە، چونکـە کاری مامۆسـتایانی ئایینـی پێشنوێـژی و ڕێنمایـی و فێـر کـردن و پێگەیانـدن بـووە لـە سـەر بنەمـای ئـاکار و بـاوەڕ و پـەروەردەی درووسـت. لە حوجرەی مزگەوتـەکاندا وانـە دەخوێندرا و بایـەخ بـە پـەروەردە کـردن دەدرا.

بەڕێوەبردنـی پـەروەردەیـی لـە چاخـی نـوێ، لەگـەڵ شۆڕشـە نیشـتمانییەکانی ئەوروپـا دژی سیسـتمی کـۆن هێزێکـی ئاراسـتە کـراو بـوو بـۆ ڕێکخسـتنی سیسـتمی قوتابخانەیی(Schoolsystem) لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا. ئـەو شۆڕشـانە گەورەتریـن دیـاردەی سـەدەی هەژدەهـەم بـوو کـە بـووە بـە پاڵپشـتی حکومەتـە نیشـتمانییەکان و وڵاتانی ئەوروپی و دەرکەوتنی بیری چاودێری نیشـتمانی لـە سـەر خوێنـدن. هەروەهـا ئـەو بیرۆکەیـە زۆر وڵاتـی گرتـەوە و هەنـگاوی ئەرێنـی بـۆ نرابـوو بـە مەبەسـتی دەسـکەوتنی چاودێـری لـە سـەر خوێندنـی گـەل و خسـتنە ژێرکۆنترۆڵـی دەوڵەتـەوە تاکـوو خوێنـدن بـۆ هەمـووان بێـت. ئـەو چاودێریـە نەتەوەییـە لـە سـەر خوێنـدن بـە کـردار جێبەجێ کـرا لەگـەڵ سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهـەم، دواتـر بەڕێوەبردنـی پەروەردەیـی لـە سـەدەی بیسـتەمدا گەشـە و گۆڕانـی گـەورەی بەسـەردا هـات و بـوو بـە پێویسـتی ژیـان، ڕۆڵ و پێویسـتی پـەروەردە بـوو بـە هەمـان ڕۆڵ و پێویسـتی پیشەسـازی و بازرگانـی پێشـبرکێی لـە سـەر دەکـرا لـە نێـوان وڵاتانـدا و بەڕێوەبردنـی پەروەردەیـی وەک زانسـتی سـەربەخۆ دەرکـەوت و گواسـترایەوە بـۆ هەمـوو جیهـان بـە مەبەسـتی گەیشـتنە ئامانجـە پەروەردەییەکانـی وەک: (پەروەردە و فێرکردن، هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی کارەکانی بەڕێوەبردنـی هونـەری دەزگا پەروەردەییـەکان، بونیـاد نانـی کەسـێتی پـەروەردەکار، بـەرز کردنـەوەی توانـای ژیریـی و زانسـتیی مرۆیـی، سـەرپەرشـتی کردنـی تـەواوی پـرۆژە و دەزگا پەروەردەییـەکان بـۆ ئێسـتا و ئاینـدە، زیـاد کردنـی چالاکییەجۆراوجـۆرە هاوبەشـەکانی دەزگا پەروەردەییـەکان بـۆ پەرەپێـدان و پێشخسـتنی توانـا کۆمەڵایەتییـەکان)

بوارەسەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی:

١. قوتابیPupil: بەڕێوەبردنی پەروەردەیی خزمەتـی زانسـتی و کۆمەڵایەتـی زۆری پێشـکەش بـە قوتابییـان کـردووە و ڕێنمـای کـردوون، لەگـەڵ سـەرپەرشـتی کـردن و بەڕێوەبردنـی هەمـوو لایەنەکانـی خوێنـدن.

٢. دەسـتەی کارمەند Staff: بەڕێوەبردنی پەروەردەیی ئامادەیە بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستی توانای مرۆیی بـۆ پرۆسـەی فێرکـردن لـە بەڕێوەبـەران و مامۆسـتایان و فەرمانبـەران، لەگەڵ داڕشتنی پلانی هەڵبژاردنی کارمەندان و دابـەش کـردن و سـەرپەرشـتی کـردن و هەڵسـەنگاندنیان.

٣. پرۆگرامـی خوێنـدنCourse of Study: بەڕێوەبردنـی پەروەردەیـی بـە پەرۆشـەوە کار دەکات بـۆ پێشخسـتن و پەرەپێدانـی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن و ڕێگای نوێی وانە وتنەوە و پێراگەیشتنی سـەرچەم زانستەنوێیەکان و دابینکردنـی پێداویسـتی کۆمەڵـگا.

٤. باڵەخانـەی قوتابخانـە و پێکهاتەکانـیSchool buildings: بەڕێوەبردنـی پەروەردەیـی لەپێنـاو پەرەپێدانـی پرۆسـەی فێربـوون و چالاکییـە پەروەردەییـەکان گرینگـی و بایـەخـی تایبـەت بـە بەکارهێنانـی باڵەخانـەی قوتابخانـە و پێکهاتەکانی دەدات، تاکوو بە شێوەیەکی گشتی و گونجاو و سـەرنجڕاکێش چالاکییـەکان ئەنجـام بدرێـت و پارێزگارییـان لێبکرێـت.

٥. کاروبـاری داراییFinancial affairs: پاڵپشـتی کردنـی تـەواوی دارایـی دەزگا فەرمییەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن لـە بوودجـەی گشـتی دەوڵـەت، تاکـوو باشـترین خزمەتگـوزاری فێرکاریـی دادپەروەرانـە پێشـکەش بـە تـاک بـە تاکـی کۆمەڵـگا بـکات بـە مەبەسـتی زیاتـر پێشـکەوتن و گەشـەکردنی.

لە تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی وەک:

١- بەڕێوەبردنـی پـەروەردەیـی، بەڕێوەبردنێکـی بەئامانجـە، بڕیارەکانـی بابەتیانەیـە پیـادەی کـاری خـۆی دەکات بـە پشـتبەسـتن بـە پلانـی درێژخایـەن.

٢- بەڕێوەبردنی پەروەردەیی بەڕێوەبردنێکی ئەرێنییە لـە چارەسـەرکردنی ئـەو گیروگرفتانـەی ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە و کارئاسـانی دەکات لـە کارکـردندا و کەشـێکی خۆشەویسـتی ئەرەخسـێنێ و هانـدەرە بـۆ توانـا و شـارەزای تاکـەکان.

٣- پیـادە کردنـی بەڕێوەبردنـی پـەروەردەیـی، لەگـەڵ فەلسـەفەی کۆمەڵایەتـی و بەرژەوەنـدی گشـتی وڵاتـدا دەگونجێـت.

٤- ڕێنمایـی کـردن لـە بەڕێوەبردنـی پـەروەردەیـی بـە ئاسـانی و نـەرم و نیانییـە و دوورە لـە هەمـوو چەقبەسـتوویەکی جێگیر، هەموو کات دەگونجێنرێت لەگەڵ گۆڕانکارییـەکاندا.

٥- بەڕێوەبرنـی پەروەردەیـی بـە کار و چالاکـی و توانسـتەکان دەناسـرێتەوە، بەڕێوەبردنێکـی کۆمەڵایەتییـە و توانـای پیـادە کردنـی پێوەندییـە مرۆییەکانـی هەیـە بـە بەکارهێنانـی هەمـوو تواناکانـی لەپێنـاو یـەک ئامانجدا و هاوبەشـێکی چالاکیـی بیـر و بۆچوونەکانـە.

سـەرچاوە: ـ د.حسـن محەممـەد حسـان و د.محەممـەد حسـنین العجمـي: الادارە التربويـە، ٢٠١٣م.

ـ الإدارە ـ التربويە ـ وخصائصها: com.https://mawdoo٣

___________________________________

چەمکی بەڕێوەبردن: مفهوم مدیریت/ پلاندانان: برنامەریزی

ڕێکخستن: سازماندهی/ نەخشە بۆ کێشراو: برنامەریزیشدە/ بەئامانجە: هدفی شدە



د. کەریم ئەحمەد عەزیز ـ کەلار

# چۆن لە پرۆگرام(بەرنامەی دەرسی) بڕوانین؟

پرۆگرام وەک بنەما و ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە هەموو ناوەند و ئاستێکی فێرکاریدا زۆرترین گفتوگۆ و قسەی لە سەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی پرۆگرام بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی دید و فەلسەفە و کەلتوور و خواست و پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بڕیاریان داوە و ڕازی بوون بۆ ئەوەی نەوەکان لەسەر ئەو چەشنە بیر و بەها و مەعریفەیە پەروەردە بکرێن.

پرۆگرام لە سادەترین پێناسەیدا: بریتییە لە « کۆمەڵێک ئەزموونی فێرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کە کۆمەڵگا (خێزان، ستاف «کادیرانی» سێکتەری پەروەردەیی، فێرخوازان، هاو پێوەندەکان « پێوەندیدارەکان» بڕیاریان لەسەر داوە [دایانناوە] بۆ پەروەردە کردن و پێگەیاندنی نەوەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ژینگە و بارودۆخەی کە کۆمەڵگاکەی تێدایە».

ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانج و خواست و ئاواتانەی کە لە نێو پرۆگرامدا پلانی بۆ داڕێژراوە، تا وەکو لە دواڕۆژدا بەدی بێت، هەر بۆیە دواجار پرۆگرام دەبێتە ئامراز و وێستگەیەک کە لەم ڕێگەیەوە، دەوڵەت سیاسەتەکانی خۆی لە بوارەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابووری بەدیبهێنێت و بە کردەوە بە ئەنجامی بگەیێنێ.

گرینگی پرۆگرام لەوە دایە کە یارمەتیدەری فێرکار (معلم) و فێرخوازە لە یەک کاتدا. دەبێتە یارمەتیدەری مامۆستایان لەوەدا کە پرۆسەی فێربوونیان بۆ ڕێک دەخات و مەرجەکانی سەرکەوتنی پرۆسەکەیان بۆ ئاسان دەکاتەوە. هاوکات دەبێتە هاوکاری فێرخوازانیش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەیانەی کە داوایان لێدەکرێت پێی بگەن. هەر بۆیە ڕادەی سەرکەوتنی پرۆگرام و جێبەجێ کردنی دەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا و ئەو ئامراز و چالاکییانەی کە بۆ جێبەجێکردنی دەیگرێتە بەر، لەو نێوەشدا مامۆستا دەبێتە کاراکتەری سەرەکی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵگا دایناوە و لەسەری ڕەزامەند بووە و لە دوو توێی پەرتووکێکدا کۆ بووەتەوە پێی دەوترێت «پرۆگرام»، بەو واتایەکی تر، پرۆگرام و مامۆستا دەبنە تەواوکەر و ئامراز وکەرەستە بۆ یەکتر، لێرەوە گرینگی ناسین و خوێندنەوەی پرۆگرام دەبێتە پێویستییەک بۆ هەر کەسێک پێوەندیدارە بە پرۆسەی فێرکاری وفێربوونەوە بەتایبەت خوێندکاران/ قوتابیانی کۆلێژە پەروەردەییەکان بۆ ئەوەی وەک مامۆستایەک لە ئایندەیان بە باشترین شێوە ئەرک و کارەکانی خۆیان ڕابێنن بە وەی چی لەسەرە و چۆن ئەنجامی بدات.

دیارە هەر ئەم گرینگییە بۆتە هۆی ئەوە پرۆگرام ببێتە بابەتێکی سەرەکی خوێندن و بە مەرج دابنرێت بۆ خوێندن لە کۆلێژە پەروەردەییەکاندا، چونکە پێویستە دەرچوویەکی زانکۆ لەم سەردەمی گۆڕانکارییە خێرایانەی بواری پەروەردە، هیچ نەبێت شارەزایی لەو پەرتووکە هەبێت کە دەبێتە پرۆگرامێک بۆ پیشەی وانەوتنەوە.

خوێندنەوە لەسەر پرۆگرام دەبێتە فاکتەرێک بۆ بەهەند وەرگرتنی پەرتووکی خوێندن (بڕیارلێدراوی خوێندن) لە قوتابخانەدا. ئەم ڕەوتە بەئاسان دانەنراوە، ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە هەر یەکەیان لەسەر بنەمای چ جۆرە پرۆگرامێک دانراون؟ چۆن دانراوە؟ سەر بە چ قوتابخانەیەکی فێرکارییە؟ ئامانج چی بووە لە دانانی؟

## چەمکی پرۆگرام

زاراوەی پرۆگرام لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی«Curriculum» وەرگیراوە، بنەڕەتی وشەکەش بۆ یونانی کۆن(گریک) دەگەڕێتەوە کە بە مانای گۆڕەپانی پێشبرکێی ئەسپسواری هاتووە، یاخود هەندێک جار بۆ کەسێک کە ڕێگایەک دەگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەکارهێنراوە. (مرعي والحيلە،٢٠٠١، ٢٥).

بەڵام وشەی پرۆگرام لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر بە وشەی «منهاج، منهج، ناهجە» یە وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت، کە خوای گەورە دەفەرمێت:[لکل جعلنا شرعەومنهاجا] (ئایەی ٤٨، سورەی مائدە) وشەی منهاج لەو ئایەتە پیرۆزەدا بە مانای ڕێگای ڕوون و ئاشکرا دێت، هەر لەو مانایانەی خرانە ڕوو، وشەی پرۆگرام هاتوەتە ناو کایەیی پەروەردەوە و بۆ ئەو میتۆد و ڕێچکەیە بەکار هاتووە کە قوتابخانە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکان بەدی بهێنێت.(ابو حويج،٢٠٠٠، ٧٥).

واتە لێرەدا وشەی پرۆگرام بە مانایەکی فراوان و گشتگیر بەکار دێت، نەک بەهەڵە لێکدانەوە وتێکەڵکردنی بە وشەی«Syllabus» (المقررالدراسي) بڕیارلێدراوی خوێندن کە ماناکەی لە هەر سێ زمانەکە بە واتای ئەو زانیاری و مەعریفەیە دێت کە پێویستە خوێندکار لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا فێری بێت لە هەر بابەتێکدا (مرعي والحيلە،٢٠٠١، ٢٥)، چونکە بەم واتایە وشەی بڕیارلێدراوی خوێندن سنووردارتر و دیاریکراوترە، بە واتایەکی تر «بڕیارلێدراوی خوێندن» بریتی دەبێت لە یەکێک لە ڕەگەزەکانی پرۆگرام ئەویش ناوەڕۆک یان چەندێتی زانیاری و مەعریفەیە کە لە چوارچێوەی پەرتووکێکدا بە قوتابی دەدرێت، بە پێچەوانەی وشەی پرۆگرام کە تێکڕای پرۆسە و کایەکانی ناو پەروەردە دەگرێتەوە، لێرەوە جیاوازییەکانی نێوان چەمکی کۆنی پرۆگرام و چەمکی نوێی پرۆگرامومان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## چەمکی پرۆگرام لە کۆندا (مفهوم القديم للمنهج )
## An old concept of curriculum:

چەمکی پرۆگرام لە کۆندا کۆمەڵێک ڕاستی و زانیاری و چەمک و بیروباوەڕ دەگرێتەوە کە قوتابی لە شێوەی بابەتی خوێندن لە قوتابخانە پێی دەوترایەوە و دواتر بە بڕیار لێدراوەکانی خوێندن ناسێنرا (مرعي والحيلە،٢٠٠١، ٢٦).

لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە کۆنە بۆ پرۆگرام، لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە کە قوتابخانە ئەرکی تەنها گواستنەوەی زانیارییە بە جۆرەکانیەوە بۆ قوتابی (هندام ورفيقە،١٩٨١، ٩)، ئەم بۆچوونەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە زانیاری پیرۆزە و دەرئەنجامی کەلتوری

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆشنبیری گرانبەهای نەوەکانە لە کۆمەڵگەدا وە شتێکی بۆماوەییە لە نەوەکانی ڕابردووە بۆ نەوەکانی ئێستا؛ بۆیە ناکرێت وەلا بنرێ و دەستکاری بکرێت. ئەمەش وایکردبوو کە ئەو زانیارییە پێویستانە پۆلێن بکرێن بەسەر چەند بابەتگەلێکی جیاواز، پاشان بەسەر چەند قۆناغێکی خوێندن، دواتر لە ماوەی ساڵێکدا دەخوێندران. لێرەوە بوو ناونرا بە بڕیارلێدراوەکانی خوێندنی ساڵانە کە سەرچاوەی زانیاری قۆناغەکانی خوێندن (پۆلەکان) دیاریکراو و ئاسان بێت. ئەرکی قوتابی وەرگرتنی زانیاری نێو ئەو پەڕتوکانەیە کە ساڵانە دەیخوێنێت، هەر بۆیە گرینگی دانانی پڕۆگرام لە کۆندا یان هەموار کردنی ئەوا دەسپێردرا بە لێژنەیەکی تایبەتمەند لەو بوارە کە پسپۆڕی زانستی بوون. بەرپرسەکانیش لەو پرۆسە فێرکارییەدا جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی نابێت هیچ گۆڕانکاری یاخود دەستکاری کردنێک لەو زانیاریانەدا بکرێت پاش دانانی لە لایەن لێژنەی تایبەتمەندەوە، ئەم بۆچونەش تاوەکو ئێستا لە هەندێک لەو وڵاتانەدا هەر ماوە بەتایبەت ئەو وڵاتانەی دوورن لە پێشکەوتن و سوود وەرگرتن لەو توێژینەوە و دیراساتە پەروەردەیی و دەروونیانەی کە لە زۆرێک لە بوارەکانی فێرکاری و فێربووندا ساڵانە ئەنجام دەدرێن (ابو حويج،٢٠٠٠، ٧٦).

ئەو بۆچوونەی سەرەوە لە لایەن کۆمەڵێک لە پەروەردیاری ڕۆشنفکەرەوە هەر زوو کەوتە بەر ڕەخنە، لە وانە «ژانلاک ڕۆسۆ» کە پێشەنگی بانگەشەکەران بوو بۆ چاو پیاخشاندنەوە بەم چەمک و تێڕوانینەی لەسەر پڕۆگرام لە سەدەی هەژدەهەمی زایینی گەلاڵە ببوو. دوابەدوای «ڕۆسۆ» پاشان هەریەکە لە «بستالۆزی و فرۆبڵ و ولێم جیمس» بانگەشەی ئەوەیان کرد کە پێویستە پڕۆگرامی خوێندن لەگەڵ فێرخوازاندا بگونجێندرێت لە بری گونجاندنی فێرخوازان لەگەڵ پڕۆگرامی خوێندن.

هەر بۆیە ئەم تێڕوانین و دیدگا نوێیە چەندین ڕەخنەی ئاڕاستەی پڕۆگرام کرد بەو چەمکە کۆن و کلاسیکییەی لەسەری بوو، ئەمەش وایکرد چوارچێوەی گشتی و یەکگرتوو بۆ پڕۆگرام دابنرێت.

لە گرینگترین ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی چەمکی کۆنی پڕۆگرام کراون بریتین لە:

١ـ بابەتی خوێندن تەنها گرینگی بە لایەنی مەعریفە و عەقڵی دەدا و لایەنەکانی تر وەک جەستەیی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی (ویژدانی) قوتابی فەرامۆش دەکات، هاوکات دەبوو گەشەیەکی گشتی و هەمەلایەنە لەگەڵ ئەو بۆچوونە درووستەی قوتابی دەیویست، بەدەست بهێنێت (مرعی والحیلە،٢٠٠١، ٣٠).

٢ـ جەخت کردنەوەی پڕۆگرامی قوتابخانەیی لەسەر زانیاری و ئەزبەر کردنی لەلایەن قوتابییەوە بۆچونێکی لای قوتابی و مامۆستا درووست کرد بوو کە ئەو زانیارییانەی لە نێو پەرتووکی خوێندندا هەن پیرۆزن و لەو سەرچاوانە وەرگیراون ڕاست و درووستن و بێهەڵە و کەموکورتین، ئەمەش وای کرد لە ئەنجامدا لە دۆخێکی بەدەر لە واقعی کۆمەڵگەدا بژین و بیربکەنەوە.

٣ـ دانانی ئەو پڕۆگرامانەی خوێندن دەسپێرا بە کۆمەڵێک کەس کە پسپۆڕی بوارەکە بوون، ئیدی ئەو کۆمەڵە چییان بەباش زانیبا ئەو زانیارییانەیان دەهاویشتە نێو پڕۆگرامی خوێندنەوە بەبێ ئەوەی هیچ بیروڕا و بۆچونێکی مامۆستا و خوێندکار وەربگرن کە دوو کارەکتەری سەرەکی نێو پڕۆسەکەن. دواجاریش هیچ حسێبێک بۆ ئارەزوو و پاڵنەر و جیاوازییە تاکایەتی نێو خوێندکاران نەدەکرا، ئەم کارەش وای دەکرد کە زۆرینەی قوتابیان دوور بکەونەوە لەو وانانە نەتوانن لەگەڵیدا هەڵ بکەن (هندی واخرون،١٩٩٢، ٢١).

٤ـ بۆ پڕۆگرامی خوێندن گرینگی بە زانین و تێگەشتنی قوتابیان دەدرا، ئەمەش دەبووە ئامانج و مەبەستی خوێندن لای مامۆستا بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو زانیارییانە چ کاریگەری و کاردانەوەیەکی دەبێت لەسەر قوتابی، ئەم کارەش وایکرد کە:

أـ لە پڕۆگرامی کۆندا هەموو چالاکییەکی دەرەکی لە قوتابی دادەماڵدرێت کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی لێهاتویەکانی خوێندکار لە ڕووی جووڵەیی و ویژدانییەوە لەگەڵ چاندنی تۆوی بڕوا بە خۆبوون لە کارەکانیدا، ئەمە جگە لە بەدەستهێنانی ڕێگا و شێوازی بیرکردنەوەی زانستی کە هەموو ئەمانە فەرامۆش دەکران.

ب ـ چڕ کردنەوەی ئەرکی قوتابی لە دەرچوون و تێپەڕاندن لە تاقی کردنەوەکان دەبوو پێوەرێک بێ بۆ گواستنەوەی لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر یاخود بە دەستهێنانی بڕوانامە. ئەمەش بۆ خۆی دوور خستنەوەی قوتابییە لە توێژینەوە و گەڕان بە دوای زانیاریدا و پشت بە خۆبەستن و هەست کردن بە لێپرسراوێتی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی مامۆستا لەسەر بنەمای دەرچوونی ڕێژەی قوتابییەکان، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا، هەر بۆیە مامۆستایان پەنایان دەبردە بەر مەلزەمە و کورت کردنەوەی بابەت و بەکارنەهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان. هەمووی ئەمانەش گیانی داهێنان و چوستوچالاکی لە ناخی خوێندکاردا خەفە دەکرد (ابو حويج،٢٠٠٠، ٧٧).

٥ـ بڕوایەک لای مامۆستایان درووست ببوو، بەوەی کاری ئەوان گەیاندنی زانیارییە بە هزری قوتابی و چەندێتی ڕێژەی دەرچوونیانە لە تاقیکردنەوە، ئەم باوەڕەش بوو بە هۆی ئەوەی:

أـ مامۆستایان ڕێگای وانەوتنەوە (وانەبێژی) بەکار بهێنن بۆ گەیاندنی زۆرترین زانیاری بە قوتابی، لەبەرامبەردا ئەرکی قوتابی تەنها گوێگرتن و لەبەرکردن بێت، هەر بۆیە ڕووحیەتی داهێنان و چالاکی لەناخی قوتابیدا لاواز دەبوو.

ب ـ مامەڵە کردنی مامۆستایان بۆ ئەم مەبەستە کە هەر بڕیارلێدراوێکی خوێندن لە ئەوی‌دی جودایە، وایکرد کە هیچ هەوڵێک لە لایەن مامۆستاوە نەدرێت بۆ بەستنەوەی پێوەندی نێوان ئەو بابەت و بڕیارلێدراوانە. ئەم کارەش وای دەکرد پرۆسەی فێرکاری و فێربوون ناتەواو دەربچێ، دواجار کەسایەتی قوتابی و جووڵاندنی توانا و داهێنانەکانی گرینگیان پێ نەدرێت.

ج ـ وەلانانی ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنی پەروەردەیی درووست و جەخت کردنەوە لەسەر گوێڕایەڵی و بێدەنگی قوتابی لە پۆلدا، شانبەشانی زیاد کردنی هەڕەشە و داخوازی لەسەر قوتابی هەموو ئەمانە، بۆچوونێکی نەگەتیڤی لای قوتابیان درووست دەکرد، بەم مانایە کە مامۆستا دژایەتییان دەکات و ژیانی قوتابخانە بە وشک و بێهوودە بێتە بەرچاویان.

د ـ داواکردن لە قوتابیان کە هەموویان بگەنە یەک ئاست لە توانا و ئامادە باشیەکانیاندا (ڕەچاو نەکردنی جیاوازی تاکایەتی) خاڵێکی تری لاواز بوو کە جەختی لەسەر دەکرایەوە.

ە ـ هان نەدانی قوتابی بۆ چالاکی و خوێندنەوە و توێژینەوە، دەبووە مایەی کامڵ نەبوونی کەسایەتییان.

٦ـ قەرەباڵغ کردنی پرۆگرام بە کۆمەڵێک بابەتی خوێندنی دابڕاو لە یەکتر لەسەر بنەمای:

أـ سوودی تاکەکەس لەوە دایە ببێتە خاوەن چی زیاترە لە زانیاری فراوانتر.

ب ـ لاوازی خوێندکاران لە هەر لایەنێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتیان لە شارەزایی بابەتەکانی خوێندن.
(هندی واخرون،١٩٩٢، ٢٤).

لە ڕاستیدا هەریەک لەم دوو رایە لە ڕووی پەروەردەییەوە دوورن لە ڕاستیەوە، چونکە زۆر بوونی زانیاری خوێندکار نابێتە هۆی هەڵە نەکردن یان باشکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری. هەر بۆیە پرۆگرام بە چەمکە کۆنەکەی نابێتە هۆی هیچ داهێنان و بەرەوپێش چوونێکی قوتابی، واتە ئەوەندەی مرۆڤ بە ڕابردووە دەبەستێتەوە، ئەوەندە ئامادەی ناکات بۆ داهاتوو. ئەمە جگە لە وەی فێرخوازێکی دوورەپەرێز لە پێداویستییەکانی پەروەردەیی دروست دەکات. هەموو ئەمانە وای دەخواست کە چەمک و تێڕوانینێکی نوێ بۆ پرۆگرام بێتە ئاراوە.

چەمکی فراوان (گشتی) بۆ پرۆگرام:

لە تێڕوانینی کۆن بۆ پرۆگرام بۆمان دەرکەوت کە جەخت دەکرێتەوە لە سەر زانیاری لە دوو توێی بڕیارلێدراوەکانی خوێندندا، ئەمەش وای کردبوو لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا پرۆگرام قەتیس بکرێت، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و لە دەرئەنجامی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی چەمکی کۆنی پرۆگرام کران و لە ئەنجامی دەرکەوتنی بیری نوێ و تیۆرەنوێیەکان وایان دەخواست چەمکێکی نوێ و تێڕوانینێکی فراوانتر بۆ پرۆگرام بێتە ئاراوە، گرینگترین ئەو فاکتەرانەش ئەم تێڕوانینە نوێیانەی هێنایە ئاراوە بریتی بوون لە:

١ـ ئەو گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییانەی کە لە دەرئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زانستی سەردەم هاتنە ئاراوە، بوون بە هۆی گۆڕینی زۆریەک لە بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

٢ـ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بواری ئامانجە پەروەردەییەکاندا هاتنە ئاراوە لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی کە بۆ کار و ئەرکی قوتابخانە دروست بوون، بوون بە هۆی گۆڕانکاری لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە سەردەمی نوێدا

٣ ـ بە هۆی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی، کە لەسەر چەمکی کۆنی پرۆگرام ئەنجام دران و لایەنە لاواز و کەم وکورتەکانیان دەخستنە ڕوو. (مرعي والحيله،٢٠٠١، ٣٣).

٤ـ بە هۆی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری زانستی دەروونناسیی پەروەردیی ئەنجام درا، زۆریەک لە ئەرک و پێداویستییەکانی خوێندکاری کە لە ڕووی سرووشتی کەسێتی و سایکۆلۆژییەوە گۆڕی، ئەوەیان ئاشکرا کرد کە تایبەتمەندییەکانی خوێندکار لە ڕووی خواست و ئارەزوو و توانا و لێهاتویی و ئامادەباشییەکانی ئەم سەردەمە جیاوازە.

٥ـ سرووشتی پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ خۆی کاریگەرە لەسەر فێرخواز و ژینگە و کۆمەڵگا و بواری ڕۆشنبیری و تیۆرییەکانی پەروەردە، کە هەمووی ئەمانە لە ژێر تەوژمی گۆڕانکارییەکانی سەردەمن، هەر بۆیە مەبەست و ئامانجی پەروەردەیی گۆڕدرا بۆ ئامادە کردنی فێرخواز لە گشت لایەنەکانی: هزری، ڕۆشنبیری، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، وەرزشی و هونەری و.... .

سەرەڕای ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێدا، توێژینەوە نوێیەکان ئەوەیان پشتڕاست کردەوە کە فێرخواز کارەکتەرێکی (پۆزەتیڤە) نەک (نەگەتیڤ) وە دەرکەوت گەشەکردنی هەمەلایەنەی کەسایەتی قوتابی ناگونجێت تەنها لە ڕێگەی مەعریفە و زانیارییەوە بێت، چونکە لە ڕووی سایکۆلۆژیای پەروەردەییەوە ئەوە ئاشکرا کراوە کە خوێندکار لە چەند لایەنێکەوە پێویستە گەشە بکات و گرینگی پێبدرێ. ئەو پێنج فاکتەرەی سەرەوە چەند بیروبۆچوونێکی نوێی هێنایە ئاراوە، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

یەکەم/ کارکردن لە پێناو گەشەپێدانی قوتابی لە سەرجەم لایەنەکانی ویژدانیی دەروون، جوڵەییش نەک تەنها لایەنی مەعریفی.

دووهەم/ گرینگی دان بە چالاکی جۆراوجۆری قوتابیان.

سێهەم/ کارکردن لەسەر ئەزێنی خوێندکار، هەموو ئەمانەش چەمکی نوێیان بۆ پرۆگرام گەڵاڵە کرد.
(هندی واخرون،١٩٩٢، ٢٥).

چەمکی نوێی پرۆگرام:

پێناسەگەلێکی زۆر بۆ چەمکی نوێی پرۆگرام کراوە لە گرینگترینیان:

ـ بریتییە لە گشت ئەو ئەزموون (چالاکی یان بەجێهێنانە) کە پلانی بۆ دانراوە و لە لایەن قوتابخانەوە هاوکاری قوتابی دەکرێت بۆ بەجێهێنانی لە پێناو بەدەستهێنانی فێربوونێکی باش بەپێی ئەو توانایانەی قوتابیان هەیانە (اللقاني،١٧،١٩٩٥).

ـ چەمکی نوێی پرۆگرام، بریتییە لە گشت ئەو لێکۆڵینەوە و ئەزموون و چالاکیانەی کە خوێندکار بەدەستی دەهێنێت یان پێی گەشە دەکا بەیارمەتی و سەرپەرشتی مامۆستا لە ناوەوە یان دەرەوەی قوتابخانە.

ـ هەروەها پێناسە کراوە بە وەی کۆمەڵێک ئەزموونی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری و زانستی و وەرزشی یە لە لایەن قوتابخانەوە پلانی بۆ دادەڕێژرێت و ئامادە باشی بۆ دەکرێت بۆ قوتابیان بۆ فێربوونیان لە ناوەوە یان دەرەوەی قوتابخانە، ئەوەش بە ئامانجی بەدەستهێنانی جۆرەها ڕەفتاری خوازراو یان گۆڕین و چاککردنی چەندین جۆر لە ڕەفتاریان بەو ئاراستە و پلانەی بۆی دانراوە (هندی واخرون،١٩٩٢، ٢٧).

ماوەتەوە بڵێین پرۆگرام بە واتا نوێیەکەی هەموو ئەو کردە و چالاکی و مامەڵە و هەڵسوکەوت و گوتار و ئەزمونانە دەگرێتەوە کە لە ناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە پلانی بۆ دادەڕێژرێت بە مەبەست یان بەبێ مەبەست، هەموو ئەمانەش لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی و پێگەیاندنی تاکێکی چاکەخواز بۆ کۆمەڵگاکەیەتی.

سەرچاوەکان:


– ابو حويج، مروان ( ٢٠٠٠): المناهج التربويه المعاصره، دار العلميه الدوليه ودار الپقافه للنشر والتوزيع،گ١، الاردن.
– اللقاني، أحمد ( ١٩٩٥): تگوير مناهج التعليم،القاهره،دار الفكر العربي،الگبعه الاولى .
– مرعي و الحيله، توفيق أحمد و محەممەد محمود (٢٠٠١): المناهج التربويه الحديپه (مفاهيمها وعناصرها وأسسها وعملياتها)، دار المسيره للنشروالتوزيع والگباعه،الگبعه الپانيه.
– هندام و رفيقه، د.يحيى ( ١٩٨١): المناهج أسسها وتخگيگها وتقويمها،گبعه الخامسه،القاهره،دار النهفه العربيه.
– هندي وآخرون ( ١٩٩٢): تخگيگ المنهج وتگويره، دار الفكر للگباعه والنشر والتوزيع،گ١،عمان.



م.عەباس جوامێری ـ سلێمانی

# پەروەردەی کوردەواری

کوردان و کوردەواری ئێمە لە وەتی هەین بۆ چەند ساڵێک نەمانتوانیوە لە زێد و خاکی خۆمان جێگیر بین هەر جارە و بە هۆکاریکەوە ڕاونراوین، مەگەر هەر کوردە و ئەوەندە قایمە بەرگەی ئەو هەموو مشەقەتەی گرتووە، پەروەردەکەشمان لەو هەموو چەرمەسەرییانە بە دوور نەبووە، دیارە کە ئەو وڵاتانەی بەسەریان‌دا دابەش کراوین دانیشتوانی هەر پارچەیە و پەروەردەی ئەو شوێنەی هەڵگرتووە کە ژێردەستەی بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی پەروەردەی ئەو دەوڵەتەوە. لەگەڵ ئەوەش‌دا دایکانی ئێمە ئەوەندە گەورە و بەرزن، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە پەروەردە کردنی ڕۆڵەکانیان‌دا و توانیویانە ئەوەندەی بۆیان کرابێت خەمی گەل و نیشتمانەکەیان لەبیر نەکردووە. بەردەوام جگەرگۆشەکانیان بە گیانێکی وڵاتپارێزی بار هێناوە.

ئەوەی گرینگە بۆ ئێمە لە هەر شوێنێک و لە ژێر هەر بار و زروفێک داین، چۆن منداڵەکانمان بە پەروەردەیەکی تەندرووست پەروەردە بکەین و هەوڵ بدەین لە ڕەوڕەوەی زانست و زانیاری سەردەم دوا نەکەوین و لەگەڵی‌دا بڕۆین خۆ ئەگەر بۆشمان کرا لە داهێنانەکان‌دا بەشدار بین، بۆ نموونە: کۆچەربیرکار یەکێکە لەو زانا بیرکاریانەی کە جیهانی زانست شانازی پێوە دەکات، دەبینین کە بە چ دەردەسەرییەک توانیویەتی ئەو پلەوپایە زانستییە مەزنە بەدەست بهێنێت، نموونەی ئەوانەمان لە بوارەکانی دیکەش‌دا زۆرن. زۆر گرینگە لە پەروەردەی منداڵەکانمان‌دا ئەوە لەبەرچاو بگرین پێش‌ئەوەی منداڵەکە ببێ بە چی، مرۆڤ‌دۆستی و مرۆڤ بوون فێر بێت وە فێر بێت کە چۆن فێر بێت.

بەهەر حاڵ لێرەدا دەمەوێ چەند بیرۆکە و چالاکییەک بخەمە بەردەست پەروەردەکاران بۆ ئەوەی قوتابی لە فێرگە ببێ بە هاوکاری مامۆستاکەی یان لە ماڵەوە بێت بە هاوکاری دایبابانی و ڕێکۆپێکی لە مێشکییەوە ئەنجام بدات بۆ فراوان کردنی بیری قوتابی و کارئاسانی بکا بۆ کارا کردنی بەها پەروەردەییەکان.

بیرۆکە: ڕانانی چەند بیرۆکەیەک و چالاکییەک بە بەکارهێنانی چەند پەڕەکاغەزێکی بەتاڵ و ئامادە کراو بۆ چاپ.

ئامانج لەمەش: کارا کردنی بەها پەروەردەییەکان و بەهێز کردنی متمانە بەخود بۆ فێرخوازان.

بیرۆکەکان: ئەو بیرۆکانەی لێرەدا دەیانخەینە بەردەست بریتین لە: من کێم لە چاوی کەسانی دیکەدا

ئاستەکانی بەرپرسیارییەتی، پێشڕەوایەتی، هەستەکان و کردارەکان، ئەلەنگاری خوێندنەوە، خۆشەویستی خۆت دەربڕە، ئەولەویەتەکان ڕیز بکە.

١ ـ ئاستەکانی بەرپرسیارێتی

ئامانج: گەشەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تاک و بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆمان و ئەوانەی لە دەورمانن.

فێرخواز نموونەیەک دەنووسێت کە تیایدا بەرپرسیارییەتی دەردەبڕێت لەبەرامبەر هەریەک لە: کۆمەڵگا، خێزانەکەی و هاوڕێکانی بەرامبەر بە خۆی. کۆمەڵگا خێزانەکەی و هاوڕێکانی خۆی

٢ ــ سەرکردایەتی کردنم

چەمک: کاریگەری کەسایەتی باش لەسەری و شوێنکەوتنی و لاسایی کردنەوەی.

ئامانج: دەستخستنی فێرخوازان، کارامەیی هەڵبژاردنی پێشڕەوایەتی باش، بۆ دوور کەوتنەوە لە تێکەوتنی هەڵەی پێشڕەوایەتی کردن.

فێرخواز، ناوی کەسایەتییەک دەنووسێت کە پێشڕەوایەتی دەکات و هەریەکە لەو سیفاتە جوانانەی تێدایە: ڕاستگۆیی ـ وەفا ـ سەرکەوتن ـ لێبوردەیی ـ دان‌بەخۆداگرتن ـ بەرپرسیارێیەتی.

پێشڕەو دەکرێ: ئەندامێکی خێزان ـ هاوڕێ ـ مامۆستا ـ کەسایەتییەکی کاریگەر ـ کەسایەتییەکی مێژوویی بێت ... .

٣ ـ کردارەکان و هەستەکان: هەست بەچی دەکەین بەرامبەر ئەو کردارانە.

کردارەکان: ئامۆژگاریم بداتێ ـ بەشداریکردن لە گفتوگۆ ئامانجدارەکان‌دا ـ ڕێگەم پێبدات جیاواز بم لەگەڵ ڕایەکانی‌دا ـ بەشداریکردن لە بڕیاردان‌دا ـ بەشداریکردن لە کارە خۆبەخشەکان‌دا ـ پاڵپشتی‌کردنی بژاردەکانم ـ بەڕێکردنی کات لەگەڵم‌دا و گوێم بۆ بگرێت ـ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ـ هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی کێشە.

هەستەکان: ١ ـ سەرکەوتن ٢ ـ متمانە ٣ ـ خۆشەویستی ٤ ـ ڕێزگرتن ٥ ـ ڕێزلێنان

(لێرەدا فێرخواز هەستە گونجاوەکان بەرامبەر کردارە گونجاوەکان هەڵدەبژێرێت.)

٤ ـ ئەلەنگاری خوێندنەوە:

بیرۆکە: بەکارهێنانی شێوازی هاندان و پشتیوانی کردنی ئەرێنی فێرخوازان بە مەبەستی وروژاندنی حەماسەتیان بەرەو خوێندنەوە.

فێرخواز ناوی ئەو کتێبە دەنووسێت کە خوێندویەتەوە و کەلکی چی لەو خوێندنەوەیە وەرگرتووە، وە لە کۆتاییدا پاداشتی کۆششەکەی چ دەبێت؟ ناوی کتێب ـ کەلکی چی لێوەرگرتووە ـ پاداشتەکەی چییە

٥ ــ من لە چاوی کەسانی دیکەوە:

بیرۆکە: ستایش‌کراو زیاتر هان دەدرێت و هەڵسوکەوتی ئەرێنی لێ زیاد دەکات و پاڵ بە فێرخوازانەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی کاری باش، بەڵام بەو مەرجەی ستایش کردنەکە لە شوێنی خۆی‌دا بێت، بەکەلک بێت بە شێوەیەکی تایبەت بۆ هاندان. فێرخواز داوا لە بەخێوکەر ـ یەکێک لە مامۆستاکان ـ هاوڕێیەکی دەکات دوو سیفەتی بنووسێت کە بەلای ئەوەوە پەسەندە. بەخێوکەر: مامۆستا، هاوڕێ

٦ ـ خۆشەویستی خۆت دەربڕە:

بیرۆکە: دیاری‌کردنی ڕەفتاری فێرخوازان کە پێویستە بۆ دەربڕینی ڕاستی و ئەرکەکانی لە بەرامبەر ئەوانی دیکە.

خوێندکار، هەندێک کردار و ڕێگا دەنووسێت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەرامبەر: خێزان ـ هاوڕێکانی ـ مامۆستاکانی ـ نیشتمانەکەی

سەردار محەممەد کەریم جاف - سلێمانی
سەرپەرشتیاری خانەنشین ــ نووسەر و شارەزای پەروەردەیی



# چۆن خوێندنگا بکەینە دیدگا و شوێنێکی ئارام و خۆشەویست لای خوێندکاران

هەموو کات دەڵێین خوێندنگاماڵی دووهەمی خوێندکارە و دەبێ بە کردار بیکەین بە ناوەندێکی ئارام لای خوێندکاران، چونکە ناوەندی خوێندن ناوەندی زانیاری و زانست و ناوەندێکی پێگەیاندنی خوێندکارە لە ڕوی هزری و زانستی و تەندرووستی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایینی.

پێش ئەوەی دەست بدرێتە پڕۆگرامی خوێندن دەبێ خوێندکار پڕچەك بکرێت بە بەهاکۆمەڵایەتی و زانستی و کەلتوری و هونەری و ئایینی و نەتەوەیییەکان؛ ئەو کات هاتنە سەر پڕۆگرامەکان لایەنێکی دیکەی فێر کردنی خوێندکارە و دەبێ خوێندنگا بە سیمایەکی پەروەردەیی و شارستانی و گرینگی دان بە بەها ئەخلاقییەکان کە بنەما پەروەردەیەکانی لەسەر وەستاوە پیشانی خوێندکار و ئەوانەی ڕوو لە خوێندنگا دەکەن وێڕای ئەوە بیکەینە نمونەیەکی پڕبەها لە کۆمەڵگادا بەم شێوەیە:

١- تەلاری خوێندنگا لە ڕووکەشەکانی دەرەوە و ناوەوە دەبێت زۆر پەروەردەیی و شارستانیانە تر بێت جیاواز لە تەلارەکانی دەوروبەری و تەلارەکانی تری فەرمانگەکان لەبەر ئەوەی ناوەندی پێگەیاندن و ڕۆشنبیریە.

٢- ڕازاندنەوەی شوڕای خوێندنگا بە شێوەیەك بڕازێتەوە ئەو نیگارانەی لەسەری دەکێشرێت زیاتر پەروەردەیی و هونەری و وەرزشی و ژینگەیی بێ و ڕوخساری ئامۆژگاری و لایەنە باشەکانی ژیان پیشان بدات.

٣- ڕازاندنەوەی دەوروبەری خوێندنگا بە داری جوانکاری نەوەك داری بەردار، وێڕای جوان کردنی ژینگە سوودی تەندرووستی دەبێت بۆ ژیانی مرۆڤ و خوێندنگا و دەورووبەری دەپارێزێت لە ژینگە پیس کردن.

٤-گۆڕەپانی خوێندنگا بە هێڵکاری وەرزش بڕازێنرێتەوە و بەتایبەتی هێڵکاری شێوازی ڕیز بوونی خوێنکاران، هەر کاتێ پێویست بکات.

٥- دەروازەی خوێندنگا بە شێوەیەکی شارستانیانە درووست بکرێت و بڕازێنرێتەوە و نەوەك وەك دەرگایەکی بەندیخانەکان سەیر بکرێت.

٦- ڕێکخستنی باخچەی خوێندنگا و ڕازاندنەوەی لەناو خوێندنگا و لە دەرەوەی بە شێوەیەکی ئەندازەیی و بتوانرێت لە کاتی پشوەکاندا خوێندکار سودی لێ ببینێ.

٧- سەبەتەی خۆڵ لە شوێنەپێویستەکان لە دەرەوەی خوێندنگا و نێو گۆڕەپان و نزیك فرۆشگا و ناو پۆلەکان، بەڵام سەبەتەکان لە لایەن مامۆستای هونەرەوە بڕازێنرێتەوە و دەتوانریت هەر پۆلەی ڕەنگێکی بدرێتێ بۆ ئەوەی هەر پۆلەی سەبەتەی خۆڵی خۆی بپارێزێ.

٨- مامۆستای چاودێر ڕۆڵی خۆی ببینێ لە چاودێری کردن و ڕێنمایی و پاراستنی خوێندکاران و لە ناوەوە و دەرەوەی خوێندنگا

٩- خوێنکار هان بدرێت بۆ پاراستنی کەلوپەل و هاوڕێکانی و بتوانرێت لە بۆنەیەکدا ڕێزلێنانیان بۆ بکرێت وەك هاندانێك.

١٠- ڕێز لە کەسوکاری خوێندکار و ئەو کەسانە بگیرێت کە هەمیشە هاوکاری پەروەردەن .

١١-گرینگی بە نێو پۆل و پاكوخاوێنی و ڕازاندنەوەی بدرێت و شێوازی ڕازاندنەوەکان لە مۆرکی پەروەردەیی دەرنەچێت و هەوڵ بدرێت هاوکارییەکان هەروەزی بێت، تا هەموویان بەشێك بن لە پاراستنی ئەو کەلوپەلانە.

١٢- ناو پۆلەکان ڕێك بخرێت لە ڕوی ڕووناکی و بۆیە و وایتبۆرد و پەردەی پەنجەرەکان و پاكوخاوێنی زەوی ناو پۆل و هۆیەکانی ڕووناك کردنەوە و فێنك کەرەوەکان بۆ ئەوەی کەشوهەوایەکی جوان و ڕازاوە لای خوێندکار بەرجەستە بکات.

١٣- لێژنەی پاكوخاوێنی خوێندنگا بەدوادا چوونی تەواو بکەن بۆ سەرجەم سێکتەرەکانی نێو خوێندنگا.

١٤- بەڕێوەبەر و مامۆستایان بەردەوام بن لە ڕێنمایی کردنی خوێندکاران.

١٥- لە سەرەتای دەستپێکی خوێندن، مامۆستایانی پۆلی یەکەم پێشوازی گەرمیان لێ بکەن و ئاهەنگێکی خنجیلانەیان بۆ ئەنجام بدرێت و دوایی ئاشنایان بکەن بە هەموو ژوور و بەشەکانی نێو خوێندنگا؛ ئەمە چەن ڕۆژێك بخایەنێ ئەو کات دەست بکرێت بە وانە وتنەوە.

١٦- لە بۆنەکان و لە ڕۆژانی ڕیز بوونءدا، ڕێز لە خوێنکاری زیرەك و چالاك و ئەوانەی پاكوخاوێنن و ئەوانەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا.

١٧- درووستکردنی باج بۆ خوێندکاری زیرەك و پاكوخاوێن و نمونەیی و ژیر و هاوکار و هەروەها ئەوانەی پابەندی بەردەوامی یاساوڕیسای خوێندنگا، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا، ڕێزیان لێبگیرێت.

١٨- خوێندکار فێری بوێری و ڕەوانبێژی و فێری ئەو بکرێت سەرکردەیەکی پاشەڕۆژە و دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری دەستەی ئیدارە و مامۆستایان و کەسوکاری و هاوڕێکانی و تەنانەت کارگوزارەکانیش بێت.

١٩-خوێنکار فێری ڕاستگۆیی بکرێت بەرامبەر بە ویژدان و دای و باب و مامۆستاکانی و دوور کەوتنەوە لە درۆ و کرداری ناڕەوا.

٢٠- خوێندکار فێری پاكوخاوێنی و پاك ڕاگرتنی خوێندنگا بکرێت و ژینگەپارێزێکی ڕاستەقینە بێت

٢١- گرینگییەکی تەواو بە پەڕتووك و ئەرکەکانی بدات.

٢٢- بەشداری پێکردنی کارای خوێنکار لە گەشتی زانستی و کلتوری و پەروەردەیی و بەهارەکاندا.

٢٣- بەشداری پێکردنی خوێندکار لە چالاکییە جۆرا و جۆرەکان و هەوڵ بدرێت ئارەزوومەندانە بێت کە ئەمە توانا و گەشەیەکی تر دەدات بە خوێندکار و شادومان دەبێت کە ئاوڕی لێ دەدرێتەوە.

٢٤- پەڕتووكخانە گرینگییەکی تەواوی هەیە و خوێندنەوە خۆراکی خوێنەرە. خوێندکار بۆ بەشێك لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی ناوبەناو ببرێن بۆ پەڕتووكخانە و فێری پەڕتوك خوێندنەوە و خواستنی پەڕتوکیان بکەن.

٢٥- زۆر بە گرینگییەوە بڕوانینە یاساکانی قوتابخانە. خوێندکار بە یاساکانی خوێندنگا ئاشنا بکەین و لە شێوازی پۆستەر یان بڵاوکراوە هۆشیاریان لە نێوانءدا بڵاو بکرێتەوە جا لە ڕێگای ڕیزبوونیان یان مامۆستاوە.

ئەگەر ئەوانەی باسمان لێکرد بتوانین دابینی بکەین بۆ خوێندکاران، بە دڵنیاییەوە دیدگایەکی پەروەردەیی و شوێنێکی ئارام لای خوێندکار درووست دەبێ و خوێندنگا دەبێ بە ناوەندێکی خۆشەویست و بەسوود بۆی. بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕۆڵی مامۆستا و کەسوکاری خوێنکارە و هەمویان هەمئاهەنگ بن لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردن یان ئەو لیژنانەی پێك دەهێنرێت.

---

دیدگا: چشم‌انداز/ هزری: اندیشەی/ تەلاری خوێندنگا: ساختمانی مدرسە/ روکەشەکانی دەرەوە وناوەوە: شکلی داخلی و خارجی (رابط داخلی و خارجی)/ سەبەتەی خۆڵ: سطل اشغال/ هاندان: تشوی/ فێنک‌کەرەوە: کولێر

محەممەد تۆفیق بالیسانی ـ هەولێر



# پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و

## کاریگەری لە سەر هەرزەکار

ئەگەرچی سەردەمی تەکنۆلۆجیای زانیاری (Information Tecnology) پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە جیهان و لە کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەی سوود بینراوە لەو تەکنۆلۆجیایە لە هەمان کاتدا زەرەر و زیانێکی زۆر بە کۆمەڵگەی کوردستانی گەیاندووە، چونکە لە کاتی هاتنە ناوەوەی ئەم تەکنەلۆجیایە تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئامادە نەکرا بوون. گومان لەوە دانێ هەر پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆژیا لایەنی نەرێنی و ئەرێنی دەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کۆمەڵگاکان بەرچاو دەکەون. لە کۆمەڵگەیەك لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە لە ڕووی سوود و قازانجەوە. سەرەتای دەرکەوتنی هەر زانیارییەك و داهێنانێك کاتێك کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یان ئەو زانیاری و فکرە نوێیە دادەمرکێتەوە و کۆمەڵگە ڕەزامەند نابێت یان بە پێچەوانەوە کۆمەڵگە ڕەزامەندی لە سەر دەدات، ئینجا ئەو زانست و زانیارییە بڵاو دەبێتەوە بەبێ هیچ سانسۆرێك. نەبوونی ئەو سانسۆرە تەنها ئەو وڵات و هەرێمانەی جیهانی سێیەمی گرتۆتەوە، کوردستانیش یەکێکە لەم هەرێمانە؛ بۆیە ئەم وڵاتانەی کاتێك زانیارییەکی نوێ دەچێتە نێو وڵاتیانەوە، سەرەتای دەرکەوتنی هەر داهێنانێك کۆمەڵگەکە تووشی قەیران دەبێتەوە. کاتێك ئەو داهێنانە دێتە وڵاتەوە لە لایەن هاوڵاتیان داواکاری زۆر دەبێت، ئەو کاتەی زانیارییەکی تەکنۆلۆژیا دەگاتە وڵاتێك بە شەپۆلێکی خێرا بەبێ چاوەڕواننەکراو کاریگەرییەکی نەرێنی (سەلبی) دەبێت لە سەر کۆمەڵگاکە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بە شێوەیەکی پەیژەیی بێت کاریگەری ئەرێنی (ئیجابی) تری دەبێت زیاتر لەوەی کە نەرێنی بێت. زانای بەناوبانگی کۆمەڵناس دۆرکهایم دەڵێت: «هەر گۆڕانکارییەکی خێرا ڕوو بدات دەبێتە هۆی بێپێوەری( Anomie Social )لە دەرهاویشتەدا، دەبێتە لە دەستدانی ئەمن و ئاسایش» لە کۆمەڵگای کوردیدا. دوو شێوە لە هەرزەکار بەرچاو دەکەون، بەشێکیان تەکنەلۆژیا بە هەموو شێوەکانیەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی بە کاردەهێنن، لە بواری ئیش و کارەکانی ڕۆژانە و خوێندندا سوودی لێوەدەگرێت، ڕێژەیەکی کەم لە هەرزەکاران بەم شێوەیە تەکنەلۆژیا بە ئەرێنی بە کاردەهێنن، بەشەکەی تر لە هەرزەکاران زۆر کاتی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن بە دانیشتنیان لە بەردەم (ئەنتەرنێت، چەت کردن، قسەی ناشیرین و نارێك، ڕابواردن بە موبایل، سەیرکردنی فلیمی خراپ)، هتد. بۆیە گەنج و لاوەکان لە دواڕۆژدا بەرەو هەڵدێر دەبات، پێویستە ئەم گەنجانە هۆشیار بکرێن و تەکنۆلۆژیا بۆ دەوڵەمەند کردن و زاخاوی مێشکمان بەکاربێنین نەك بۆ ڕووخاندنی دابونەریت و لادان لە بەها ئەخلاقییەکان و سەر لە خۆ شێواندن.

بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی نەرێنی لای هەرزەکاران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەپۆڵە خێرایە بەبێ ئەوەی پێشتر هەرزەکارەکان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئامادە کرا بن. بۆیە گرینگە بە بەکارهێنانی سانسۆرێك لە لایەن حوکمەت و لایەنە پێوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی بزانن بە کاربەران بەتایبەتی لای هەرزەکاران تەکنەلۆژیا چۆن بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەوەش پێویستە لە سەر دەسەڵاتداران، هەرزەکاران بێنێتە سەر ڕێگای ڕاست و تەندرووست، ئەویش بە دانانی پرۆگرام لە قوتابخانە و دامودەزگا پەروەردەییەکان کە تایبەت بێت بە هوشیار کردنەوەی هەرزەکاران، یان پەرەپێدان بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، تا لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیاری کۆمەڵگەی تەندرووست بێتە ئاراوە، جگە لەمە خێزانەکان بەتایبەتی (دایك و باوك) بە بەردەوامی ئاگاداری هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بن. پێویستە مامۆستایانی ئایینی زیاتر لە وتارەکانیان باسی پەروەردە کردنی منداڵەکان بکەن بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لە سەر ئامادەبوان، گرینگ و پێویستە هەموو لایەك کار بکەن بۆ ئەوەی ئاسەوارە خراپەکانی تەکنەلۆجیا بە هەرزەکاران بگەینن، بەتایبەتی پەروەردەکاران زیاتر هەڵوەستەی لە سەر بکەن بۆ ئەوەی کەمترین لایەنی نەرێنی لە کۆمەڵگەی کوردی بەر چاو بکەوێت

---

تەکنۆلۆجیای زانیاری: فناوری اطلاعات/ بە شێوەیەکی ڕێژەیی: بە طور نسبی/ بە شێوەی پەیژەیی: بەتدریج/ دەرهاویشتە: خروجی / بێ پێوەری: بێ پێوانەیی (الامعیارییە): بی هنجاری

ئێحسان عوسمان محەممەد زەنگەنە ـ کەرکووک

# خوێندن بەزمانی کوردی

## دوای ڕاپەڕین لە شاری کەرکووک

پێشتر لە دوای بەیانی ١١ ئازاری ساڵی١٩٧٠ خوێندن لە گەڕەکە کوردنشینەکانی شاری کەرکووک، بوو بە کوردی. چەندین قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بوو بە زمانی کوردی و هەتا ناوی قوتابخانەکانیش گۆڕان و کران بە ناوی کوردی. وەک: پیرەمێرد، گۆران، کوردستان، بێکەس، نازەنین، هەڵمەت، زێوەر، کاوە و هتد. پێشتر لە قوتابخانەکانی کەرکووک، خوێندن تەنها بە زمانی عەرەبی بوو، بەڵام مخابن و سەد حەیف حوکومەت و دەسەڵاتی ئەو دەم لە بەڵێن و گوفتی خۆیان لۆ کورد پەشیمان بونەوە. شەڕی کورد و حکومەتی بەغدا دەستی پێکردەوە. شەڕ هەڵگیرسا. خوێندن لە کەرکووک بۆوە بە عەرەبی. ناوی قوتابخانەکانیش سەرلەنوێ گۆڕانەوە بۆ عەرەبی.

لە دوای ڕاپەڕین و ئازاد کردنی شاری کەرکووک و نەمانی ڕژێمی بەعس دیسان خوێندن بۆوە بە زمانی کوردی و ناوی خوێندنگا و قوتابخانە و باخچەی ساوایان کرانەوە بە کورد، وەک: چناران، کەرکووکی نوێ، کوێستان، ڕۆشنبیری، نەورۆز، بە هەشت، حەبسەخانی نەقیب و هتد

لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک، بەشی کوردی جیا کرایەوە، بەڕێوەبەری تایبەت بە چاوەدێری کوردی دانرا کە تا ئێستاش بەردەوامە؛ کە سەرەتا مامۆستا یوسف سەعید، ئێستا هی مامۆستا شێرزادە.

بەڵام مخابن دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەت بە خوێندنی کوردی بکات لە کەرکووک. تا چەند ساڵێکش خوێندکاری کوردی شاری کەرکووک لە زانکۆکانی هەرێم وەرنەدەگیران. هەروەها قوتابیەکان دوای پۆلی ١٢ کە دەکاتە شەشی ئامادەیی جا چ زانستی یا وێژەیی لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردی دەیان خوێند لە زانکۆیش بە زمانی عەرەبی، بۆیە توشی گرفتی زۆر دەبون. لە کاتێکا هیچ سەرچاوەیەک نییە بە زمانی کوردی. لەو زانکۆیانە لەمەڕ وانەتایبەتییەکان زۆریەک لە خویندکارەکان لە بابەت کتێبەکانیش وەڕەز دەبن و دەمێننەوە لە دەرسەکان دەرناچن. سەرباری ئەمانە، دووری شوێن و نەبوونی یارمەتی ماددی و نەشیاوی بەشی نێوخۆی زانکۆ، مامۆستا و دکتۆرەکانی زانکۆ کورد نین و کوردیش هەر نازانن، هەروەها دەبێ لە کاتی تاقی کردنەوە، بە عەرەبی وەڵام بدەیتەوە. من خۆم گەلێ قوتابی زیرەک دەناسم تووشی ئەو سەرلێشێواوییە هاتوون.

سەعید ئەحمەد غەفوور - سلێمانی
ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاراستەی پەروەردەیی، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کیمیا لە پەروەردەی سلێمانی



# جابری کوڕی حەییان و کیمیا

(۷۲۰-۸۱۳ز)

جابری کوڕی حەییان لە گەورەترین زانایانی کیمیا بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. لە شاری کوفە پیشەی دەرمانسازیی دەکرد، بەشداریی لە وانەکانی ئیمام جەعفەری سادق (س) دەکرد، زۆربەی مێژوونووسان لەو باوەڕەدان جابر زانستەکانی لە ئیمام جەعفەری سادق (س) وەرگرتبێ. جابر پاش شکستی بەرمەکییەکان لە سەردەمی هاروونەڕەشید، لە کوفە خرایە بەندیخانە تا کۆچی دوایی کرد.

فەیلەسووفی ئینگلیز «باکۆن» دەڵێ: "جابر یەکەم کەس بوو جیهانی فێری زانستی کیمیا کرد. ئەو باوکی کیمیایە". کیمیازانی فەرەنسیی لە ساڵی ۱۹۰۷ز لە کتێبی «کیمیای سەدەکانی ناوەڕاست» دەڵێ: "جابر بۆ کیمیا وەک ئەرستۆیە بۆ فەلسەفە و کتێبەکانی لە سەدەی چواردەدا لە گرینگترین سەرچاوەکانی کیمیا بوون بۆ ڕابەرایەتی بیری زانست لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا" بە بیروڕای «هۆلمیارد» و زانا توێژەرەوەکانی ئەورووپا، جابر بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی کیمیا دادەنرێ و ئێستاش چەندین زاراوەی زانستیی کە جابر بەکاری هێناون لە زانستی کیمیای ئەمڕۆدا بەکار دێن.

جابر یەکەم کەس بوو کە بیرۆکەی چوار توخمە سەرەکییەکەی گەردوونی هەڵوەشاند کە ئەرستۆ دایانابوو و دەیگوت بنچینەی هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ «خاک، ئاگر، ئاو و هەوا». جابر توێژینەوەی لەسەر ئاوێتەکانی گۆگرد و جیوە کرد و سەلماندی کە گۆگرد و جیوە سەربەخۆن و جیان لە چوار توخمە سەرەکییەکە.

جابر کیمیای لە سەر بنچینەکردەییەکان دامەزراند و هەوڵی لێکدانەوەی ڕووداوەکانیدا بە پێی ئەو بیردۆزە فەلسەفییانەی کە لە سەردەمی ئەودا لە سەری ڕێک کەوتبوون. بەمەش پێوەندیی بەتینی لە نێوان «بیردۆز» و «کارپێکردن» و نێوان «گریمان» و «تاقیکردنەوەی کردەیی» دەسەلماند. کردەی «هەڵماندن و هەڵچوون و خەست کردنەوە و بلووراندن»ی پەرە پێدا و ئامێری گونجاوی بۆ درووست کردن.

جابر یەکەم کەس بوو ئەم کارانەی ئەنجامدا:

۱- ئامادە کردنی گۆگردی جیوە (جیوە سولفید)، ئۆکسیدی زەرنیخ (ارسنیک اکسید) گۆگردی ئاسن (اهن سولفید)، هایدرۆکسیدی سۆدیۆم (سدیم هیدروکسید)

۲- یەکەم کەس بوو ترشی گۆگردیک(سولفوریک اسید و ترشی نایتریک (نیتریک اسید) و ترشی هایدرۆکلۆریک (هیدروکلوریک اسید) ی ئامادە کرد

۳- شائاوی [تیزاب سلطانی] ئامادە کرد بۆ ناسینەوەی زێڕی ساختە

۴- یەکەم کەس بوو وتی کارلێک لە نێوان بڕێ دیاریکراوی مادەکان ڕوو دەدات کە پاشتر زانایان (یاسای ڕێژە جێگیرەکان)یان لە سەر بونیاد نا

۵- یەکەم کەس بوو کە وتی تەنەکان پاش گەرم بوونیان بارستەکانیان زیاد دەکات

جابر زیاد لە سەد کتێبی نووسیوە، ۲۲ دانەیان لە سەر کیمیا بوون، لە بەناوبانگ ترین کتێبەکانی جابر چوار کۆمەڵەکەیەتی کە ئەمانەن:

۱- حەفتاکان، کە حەفتا وتاری تێدایە و پوختەی ئەو ئەنجامانەیە کە لەو ڕۆژەدا کیمیاگەران پێی گەیشتوون

۲- تەرازووەکان، کە ۱۴۴ بەشن

۳- دە ڕاستکەرەوەکان

۴- سەد و دوانزە کتیب

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە زانایانی کیمیا لەو سەردەمەدا زیاتر لە کیمیای شیکاریی و کیمیای زیندەییدا کاریان کردووە و بەشەکانی تری کیمیا کەمتر کاریان تێدا کراوە، بەڵام ئەمڕۆ کیمیا لە چەند لقێکی جیاوازی خوێندن و توێژینەوە پێک هاتووە و بە زۆر شێوە پۆلێنبەندی کراوە کە ئەمانە گرینگترین شەش لقەکەی کیمیان:

۱- کیمیای ئەندامیی (شیمی آلی) Organic chemistry: زانستێکە گرینگیی دەدات بە خوێندنی ئەو ئاوێتانەی کاربۆنیان تێدایە

۲- کیمیای نائەندامیی (شیمی معدنی) Inorganic chemistry

زانستێکە گرینگیی دەدات بە خوێندنی ئاوێتە نائەندامیەکان، واتە زۆربەیان توخمی کاربۆنیان تێدا نییە

۳-کیمیای فیزیایی (شیمی فیزیکی) Physical chemistry: زانستێکە گرینگیی دەدات بە خوێندنی ڕەوشتەکانی مادده و گۆڕانەکانیان و پێوەندیی نێوان ئەوان و وزە.

۴- کیمیای شیکاریی (شیمی تجزیه) Analytical chemistry: زانستێکە گرینگیی دەدات بە ناساندنی بەشەکان و پێکهێنەکانی مادده

۵- کیمیای زیندەیی (بیوشمی) Biochemistry: زانستێکە گرینگیی بە خوێندنی ماددەکان و ئەو کردانە دەدات کە بەسەر خانەکانی زیندەوەراندا دێن

۶- کیمیای بیردۆزیی (شیمی نظری) Theoretical chemistry: زانستێکە گرینگیی بە بەکارهێنانی بیرکاریی و کۆمپیوتەر دەدات بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو بنەمایانەی لە پشت ڕەفتاری کیمیایی ئاوێتەکانەوە و پێشبینی ئاوێتەنوێکان و خوێندنی ڕەوشتەکانیان دەکەن



**گەشاو عەبدولقادر - سلێمانی**
**،مامۆستای بابەتی زیندەزانی لە ئامادەیی نەغەدەی کچان لە شاری سلێمانی**

# چی دەزانیت دەربارەی هەندێک لە هۆرمۆنەکان

دیارە لەشی مرۆڤ لە چەندەها خانە و شانە و ئەندام و کۆئەندام پێک هاتووە. پێکەوە فەرمانەکانی لەشی مرۆڤ جێبەجێ دەکەن، بەڵام دیارە هەر ئەم پێکهاتوانە نین، پێکهاتووی تری گرینگ هەیە بەبێ بوونی ئەوان لەش مەحاڵە فەرمانەکانی جێبەجێ بکات. نموونەی زیندووش هۆرمۆنەکانی لەشە (ماددەی کیمیایین) لە لایەن کوێرە ڕژێنەکانەوە دەردەدرێن کاریگەری هێواشیان لەسەر لەش هەیە.

ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بە هۆرمۆن بەڕێدەچێ و کار و چالاکی جۆراوجۆر بەڕێ دەکەن وەکو: گەشە و زۆربوون و پەرەسەندن و ڕەفتار و ڕێکخستنی هاوسەنگی ئاو و خوێ لە لەشدا وەڵامدانەوەی هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکان.

کەواتە با گرینگی و تایبەتمەندی هەندێک هۆرمۆن بخەینەڕوو:

- هۆرمۆنی میلاتۆنین:

ئەو هۆرمۆنەیە ڕژێنی کاژی دەری دەدات یارمەتی ڕێکخستنی شێوازی نووستن دەدات لە مرۆڤدا. ڕێژەی دەردانی ئەم هۆرمۆنە بە پێی کاتەکان دەگۆڕێت ڕێژەی تەواو و هاوسەنگ بیر و مەزاجی باش بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات.

باشتر وایە کاتی نوستنمان دیاری بکەین لە کاتی خۆیدا بنوین واتە( زوونوستن و زووهەستان) بەم شێوەیە چالاکی لەش ڕێک دەخەن و خۆشی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ بەرهەم دێنن.

باشتر وایە لە کاتژمێر٩ـ٣ ی شەو بنووین، چونکە ڕژێنی کاژی بڕی دەردانی هۆرمۆنی میلاتۆنین لەم کاتەدا زۆر دەر دەدات کە بەیانی هەڵدەستین هەست بە تێرخەوی و خۆشبەختی و کامەرانی دەکەین.

- هۆرمۆنی سیرۆتۆنین:

واتە هۆرمۆنی بەختەوەری بەهۆی زۆری کار وچالاکییەکانمان و ئاڵۆزی ژیان و ئالوودە بوون بە تەکنۆلۆژیا و ماندوو بوونی زۆرەوە بەختەوەری ڕاستەقینە کەم بۆتەوە.، ئەی کەواتە چۆن بەختەوەری بەدەست بێنین.

لە ڕێی ناسینی هۆرمۆنی سیرۆتینەوە. ئەو هۆرمۆنەیە کە لە لایەن خانەکانی دەماغ و بەشێکی کۆئەندامی هەرس و پەڕەکەی خوێنی لە شەوە دەر دەدرێن. بڕی هاوسەنگی دەردانی ئەم هۆرمۆنە خۆشبەختی بۆ مرۆڤ دێنێ کە هەست بە خۆشی و شادی دەکەین و دوور دەکەوینەوە لە دڵەڕاوکێ.

هەر چەندە دەتوانین بڕی دەردانی ئەم هۆرمۆنە لە لەشدا زیاد بکەین بە چەند کردار و کردەوەیەک لە ماڵدا:

١. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستیت دەرگا و پەنجەرە بکەرەوە بۆ ئاڵوگۆڕی گازەکان و هاتنە ژوورەوەی بڕی تەواو لە ئۆکسجین و کردنەدەرەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.
٢. دانانی ئینجانە و گوڵی جوان بۆ بینینی دیمەنی جوان لە لایەک و دابین کردنی بڕی ئۆکسجین.
٣. دانانی حەوزی ماسی کە پەستانی دەروونی کەم دەکاتەوە.
٤. لابردنی شتی شکاو و کۆن لە ماڵدا وەکو تابلۆی کۆن و شانە و ئاوێنە و قاپوقاچاغ
٥. لابردنی پەردەی ناوماڵ بۆ هاتنە ژوورەوەی تیشکی خۆر
٦. کردنەوەی دەرگای حەوشە
٧. ناوبەناو گۆڕینی کەلوپەلی ناوماڵ یان شوێنیان بگۆردرێت
٨. دانانی ڕەنگی گونجاو بۆ ژووی میوان وەکو بێجی و سپی کە متمانە و هێز و خۆشی دەبەخشێت
٩. دانانی بۆنی خۆش لە ماڵدا وەکو مێخەک و ڕۆزماری و داری عود و بغورد
١٠. پاک کردنەوەی ماڵ کە بەختەوەری و تەندرووستی دێنێتە کایەوە

بە ئەنجام دانی هەندێک کار و کردەوە تاک دەتوانێت بەختەوەری بەدەست بێنێت

١. خۆ دانە بەرتیشکی خۆر باشتر وایە بەیانیان دوای سەعات ١٠ و دوای نیوەڕوان دوای سەعات ٥ وە لە ناو سرووشتدا بێت باشترە
٢. ئاو خواردنەوە لە ٨ پەرداخ کەمتر نەبێت
٣. گوێ گرتن لە مۆسیقا و هێور کردنەوەی ڕۆح و دەروون
٤. ڕۆشتن بەپێ ڕۆژانە لە نیو سەعات کەمتر نەبێت
٥. وەرزش کردن وەکو مەلە و پایسکلسواری و ...
٦. کەمخۆری و خواردنی تەندرووست
٧. زوو نووستن و زووهەستان
٨. باوەش پیاکردن بە کەسانی ئازیز و نزیکەکان
٩. بازاڕ کردن بەتایبەتی بۆ خانمان کە بەختەوەری زیاد دەکات
١٠. خواردنی ئەو خواردنانەی کە هۆرمۆنی سیرۆتۆنین زیاد دەکەن لە لەشدا:

خواردنی ڕوەکە گەڵاسەوزوکان، خواردنی نەستەلەی تۆخ، خواردنی ماسی سەلەموون و گۆشتی قەل، میوەی وەک ئەنەناس و کیوی و قۆخ

١١. نان خواردن لە کاتی دیاریکراودا

لە نیشانەکانی کەم بوونەوەی ئەم هۆرمۆنە لە لەشدا:

١. ناتەواوی باری دەروونی
٢. خەمۆکی
٣. زیاد بوونی کێش
٤. باوەڕ نەبوون بە خوودی خۆت
٥. شەقیقە

لەشی مێینە جیاواز لە لەشی نێرینە هۆرمۆنی دیکەی هەیە کە یارمەتی ڕێکخستن و درووست بوونی هێلکە دەدات بە ٨ ڕۆژ جارێک جگە لە مانە درووست بوونی ژان لە کاتی مناڵ بوون و درووست بوونی شیر لە کاتی بوونی کۆرپەلە

یەکێک لەو هۆرمۆنانە بریتیە لە هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین کە ژێرمێشکی ڕژێن دەری دەدات. ماسولکەی دیواری منداڵان هان دەدات بۆ گرژ بوون لە ماوەی مناڵ بوون واتە ژانگرتن دروست دەبێت. وە مەمکە ڕژێنەکانیش هان دەدات بۆ وروژم کردن و دەردانی شیر لە مەمکە ڕژێنەکان لە کاتی شیرپێدانی سرووشتیدا.ئەمانە نموونەی هەندێک هۆرمۆنی نێو لەشی مرۆڤ بوون.

-----------------------------------

خانە: سلول/ ڕژێنی کاژی: pineal gland (غدە پینە ال)

شانە: بافت/ ئەندام: عضو/ کۆئەندام: دستگاە. هۆرمۆن: غدد/ خانەکانی دەماغ: سلولهای مغز/ کۆئەندامی هەرس: دستگاە گوارش/ دڵەڕاوکێ: اضطراب/ خەمۆکی: افسردگی.

داود غەفاری ـ پاوە



# کۆڵبەری دیاردێوی پڕدەردی هەتاهەتایی کوردستانەنە!

بە درێژایی یادەوەریم، «دیاردەو کۆڵبەری»م بە بەشێو ج واقیعی تاڵو کۆمەڵگای کوردی دیەن. دیاردێو کە ئینسانی کورد، ناچارییێنە، بە بەشێو ج هەوڵ و تەقالا پەی ژیونایو وێش و بنەماڵەیش حەسێبش سەرکەردەن. ڕەنگا کریۆ چەمکو کۆڵبەری بەپاو زەمەنی هۆرگیرو مانا و فامی جۆربەجۆری بیەبۆ و هەرپاسەیچ ئاڵوگۆڕی فرە ئامابۆ سەرشەرە، بەڵام بە مانای عامەش، کۆڵبەری هەر ئا پیشە سەخت و دژوارە بیەن کە کەسێو جە ڕاو کۆڵکێشتەیەو وێش ژیونان و ئینەیچ وێش، یۆ جە قورستەرین و سەختتەرین هەرمان و پیشەکان بیەن و بارگرانییێوی فرەی ڕووحی و جەستەیی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بیەن ملو تاکی کۆڵکێشیەرە. بە دڵنیاییەو هەر ئی هەرمانێ تەئسیرش بیەن ملو تەشکدای بە کەسایەتیو تاکی کۆڵکێش و کۆڵبەریەرە و فرەو جارا پێسە بوونەوەرێوی کۆیلەی و بێئیرادەی و بێدەسەڵاتی وێش پێناسە کەردەن و بەردەوام وێش بە کارەکەرو کەسایەتیی تەماحن و فرەوازەو کەس و لایەنی سەردەسی زانان. ئەگەرچی ئینەیچ ئازارێوەی ڕووحیەی قوولەش دان، بەڵام پی حاڵیچەو مشیۆ ناعەیلاجیێنە چی ڕاوە وێش ژیونابۆ و بژیوو خێزانەکەیش مشتەش وستەبۆ، ئیتر ئا گرد ئازارو ماڕای کەسایەتیشە بە وێش قبووڵنان و شانش دان چێرو ئی بارە قورسەیرە و پێسەواچی خودای ئەزەڵەنە پەی ئی هەرمانێ خوڵقنان، کۆڵبەری بیەن بەشێو جە ژیوایش و گێرە فرەو جارایچ پێسە شانازی و مدرامانی دیانش پۆرە و پی جۆرە دڵو وێش دانشەو. ڕەنگا پاسنەیچە بیەبۆ و ئیسەیچ پاسنەنە. مادام کۆڵبەر تاوابۆش بە هەوڵ و هیممەتو وێش و بە هەوڵو شاناش، وێش و یانەکەش سەربەرزانە بژیونۆ و پەی تیکێو نانێ نەبیەبۆ پیاو ناحەزی و دژمەنی و ئازاڕەش نەبیبۆ پەی کەسیتەری و کۆمەڵگایش، ئیتر چێش چانەی خاستەر!

ڕەنگا یەکەم کۆڵبەرێو یادەوەریمەنە بۆ «ئەدا»م بۆ. چ ئا وەختە کە بە درێژی و سەرسەرەوکیو «نەیسانە»یەور پەی «نەرڤی»، گواڵە ئاڵفێش گێرتێبا کۆڵێ، چ ئاوەختە کە لوایبۆ پەی کەشی و بە دەرزە هێزمێش ئاردێبا، چ ئا کاتە کە عادەتی مانگانەنە، کۆڵە خەلێش «نەرڤی» پەی «شەڕەکان»ی و پێچەوانەش بەردێبا پەی ئاساوی، یا سەردەگاوە پەی وەردەگای بە کۆڵێ هاردیش ئاردێبارە وار، یان ڕاو مەرزیش گرتێبۆنە وەر پەی تەوێڵێ و...! ئەرێ لاو منەو ئەدام و ئەداکێتەر و «مەتی ڕابێ» یەکەمین کۆڵکێش و کۆڵبەرەکێنێ، کە شانەوشانو پیاکاشا، هارەقشا متەن و زاڕۆڵێشا یاونایێ پەنە. واتم مەتی ڕابێ، ئەرێ ژەنێوە کە سەردەمانێوی فرە تاقە هەرمانبەرەی کۆڵبەرەو دەگەی بێ و هارەقێ مجێ و بۆنەو ژیونای زاڕۆڵە وردەڵە ڕووتەڵەکاشەو مانیایش پەی نەبێ!

ئەگەرچی بەپاو ویەرو ڕۆزگاری و گەشەو ژیوای و ئەنەئامای کەرەسەی و تەکنەلۆژی و پەرەئەسای ڕاکا ئاماولوای و دەسەنەبیەی چێوەکاو ئەوەواڕای ئی شێوەازە ج کۆڵبەری کز بۆ، بەڵام بەپێچەوانەو شێوازێوتەر جە کۆڵبەری پەرە مسانۆ کە کۆمەڵێوی فرەو ئێمەی کوردی چا ڕاوە وێما سرووچنمێ و ڕۆیچ نیا تراژێدیا، خەسارەت و نەهامەتیەکێش، بەرەکەو وێما و دەسەڵاتی نەگێرۆ.

چووزانو ڕەنگا کۆڵبەری بەدرێژی ئەرەمەرزیایو مەرزا و بەتایبەت مەرزە دەسکردەکا، بروەش بیەبۆ و بە نموونە سەردەمو پاشایەتیچنە بیەن و گێرە کەسانێو جەستە و گیانیچشا چی ڕانە بەینەنە شیەن. تەنانەت وەختو شەڕو ئێران و ئێراقیچەنە بیەن. بەڵام چی سەردەمەنە کۆڵبەری هەتا ئاستێوی فرە پەرەش ئەسان، هەتا ڕادێو کە فرەو خەڵکو ناوچە سنوورییەکاش بە وێشەو خڵافنان و پێسە پەرسێوێ نەتەوەیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت ئەمنییەتی تەماشەش کریۆ. دیارا کریۆ چندین هۆکارێش با کە باسکەردەیشا چێنە وەختبەرا. تەنیا کریۆ بەخێرا ئاماژە دەو بە بێکاری، هەژاری، گرانی و بێدەرەتانی و ئابووریی وڕاو بنەماڵەکا ج لاییۆە و قەیرانەو ئابووری دەسەڵاتی و خزمەتنەکەردەی ناوچە پەراوێزنشینەکا و ئەمنییەتیدیەی کوردستانی، پێسەو هۆکاری سەرەکی. جە دۆخێوەی چیمنێنە کە وێژیونای فرە سەخڵەت و ناممکینا، ڕەنگا فرێوو خەڵکی و بەتایبەت بنەماڵە کەمدەسەکێ بە گومانو ئینەی کە ژیوایشا دۆڕیان و دما پەلەقاژەکاشا پەی کۆڵبەری سنوورەکانە منیارە و چەو لایچەو کێشەکە بۆ سەرێشێوتەر پەی دەسەڵاتی و مەتاوۆ چارێوی تەندرووستش پەی بێزۆوە.

تاکو کوردی چێش کەرۆ مادام هیچ ڕۆچنێو پەی وێژیونای وێش و بنەماڵەیش شکە نمەبەرۆ و ڕۆبەڕۆیچ گرانی و هەژاری و بێبژیوی تەنگش پەنە ترینجنۆ! بە دەرک پی وەزعێ واچی وەرەتاو، سەرداوسۆڵە، زقم، ڕەقبیەی، تلبیەی، مین، گرۆڵیە، پیکیای، بڕیای و کوشیای، تەرسناش و ج کۆڵبەری پەشیمانش کەراوە!؟

بە سرنجدای پی واقیعە تاڵیە ئانەی نمەشۆ، پەرسەو کۆڵبەری بە چالاکیی مەدەنی، نامەنویستەی، دادوهاوار و نارەزایەتی، کەمپینە، پەند، نەسیحەت و هەڕەشێ و تەنانەت یاسای پەڕلەمانی و بەفەرمیئەژناسای مافو کۆڵبەری، چار کریۆ و تەنافەو کۆڵێ شانوملو کۆڵبەرینە بەیرە و ئیتر کۆڵبەرو ئێمە «کە هەمان تاکی چالاک و ئازا و بەرهەمهێنو کۆمەڵگایا»، ورکەو نانێ و ژیوایش

نەبۆ و خدێ دۆنە ئاوەدانی و وانای و پێشکەوتەی و وێهۆرکێشتەی پەی ئاستەکاو ئافرێنەریو کۆمەڵگاکاتەری.

بەداخەو دەسەڵاتیچ جگە تەقنای ئەو کۆڵبەری و گێرتەی و کوشتەیش، هیچ دەرچە و ڕۆچن و ڕێوازێوتەرە نیەنە مەژگشەنە!

٩٢ ←

سەید فەیسەل موجتەوی - ئورمێ



# عەلی حەریری

عەلی حەریری د ناڤا گێژەلۆک (بابەلیسکا) تاریگەورە دیرۆکێ دا ل کیدەرێ هاتیە دنێ ۆ ل کیژان دهەورانێ دا ژیایە؟ عەلی حەریریێ کورد هەمان عەلی حەریریێ ب ناڤ ۆ بانگە رۆهلاتا ناڤین ۆ خۆدانێ (مەقاماتا) عەرەبی یە کو شۆهرەتا جهانی پەیدا کرییە؟ یان حەریری یەکی دنە ۆ سەردەمەکی دن دا ژیایە؟ بۆ بەرسڤدانا ڤان پرسا دبە ئەم ژهنەک ژێدەرێن تەسک ۆ تەنگاو رە دەرباز بن ۆ چاڤکانیێن زەلالە دیرۆکا گەلێ خۆ ۆ دەردۆرێ وێ بەرچاڤ بگرن.

زبدەی تاریخ کورد ۆ کوردستان یا موحەمەد ئەمین زەکی بەگ کو خاتوون (السیدە الکریمە) وەرگەڕاندیە سەر زمانێ عەرەبی ۆ ناڤێ وێ کرییە (مشاهیر کرد و کردستان) رووپەڕێ ٣٣٤ ێ دا دبێژە عەلی حەریری ب ناڤ ۆ دەنگترین کوردێ بەرێ ۆ هشمەندترینێ وانە کو سالا (٤٧١-٤٠٠) ە ق بەرانبەری (١٠٧٨-١٠٠٩) زاینی دا ژیایە ۆ هەڤچەرخێ فردۆسی یێ خودانێ شاهنامێ یە ۆ دیوانەکی بچووک ژی ب زمانێ کوردی هەیە چارینەیەک وەک میناک

ئەی ئوف ۆ ئوف ئەی ئوف ۆ ئوف لازم تە مەحبووبەک هەبی
ما تو ب عشق ۆ سوحبەتێ یان مەیل ۆ مەنسووبەک هەبی

پرۆفسۆر قاناتێ کوردۆ د جلدێ یێکمە تاریخا ئەدەبیاتا کوردی دا د رووپەلێن ٥٧،٥٨ ۆ٥٩ دا بەحسا عەلی حەریری دکە ۆ دبێژە کوردناسێ رووسی ئالکساندر ژابا د کتێبا خوە دا یا ب ناڤێ (Recuîl de notices et recits kurdes) دا نڤیسییە شاعرێ کوردان یێ پێشین عەلی حەریری بوویە ئەڤ ل گوندێ حەریرێ نەحیا شەمزینان سنجاقا هەکارییێ د سالا ٤٠٠ هجری یانی سالا ١٠٠٩ یان ١٠١٠ زایینی ژ دایک بوویە ۆ سالا ٤٧٠ هجری یانی سالا ١٠٧٨ زایینی چۆیە رەحمەتێ ۆ هەما ل وێدەرێ ژی هاتیە چالکرن. (A.Jaba) نڤسییە کو (دیوانەکی حەریری یا شێعران ل کوردستانێ دا مەشهوور ۆ مەعرووفە) لێ مخابن من نەدیتییە. کامران بەدرخان ژی د (فێربوونا خاندنا کوردی) دا پاریس سالا ١٩٦٨ رووپەلێ ٤٢ دا دنڤیسە گاڤا حەریری سۆران بوویە لێ شێعرێ وی نەنڤسینە. ئالبێرت سۆسن شێعرەکی وی چاپ کرییە.

گەر هوون ببینن نالە عەشق تەننێ ل بۆم زاری بکەن
هەر کەس بزانت حال عەشق پێ حیلە دژواری دکەن

هەر وسا (M.B.Rudînko) چەند غەزەل ۆ هەلبەستێن حەریری ناڤ بەهەوۆکەکی رووسی دا د لێنینگرادێ دا ب تیپێن عەرەبی داینە چاپ کرن وی ئەڤ شێعر د ناڤا دەستنڤیسارێن کوردا دا ل پرتووکخانا (Saltîkov-şêdrîn) دیتبوون.

تاریخا ئایەت الله مەردووخ جلدێ یێکێ چاپا دویێ وەشانخانا غەریقی رووپەڕێ ١٨٤ دا دنڤیسە حەریری خۆدانێ پرتووکێن (مە-قامات) ۆ (دورەتولخەواس) ۆ (ملحەتو ئەعراب) ۆ هنەک نڤیساری دنە. ئەو د سالێن (٥١٦-٤٤٦) ە ق بەرانبەری (١١٢٢-١٠٥٤) زایینی دا گوندێ حەریرێ سەر ب (اربل) هەولێرێ هاتیە دنێ ۆ ل وێرێ وەفات کرییە.

حنەالفاخووری د تاریخا زمانێ عەرەبی دا کو عەبدۆل حەمید ئایەتی وەرگەڕاندیە سەر زمانێ فارسی ۆ نەشرا تووس چاپ کرییە گۆتنێن مەردووخ دپەژرینە ۆ تنێ ژینگەها دکە بەسرە ۆ وی ژ عەرەبێ بەسرێ ددە قەلەم ۆ دێژە ئەو د سالێن (٥١٦-٤٤٦) ە ق بەرانبەری (١١٢٢-١٠٥٤) زایینی دا د مشتاق (میشانێ) دا نێزی بەسرێ هاتیە دنێ، نە تنێ حەنەالفاخووری بەلکی هەمی نڤیسکارێ غەیر کورد حەریری بەسری ددەنە ناساندن ۆ ب ڤی کارێ خۆ گەلەک نڤیسکارێن کورد ژ نەتەوا وان قەتاندنە.

بینا ڤە رووحا مەلێ جزیری پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیێ تەیران حتتا ب ئەبەد بمایە حەیران

بەر سەدە ما پەیدا نەبونا دیوانا کوردی یە حەریری ۆ گۆتگۆتکێن جوربەجور سەر ژیانا حەریری ئاستا تۆز ۆ خوبار سەر ڤێ بابەتێ هند بلند بوویە کو لێکۆلینەرێن کورد گەهشتنە ئاستەکێ کوحەریری یەکی دن نێزی سەردەما مەلایێ جزیری ۆ فەقیێ تەیران ۆ هەڤچەرخێ جامی چێبکن ۆ حەتتا پرۆفسۆر مارفێ خەزنەدار چەند بەیتێ هەلبەستێ سەر ناڤێ حەریری د رووپەڕێ ١٤٩ ێ جلدێ دوییێ مێژوویا ئەدەبا کوردی دا توومار دکەت کو وێ دا بەحسا مەم ۆ زینێ تێکرن.

تو چێتر بوویی ژ لەیلایێ شرینتر بوویی ژ زولەیخایێ
مەم ۆ زین هەر دو یەکتایێ سیا زولفێ کرم تالا

هەر وەکی کو ڤان بەیتا دیارە حەریریێ خودانێ مەقاماتا ب ناڤ ۆ دەنگە سالا ٤٥٠ تێتە سالا ٨٥٤ ە ق کو موحەمەد سالح ئبراهیمی (شەپۆل) ۆ چەندین کەسایەتیێن دن سەر وێ باورێ نە کو حەریری دایک بوویێ سالا ٨٥٤ یە، رووپەڕێ ٥٢٠ ژیانا وی زانیارانی کورد لە جهانی ئسلام دا ۆ رووپەڕێ ٥٢٢ هەمان کتێبێ دا دنڤیسە مامۆستا بهائەدین ب نەقل ژ (القزیەتۆکوردییە) پەڕی ٢٣ نڤیسینا دوکتۆر بلەچ شێرکۆ ل دەفتەرا کوردەواری ژمارا ٣ یە خۆ دا نڤیسییە عەلی حەریری سالا (١٠٠٩) ە ق ل دایک بوویە (بلێ ب هزرا من سالا ١٠٠٩ زایینی یە هەر وەکی کورد ۆ کوردستانا زەکی بەگ دا هاتیە گۆتارنڤیس) ۆ وەکی میجرسۆن دبێژە

کو حەریری خە لکێ شە مزینا یە (شەپۆل) د پەڕێ ٥٢٤ کتێبا خۆ دا دنڤیسە ئایا (شیخ عەلی حەریری یە) یان (عەلی تەرماخی) یە یان زانایەکی مەزنی تر؟ هەر وسا حەریری بەدەلا گەلەک کەسایەتی یێن دن حەسباندنە...(یا گۆتنییە کو عەلی تەرماخی کسایەتییەکی دیارە ۆ خەلکێ مکسێ یە گۆتارنڤیس).

ژینگەها حەریری سەر ب هەولێری بە یان سەر ب شەمزینا سەر ب هەکاریێ چ خەلەتی ژێ ناچێبن چونکو جوغرافی ل بەر سینۆرێن سییاسی دەست ب دەست دبن دەمەکێ بن دەستێ دەولەتا دۆستکیا (مەڕوانییێن کورد) دا بوویە نها سەر دەولەتا باشووڕێ یە هەر وەکی ڕووحا (ئورفا) یێ کو زەمانەکێ سەر ب ولایەتا حەلەبێ بوو نها ولایەتەکی باکووریێ یە ۆ گەلەک جهێن دنە جهانێ ۆ بتایبەت ڕۆژهلاتا ناوین دە پاشی پەیمانا (سایس پیکۆ) ب گۆتنا گیوێ موکریانی د فەرهەنگا کوردستانێ دا حەریر گوندەکی کەونار ۆ دیرۆکی یە ناڤبەرا شەقلاوێ ۆ چیایێ سپیلکێ دا.

ب گومانەکی نێزی یەقینێ حەریری یێ کورد خودانێ کتێبا ب ناڤ ۆ بانگە (مەقاماتێ) یە کو د ژیانا خۆ دا د ڕۆژهلاتا ناوین دا ب باشی هاتییە ناسین ۆ مەقامە نڤیسینێ دا زانایێن ب ناڤ ۆ بانگ بن باندۆڕا مەقاماتا حەریری دا دەست ب مەقامە نڤیسییێ کرنە کو ناڤدار ترینێ وان الشریشی ۆ یازیجی نە ب زمانێ عەرەبی ۆ قازی حەمیدەدینێ بەلخی ۆ شێخ موسلحەدین سەعدیێ شیرازی ب کتێبا گولستانێ نە ۆ شرۆوێن زێدە سەر پرتووکا مەقاماتا وی هاتنە نڤیساندن ۆ زانینگەها دا نها ژی یەک ژ کتێبێن سەرەکە یە ئەدەبیاتا عەرەبن جا چاوان دبە کو ئەحمەدێ خانی ۆ زانایێن دنە کورد حەریری نەناسیبن، بێ گومان ئەو باشتر ژ خەلکێ دن ناسینە ۆ بەر وێ ئەحمەدێ خانی ناڤێ وی د هەلبەستا خۆ دا ئانییە. نها مەقاماتا حەریری یا کو ب زمانێ عەرەبی نڤیسی ۆ دنیا حەیراندی ب زمانێ ئنگلیسی، فڕانسی، ئالمانی، فارسی ۆ ترکی هاتیە وەرگەڕاندن.

سەردەما حەریری دا دەولەتا مەروانیا ڕابتەیەکی خۆش د گەل عەباسیا هەبوو ۆ ئەوان جۆغڕافیا فەرمانڕەوایا خۆ هەتا مووسلێ بەر فرەە کربوون ۆ سەد سالا سەر ئقتدارا خۆ بوون. داویێ دا ب دەستێ سەلجووقیان تێک چۆن ۆ دەمەکێ شووندا ئەیووبیا ئقتدارا وان ساخ کرن ۆ سەد سالێن دن سەر قودرەتێ مان ۆ بوونە سولتانێ مسر ۆ شام ۆ فلستین ۆ سوودان ۆ یەمەن ۆ توونس ۆ کوردستانێ ۆ بەر وێ چەندێ ڕێز ۆ حورمەتا کوردا زێدەتر بوو ۆ نڤیسکارێ کورد ژی هەر وەکی نڤیسکارێ فارس ۆ ترک کەتبوونە خزمەتا پاراستنا زمان ۆ ئەدەب ۆ فەرهەنگا عەرەبا دا ۆ گەلەک جهان دا هاتیە گۆتن کو ئەگەر فارس نەبان عەرەبا نها تشتەکی نڤیسکی نەبوو جا ل وردا ژی ناڤێ کوردێن عەرەبی نڤیس نەهاتیە برن د حالەکێ دا کو ئەگەر کوردێ عەرەبی نڤیس هندی فارسا نەبن ژ وان ژی کێمتر نینن. یا گۆتنێ یە مخابنی تنێ ناڤێ جهێ وەلدینا نڤیسکارێن غەیری عەرەب هاتیە توومار کرن ۆ پێ ناڤێ گوند ۆ باژاڕا دبە نەتەوا وان نڤیسکارا بێ زانین.

## کۆڵبەری...

ئەگەرچی هیچ هەوڵ و چالاکی مەدەنی پەی کێشەو کۆڵبەرا سووک تەماشە نمەکریۆ و نرخەی عالەش پەی منریۆرە و جە هەر حاڵێوەنە حەز بە بەردەوامیش کریۆ و نیشانێو ئەکتیڤی کۆمەڵگایەنە، بەڵام ڕاسەش ئانێنە تەنانەت ئەر نەتیجێچ دۆ دیسان بە چارێوی کاتی(مسکن) حەسێب کریۆ. باسەکە ئانەنە ئی دیاردە دیاردێوی سەقەت و ناتەندرووستا و مشیۆ بنبڕ کریۆ..

درێژەو باسەکەی بە چند فەرزێ و پەرسێ کۆتاماروو. گیرام هێزە نیزامیەکێ کۆڵبەرشا نەکوشت، گیرام دەسەڵات هیچ سەرگیری و وەرگیرییێوش نەکەرد جە کۆڵبەری. گیرام ڕاش پەی کۆڵبەرا ئاساییە کەردەو و کۆڵبەریچشا بە یاسایی کەرد. ئەسڵەن فەرزو مەحاڵی گیرام دەسەڵات گردو شار و ناوچەکانە (نەک سەرو مەرزەکاوە)، یاگێ وەروەڵاش کەردەو پەی کۆڵکێشتەیما و پووڵیچشا دایمێ پنە. ئایا ئیتر تەماما!؟ ئایا ئیتر کۆڵبەر میاوۆ بە کەنارەکاو ئارامی و ئەوەسیایی. ئایا هانەو خەڵکی نمەدۆ پەی چەسپنای زیاتەرو دیاردەو کۆڵبەری؟ ئایا دەسشتەی زیاتەر جە وانای و پێشکەوتەی زارۆڵا و جواناش نیا شۆنیەو؟ ئایا هەوڵما نمەدۆ پەی بڕیای جە ئەندێشەی و زانشتی و دوورکەوتەی جە ژیواری شارستانی؟ ئایا ئینە هاندای نیا پەی ئەوەتاونای جەستەی بێزۆخ و بێڕۆحو کۆڵبەری و ئەوەسڕیەی هەرجۆرە ویرێوی ئازاد و ئیرادێوی بەهێزو تاکو ئێمە؟ ئایا جە ئەنجامە نەرێنیەکانو درێژەکێی ئی دیاردەیە هیچ هاگاما هەنە؟

بە ئەنەفکریای دلێو هەرکامو ئی پەرسا و سەرنجدای بە دلێنەبیەی دیاردەو کۆڵبەری ناوچە سنوورییەکانە بەدرێژی سیستەمە جۆربەجۆرەکان، ئانەی مشۆ کە بە وادە و بەڵێن و تەنانەت بە بەڕێسایی و بەیاسایی‌کەردەی ئی دیاردەیە، گرفت و کارکردی نەرێنیش کۆتایش نمەی و کێشەکە بنبڕ نمەکریۆ و بازنێوی باتڵەنە سوورڕیۆوە.

نویسەر سەرو ئا بڕوایەنە ڕاچارەو بنبڕکەردەی ئی دیاردەیە و باقی دیاردە قلۆر و ناکلۆکارەکا، واڕای ئەعڵییەتو تاکی ئێرانیا. واڕای ئەقڵییەتو «سەردەس چێردەس»و دەسەڵاتی و ئەوەگێڵنای متمانە و ئیرادەو تاکیا بە پەروەردەی تەندرووست و ئەقڵییەتی یەکسانوین و یەکسانواز و پلۆراڵ و هامسەنگ. واڕای ئەقڵییەت و ئەندێشەی وێسەپن و وێبەزلزانی ناوەندگەران کە جیاواز مدیۆ ناوچە کەنارییەکارە. واڕای ئا دیمەنە ناوەشانە کە بە ڕوانگای ئەمنی چەقبەستە دیان ناوچە پەراوێزییەکاو وڵاتیرە و یەکجۆر و یەکچەشن چەنی سەکەنەو جوغڕافیاو وڵاتی مامەڵەش نەکەردەن و مافی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و گەشە و خزمەتگوزاری و پێشوستەی پەراوێزیش وستەن پەشتەو گۆشا و جیاواز و بە ڕوانگاو سوود و زیان جە ڕوانگاو ناوەندیەو دیان ناوچەکارە و ئیتر قەیران پەشتەو قەیرانێ و کێشە پەشتەو کێشەی و ...!

بەداخەو هەڵای ئانەیە مشۆ کە هیچ نیشانێوە پەی واڕیای ئی ئەقڵییەتیە کارەنە نیا، پەوکەی کێشە سەرو کێشەی و قەیرانە سەرو قەیرانێ هەر درێژەش هەن و ئانەی مشۆ کۆڵبەری دیاردێوی پڕدەرد و ڕەنجی هەتاهەتایی بۆ کوردستانەنە!



نامدار جابری - دێهلۆران- ایلام

# ساڵفیٚ خەنەک ڤ کوردی کورمانجی پەهڵەیی

کورمانجی پهلەای: گویش کورمانجی پهلەای یکی از گویش های اصیل زبان کوردی در جنوب استان ایلام است. این گویش زبان ایل کوردەلی یا کوردهای پهلە, پر جمعیت ترین ایل استان ایلام است کە در شهرهای آبدانان, دهلران, پهلە, میمە,موسیان و درەشهر زندگی می کنند. بخش کمی از مردم ایل کوردەلی در شهر مهران سکونت دارند. گویش کورمانجی پهلەای بە لحاظ دستوری و آوا بیشترین نزدیکی بە کوردی کورمانجی شمال دارد. هنوز شکل قدیمی افعال و رعایت جنسیت(مونث و مذکر) در این گویش حفظ شدە است. منطقە جنوب ایلام کە محل سکونت گویشوران این گویش شیرین کوردی است در تاریخ بە صفحە کورد(سرزمین کورد)مشهور است .

---------------------------------------------------------------------

خاڵو نەقی

ئێڤارەڤۆنی خاڵو نەقی دە ڤەرتەرمە نیشتڤی، ئەژ ئی تەماکووە دنا ناوتو پەرە، دکرد ڤ جگارە وو خەمە ڕۆژگارە دیا ڤ بای. ئەسەن دەربەن دنیا نەڤی. ئەشقیٚ ییٚ بی هەر ئێڤارە لیٚ شری ئەڵ ڤەرتەرمە ڤەڵەن بکەریٚ، ئەژ ئی جگاریٚ خوەکەرە تەش بی وو کووفە ڕۆژگارۆ بی ڤ بای.

هەمیشە دمای پەنج جگارە بایس چای ئزگڵی ئەژ کتلی ڕەشە ئەڵ سەرۆ بخواردا. ڤەرچە پەنج جگارە وو هکمەتی چە بی مەرخوەدا بزۆنستا.

خاڵو نەقی هیچ دە دنیا نەڤیا هیٚ چای ئزگڵ و جگارە بیا، دیٚ خەمی ناشت.

چای ئزگڵی دیر برژیا تەش دە ڕژەن دە کل ژنا.

ئاشقە خواردن چای ئزگڵە خەسە سەر جگارە بی.

همیشە کیسەنی پڕ ئەژ تەماکو ئەڵسەر قیٚ یی بی. بیٚ کیسەنە تەماکو ئەمووری ن چی. دیٚ پیالە قەدیمە ئەیچەن.

خوەرزای دێریٚ، ناویٚ مەکەریمە. مەکەریم فرە بەیاتە وو مەگەرگوشە. نزیک سیزە ساڵۆنە. تاکە گلی بەر، یەکی دو جگارە تەماکو ئەژ خاڵو نەقی ددزیٚ، بێکشکی کەریکۆ ڤ جگارە وو دنیشی ڤ کێشتنە جگارەل.

هەر وەخت تەماکو وو پەرە دزیٚ، دچوو جاییٚ چووڵی بری هەم دەورڤەر خوە کومە دکەریٚ وو بنیا ڤ کێشتن جگارەل دزی خوە دنیٚ. تاکە دەمی هەم هێلی ئەونی بکێشن.

سەیران زاروولە ئابادی بیە تەماکو دزی کێشتن.

ییٚ ڕۆ ئێڤاریٚ خاڵو نەقی دە چای خواردن بی، ڕمیٚ بابە یەت. وەختی دینە ڕمە دکرد.

خاڵو نەقی ڤت: یاڵا خێر. ڤ بەختم گیریامن. زی جفتی کڵاش شر سەر پا کرد ، چی دەر بچەکنیٚ، بینیٚ کێیە وو چە بیە.

خاڵو نەقی تا دەر چەکەن دی، هجەت کوڕەزای گریڤەگاویە دە پشت دەرە.

خاڵو نەقی ڤت: چەبیە ڕووڵە؟ کەسی کوشتیەسەت؟

هجەت مفیٚ سەختی کرد وو ڤت: نە پەپا.

پەپا: ئەنی چەبیە؟

هجەت مفیٚ ترک کرد وو ڤت: مرتزا فنگەلەم برد.

پەپا: چ تەور برد؟

هجەت: ڤ چەقی سەد فنگ.

خاڵو نەقی هێکە ئەژنەفت چەقی سەد فنگ، تەش ئەژ ناو سەریٚ درەت وو چی ناوجا ئابادی وو قی کرد:

هەو هەو مەردمەکە هەو، بیان تا بڤەشم ڤەر ئێڤە.

خاڵو نەقی نە دەنگیٚ فرە قەڤی بی، هێکە هنا دکرد هێگاتەکی سێ چار بڵنگ ڤەش(بلندگو) خواردڤی.

مەردم هەم ئەژ زەڵەتراق بیە گرد کومە بین دەورڤەر خاڵو نەقی وو ڤ یەک دڤتن هەدیٚ پێشیەت گەنی کەفتڤی.

ئەمکە ک گرد مەردم ئابادی کومە دوون، خاڵو نەقی هەم دکەریٚ ئەڵسەرە پووتی وو دگورنیٚ: هەو هەو مەردمەکە کیٚ دیە چەقی سەد فنگ ک مرتزا ئەژ چەقی سەد فنگ ئەوخوار نیای.

چەقی دایە ئەڵ هجەت سەد فنگ ئەژیٚ بردیە.

ئەمکە چ تەور خوەدا ئەژ ئی ئاسمان کەوە ئەجاڵە ڤارۆن, بەرد نەڤاریٚ؟ نە, نە ئەمکە ئێڤە بڤەشن, چ تەور بەرد نەڤاریٚ؟

ئەسی نە چەقی پەنج فنگ. ئەسی نە چەقی پۆنزە فنگ نە بیست فنگ. جەهەنم ئەسی نە بیست وو پەنج فنگ. نە!, نە! ئێڤە بڤەشن کیٚ دە کووڕا دنیا چەقی سەد فنگ دیە؟

مەردم کە دڤینن شەڕە فنگە, هەمە ددن ئەڵژێر خەنە, دچن فنگەل ئەژ مرتزا گرن وو هەموو دن ڤ هجەت.

خاڵو نەقی هەم ڕەگ ملی ئەژ تنی درای.

فەرهەنگۆک:-------------------------------------------------------

سالڤیٚ_خەنەک: داستان طنز/ ڤ: بە / ئێڤارەڤۆنی: بە هنگام عصر / ڤەرتەرمە: تراس خانە / نیشتڤی: نشستە بود / ئەژ: از / ئی: این / دنا: می گذاشت / ناوتو: داخل / پەرە: برگی کە با تنباکو برای درست کردن سیگار از آن استفادە میکردند / دیا: می زد / ئەسەن: اصلا / نەڤی: نبود / لیٚ شری: گلیم کهنە / ئەڵ: روی / ڤەڵەن: پهن کردن / خوەکەرە: دست ساز / تەش: آتش / بی: بود / کووف: آە سرد / بایس: باید / ئزگڵ: زغال آختە, گل آتش / کتلی: کتری / سەرۆ: روی شان / بخواردا: بخورد / ڤەرچە: برای چە / بزۆنستا: می دانست / نەڤیا: نمیشد / هیٚ: تنها/ فقط / ناشت: نداشت / دیر برژیا: دیر می ریخت / دە کل: بر روی / خەس: پر رنگ / کیسەن: کیسە کوچک / قیٚ یی بی: روی کمرش بود / ئەمووری: کار و بار روزانە / دیٚ: دیگە / دێریٚ: دارد / بەیات: بازیگوش / مەگەرگوش: بچە شلوغ و گوش نکن / تاکە گلی: بعضی مواقع / بەر: اندازە / بێکشکی: یواشکی / بری کومە: بری(عدە ای) کومە(جمع) / ئەونی: آنها / ڕمیٚ بابە: صدای بم درب / یەت: آمد / دینە: دیدی / بچەکنی بینیٚ: باز کند ببیند / گریڤەگاو: گریان / مفیٚ: مفش, آب بینی اش / ئەنی: پس / فنگ/ فنگەلە: تیلە/ تیلە ها/ چەقی: هر ضربە بە تیلە / هێکە: هنگامیکە / ئەژنەفت: شنید / ترک: دیگر / قی کرد: صدا زد / هەو: آوای خطاب جمع / بڤەشم: بگم / ڤەر: برای / هێگاتەکی: انگار / خواردڤی: خوردە بود / زەڵەتراق: ترس / گرد: همە / پێشیەت: اتفاق / گەنی: بدی / ئەمکە: الان / دوون: می شوند / پووتی: حلب خالی بزرگ روغن / دگورنیٚ: داد میزند / ئەژیٚ: ازش / ئەجاڵ: عوض, / ڤارۆن: بارون / دڤینن: می بینید / تنی: ورم /



**شریف عظیمی** - وکیل دادگستری - **مهاباد**

# فرود و فرازهایی درباره سوابق عملکرد

## ( انجمن ها، شورای شهر و شهرداری مهاباد)

دیباچه

شهرستان مهاباد مرکز امارت موکریان واقع در جنوب دریاچه ارومیه قدمت شهری بیش از ٤٠٠ سال دارد. در ۲ بار اصلاحات شهری مهاباد ظرف صدسال گذشته، سهم توجه به باغات و فضای سبز، ایجاد سد مخزنی و انشعابات آب، حفظ بافت شهری (غیر از میراث‌های فرهنگی و حجره‌های تجاری و عمارات با پنجره‌ها و اتاق‌ها و زیرخان و آب‌انبار به سبک قدیم و اگوی شهر و چشمه‌های متصل و کاروانسراهای بنام ....) تا حوالی انقلاب اخیر محفوظ ماند.

بعد از توسعه‌ی شهرها و حاشیه‌نشینی و عدم برنامه‌ریزی پیش‌بینی شده، کوتاهی در خرید باغ و فضاهای سبز به دستور قانون با ایجاد برج‌ها و آپارتمان‌ها در بافت قدیمی شهر نیز، افزایش ترافیک و عدم توسعه‌ی معابر قدیمی مشکلاتی ایجاد کرد. بطوریکه درآمدهای کلان سال‌های اخیر شهرداری از ساخت‌وسازهای نامتناسب برج‌ها و مسکن، در تبدیل کاربری‌های فضای سبز از پایین محله گمرک تا تخریب باغ سیسه، باغ شافعی‌ها، باغ قاضی‌ها، محله شایگان و پشت‌تپه، باغ اسماعیل‌آقا، باغ فقه‌یان و حسن‌زاده‌ها، زمین منابع طبیعی دامنه‌ها و پشت کوه داشامجید، خزایی، تپه قاضی و اطراف دانشگاه‌ها و قولقلاغ، عدم تصرف قبرستان‌های متروکه در غرب شهر و شمال ( قبرستان بیگزادان) توسط شورا و شهرداری، چنان شهر زیبا و توریستی مهاباد را از نعمات باغات و فضای سبز کافی محروم ساخته، محل زیست سالم و سابق لک لک و پرندگان غیر اهلی را در هوای آلوده کوچانیده است. با تکرار دوره‌های اخیر شورای شهر و شهرستان، وجود دعوت از کمیسیون‌های مردمی: فرهنگی، حقوقی، فضای سبز، ورزشی و جوانان، که خبرگان و معتمدین محل پیشنهادهای باارزشی تنظیم و ارائه می‌داده‌اند، لیکن اقدامات بعضی از اعضای شورا و شهرداریان به گونه‌های ناموفق و نامتناسب با میزان و منابع درآمدها و کیفیت امور لازم بوده است. با وسعت قوانین شهرداری و دیگر سازمان‌ها و پرداخت مالیات و عوارض هر سال و استقبال مردم در هر انتخابات، غنای شهری مهاباد و وجود کنسولگری سابق روس و عثمانی با گذشته‌های فرهنگی و گردشگری و روابط تجاری و توجهات و اتفاقات محل، توسعه‌ی قطب‌های عمده تر ترقی و رفاه بیشتر در مهاباد ایجاب می‌نمود و می‌نماید. باید از خادمین و مدیران کارآمدتری بین مناطق اصیل تاریخی برخوردار شوند. مطبوعات و رسانه‌ها به زبان‌های محلی و رسمی، تریبون مردم هستند. پیش‌بینی‌ها و پیشگیری‌ها را مؤثر تر از اقدام بعد از زیان و خسران می‌دانند.

مهاباد (ساوجبلاغ موکری) تا سال۱۳۱٦ وارث فرهنگ موفق امارات و حکمرانی بداق سلطان بوده و هست. اولین تشکیل بلدیه مهاباد به تصدی میرزا احمد اشعری و گماردن اشخاص امین و مطلع و دلسوز در رأس کارها، همواره محل اهتمام و جای توجه ساکنین برای برقراری رسوم مدنیت و مسکن امین و عادات پیشرفته در رقابت و تأسی با سایر شهرها و مراکز قدرت در خارج و داخل بوده است. بطوریکه زمانی ساوجبلاغ موکری را بدلیل پیشرفت فرهنگ و نظم گمرکات، تجارت داخلی و خارجی، توسعه باغات و انهار و تقسیم آب و قنات‌های متعدد دائر و حمام‌ها و پوشش فاضلاب عمومی ( اگو با طاق‌نماهای محکم آن در امتداد سراسری شهر) که در هر یک از دوره‌های تجدید بنا به شکل مدرن تری درآمده است، نشان از اصالت قومی و محلی سیستم همبستگی و شورایی را دارد. ۱۰۰ سال قبل مهاباد همچون «خانه باغ مصفا» در میان۲ رودخانه زیبای مارپیچ و باغات پرحاصل جنوب تا شمال شهر و سواحل دریاچه ارومیه و در سرتاسر غرب و شرق محصور بین کوه‌ها و باغ و علفزارها و چشمه‌سارهای پر برکت، مسکن رادمردان و شیرزنانی بوده که افتخاراتشان زبانزد و آثارشان در ایجاد: سراها و کاروان‌سراهای تجارتی و قیصریه و حمام‌ها، مساجد، خانقاه و مکاتب، زبانزد بوده و کله به نشان قجرها می‌ساییدند.

به موجب قانون تقسیمات کشوری سال۱۳۱٦، مهاباد مرکز یکی از پنج ولایت بزرگ آذربایجان در شمال غرب ایران گردید. همگام با تبریز، اردبیل، خوی و ارومیه با حومه وسیع شامل بخش‌های: میاندواب، شاهین‌دژ، تکاب، بوکان، سردشت، پیرانشهر، اشنویه، نقده و تا زمانی در حوزه نظارت بر سقز و بانه که همگی وارث حکمرانی بنام امارت موکریان بودند و در برابر قدرت‌های روس و عثمانی قدر و وزن شایسته و دارای روابط کنسولی بوده است.

مقارن قیام و قعود حکومت رضاخانی که در بسیاری شهرها ۲ خیابان عمود برهم به شکل (T) در ایران مرسوم گردید، از سال‌های ۱۳۰۷ و ۱۳۰۸ ساوجبلاغ وارد بافت شهرنشینی مدرن گردید. در سال۱۳۲۹ به برکت پیروزی جریان سلطه‌ی نفت ایران در زمان دکتر محمدمصدق، پلی سنگی با٥ دهنه‌ی طاق‌نما ولی مقاوم تاکنون در برابر سیل‌های خروشان و در سال‌های دهه‌ی۱۳۳۰ تا۱۳٤۰ خورشیدی تحت مدیریت انجمن شهر و شهرداری و مساعدت شیر و خورشید غنی مهاباد پس از تقسیم زمین‌های باغ شیخ سابق با نظام شایسته مهندسی ارتش، بر اثر علاقه و دخالت امیری آبادگر، مهاباد رنگ و رخسار و صفای دیگری نه در سطح استان بلکه در کل کشور یافت. مضافا به جایگاه ستاد سپاه غرب تبدیل و در موقعیت استراتژیکی و شهری مهم و زیبا و محل گردشگری در غرب ایران شهرت یافت. احداث سد زیبای مهاباد، بلوارهایی در امتداد رودخانه بدون آنکه باغات را به نابودی بکشانند، ایجاد جاده‌های آسفالته مواصلاتی بین شهرها و خیابان کشی در بافت قدیمی شهر هر چند با تخریب ناخواسته نسبی کاروان‌سراهای تجارتی و بازارهای سابق همراه بود، خاصه با رکود بر دخانیات و بازار پر درآمد سابق همزمان شد، اجرای لوایح شش‌گانه تا سال۱۳٥۰ خورشیدی، رونق بازرگانی و اقتدار مهاباد و حومه از تجارت و باغداری و کشاورزی و دامداری غنی به حاکمیت بیشتر دولت و شهرداری و شیر و خورشید افول و مآلا به سلطه‌ی بیشتر حکومت پادگانی و میلیتاریستی شاهی تغییر یافت، که وقایع دهه‌ی ۲۰ تا ٦۰ منطقه بازتابی از اینگونه مدیریت بوده است.

انجمن و شورای شهر:

پس از تأسیس شهرداری و خدمات خودمحوری آن که سال‌های زیاد در موقعیت مالی ضعیف، درصدی از عوارض شهری دریافتی هم صرف امور آب و برق و تأسیس مدارس می‌گردید، شهر مهاباد هم از کمک دولت مرکزی از طریق استانداری بی سود و به ندرت اجرای طرح‌های اقتصادی و صنایع کلان دولت انجام و محروم از توجه تمرکزطلبی سرمایه‌داران تهران و غیره برخوردار یا بهره‌مند گردیده است. با وقوع انقلاب سال ۱۳۵۷ نه فقط «انجمن شهر» بلکه شوراهایی اداری، قضایی شهر و روستا هم به تعطیل دچار گشتند. لذا تصرف و تغییر کاربری زمین‌های شهری و شروع تخریب باغات و غفلت شهرداران از تملک قانونی املاک استحقاقی حوزه خدمات خود موجب وضع مشکلات فعلی و آینده مهاباد و محصول این دوره غفلت بعد از انقلاب است. نخستین انتخابات شورای شهر در میان استقبال نسبی مردم انجام و اولین دوره شورا مرکب از برگزیدگان مسئول، تا حدی امید به تسلط ید شهرداری بر املاک و منابع قانونی درآمدزا برقرار کرد، خاصه در اجرای قوانین و مقررات مربوط به شهر و شهرداری با آخرین اصلاحات، فرصت جبران مافات را فراهم نمود. **لیکن ضعف دوایر حقوقی و املاک شهرداری و نفوذها و دخالت‌های پنهان و پیدا و رواج زمین‌خواری و رانت‌خواری فرصت‌های گرانبهایی را از دست داد از قبیل: عدم اجرای طرح پارک ساحلی ۱۲۰ هکتاری مهاباد، عدم توسعه معابر و مساکن در طراز با حفظ ارتفاع مناسب و یکسان در بافت قدیمی شهر، عدم اجرای قوانین صریح و لازم‌الاجراء، غفلت شهرداری در اولویت تصرفات زمین شهری دامنه و بالای تپه‌های محصور در طرح تفصیلی و توسعه‌ی شهر، عدم خرید باغات شهری به قیمت مناسب روز برای توسعه‌ی فضای سبز و عمران شهری، حتی عدم تصرفات زمین و حریم قبرستان‌های وسیع مترو که در شمال شهر (کلک بگزادان)، در غرب (قبل از تجاوزات و تصرف سازمان آب و وزارت نیرو و اوقاف که به نام طاقه‌دار و قبرستان یهودی‌ها و مسلمین تا حاشیه پادگان بوده است)، در جنوب اطراف قبرستان بداق سلطان در توسعه‌ی بیشتر محدوده تا روستای پشت‌تپ و حریم شهری (تپه‌های جزو زمین شهری و منابع طبیعی بنام‌های محلی ــ اصحاب سفید و گرمان‌آباد) و در شرق عدم تصرفات در تپه‌های زمین شهری سه آسیاب، صارم بیگ تا قولقلاغ و روستای خانقاه ــ اطراف دانشگاه‌های آزاد و پیام نور که همگی امروز طرف دعوی و توجه و مطمع نظر و تجاوز زمین‌خواران گردیده است. زمانیکه در حدود ۹۰ سال قبل نخستین کلنگ و بیل‌های خیابان سازی شهر مهاباد بشکل T اجرا گردید، به قصد آینده‌نگری در خارج محدوده شهر «اصطلاح خیابان در بیابان» جاری بوده زیرا مسئولین وقت به آینده‌نگری در توسعه شهر واقف بوده‌اند.**

**شهر و شهرداری ملک و مال عامه مردم هر شهر است.**

تقویت و توسعه‌ی طرح‌های کوتاه و بلندمدت شهرداری، مایه رفاه عامه و سر درگریبان کردن آن، خیانت است. با بی‌مبالاتی در روال توسعه فیزیکی نمی‌توان جلوگیری از توسعه‌ی برنامه‌دار و نیاز آینده شهرها نمود، زیرا محصول اقتصاد کلان حکومت و پدیده شوم تمرکزطلبی و اقتدارگرایی متمرکز نفی اقتصاد محلی و اسباب محو توسعه‌ی متوازن و لغو عدالت مشترک است. تقریبا کلیه حاشیه‌های شهر مهاباد در ۴۰ سال اخیر را ساکنین خودجوش به انصاف خود در شهرسازی و در تعیین عرض و طول، کوچه‌بندی و خیابان کشی ایجاد نموده‌اند. مثال: محلات کانی مام قنبر، مجبورآباد تا شهرک‌های بزرگ ــ اطراف دانشگاه پیام نور و دانشگاه آزاد و تا اتصال و توسعه‌ی شهر به روستاهای: پشت‌تپ، مجبورآباد، پیربله، خانگی.

اگر پزشکی رییس نخستین دوره شورای اسلامی شهر مهاباد پیشنهاد کرد باغات اطراف رودخانه تا سد انحرافی، نگهداری و از تأسیس هر گونه اعیانی تجارتی و مسکونی و خرید و فروش زمین محفوظ بماند. در اینصورت با خانه‌سازی مجاز در شهر و در دامنه تپه‌ها منظره بدیعی خلق و موانع نیز برطرف می‌گردید. ولی غفلت مسئولین شهرداری و شورا مسبب برج‌سازی مزاحم هم در بافت قدیمی شهر گردید. بطوریکه در کوچه ٤ متری بنای ۸ تا ۱۲ طبقه احداث! و با نابودی باغات برای سود و سوداگری، از مکان ریه‌ها و حیات تنفسی شهر محروم و مکان‌های گردشگری هم محدود می‌گردد.

معذالک بوده‌اند و هستند. شهردارانی که در اوج درگیری‌های منطقه بی‌طرفی را حفظ و به احداث پل وسیع، بلوارهای مشجر و دیوارهای ساحلی و تملک زمین استحقاقی شهرداری از منابع طبیعی (شهرک کاوه) برآمدند، و با اعلام «اجرای۷۰ طرح به مناسبت۷۰ سال احداث بلدیه در مهاباد» در نبود شورا هم منصفانه مدیریت کردند، ما دیدیم در فاصله کوتاه غیر منتظره در سال‌های اوج درآمد شهرداری اقدام به احداث پل‌ها و زیرگذر و روگذر و آسفالت پر ثمر معابر گردیده است، که افتخار این خرج‌ها و پروژه‌ها بسی بالاتر از جایزه استان در ترافیک اول شهردار مهاباد است.

لیکن آنچه در باب عمده وظایف قانونی شورا و شهرداری با تجویز قوانین و اختیارات تصویبی و تلویحی مذکور افتاده و فراهم است، فعلا بشرح «کلید واژه‌هاست» نه اینکه: ادامه تخریب باغات که در مورد باغ وراث دکتر شافعی و وهاب شافعی، آقایان روسای وقت دادگستری و ثبت اسناد در خرید، تخریب و تقسیم زمین بین پرسنل خود مسئولند.

زمین‌های باغی واگذاری برادران قادری و دیگران و تخریب باغاتشان یا در تقسیم هرگونه زمین بایر و باغ‌های قدیمی بین ورثه و واگذاری به نیروی انتظامی و سپاه و پیام و نهضت و بهداری و صداوسیما و روحانیون محلی و دادگستری استان تا روستای کهریزه سرنوشت مناطقی از حریم رودخانه بدون رعایت داغاب مجهول رودخانه، طبعا سیل‌های آینده نیز راهی جز ورود به زیرزمین‌ها و خانه‌های اشخاص ندارند و نخواهند داشت.

باید تذکر داده شود «شورای شهر پارلمان محلی و شهرداری دولت و مجری مصوبات آنست.» انتخابات سنگ محک عدالت و آزادی شهروندان و نمودار ارتقای جامعه است، شهر ما با استقبال غیر منتظره مردم فهیم از پیشرفت‌های آن در یک فاصله کوتاه با چنان شور و امید و استعاره و تمثیل با انتخابات محلی مواجه می‌شوند، که گویی امیدی برپاست. ولی به مصداق «فیه مافیه» ماهیت شوراهای دوره‌های ۲و۳و٤و۵ و کرارا به محک تجربه حکومت آنان درآمده است. مردم دوراندیش و مصلح توقعات منطقی دارند.

**نگارنده جزو حداقل کسانی هستند که با تجربیات خود به کلیه قوانین و مقررات شهر و شهرداری برخوردار و دسترسی دارند و بارها یادآوری نموده‌اند تا مسئولین محترم و مدیران همواره اطاق‌های در بسته را برای کار مردم رها نموده به بایدها و نبایدها در ارزیابی مشترک و در معاینات محلی با تعاون و تکلیف، به ترازوی عمل درآیند، آنچه را در لابلای منجمله «ماده ٥٦ قانون تشکیلات و وظایف و انتخابات شوراهای اسلامی کشور و انتخابات شهرداران مصوب ۷۵/۰۳/۰۱ و با اصلاحات تاکنون» پیش رو در۳٤ بند میان کتاب مدفون است بخوانند، تا با همه اختیارات حاصله از مجموعه قوانین موجود در جای جای شهرمان به دیدگاه عمومی و به عمل درآوریم. باشد و باید املاک وسیعی به حیطه سلطه‌ی «شهرداری نه شهرخواری» درآید. تا شورا و شهرداری نه از بلای بدهکاری میلیاردی در رنج نماند. بلکه با مدیریت در کاخ تعاون، باده‌نوشان و آب کوثر هم دیگر شویم. به پیوست لیستی از خلاصه پیشنهادات، نوشتار، گفتارها و کردار نخبگان مهابادی با فرهنگ غنی را در کنار توجیه و تطبیق بند بند «مجموعه قوانین شهری و شهرداری» مجددا ایفاد می‌دارد. «شهرما خانه ماست».**

نسرین قاضی - مهاباد

# فرزند پنجم(۱) – بن در جهان(۲)

**نویسنده: دوریس لسینگ – ترجمه: مهدی غبرائی**

وقتی فرزند پنجم خانواده به دنیا آمد از بدو تولد با بقیه بچه‌ها فرق داشت. او پسری خوش خوراک، عجول، قوی و از نظر قیافه و ظاهر کمی متفاوت با افراد جامعه. که این رفتار و قیافه و تفاوت، برای مادر که نه، برای پدر و خواهر و برادرها غیر قابل قبول بود. تا اندازه‌ای که وجود بن را در خانه غیر قابل تحمل می‌کرد. و او را موجودی مزاحم و زیادی می‌پنداشتند. تا آنجا که به اصرار پدر و خواهر و برادرها، مادر را نیز مجبور کردند که بن را به آسایشگاهی در لندن بفرستند. بن را با دادوبیداد و جیغ‌های بلند سوار ماشینی با شیشه‌های سیاه کرده و از خانه دور کرده و به آسایشگاه بردند. و مادر که مدام بی‌تابی می‌کرد، بعد از یک سال رفت تا پسرش را ببیند و وقتی آن وضع اسفبار را دید، پسرش را به خانه برگرداند.

و این برگشت سبب ماجراهای بعدی شد. فرزندان دیگر از خانه متواری شدند. همسایه‌ها شاکی و مدعی بودند. به دلایلی که خود نمی‌دانستند و بن که به سن هجده سالگی رسید نه مدرسه او را قبول داشت، نه جامعه و نه خانه. او در جهان به صورت آواره‌ای درآمد که هیچ کجا احساس امنیت نمی‌کرد. او بود و این همه دو دست و پاهای انسان‌نما. و او تنهای تنها، انسانی با قیافه‌ایی که کمی با ما تفاوت داشت. این همه تضاد و این همه مشکل به خاطر ظاهر شکل یک انسان.

ما می‌خواستیم بن به مدرسه برود که مسئله دو در دو را چهار کند. ولی او در مدرسه‌ای بزرگتر، یعنی محیط و جهان، تمام مسائل دور و برش تبدیل به یک ابهام شد. و به این دلیل، این مسئله که ساده‌ترین درس مدرسه بود از نظر او مردود و دروغ و با او در تضاد بود. چون اتفاقی که در اطرافش روی می‌داد، هیچ کدام با هم جفت‌وجور نبود و در نظر او هیچ دو در دویی، چهار نمی‌شد. چون محاسبات او را از اول دنیای دوروبرش و رفتارهای حساب نشده‌ای که از اطرافیانش می‌دید تعیین می‌کرد نه گچ و تخته‌سیاهی که رویش نوشته می‌شد. و این رفتارهای نابهنجار ما با او و باید و نبایدهای ما سبب گم گشتگی بیشتر او هم در خانه و هم در دنیای بیرون از خانه می‌گشت.

ولی او گاهی برای زمانی اندک و محدود خویش را می‌یافت. مثلا زمانی با مادر خویش و زمانی که به سن بلوغ رسید و نیاز مردانگی‌اش را ریتا با آغوشی باز جوابگو شد و مدتی را با او گذراند. و یا اگر کسی را نداشت پیرزنی مهربان او را با مهر و محبت در خانه راه می‌داد، او را حمام می‌کرد و برایش غذا تهیه می‌کرد و او را تر و خشک می‌کرد. و باز زنان بودند که در سه نام «مادر»، «عشق» و «دایه» او را پذیرا بودند. و این همان توانمندی فرا فیزیکی بود که زنان را از مردان جدا می‌کرد. و این اندک امنیت را در کنار و جوار زنان می‌یافت.

دانش انسان تبدیل به خشن ترین اسلحه گشته و به خود اجازه می‌دهد هر موجودی را که بخواهد، به سان موش آزمایشگاهی لت‌وپار کرده تا اسم و نام دیگری بر نام‌های کزایی خویش بیفزاید. آیا بن چون هم شکل ما نبود نه جهان به او تعلق داشت و نه او به جهان؟. می بایست آن چیزی که ما اسمش را علم و تحقیق گذاشته‌ایم و امروزه این چنین در اختیار یک سری از موسسات است، بن و امثال او قرنطینه شده و به زور در اختیار آنان قرار گیرند و با نا دیده گرفتن اعضای بدن و روح و روان یک سری آزمایشات سخت و غیرانسانی روی آنها انجام گیرد و موئسسه‌ای به ظاهر و یا فعلا پیروزمندتر از موئسسه‌ای دیگر و خود را موفق از قبل، با رکوردی جدیدتر مطرح و بیان کند.

آیا حیواناتی را که نویسنده در کتاب درج کرده حقشان این گونه زیستن بود؟ آیا فرقی میان این به ظاهر پروفسورها و دانشمندان و با شکنجه‌گران زندان‌ها و یا دولی که ملت‌های آزادیخواه زیر دست خود را از بین می‌برند هست؟ و آیا این دولت‌ها و این مراکز تحقیق و علما رفتارشان و بی‌تفاوت بودنشان بر علیه جانداران برای پیش‌برد کار خویش مکمل همدیگر نیست؟

(ن: از پشت سردر ساختمانی که از آن در آمده بودند، میمون‌ها زوزه می‌کشیدند، صدایی هولناک که از آن، دوزخی در سراسر دنیا تکثیر می‌شود. هرجا آدمیزاد تمدن ما را می‌سازد.)

بله، این ناامنی به من نوع بشر نیز سرایت کرد و من نیز در این جهان آواره و دربه‌در شدم. دربه‌دری سردرگم، دربه‌دری زیاده‌خواه، دربه‌دری فرصت‌طلب، دربه‌دری شرور و سیری‌ناپذیر، دربه‌دری ناراضی، ترسو، افسرده، نگران، رنجور، بیهوده و دربه‌دری که جهان و خویش را تهدید به نابودی کرده است. هر افرادی در جامعه مثل فیلم‌ساز، قاچاقچی، ولگرد و دزد خیابانی و دانشمندان و محققان همه و همه می‌خواستند بن را ابزار رشد و ترقی خویش کنند. هیچ کدام به فکر بن نبودند.

بالاترین درک او از جامعه، تفاوت بود. چون او به دلیل فرقی که با مردم داشت در جامعه پذیرفته نشده و ترد شده بود. بن وقتی شنید مثال خودش را دیده‌اند اشک شوق از چشمانش جاری شد. و گفت: نه، مثل من؟ شاید احساس تنهایی که به شدت و یا از زمان شناخت خویش آزارش می‌داد، تبدیل به ذوق و احساس آرامش و امنیت شده بود. و این امنیت هر چند برای زمان اندک، ولی به معنای تاراندن غم یک عمر بود. و او چون لحظه را زندگی می‌پنداشت و به گذشته و آینده وابسته نبود، در لحظاتی که آرامش داشت می‌زیست. و شاید خیلی از ما به خاطر گم کردن لحظه و در گذشته و آینده سیر کردن نتوانسته باشیم حتی به سان و اندازه بن زیستن را تجربه کرده باشیم.

ایا بن چون به شکل من انسان حیوان‌سفت نبود محکوم به مرگ بود و می‌بایست دست به خودکشی زند؟ و حتی در بلندترین نقطه جهان جایی برای او وجود نداشته باشد که در آن احساس امنیت کند و او می‌بایست در قفس‌های آهنین و با مدفوع خود گرسنه و لخت زیر سرما و گرما در جایی پرت تحت آزمایشهای سخت ما باشد؟. پس او در حالیکه دنبال جایی امن برای زیستن می‌گشت مرگ را برگزید. چون همه جا امن تر از بین ما جانوران دو دست و پای آدم‌نما بود. و ما با او چه کرده بودیم که او کسی را در کنار خویش نیافت و تمام جانداران را و خصوصا ما آدمها را بر علیه خویش.